# ڕۆژنامە ٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 589 سێشەممە 6/ 7/ 2010 نرخ 750 دینار

No.589 Tue 6/ 7/ 2010




نۆ هەفتەیە

بکوژانی سەردەشت نادیارن



نەوشیروان مستەفا:

– ئومێدمان وایە پەیوەندیمان لەگەڵ یەکێتیو پارتی باشبێت

– ئێمە ئۆپۆزسیۆنین پێویست ناکات کەس تەگبیرمان بۆ بکات

ل٤-٥

دەقی ڕاپۆرتی سەندیکا سەبارەت بە پێشێلکارییەکان لەبەرامبەر ڕۆژنامەنووسان لە پاشکۆیەکی تایبەتدا

# نەوتی تەقتەق، سویسرییەکی کردە ملیاردێر

ڕۆژنامە

دۆزینەوەو فرۆشتنی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا قازانجێکی زۆری بە دەسەڵاتداران لەم هەرێمە گەیاند، نەک هەر ئەوان بەڵکو زۆر کۆمپانیای نەوتی بیانییو تەنانەت کەسانی بیانیش بەهۆی مامەڵەکردنی نابەرپرسانەی ئەوانەوە لە کێڵگە نەوتییەکانو دەرکەوتنی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا سوودمەند بوون، ڕۆژنامەیەکی سویسری باس لە بەملیاردێر بوونی هاوڵاتییەکی ئەو وڵاتە دەکات بەهۆی فرۆشتنی بەشە نەوتی خۆیەوە لە کێڵگە نەوتی تەقتەق.

ڕۆژنامەی (ئێن زێت زێت ئام زۆنتاگی) NZZ am Sonntag سویسری لە ٢٠٠٩/٦/٢٨ بەدواداچوونێکی بۆ شێوازی دەوڵەمەندبوونی ژان کلاودێ ژاندور (Jean Claude Gandur) کردووەو باس لە بەستنی بۆندێک لەلایەن ئەوەوە لەگەڵ کۆنسرێنی وزەی تورکی جینێڵ (Genel) دەکات.

لە مانگی تەمموزی (٢٠٠٥)داو دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن، کە لەعێراقدا هێشتا شەڕبوو، لەو سەردەمی کوشتارەدا ژان کلاودێ ژاندور (Jean Claude Gandur)ی سویسری خاوەنی زۆرینەو بەرپرسی کۆمپانیای دەرهێنانی نەوتی ئاداکس پێترۆلیۆم (Addax Petroleum)، لە ژووری دانیشتنەکەی خۆیەوە لە ئەنقەرە، لەگەڵ کۆنسێرنی وزەی تورکی جێنێل (Genel) بۆ کڕینی بەشێک لە کێڵگەی نەوتی تەقتەق مامەڵەی کرد.

بۆ ل٢



Top News

3

# Unser Öl-Milliardär

Freund der Mächtigen
Jean Claude Gandur (r.) schüttelt die Hand des irakischen Präsidenten Dschalal Talabani.

GELDQUELLE → Trickreicher Schweizer kassiert für Verkauf seiner Ölfirma zwei Milliarden.

Mit Jean Claude Gandur hat die Schweiz ihren ersten Öl-Scheich. Und der ist reich. Für 7,8 Milliarden Franken verkaufte der Lausanner letzte Woche seine Ölfirma Addax Petroleum an den chinesischen Konzern Sinopec. Zwei Milliarden davon flossen in seine eigene Tasche.

Wie Gandur überhaupt ans Öl bzw. an die Ölfelder kam, klingt abenteuerlich: Es war Juli 2005 während der Wirren nach dem Sturz des Regimes von Saddam Hussein. Zu dieser Zeit sitzt Gandur im türkischen Ankara in einem Büroturm und verhandelt über ein irakisches Ölfeld – äusserst geschickt: Laut «NZZ am Sonntag» macht er Mitbewerber schlecht, verweist auf seine Erfahrung und schafft es, sich einen 30-prozentigen-Anteil des Ölfeldes Taq Taq zu sichern.

Sein nächster Coup heisst Bioethanol.

Mit seinem Geld plant Gandur schon den nächsten Coup: Im afrikanischen Sierra Leone hat er riesige Ländereien gekauft, um Zuckerrohr für Bioethanol anzubauen.

## کۆمسیۆن: دەتوانین مانگی (١٢) هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم ئەنجامبدەین

سەنگەر جەمال

تا ئێستا حکومەتی هەرێم، داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق نەکردووەو ئەندامێکی ئەنجومەنەکەش ڕایدەگەیەنێت: ئەگەر لە ئێستادا داوایان لێبکرێت، لە درێژترین وادەدا، دەتوانن دوای (٥) مانگی تر کارەکە ئەنجامبدەن.

سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، دووپاتی کردەوە: تا ئێستا بە شێوەیەکی ڕەسمیی، نە لەلایەن حکومەتی هەرێمو نە لە پەرلەمانی کوردستانەوە داوایان پێشکەش نەکراوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانو وتی: «هەر هەڵبژاردنو کارێکی لەو جۆرە لە هەرێمی کوردستان بکرێت، سەرەتا دەبێت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە داواکاریی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە پێشکەش بە ئێمە بکرێت، لەبەر ئەوەش کە تا ئێستا داواکاریی پێشکەشی ئێمە نەکراوە، ئێمەش لەو ڕووەوە هیچ کارو ئیجرائاتێکمان نەکردووە».

لەبارەی کاتی ئەنجامدانو ماوەی ئامادەکارییەکانیشیانەوە، وتی: «ئەوە ئیعتیماد دەکاتە سەر جۆری ئەو ئەرکو بڕگانەی کە خشتەی کارکردنەکە دەیانگرێتە خۆی، بۆنموونە، ئەگەر ئێمە پێویستمان بە سەنتەرێکی دەرخستنی زانیاریی هەبێت، دانانی ئەو سەنتەرە کاتێکی زۆری دەوێتو ئەوە ڕەنگە ماوەکە درێژ بکاتەوە، بەڵام ئەگەر ئەو ماوەیە کورت بکەینەوە بە پشتبەستن بەو سەنتەرەی لە بەغدا هەیە، دیارە ماوەی ئامادەبوونمان کورتتر دەبێت»، ڕوونیشیکردەوە، کە تا ئێستا ئەوەی دایانناوە بە هەموو وردەکارییەکانو خشتەکەی بەردەستیانەوە، لە زۆرترین ماوەدا، دەتوانن (١٦٠) ڕۆژ، واتە پێنج مانگی تریان دەوێت، وتیشی: «بەڵام دەتوانرێت ئەو ماوەیەش کەمبکەینەوە».

## دوای (٤٤) ڕۆژ، ئەنجومەنی وەزیران کۆدەبێتەوە

کوردە جەمال

دوای (٤٤)ڕۆژ، ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەی ئەنجامدا، لەکاتێکدا پێشتر بڕیاریدابوو کە هەموو هەفتەیەک کۆببێتەوەو وەزیرێکیش دەڵێت: «پێویستیی وەزارەتەکان وادەکات کە پێویست بێت ئەنجومەن لەکاتی خۆیدا کۆببێتەوە».

لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی شەشەمەوە، ئەنجومەنی وەزیران هەفتانە کۆبوونەوەی دەکرد، بەڵام دواتر کۆبوونەوەکان وەک سەرەتا ئەنجام نەدرانو لەماوەی (٤٤)ڕۆژی ڕابردووشدا، تەنیا یەک کۆبوونەوە سازکراوە.

بەپێی سایتی ڕەسمیی حکومەتی هەرێم، کۆبوونەوەی پێشووی ئەنجومەنی وەزیران لە(٥/٢٠)دا ئەنجامدراوەو دواکۆبوونەوەش یەکشەممەی ڕابردوو، (٧/٤) ئەنجامدراوە کە نێوانی ئەم دوو کۆبوونەوەیەش، (٤٤)ڕۆژە.

بۆچوونی شارەزایانی ئیداریی وایە، کە پێویستە ئەنجومەنی وەزیران هەفتانە کۆبوونەوە بکات بە مەبەستی باشتر ڕاییکردنی کاروباری وەزارەتەکان، بەوپێیەی کۆمەڵێک کێشەو بڕیاری وەزارەتەکان، پێویستیان بە بڕیاری ئەنجومەن هەیە.

بۆ ل٢

# ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ناکۆکیی تێدەکەوێت

ڕۆژنامە

ناکۆکیی دەکەوێتە ناو ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانەوە، ئەوەش لەسەر شێوازی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی تایبەت بە پێشێلکارییەکانی دژ بە ڕۆژنامەنووسان لە (٦) مانگی ڕابردوودا.

لە کۆبوونەوەی هەفتەی ڕابردووی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆ بڕیاردان لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی مانگانەی پێشێلکارییەکان دژی ڕۆژنامەنووسان، کە لیژنەی داکۆکیی لە ڕۆژنامەنووسان (٦) مانگ جارێک ئامادەی دەکات، ناکۆکیی کەوتووەتە ئەنجومەنی سەندیکاوە، بەشێوەیەک ئەندامانی سەر بە پارتیو یەکگرتوو، کۆمەڵو شیوعی دژی ئەوەبوون، گرنگیی بدەن بە ڕاپۆرتەکەو کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی بۆ ڕاگەیاندنی ببەسترێت، لە بەرامبەریشدا ئەندامانی ئەنجومەنی سەر بە یەکێتیو زەحمەتکێشانو ئاشووریو تورکمان، لەگەڵ سازکردنی کۆبوونەوەی ڕۆژنامەوانیی بوون بۆ ئەو مەبەستە، هۆکاری ئەو مقۆمقۆیەش بۆ توندیی ڕاپۆرتەکەو بەرپرسیارێتی خستنە سەر دەسەڵاتی سیاسیی دەزانرێت.

حامید محەمەد، سکرتێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانو نوێنەری یەکگرتووی ئیسلامیی، نکۆڵیی لەو دوو بەشبوونە نەکردو لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەوە باسی تەکنیکی شێوازی ڕاگەیاندنی ڕاپۆرتەکە بوو، ئێمە پێمانوابوو، ئەوە ڕاپۆرتێکی تەقلیدییەو دووبارە دەبێتەوەو تائێستاش (٥) جار ڕامانگەیاندووە، جاری یەکەمو دووەم بۆئەوەی ڕۆژنامەنووسان ئاگاداربن شتێکی باش بوو وهەندێک بەرچاوڕوونیش پێویستبوو، بەڵام ئێستا هەموو ڕێکخراوەکانی دنیا کە ڕاپۆرتەکانیان بڵاودەکەنەوە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی بۆ ناکەن، وتی: «بۆیە لە سەرەتاوە شتێکی باش بوو کە ڕای گشتییو ڕاگەیاندنەکان بزانن سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ڕاپۆرتێکی وای هەیە، بەڵام ئێستا شتەکە بووەتە دووبارەو ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەدا هەیە تۆمارکراوەو پێویستی بە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی نییە».

بۆ ل٢



## سەفین دزەیی: ناکرێت پرۆسەی پەروەردە لە خزمەتی لایەنێکدا بێت

ل ١٧



## سەرۆکی پەرلەمان: لە مانگێکدا هەشت ڕۆژ کۆبووینەتەوە

ل ٢

# ئێران داوا دەکات یەک ملیۆن ئێرانی لە هەرێمەوە بچنە سوریا

ڕۆژنامە

حکومەتی ئێران، داوا لە هەرێم دەکات کە ساڵانە یەک ملیۆن زیارەتکاری ئێرانی لە ڕێگەی هەرێمەوە زیارەتی سوریاو لوبنان بکەنو وەزارەتی ئەوقافی هەرێمیش داواکارییەکە ڕەتدەکاتەوە.

هەفتەی ڕابردوو، بریکاری وەزارەتی حەجو زیارەتی ئێرانو ژمارەیەک لە سەرمایەداری ئەو وڵاتە، سەردانی کوردستانیان کردو لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی ئەوقافی هەرێم کۆبوونەوەو داوایانکرد، کە لە ڕێگەی کوردستانەوە زیارەتکارانی ئێران، زیارەتی وڵاتی سوریا بکەن، کە ساڵانە ڕێژەکەی دەگاتە یەک ملیۆن زیارەتکار.

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقافی هەرێمی کوردستان، بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئێمە لە وەزارەتی ئەوقاف، داواکارییەکەمان ڕەتنەکردووە، بەڵام پێمانڕاگەیاندن کە داواکارییەکی لەو شێوەیە پێویستی بە ئامادەکاریی سیاسییو ڕەزامەندیی حکومەتی عێراقو حکومەتی هەرێم هەیە، چونکە سنوورەکانمان نائارامنو ڕووبەڕووی بۆردومان دەبنەوە، بەوهۆیەوە پێمانوتن کە وەزارەتی ئەوقاف ناتوانێت ڕەزامەندیتان پێبداتو داواکارییەکەیان دەگەیەنینە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم».

## داوای پزیشکە مانگرتووەکان جێبەجێدەکرێت

ل ٢

## ئۆپۆزسیۆن بە گومانە لە دروستکردنی دەستەی هەڵبژاردنی هەرێم

ل ٨

# گۆڕان لە مانگی حوزەیرانەوە مافی وەرگرتنی بودجەی هەیە

چاوان عەلی

بزووتنەوەی گۆڕان لە (٥/٣١)ەوە مافی سوودمەندبوونی هەیە لەو مینحەیەی حکومەت بۆ پارتو ڕێکخراوە سیاسییەکان تەرخانی دەکات، وەزیری داراییش دەڵێت: «هیچ بڕیارێکمان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە لەم بارەیەوە بۆ نەهاتووە».

بەپێی یاسای پارتو ڕێکخراوە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (١٧)ی ساڵی (١٩٩٣)، هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی کە لەلایەن حکومەتەوە ڕێگەپێدراوە، مافی وەرگرتنی (مینحە)ی هەیە، کە پێویستە بەپێی یاساو ڕێنمایی بێت، بەوپێیەش کە بزووتنەوەی گۆڕان لە (٥/٣١)ەوە ڕۆژی وەرگرتنی مۆڵەتەکەی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە، وەک «پارتێکی سیاسیی» مافی سوودمەندبوونی هەیە لەو مینحەیەی حکومەت دەیداتە پارتو ڕێکخراوە سیاسییەکان، کە لە ئێستادا وەک سلفە پێیاندەدرێت، بەڵام تائێستا پێی نەدراوە.

د.زانا ڕەئوف، وەک شارەزایەکی یاسایی دەستووریی، پێیوایە: لەگەڵ ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان مافی خۆیەتی داوای سوودمەندبوون بکات لەو مینحە حکومییە، بەڵام لەهەمانکاتدا پێویستە ئەوەش لەبەرچاوبگرێت کە بزووتنەوەی گۆڕان دەستپێشخەربووە لەوەی کە داوادەکات ئەو مینحەیەی کە دابەشدەکرێت بە «گۆترە» نەبێتو بەشێوەیەکی ڕێکخراو بێت، وەک ئەوەی لە یاسای حیزبەکاندا هاتووە.

لە خولی گرێدانی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان، خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسای پشگیریی دارایی پارتو قەوارە سیاسییەکان کرا، کە فراکسیۆنی گۆڕان پێشکەشی کردبوو، هاوکات لیستی کوردستانیش پرۆژەیەکی هاوشێوەیان پێشکەش کرد، تیایاندا جەخت کراوەتەوە، کە پێوەرێک دەستنیشانبکرێت بۆ دابەشکردنی ئەو مینحە حکومییە، کە پرۆژەکەی فراکسیۆنی گۆڕان پشتی بەستبوو بە بوونی کورسی پەرلەمانیی.



بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی هەرێم

لەبەرئەوەی پرۆژەیاسای پشگیریی دارایی پارتو قەوارە سیاسییەکانیش، کە پابەندبوونی مادیی تێدایە لە مانگی (تشرینی دووەم)ی (٢٠٠٩)وە ڕەوانەی حکومەت کراوەتەوە، بەڵام حکومەت تائێستا ڕەوانەی پەرلەمانی نەکردووەتەوەو ئەو مینحەیە ئێستا بە سلفە بە حیزبەکان دەدرێت.

سەبارەت بە پێدانی ئەو مینحەیە بە بزووتنەوەی گۆڕانیش، بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی حکومەتی هەرێم، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «هیچ بڕیارێکمان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە لەم بارەیەوە بۆ نەهاتووەو هەرکاتێک بڕیارەکەمان پێگەیشت جێبەجێی دەکەین».

پرۆژەیاسای پشتگیریی دارایی پارتو قەوارە سیاسییەکان، کە پەرلەمانی کوردستان بە نووسراوی ژمارە (١٨١٣/٣/٤) لە ٢٠٠٩/١١/١٩ ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، بەڵام ئامانج ڕەحیم، بەرپرسی فەرمانگەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران، جەختی کردەوە، کە ئەو پرۆژەیاسایە نەچووەتە لای ئەوانو ڕەنگە لە سکرتاریەتی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران بێت، هاوکات سەرچاوەیەک لە سکرتاریەتی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ڕۆژنامە ئەوەی ڕەتکردەوە، کە ئەو پرۆژەیاسایە گەیشتبێتە لای ئەوان.

پەرلەمان پرۆژەکەی ڕەوانەی حکومەت کردووە، بەڵام لە ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەکە دیار نییە، هەربۆیە د.زانا، کە هاوکات ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانیشە، بە پێویستی زانی پەرلەمان چیتر چاوەڕوانی وەڵامی حکومەت نەکات بۆ ئەم پرۆژەیاسایە، چونکە لەکاتی پەسەندکردنی بودجەی (٢٠١٠) ئەوە جێگیرکراوە، کە (٩٠) ملیار دینار بۆ پارتو ڕێکخراوە سیاسییەکان تەرخانبکرێت، ئیتر ڕەزامەندیی حکومەتی ناوێتو سەرۆکایەتی پەرلەمان بە زووترین کات بیخاتە بەرنامەی کارەوەو پرۆژەیاساکە پەسەندبکرێت، چونکە ئەگەر لەمە زیاتر چاوەڕوانی حکومەت بکەین، ئەوا پەرلەمان کات بەفیڕۆدەدات.

## جەلالەدین سەغیر، بۆ ڕۆژنامە: هێزێک ڕێ لە فەرامۆشکردنی کوردو ئیئتیلاف دەگرێت

کاروان عومەر

سەرکردەیەکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە لێکنزیکبوونەوەی عەلاویو مالیکی ترسی لەسەر لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی دروست نەکردووە، بەڵام دەڵێت: «هەندێک هێزی سیاسییو جەماوەریی هەیە، کە ڕێگە نادات کوردو ئیئتیلافی نیشتمانیی فەرامۆش بکرێن».

لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە جەلالەدین سەغیر، سەرکردەی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی ڕایگەیاند: هیچ مەترسییەکمان لا دروست نەبووە، بەهۆی نزیکبوونەوەی نێوان لیستی دەوڵەتی یاساو عێراقییەو پێشوازیی لە هەر نزیکبوونەوەیەک دەکەن، کە ببێتە مایەی پەلەکردنی لە پێکهێنانی حکومەت، ئەو نزیکبوونەوەیە نابێتە هۆی لاوازکردنی ڕۆڵی لیستەکانی تر.

جەلالەدین سەغیر وتیشی: «هیچ ئەگەرێک لەئارادا نییە بۆ فەرامۆشکردنی کوردو لیستی ئیئتیلافی نیشتمانییو سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتی یاساو عێراقییە زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان پێکدێنن، بەڵام هەندێک هێزی سیاسییو جەماوەریی هەیە کە ڕێگە نادات ئەو دوو پێکهاتەیە فەرامۆش بکرێن».

## زیندانییە سیاسییەکانی هەرێم پەنا بۆ پەرلەمانی عێراق دەبەن

شارا عەبدولڕەحمان

دوای ئەوەی کۆتایی مانگی ڕابردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا، بڕی (٣٩٠)هەزار دینار وەک مووچەی مانگانە بۆ زیندانییانی سیاسیی ببڕدرێتەوە، دەستەی داکۆکیی لە زیندانییانی سیاسیی، نارەزایەتییان دەربڕیو لەئێستاشدا چاوەڕێی دانیشتنی پەرلەمانی نوێی عێراقن تا سکاڵای خۆیان بگەیەننە لایانو لەو ڕێگەیەوە مافەکانیان وەربگرنەوە.

محەمەد پشدەری، ئەندامی دەستەی داکۆکیی لە زیندانییە سیاسییەکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بۆ گێڕانەوەی مافەکانمان، پەنا دەبەینە بەر پەرلەمانی عێراقو چیتر داوای ئەو مافانە لە حکومەتی هەرێم ناکەین، چونکە لەکاتێکدا بەرپرسانی کورد بەهۆی ئەو زەبرو زەنگەی لەسەر گیانو ژیانی ئێمە هەبووە لەڕابردوودا، گەیشتوونەتە کورسیی دەسەڵات، بەڵام لەئێستادا وەفایان نییە بۆمان، هەربۆیە بەگومانین لەوەی کە وەفایان بۆ خاکو نیشتمانو میللەتەکەی خۆیان هەبێت.

لەساڵی (٢٠٠٨)وەو دوای ئەوەی سەرجەم زیندانییانی سیاسیی عێراق، مانگانە بڕی (٥٠٠)هەزارو چەندین ئیمتیازی تریان بۆ بڕدرایەوە، زیندانییانی سیاسیی کوردستانیش داوای پێدانی ئەو مافانە لە حکومەتی هەرێم دەکەن کە ساڵانە لە بەغداوە بۆیان دەنێردرێت، بەڵام دوای دووساڵ، حکومەتی هەرێم بڕێک مووچەی بۆ بڕیونەتەوە کە (١١٠)هەزار دیناری لە مووچەی زیندانییانی سیاسیی عێراق کەمترە.



## ڕوونکردنەوەیەک لە نووسینگەی ڕاگەیاندنی بەڕێز عارف تەیفورەوە بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژنامە

لە ژمارە (٥٨٧)ی ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢٢ی ڕۆژنامەکەتاندا بابەتێکتان لە لاپەڕەی یەکەمداو بەمانشێتێکی گەورە بڵاوکردووەتەوە گوایە هەریەکە لە بەڕێزان فوئاد مەعسومو عارف تەیفور، لەلایەن دیوانی چاودێریی داراییەوە بەڕاپۆرتێک ئاگادارکراونەتەوە لەوەی سەرپێچی داراییان ئەنجامداوە، ئەگەرچی ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کە ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەران لە خولی ڕابردوودا کە ماوەی چوارساڵە هاوکارمانە هەستی کوردایەتی ئەوەندە بەرزبووایە، کاتێک لە لیژنە ڕاپۆرتەکەیان پێگەیشت پرسیاری لێمان بکردایە تائێمەش هەموو لایەنەکانی ئەو بابەتەی بۆ ڕوون بکەینەوە، بەڵام کە ئێستا ئەو کارەی نەکردووە پێمان باش بوو ڕووی ڕاستییەکان بۆ گەلی کوردو ڕای گشتیی ڕوون بکەینەوەو ڕێگە نەدەین چیتر خۆڵبکرێتە چاوی خەڵک.

ئەوەندەی پەیوەندیی بە بەڕێز عارف تەیفورەوە هەیە هەواڵەکە دوورە لەڕاستیو دیوانی چاودێریی دارایی بەهیچ جۆرێک ئاگاداری بەڕێزیانی نەکردووەتەوە، بەڵکو ئەوەی هەیە ئەوەیە کە بەڕێزیان داوایان لە دیوانی ئەنجومەنی نوێنەران کردووە بۆ ئەوەی هەستن بە نۆژەنکردنەوەی جێگەی حەوانەوەی خۆیو پاسەوانەکانی، هەرکەسێک ئاگاداری ئیشوکاری دەوڵەت بێت باش دەزانێت ئەنجامدانی کارێکی وا بەچەند هەنگاوێکو گرتنەبەری چەند ڕێوشوێنێکی یاسایی ئەنجام دەدرێت، لەبەرئەوە دیوانیش لەلایەن خۆیەوە داوای لە فەرمانگەو بەشە پەیوەندیدارەکان (یاسایی، کارگێڕیی، دارایی، لیژنەی کڕین) کردووەتەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەو لیژنەی تایبەتیان بۆ پێکهێناوەو ئیشەکەیان داوە بە بەڵێندەرێک بەناوی (حەیدەر زوبێدی) (تکایە سەیری فەرمانی هاوپێچ بکە)، ئەوەی لە ڕاپۆرتی دیوانی چاودێریی داراییدا هاتووە، تێبینییە لەسەر بەڕێوەچوونی کارەکانی بەڵێندەرەکەو لە دوورو نزیک هیچ پەیوەندییەکی بە بەڕێز عارف تەیفورەوە نییە، جگەلەوەی کە ئەو کارە بۆ بەڕێزیان ئەنجامدراوە.

لێرەدا مافی خۆمانە بپرسین: ئەم ناوزڕاندنو تەشهیرە لەپێناوی چیو بۆ بەرژەوەندیی کێ؟

هەربۆیە وەک ئیتیکێکی ڕۆژنامەوانی داواتان لێدەکەین ئەم ڕوونکردنەوەیە لە ڕۆژنامەکەتانداو لەهەمان لاپەڕەدا بڵاوبکەنەوە.

**نووسینگەی ڕاگەیاندنی بەڕێز عارف تەیفور**
**٢٠١٠/٦/٢٧**

## «پێویست (بە ڕوونکردنەوە ناکات) بچن عیلاجی سەرپێچییەکان بکەن»

لە ژمارە (٥٨٧)ی ڕۆژنامەدا تەنیا دوو سەرپێچی بەرپرسانی کوردی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقمان بڵاوکردەوە، کە لە ڕاپۆرتی دیوانی چاودێریی دارایی عێراق لە ڕۆژی ٢٠١٠/٥/١١ دەرچووەو ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کراوە بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتیو سەرپێچیو لادان لە ڕێنماییەکان، ئەم سەرپێچییانە لە ڕاپۆرتەکانی ساڵی (٢٠٠٦و ٢٠٠٧) باسکراوەو بۆ یەکەمجار نەبووەو سەرۆکایەتی پەرلەمان عیلاجی نەکردوونو ئێمە ئامادەین بڵاویان بکەینەوە.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٦/٢٨) ڕوونکردنەوەیەکمان لەلایەن نووسینگەی ڕاگەیاندنی بەڕێز عارف تەیفور-ەوە پێگەیشت، کە داوا دەکات وەک ئیتیکی ڕۆژنامەوانی ڕوونکردنەوەکەی لەهەمان لاپەڕەدا بۆ بڵاوبکەینەوە. هەرچەندە ڕۆژنامەکەمان لەژێر چاپدا بوو، بەڵام بە باشمانزانی لە ژمارە (٥٨٨) ئاماژەیەک بەو ڕوونکردنەوەیە بدەین، کە لەژمارەی ئەمڕۆ بۆیان بڵاوبکەینەوە، دیارە نووسینگەی کاک عارف تەیفور زۆر پەلەی بووەو گوێی نەدایە ئیتیکی ڕۆژنامەوانی، کە باسی لێوەدەکاتو ڕوونکردنەوەکەی لە ڕۆژنامەی خەبات ڕۆژی یەکشەممەی (٧/٤) بڵاوکردەوە.

ئێمە نەماندەویست وەڵامی ڕوونکردنەوەکە بدەینەوە، چونکە تێبینییەکان هی ئێمە نین، بەڵکو هی دیوانی چاودێریی داراییەو تەنیا ئەوانەش نین کە ئێمە لە ڕۆژنامە باسمانکردوون.

### وەڵامی ئەندامەکەی لیژنەی نەزاهە

ئەم ڕاپۆرتە باس لە (٨) خاڵی سەرەکییو چەندین خاڵی لاوەکیی سەرپێچییەکانی بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانانی عێراق دەکاتو بەڕێز عارف تەیفور، یەکێکە لەو سێ بەرپرسەی کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوە دەبەنو هیچ بڕیارێک بەبێ ڕەزامەندیی هیچ کامێکیان جێبەجێ ناکرێتو هەرسێکیان جگە لە بەرپرسیارییەتی خۆیان، بەرپرسیاریەتییەکی تەزامونیو هاوبەشیان هەیەو ڕاپۆرتەکانی ساڵانی پێشووی دیوانی چاودێرییو دەستەی نەزاهە ئاماژە بۆ ئەو سەرپێچییانە دەکەن.

### هەستی کوردایەتیو.... خۆڵکردنە چاوی خەڵک

ئەم ڕستەیە کە لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە، کە گوایە ئەندامەکەی لیژنەی نەزاهە کە چوار ساڵی ڕابردوو هاوکاریان بووەو دەبوایا پرسی پێ بکردبایە، شانۆگەرییەکی ئەکتەری بەناوبانگی سوری (دورەید لەحام)ی بیرخستمەوە بەناوی (كأسك يا وطن) کە لە یەکێک لە مەشهەدەکانی ئەکتەرەکە دەچێتە لای دکتۆرەکەی برادەرییو پێیدەڵێت: کە دوێنێ لەگەڵ کچێکی زۆر شۆخی بیانیدا بووەو بەشەرمەوە دەچرپێنێ بەگوێی دکتۆرەکەدا، ئەویش پێدەکەنێتو پێیدەڵێت: ئاسانە گوێی مەدەرێ هەندێک حەبی (مقوی)ت بۆ دەنووسم لەوەڵامدا کابرا دەڵێت: باوەڕ بکە دکتۆر من لەبەر خۆم نییە بەس (عشان سمعة الوطن) واتە لەبەرخاتری ناوبانگی نیشتمانەکەمانە نەوەک وا بزانن کە پیاوی عەرەب هەموو ئاوان!

بۆیە من نازانم هەستی کوردایەتی چ پەیوەندیی بەو سەرپێچییانەوە هەیە، کە دیوانی چاودێریی دارایی باسیدەکات؟ بۆ ئەوەی ئێمە خۆڵ نەکەینە چاوی خەڵک ئێوە، ڕوونی بکەنەوە:

١-چەند کەستان بە بڕوانامەی ساختە (تەزویر) دامەزراندووە لەجیاتی خەڵکی موستەحەق؟ (بەژمارەو ناو و بەڵگەی فەرمیی لامانە).

٢- چەند کەستان دامەزراندووە کە پلەی وەزیفیتان بەپێچەوانەی یاسا پێ بەخشیون، کە هەندێکیان (٣٠) ساڵ، (٢٠) ساڵ خزمەتی زیادیان بۆ حیساب کردووە (بە بەڵگەی ڕەسمیی لامانە).

٣- لە نووسینگەکەتان چەند کەسی لەو جۆرە دامەزراوە، کە یەکێکیان بەپلەی ئەندام لق خانەنشین کراوەو بڕوانامەی نەهێناوەو چەندین ساڵە مووچە وەردەگرێتو هامیشی بەڕێز عارف تەیفور لەسەر ئەو سەرپێچیەمان لایە، کە بە خەتی خۆی نووسیویەتی (نكتفي؟؟؟ بهذا) لەجیاتی بڕوانامە.

٤- ئاگاداری ئەو لیژنە نهێنییەین، کە لە (٣) کەس پێکهێنراوەو ئەندامێکی کوردی تێدایە بەمەبەستی حەڵاڵو عەفوکردنی کاری تەزویر، کە یاسا بە (جريمة مخله بالشرف) ناوی دەباو ڕێگە لەتەزویرچییان دەگرێت لەدامودەزگاکانی دەوڵەت کاربکەن.

٥-یاسای ژمارە (١٣)ی (الجمعية الوطنية) کە لە بەرواری (٢٠٠٥/١٠/١٧) دەرچووەو لە ژمارە (٤٠٠٨)ی (الوقائع العراقية) بڵاوکراوەتەوەو باس لەو (٥٠) هەزار دۆلارە دەکات، کە وەک خەڵات (منحە) دەدرێتە ئەندام پەرلەمانەکانو لە مادەی (٢) ی ئەو یاسایە نووسراوە، کە ئەم پارەیە تەنیا بۆ یەک جار دەدرێت بە ئەندامان، کەچی هەموو پەرلەمانی عێراق بەسەرۆکایەتی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانەوە بە سەرۆکو جێگرو وتەبێژی ڕەسمییو بەشێکی ئەندامان، کە لە هەردوو دەورە بەشداربوون دووجار هەموو ئەو پارەیەیان وەرگرتووە، کە دەکاتە (١٠٠) هەزار دۆلارو ساڵێکی نەخایاند بوونەوە بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، تەنیا کەس کە لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان قبووڵی نەکرد بۆ دووەمجار ئەو پارەیە وەربگرێت، د.مەحمود عوسمان بوو، کە ئەم هەڵوێستەش لەوانەیە کوردایەتییەکەی د.مەحمود بخاتە ژێر پرسیارەوە!

هەقوایە سەرۆکو مەکتەبی سیاسیی حیزبە کوردییەکان ئاوڕێکی جدیی لە کارە ژێر بەژێرەکانی بەرپرسو ئەندامەکانیان بدەنەوە لە بەغداو بزانن چەندیان بۆ کورد کردووەو چیشیان بۆ خۆیان بنیاد ناوەو با بپرسنو بزانن گرێبەستە نەوتییەکانی نێوان بەغداو هەرێمو گرێبەستەکانی دیکە بەر کێ کەوتوونو بۆ قازانجی کێنو بێدەنگیی خۆشیان بەرامبەر میللەتەکەیانو بەرپرسیارێتییان چ مانایەک دەبەخشێت؟!

# گرێ کوێرەی دەسەڵات

**سەرنووسەر**

ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان، کە لە هەگبەیدا پەیڕەوی ناوخۆو بەرنامەی داخوازییەکانی کوردی هەڵگرتووەو لە بەغدا هەموو لایەنەکانی بینیوە، تائێستا لە چاوەڕوانیدایەو ڕۆڵـی دەستپێشخەرو جوڵاندنی کەیسە ئاڵۆزەکانی نەبینیوە.

شاندی کوردی، کە نوێنەرایەتی هەموو لیستە سەرکەوتووەکانی کوردستان دەکات لە بەغدا چاوەڕوانی چییە؟

یەکەم: هەردوو لیستی شیعە بەهەموو ناکۆکییەکانی نێوانیانەوە بگەنە ڕێکەوتن‌و کەسێک دەستنیشان بکەن بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام دەرکەوت کە لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی نایەوێت ئەو کەسە نوری مالیکی بێت‌و ئەم بڕیارەش بەپێی قسەی لایەنێکی ئیئتیلافی نیشتمانیی ڕای گشت لایەنەکانی ئیئتیلافە بە مەجلسـی ئەعلاو ڕەوتی سەدرو فەزیلەو جەعفەری‌و ئەوانی دیکەشەوە، بڕیاربوو کە ڕاشکاوانەو بێ پێچ‌و پەنا ئەم بڕیارەیان بگەیەننە لیستی دەوڵەتی یاساو ئەوەشی پـێ ڕابگەیەنن، کە ئەوان ئامادەن کاندیدی دیکە لە لیستی دەوڵەتی یاسا قبووڵ بکەن‌و وتوێژی لەسەر بکەن.

بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی، نوری مالیکی‌و لیستی دەوڵەتی یاسا دەخرێتە بەر دووڕیانێکەوە، یەکەمیان: ملکەچبوونە بۆ داخوازییەکانی ڕکەبەرەکەی‌و کشانەوەی نوری مالیکی-یە لەو پۆستە (کە ئەمەیان بەدوور دەزانرێ)، دووەمیشیان: بەلاوەنانـی لیستی ئیئتیلافی نیشتمانییەو ڕووکردنە لیستی عێراقییەو ئەیاد عەلاوی-یە، کە ئەمەشیان بڕیارێکی ئاسان نییەو ئەنجامەکانی نادیارەو دوور نییە مالیکی ئەوکات خۆی بەلاواز بزانێ‌و هەندێ مەرجی عێراقییە قبووڵ بکات.

ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان لەبەرئەوەی هەتا ئێستا چاوەڕوانی گۆڕینی هاوکێشەکانەو تەنیا شیعە بەپلەی یەک بە دۆستی خۆی دەزانێت، لەم گەمەیەدا بەهێز نابێ، چونکە:

١- پێشتر لەگەڵ هیچ لایەنێک لە (عێراقییەو لیستی دەوڵەتی یاسا) هاوپەیمانێتی ئیمزا نەکردووەو بەڵێنی لە هیچ لایەک بە مۆرکراویی وەرنەگرتووە.

٢- گەر کورد چووە ئەم هاوکێشەیەی نێوان عەلاوی‌و مالیکی، ئەوا مەرج نییە داواکاریی‌و داخوازییە نەتەوایەتی‌و پۆستەکانی وەک جاری پێشوو دەستبکەوێتەوە، چونکە دەبێتە پاشکۆی ڕێکەوتنە سەرەکییەکەی عەلاوی‌و مالیکی‌و پۆستی سەرۆک کۆمار، کە چەند لایەنێکی کوردی بە گەرمیی باسی لێوەدەکەن بکەوێتە مامەڵەو سازشەوە.

٣- گەر کورد چووە پاڵ ئەو هاوپەیمانێتییە تازەیەوە، کە دیارە دەوڵەتانی عەرەبی‌و ئەمریکاو تورکیا پشتگیریی لێدەکەن، ئەوا بەدڵنیاییەوە کورد دۆستەکانی دیکەی ناو شیعە لەدەست دەدات، وەک: مەجلیسی ئیسلامیی‌و دوور نییە لەکاتی دەنگدان لەسەر یاسا هەستیارەکان دیسانەوە حاڵەتی ڕۆژی (٢٢)ی تەمموز دروست بێتەوەو بەردەوام ئەم حاڵەتە بۆ مەسەلە هەستیارەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق چەندبارە ببێتەوە.

دووەم: ئەگەر هاتوو عێراقییەو مالیکی نەگەیشتنە ڕێکەوتن، ئەوا دوور نییە هاوپەیمانێتی نیشتمانیی، کە دوای هەڵبژاردنەکان ڕاگەیەندرا بۆ پێکهێنانی کوتلەی پەرلەمانی گـەورە، هەڵبووەشێتەوەو ئەمجارە هـەردوو لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی‌و عێراقییە یاخود هەر لیستێکیان لەگەڵ ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان، یاخود چەند لیستێک پێکەوە گەورەترین کوتلە پێکبهێنن، کە ئەمەش هەم کاتی زۆری پێویستەو هەم ڕێکەوتنی نێوان کوتلە ناکۆک‌و دژ بەیەکەکانی گەرەکە.

سێیەم: گەر هاتوو هەتا ڕۆژی (١٣)، یاخود (١٤)ی مانگ ئەم مەسەلانە یەکلایی نەبوونەوە چی ڕوودەدا؟

١- ماوە دەستوورییەکە پێشێل دەکرێت، بەڵام حکومەت بەڕەسمیی دەستی لەکار نەکێشاوەتەوەو باسیش نەکراوە کە دەبێتە حکومەتی (تصریف أعمال)و بەردەوام دەبێت لەسەر کارەکانی خۆی بەسەرۆکایەتی مالیکی.

٢- عێراق بـێ سەرۆک کۆمارو بـێ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەبێت، بەڵام هەروەک چۆن لەماوەی ڕابـردوودا بیرۆکەی (جلسە مفتوحە) داهێنرا، ئەوا بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت تا لایەنە سیاسییەکان دەگەنە ڕێکەوتن، یاخود ئەندامانی پەرلەمانی نوێ بگەنە ئەو قەناعەتەی، کە بەزۆرینەی دەنگ پەرلەمان هەڵوەشێننەوەو داوای هەڵبژاردنێکی دیکەی بەپەلە بکەن، کە ئەمەش زەحمەتە پەرلەمانی نوێ بیکات‌و هەروەها خەڵکیش ئەو گڕوتینەی نابێت بۆ چوونەسەر سندووقی دەنگدان‌و گەر بشچێت ئەو قوڕە هەر ئەوەندە تۆزی لـێ هەڵدەستێت.

شاندی کـوردی لەماوەی دوو هەفتەی ڕابـــردوودا هیچ ڕێکەوتن‌و هاوپەیمانێتییەکی لەگەڵ هیچ لایەنێکدا مۆر نەکردو هەوڵـی داوە وا پیشانی لایەنەکانی دیکە بدات، کە دۆستی هەمووانەو لە دووری یەک مەسافە لە هەموویان لەنگەری گرتووە، بەڵام دۆستایەتی‌و هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنە شیعەکانی لەیاد نەکردووەو ناشیەوێت ببێتە بەشێک لەکێشە ناوخۆییەکانی نێوانیان، یاخود لایەنگریی لایەک بێت لەسەر حیسابـی لایەکی دیکە.

ئەم هەڵوێستەی شاندی کوردی لەگەڵ ئەوەی لایەنی ئیجابـی تێدایە، بەڵام لەهەمان کاتدا دوو مەسەلەی گرنگ لەدەستدەدات:

١-لەم کاتە ناسکەدا کە هەموو لایەنەکان پێویستیان بە هاوپەیمانێتی‌و شەریک بوو، کورد نەیتوانی ڕۆڵـی بزوێنەرو ڕێکخەری ئەو جوڵە سیاسییە بێت، کە ئێستا لەعێراقدا هەیەو تادێت چڕ دەبێتەوەو ببێتە ئەو لایەنەی کە هەموان پەنای بۆ بەرن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەڵکو ڕێک پێچەوانەکەی هەڵبژاردووە کە ئەویش خۆی لە چاوەڕوانی ڕێکەوتنی لایەنەکانی دیکە دەبینێت.

٢- لەو کاتەدا کە لیستی عێراقییە پێویستی بەلایەنگرو شەریک هەبوو بۆ پشتگیریکردن لە بڕگە دەستوورییەکان‌و گەڕانەوە بۆ دەستوور وەک مەرجەع‌و جێبەجێکردنی بڕگە دەستوورییەکان، کورد ئامادە نەبوو ئەو هەلە بقۆزێتەوەو دەستبەجێ ڕێکەوتنێکی دووقۆڵـیی مۆر بکات بۆ دوارۆژو بەهەمان شێوەش لەگەڵ لایەنەکانی دیکە پێش ئەوەی بچێتە باسکردنی وردەکاریی پێکهێنانی حکومەت‌و دابەشکردنی پۆست‌و دەسەڵات.

٣- لەوە ناچێت هەموو لایەنەکانی شاندی کوردی گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی کە کێشەکانی کورد لەگەڵ بەغدا تەنیا لەڕێی دوو پێکهاتە، یاخود چەند لایەنێکی دیاریکراو چارەسەر ناکرێت، بەڵکو دەبێت کۆدەنگیی‌و هەماهەنگیی نێوان زۆرینەی هەرەزۆری پێکهاتەو لایەنە سیاسییەکانی بۆ فەراهەم بکرێت، ئەگەرچی کاتی زیاتریشی بوێت.

هەتا ئێستا بەشێکی لایەنە سیاسییەکان لە کوردستان بە عەقڵی قۆناغی چەندساڵـی ڕابـردوو سەیری کێشەو لایەنە سیاسییەکان دەکـەن‌و ئەو گۆڕانکارییانە نادیدەو بەهەند وەرناگرن، کە لە گۆڕەپانی سیاسیی ئەمڕۆدا هاتووەتە کایەوەو خۆشیان هەنگاو بۆ گۆڕینی هەڵناگرن.

ئاخۆ لەم هەموو کەین‌و بەینەو بێنەو بەرەیەدا، ئەمجارەیان کورد چی بەردەکەوێت‌و لە هەڵوێستی (هەر ئەوە یاریم) چانس یاوەری دەبێت؟!!

# سەرۆکی پەرلەمان: لە مانگێکدا، (٨)ڕۆژ کۆبووینەتەوە

**بەرهەم خالید**

پەرلەمانی کوردستان، ئێستا لە پشووی هـاویـنـەیـدایـەو بـەپـێـی وتـەی سـەرۆکـی پەرلەمانیش لـەم خولەی پەرلەماندا، بە دانیشتنی ئاسایی‌و نائاساییەوە، تەنیا (٣٢) دانیشتنی ئەنجامداوە، ئـەوە لە کاتێکدایە کە دەبـوو، لانیکەم هەفتانە (٣)دانیشتن ئەنجامبدات.

د. کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لە وتـاری دانیشتنی کۆتایی خولی گرێدانی دووەم لە ساڵی یەکەمی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، کە ڕۆژی (٢٠١٠/٦/٣٠) ئەنجامدراو ڕایگەیاند: لە (٢٠١٠/٣/١٣)و پاش پشووی زستان، پەرلەمانی کوردستان (٢٢)دانیشتنی ئاسایی‌و (١٠)دانیشتنی نائاسایی ئەنجامداوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی سەرۆکی پەرلەمان، لە ماوەی (٤)مانگی ڕابردوودا، پەرلەمان (٣٢) دانیشتنی ئەنجامداوە، واتە مانگی (٨)دانیشتن، لە کاتێکدا بەپێی نەریتی پەرلەمان، دەبێت هەفتانە لانیکەم (٣)دانیشتن ئەنجام بدرێت.

سەرۆکی پەرلەمان، لە وتەکەیدا ئەوەشی ڕاگەیاند: لەو ماوەیەدا پەرلەمانتاران، (٦٨) پرسیاریان ئاراستەی وەزیرەکانی حکومەت کـردووەو تا ئێستا وەڵامی (٣١)پرسیاریان نەدراوەتەوەو هەروەها (١٢)پرۆژەیاسایان بۆ حکومەت ناردووە، بەڵام تا ئێستا وەڵامی هیچ کامێکیان نەهاتووەتەوە.

ئێستا پەرلەمانی کوردستان، پشووی دوو مانگی هاوینەی خۆی وەرگرتووەو تا کۆتایی پشووەکەی لە (٢٠١٠/٩/١)دا، هیچ دانیشتنێکی ئاسایی ئەنجام نادات.

# «دابینکردنی سەدەها ملیۆن دیناری حکومەت بۆ میدیای حیزب، بەهەدەردانی سامانی گشتییە»

**ئاوارە حەمید**

سەنتەری پریس بۆ داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنووسان‌و داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکـات بـەدواداچـوون بۆ ئـەو پـارەدانـەی حکومەت بە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی پارتی‌و یەکێتی‌و ڕاگەیاندنی سێبەر بکات‌و لێپرسینەوەو هەڵوێستی جدیی خۆی ڕابگەیەنێت.

لە بەیاننامەیەکی سەنتەری ناوبراودا، کە کۆپییەکی بۆ ڕۆژنامە نێردراوە، هاتووە: دوای بڵاوبوونەوەی چەند بەڵگەو دۆکیۆمێنتێک سەبارەت بە پێدانی سەدان ملیۆن دینار لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە میدیای حیزبیی‌و ژمارەیەک لە ڕۆژنامەو گۆڤاری بەناو سەربەخۆ، کە دواترینیان ئەو ڕاپۆرتە دۆکیۆمێنتییەی گۆڤاری لڤینە، دەرکەوتووە، کە مانگانە سەدان ملیۆن دینار لە پارەی خەڵک‌و سامانی گشتیی بەهەدەر دەدرێت.

سـەنـتـەری پریس بـاس لـەوەشدەکات سەنتەرەکەیان ئەم پارەپێدانەی حکومەتی هەرێم بەمیدیای هەردوو حیزبی دەسەڵات‌و مـیـدیـای سـێـبـەر کـە بـۆ خزمەتکردنی بـەرژەوەنـدیـەکـانـی هـــەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان دامـەزراون، ئیدانە دەکات‌و پێیوایە: شێوازی پێدانی ئەم پارەیە نایاسایی‌و کارێکی نەخوازراو و دوور لە پرەنسیپە یاساییەکانەو گومانەکانمان زیاتر دەبێت لەسەر بێلایەنی حکومەت لە مامەڵەکردنی لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن‌و پێمانوایە، سەرفکردنی ئەو بڕە پارە خەیاڵییەی حکومەت دەچێتە خانەی بەهەدەردانی سامانی گشتییەوەو دەکرێت ئەم پارەیە بۆ خەڵکی هەژارو کەسوکاری شەهیدان‌و قوربانیانی ئەنفال سەرف بکرێت.

لـە کۆتایی بەیاننامەکەی سەنتەری پـریـس-دا، داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکـات بـەدواداچـوون بۆ ئـەو ڕووداوە بکات‌و لێپرسینەوەو هەڵوێستی جدیی خۆی ڕابگەیەنێت.

# داوای پزیشکە مانگرتووەکان، جێبەجێ دەکرێت

**شارا عەبدولڕەحمان**

دوای نزیکەی (١٠)ڕۆژ لە مانگرتن، بڕیارە ئەمڕۆ پزیشکە موقیمەکانی سلێمانی دەست بە کارکردن بکەنەوە.

کـۆتـایـی مـانـگـی ڕابـــــردوو، بـەهـۆی دەستدرێژییکردنە سەر پزیشکێک لەلایەن هاوڕێی نەخۆشێکەوە، سەرجەم پزیشکە موقیمەکانی نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکانی ناو شاری سلێمانی، مانگرتنیان ڕاگەیاندو داوای پاراستنی ژیان‌و کەرامەتیان دەکرد، بۆ ئەو مەبەستەش نووسراوێکیان لە ڕێگەی سەندیکای پزیشکانەوە، گەیاندە لیژنەی تەندروستیی پەرلەمانی کوردستان.

تەها مەحوی، سکرتێری سەندیکای پزیشکانی سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە نووسراوەکەدا، داوایانکردووە کە یاسای پاراستنی پزیشکان کە لە عێراق هەیە، لە کوردستانیش کارابکرێت، تا چیتر ڕووبەڕووی کێشەو دەستدرێژیکردن نەبنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش پشتگیریی لەو پزیشکە مانگرتووانە دەکەین‌و داواکەیان بە ڕەوا دەزانین.

هـاوکـات، سـەرچـاوەیـەک لە فەرمانگەی تەندروستیی سلێمانی، ئـەوەی بۆ ڕۆژنامە ئاشکراکرد: دوێنێ مانگرتنی پزیشکە موقیمەکان، کۆتایی پێهاتووەو بڕیارە ئەمڕۆ دەست بە کاری ئاسایی خۆیان بکەنەوە، ئەو سەرچاوەیە، وتیشی: «داوای ئەو پزیشکانە جێبەجێکراوە لەوەی کە پاراستنی نەخۆشخانەکان توندوتۆڵتر بکرێت‌و یاسای پاراستنی پزیشکان کە لە بەغدا هەیە جێبەجێبکرێت، ئەویش دوای بڕیاری پەرلەمان.

## پاشماوەی... نەوتی تەقتەق، سویسرییەکی کردە ملیاردێر

ژاندور، مامەڵەکەرێکی زۆر وریایە، بەهۆی لێزانی‌و لێهاتوویی خۆیەوە، دەتوانێت ڕکەبەرەکانی، (ئەوانەی کەوا دەیانەوێت بەشێک لەو کێڵگە نەوتییە بکڕن) ببەزێنێت، ئەو توانای ئەوەی هەبوو هەموویان دڵنیا بکات بەوەی کە خاوەن تەجروبەیەکی زۆرەو کەسێکی زۆر بەتواناشە لەکاتی مامەڵەکردندا لە ئەنقەرە، لە ساڵـی (٢٠٠٥) بۆ کڕینی بەشێک لە کێڵگە نەوتی تەقتەق، ئەو توانی ڕکەبەرەکانی خۆی ببەزێنێت، بەو هۆیەوە توانی (٣٠٪)ی نەوتی تەقتەق بکڕێت.

کێڵگەی نەوتی تەقتەق (٦٨٠)کیلۆمەتر دووجایەو دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێرەوە.

تەقتەق، بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین کێڵگە نەوتییەکانی جیهان دەناسرێت، بەپێی بۆچوونەکان نزیکەی (١،٢) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.

بەستنی ئەو بۆندە لەکاتێکدا هات، کە یاسای نەوت لە عێراقدا هێشتا دەستبەکار نەبوو، ئەمە بووەهۆی دروستکردنی کێشە لەنێوان هەرێمی کوردستان‌و حکومەتی عێراقدا.

حکومەتی عێراق خـۆی بەخاوەنی کێڵگە نەوتییەکانی عێراق دەزانێت، بۆیە نارەزامەندیی خۆی سەبارەت بە بەستنی هەر بۆندێک لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە دەربـڕی‌و بە نایاسایی ناساندن، ئەم کێشەیە نیگەرانیی‌و نائارامیی لەلایەن ئەو کۆمپانیا نەوتییانەوە دروستکرد، کە لە کوردستاندا دەستبەکارن، یەکێک لەو کارگانە (Sinopec)ی سینـی بوو، ژانـدور کە نزیکەی (٣٥٠) ملیۆن دۆلاری بۆ کڕینی ئەو بەشەی خۆی لە نەوتی تەقتەق خستە بەردەست، توانی بەشەکەی کۆمپانیای نەوتی خۆی (Addax) بە نزیکەی حەوت ملیارد دۆلار بە کۆمپانیای (Sinopec) بفرۆشێت، لەو پارەیە دوو ملیار دۆلاری بۆ گیرفانی شەخسی ژانـدور چـوو، چونکە ئەو خاوەنی زۆرینەی کۆمپانیای (Addax) بوو.

ئەمە ئەوە نیشاندەدات، کە دەسەڵاتدارانی هەرێم هیچ بایەخێکیان بەو کێڵگە نەوتییانە نەداوە، ئەوەی بۆ ئەوان گرنگ بووە، باشکردنی گوزەرانی خەڵک نەبووە، بەڵکو پڕکردنی گیرفانی خۆیان بووە بەهەر نرخێک بێت.

لەدوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی حوزەیرانی (٢٠٠٩)دا ڕێکەوتننامەیەکی سەبارەت بەناردنە دەرەوەی نەوت لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ئیمزا کرد، دەستکرا بەناردنە دەرەوەی نەوت بەشێوازێکی ڕەسمیی. لەوکاتەوە ڕۆژانە (٥٠٠٠٠) تا (٦٠٠٠٠)هەزار بەرمیل نەوت لە کێڵگەی تەقتەق بنێردرێتە دەرەوە، بڕیار وابوو ئەو بڕگەیە بۆ (١٥٠) هەزار بەرمیل لەڕۆژێکدا بەرزبکرێتەوە، ئەمە لەلایەن Mehmel Okutan بەڕێوەبەری کارکەران لەکاتی سەردانیدا بۆ تەقتەق ڕاگەیەنرابوو، ئەو ئەوەشی ڕاگەیاند: کە نەوتی تەقتەق لە باشترین چۆنێتییەکانی نەوتە.

بڕیاروایە لە چوار ساڵـی داهاتوودا ناردنە دەرەوەی نـەوت لە هەرێمی کوردستانەوە بەشێوازێکی بـەردەوام بەرزبکرێتەوە، شایانی باسە کە ئێستا لە کێڵگە نەوتی تەقتەق هەریەک لە حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و کۆمپانیـای (Genel)و (Sinopec) دەستبەکارن.

ئەوەی لێرەدا شایانی ئاماژە بۆکردنە ئەوەیە، کە نەوتی تەقتەق توانیویەتی قازانجێکی زۆر بە تاکێکی سویسری‌و بەدڵنیاییەوە بەهەموو ئەو کۆمپانیا نەوتییانەی کە لەوێ دەستبەکارن، بگەیەنێت، لەکاتێکدا دەزانرێت کە ژاندور دوو ملیار دۆلار قازانجی کردووە، هیچ زانیارییەک سەبارەت بە زیادکردنی سەروەت‌و سامانی دەسەڵاتداران لەبەردەستدا نییە، بەڵام هەموو لایەک دڵنیان کە ئەوان ڕۆژانـە سوود لەناردنە دەرەوەی نەوت بەشێوازێکی ڕەسمیی‌و نارەسمیی وەردەگـرن، دەبێت لێرەدا ئەوەش بوترێت: کە دۆزینەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا نەبووەتە هۆی باشکردنی گوزەرانی خەڵک، بەڵکو هۆکارێکە بۆ باشترکردنی باری ئابووریی دەسەڵاتداران.

## دوای (٤٤) ڕۆژ، ئەنجومەنی وەزیران...

لەم بارەیەوە، د. مەجید حەمەد ئەمین، وەزیری کاروباری شەهیدان‌و ئەنفالکراوەکان، وتی: «دوو بۆچوون هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران: یەکێکیان دەڵێت، مەرج نییە کۆبوونەوەکان ئەوەندە زۆربن، بەوپێیەی سەڵاحیەتی وەزیرەکان زیادکراوە، بۆچوونێکیش دەڵێت، کۆبوونەوەکان دووهەفتە جارێک بەردەوامبن، منیش لەگەڵ بۆچوونەکەی دووەمدام‌و بەردەوامیی کۆبوونەوەکان پێویستە، چونکە ئەوە ئەنجومەنی وەزیرانەو وەزیرەکان ئاگادارو بەشدار دەبن لە ڕەتکردنەوەو بڕیاردان لە مەسەلە گشتیی‌و چارەنووسسازەکان، بۆیە بە ڕای من، بەردەوامیی کۆبوونەوە، دوو هەفتە جارێک گرنگە». هەروەک د. مەجید، هۆکاری دواکەوتنی کۆبوونەوەکانی بۆ کۆنگرەی یەکێتیی نیشتمانی‌و دواتریش سەردانی سەرۆکی حکومەت بۆ لەندەن گەڕاندەوە.

## ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا ...

سکرتێری سەندیکا، باسی ئەوەشی کرد: کە بەو هۆیانەوە بەپێویست نەزانراوە هۆڵ بگیرێت‌و کەناڵەکان کۆبکرێنەوەو بەو شێوەیە ڕابگەیەنرێت، چونکە دەتوانرێت ڕاپۆرتەکە بۆ سەرجەمی لایەن‌و کەناڵەکان بنێردرێت‌و ئەوانیش بەو شێوەیەی دەیانەوێت ڕووماڵی بکەن، «دووبەشبوونەکەش هەر ئەوە بوو، دواتر کە گفتوگۆ کرا وا بەباش زانرا ئەمجارەش کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی بۆ بکرێت»،

بەڵام بە پێچەوانەی ئەو وتانەوە سەرچاوەیەکی نزیک لە ئەنجومەنی سەندیکا هۆکاری ئەو دووبەشبوونە بۆ جیاوازیی ڕاپۆرتەکە دەگەڕێنێتەوە بەراورد بە ڕاپۆرتەکانی پێشوو، بەوپێیەی تێیدا ڕەخنەی زۆر لە دەسەڵاتی سیاسیی کورد گیراوەو گرنگیی بە کەیسی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان دراوە، وتیشی: ئەنجومەن دواتریش بۆ یەکلاییبوونەوە لەسەر یەکێک لەو بۆچوونانە پەنای بردووەتە بەر دەنگدان‌و بەوە یەکلایی کراوەتەوە، کە بە چ شێوەیەک ڕاپۆرتەکە ڕابگەیەنرێت‌و لە ئەنجامدا (٦) دەنگ لە بەرامبەر (٤) دەنگ بردوویەتییەوەو بڕیاردرا ڕاپۆرتەکە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیی بۆ ئەنجامبدرێت».

بەپێی زانیارییەکانی ئـەو سەرچاوەیە لەئێستادا کە سەندیکا لە سێیەمین کۆنگرەی نزیک دەبێتەوە، ئاراستەیەک لەناو ئەنجومەنی سەندیکا دروستبووەو داوای کۆمەڵێک چاکسازیی دەکات، کە لە ڕۆژانی داهاتوودا مشتومڕی زیاتر لەوبارەیەوە دروستدەبێت.

# ـــــان هـه‌یـه‌




**پێویست ناكات كه‌س ته‌كبیرمان بۆبكات ئێمه‌ موعاره‌زه‌ین، خۆمان ده‌زانین چیده‌كه‌ین**

**– مه‌سئولییه‌ت له‌ فه‌لسه‌فه‌ی سیاسیی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕاندا چییه‌، ته‌كلیفه‌، یان ته‌شریفه‌، ئه‌ركه‌، یان ڕێزلێنانه‌، كامیانه‌؟**

* بێگومان، لای ئێمه‌ ئه‌ركه‌.

**– په‌یوه‌ندیتان به‌ هێزه‌ كوردستانییه‌كانه‌وه‌ چۆنه‌؟**

* تا ئێستا په‌یوه‌ندییه‌ك كه‌ پێی بوترێت، په‌یوه‌ندیی سیاسیی، له‌نێوان ئێمه‌و له‌نێوان حیزبه‌ كوردستانییه‌كان به‌تایبه‌تی یه‌كێتی‌و پارتیدا نییه‌. له‌سه‌ر ئاستی په‌رله‌مان، په‌رله‌مانتاره‌كانی ئێمه‌، ئه‌وان ده‌بینن، ئه‌وان هی ئێمه‌ ده‌بینن، گفتوگۆ ده‌كه‌ن له‌ناو هۆڵی په‌رله‌ماندا، جاروباریش كه‌ سه‌رۆكایه‌تی هه‌رێمی كوردستان نوێنه‌ری هه‌موو لایه‌نه‌كان بانگ ده‌كات، نوێنه‌ره‌كانی ئێمه‌ش ده‌چن بۆ ئه‌وێ، به‌ڵام وه‌كو په‌یوه‌ندیی دووقۆڵی، تا ئێستا له‌گه‌ڵ هیچ لایه‌نێكدا به‌تایبه‌تی له‌گه‌ڵ هه‌ردوو حیزبی ده‌سه‌ڵاتداردا په‌یوه‌ندیمان نییه‌، ئومێدمانوایه‌ كه‌ له‌ پاشه‌ڕۆژدا باش ببێت.

**– له‌ گرژییه‌كانی ئه‌م دواییه‌تاندا له‌گه‌ڵ پارتی دیموكراتی كوردستان، یاخود ئه‌و زمانه‌ زبره‌ی كه‌ له‌ ڕاگه‌یاندنه‌كانی پارتی دیموكراتی كوردستاندا به‌رامبه‌ر به‌ گۆڕان به‌كارهات، بێده‌نگیتان هه‌ڵبژارد، بۆچی؟**

* بۆ ئه‌وه‌ی كه‌ هه‌لومه‌رجی كوردستان بارگرژتر نه‌بێت.

**– له‌ كۆنگره‌كه‌ی یه‌كێتیی نیشتمانیی كوردستانیشدا، له‌ كۆنگره‌ی (٣)دا، تاڵه‌بانی دیسان هێرش، یاخود باسی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕانی كردووه‌، لانیكه‌م، به‌خراپ یاخود ناباش، له‌سه‌ر ئه‌وه‌ش بێده‌نگیتان هه‌ڵبژارد؟**

* به‌ڵێ، له‌به‌ر هه‌مان سه‌به‌ب، بۆ ئه‌وه‌ی بارگرژیی زیاتر دروست نه‌بێت، پاش ئه‌وه‌ به‌ڕاستی ئێمه‌ زۆر موراعاتی وه‌زعی ئه‌و براده‌رانه‌مان كرد، وه‌زعی ئه‌و كه‌سانه‌مان كرد كه‌ له‌ كۆنگره‌كه‌دا بوون‌و ئومێدمان وابوو كه‌ كۆنگره‌یه‌كی هێمن‌و سه‌ركه‌وتووبێت‌و باش به‌ڕێوه‌بچێت، له‌به‌رئه‌وه‌ ته‌حه‌مولی ئه‌وه‌مان كرد، چیمان پێده‌ڵێن، جوابمان نه‌دانه‌وه‌.

**– باسی كۆنگره‌مان كرد، ئه‌نجامه‌كانی كۆنگره‌ی (٣)ی یه‌كێتیی نیشتمانیی كوردستانت به‌لاوه‌ چۆنه‌، یاخود ته‌علیقت له‌سه‌ری چییه‌؟**

* من هیچ ته‌علیقێكم له‌سه‌ری نییه‌و نامه‌وێت هیچ هه‌ڵسانگاندنێكیشی له‌سه‌ر بڵێم، به‌ڵام له‌ناخی دڵه‌وه‌ ته‌مه‌ننا ده‌كه‌م، سه‌ركه‌وتوو بن‌و قۆناغێكی تازه‌ له‌ ژیانی ڕێكخراوه‌كه‌یاندا ده‌ستپێبكه‌ن، كه‌ به‌ خێرو خۆشی میلله‌ته‌كه‌مان‌و به‌ قازانجی میلله‌ته‌كه‌مان بێت.

**– به‌ڵام كه‌سێك كه‌ نیوه‌ی عومری خۆی له‌ بزووتنه‌وه‌یه‌كی سیاسییدا به‌سه‌ربردبێت، ئێستا ڕاسته‌ لێی جیابووه‌ته‌وه‌، یان بزووتنه‌وه‌یه‌كی سیاسیی سه‌ربه‌خۆی هه‌یه‌، به‌ڵام هیچ ته‌علیقێكی له‌سه‌ر نه‌دا، شتێكی ئاساییه‌ به‌ ڕای به‌ڕێزت؟**

* به‌ڵێ، ئێستا ئێمه‌ جوڵانه‌وه‌یه‌كی دیكه‌مان به‌ڕێخستووه‌، بێجگه‌ له‌وه‌ش هێشتا زووه‌ بۆ ئه‌وه‌ی هه‌ڵسه‌نگاندنێك بكه‌ین بۆ ئه‌نجامه‌كانی كۆنگره‌.

**– په‌یوه‌ندیتان به‌ میدیای ئازاده‌وه‌ چۆنه‌، ئه‌و میدیایه‌ی كه‌ ده‌وترێت، هه‌موو شتێك كه‌ ده‌نووسن، یاخود كه‌ ده‌یڵێن، ئێوه‌ له‌پشتییه‌وه‌ن، یاخود ڕاستتر ئه‌وه‌ی كه‌ ئێوه‌ خاوه‌نی میدیای ئازادن؟**

* له‌ڕاستیدا ئێمه‌ خاوه‌نی میدیای ئازاد نین، ئێمه‌ ته‌له‌فزیۆنمان هه‌یه‌، ڕادیۆمان هه‌یه‌، ڕۆژنامه‌مان هه‌یه‌، سایتمان هه‌یه‌ به‌ناوی خۆمانه‌وه‌و هه‌موو ئه‌و شتانه‌ی بڵاویده‌كه‌ینه‌وه‌ به‌بێ ئه‌وه‌ی شه‌رم له‌كه‌س بكه‌ین، به‌ناوی خۆمان‌و به‌وێنه‌ی خۆشمانه‌وه‌ بڵاویده‌كه‌ینه‌وه‌، به‌ڵام ئێمه‌ بێگومان پشتیوانیی له‌ میدیای ئازاد ده‌كه‌ین، هه‌ندێك لایه‌ن‌و هه‌ندێك كه‌س كه‌ ئێمه‌ به‌وه‌ تاوانبار ده‌كه‌ن كه‌ ئێمه‌ له‌پشتی میدیای ئازاده‌وه‌ین، یاخود هه‌مووی به‌قسه‌ی ئێمه‌ ده‌كات، له‌ڕاستیدا ئه‌وه‌ ڕاست نییه‌، ئێمه‌ ڕاسته‌ له‌پشتی میدیای ئازاده‌وه‌ین، چونكه‌ یه‌كێك له‌به‌رنامه‌كانی كه‌ ئێمه‌ ئیشی بۆ ده‌كه‌ین، دابینكردنی ئازادیی ڕاده‌ربڕینه‌ له‌ كوردستانداو ئێمه‌ پێمان خۆشه‌ هه‌موو حیزبه‌ سیاسییه‌كانی كوردستان فێری ئه‌وه‌ ببن، له‌باتی ئه‌وه‌ی تفه‌نگ به‌كاربهێنن، له‌باتی ئه‌وه‌ی حه‌بسخانه‌ به‌كاربهێنن، بواری ڕاگه‌یاندن به‌كاربهێنن بۆ دیفاعكردن له‌خۆیان، له‌هه‌مان كاتدا بۆ ڕوونكردنه‌وه‌ی بیرو بۆچوونه‌كانی خۆیان، من لێره‌وه‌ ڕایده‌گه‌یه‌نم، ئێمه‌ مه‌سئولیه‌تمان، ته‌نیا به‌و دامووده‌زگایانه‌ی ڕاگه‌یاندنه‌ كه‌ خۆمان به‌ڕێوه‌ی ده‌به‌ین، ئه‌وانه‌ی دیكه‌، ئه‌و سایتانه‌ی كه‌ ئێمه‌ لێی مه‌سئول نین، یاخود ئه‌و گۆڤارانه‌ی له‌بواری میدیای ئه‌هلیدا ده‌رده‌چن، ئه‌وانه‌ خۆیان سه‌ربه‌خۆن، خۆیان به‌رپرسن له‌بیروبۆچوونه‌كانی خۆیان.

**– ڕاتان له‌سه‌ر فراكسیۆنه‌كه‌ی كوردستانتان چۆنه‌، له‌كاره‌نیان ڕازیین، یان سیاسه‌تی گۆڕانیان جێبه‌جێ كردووه‌؟**

* ئه‌وانه‌ خۆیان جۆرێك له‌ ئازادییان هه‌یه‌ له‌ئیشوكاره‌كانی خۆیاندا، بڵێم سه‌د له‌سه‌د لێیان ڕازیم، یان لێیان ناڕازیم، ناتوانم وا بڵێم، چونكه‌ هێشتا ساڵی یه‌كه‌می ته‌مه‌نیان ته‌واو نه‌بووه‌، هێشتا (٣)ساڵی دیكه‌یان له‌به‌رده‌مدا ماوه‌ بۆ كاركردن، به‌ڵام له‌ڕاستیدا ده‌توانم بڵێم، نیوه‌ ڕازیم‌و نیوه‌ ناڕازیم.

**– ده‌وترێت، ئێوه‌ وه‌كو بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان، یان له‌ڕێی كاركردنی فراكسیۆنه‌كه‌تانه‌وه‌، هه‌ڵبه‌ته‌ فراكسیۆنه‌كه‌ی به‌غداتان تا ئێستا ئیشی نه‌كردووه‌، له‌به‌رئه‌وه‌ی كه‌ ماوه‌یه‌كی زۆر نییه‌، به‌ڵام ده‌وترێت، كه‌ ئێوه‌ ئه‌زموونی ئۆپۆزسیۆنێكی سلبیتان ته‌قدیم كردووه‌، یاخود ڕۆڵێكی ئیجابیتان نییه‌ له‌ بنیاتنانی كاری دامه‌زراوه‌یی‌و له‌ باشكردنی دامه‌زراوه‌كانی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستاندا؟**

* كێن ئه‌وانه‌ی وامان پێده‌ڵێن، ئه‌وه‌ ئه‌وانه‌ن كه‌ سه‌ر به‌ ده‌سه‌ڵاتن، با بڕۆن ته‌كبیر بۆ خۆیان بكه‌ن، زۆر جار باسی ئه‌وه‌ ده‌كه‌ن، وه‌ڵڵا ئه‌مه‌ ئۆپۆزسیۆنێكی ته‌ندروست نییه‌و ئه‌مه‌ ئۆپۆزسیۆنێكی پۆزه‌تیڤ نییه‌و ئه‌مه‌ ئۆپۆزسیۆنێكی سه‌لبییه‌، با بڕۆن خۆیان به‌ ده‌سه‌ڵاتێكی پۆزه‌تیڤ‌و ده‌سه‌ڵاتێكی وه‌كو خۆیان باسی ده‌كه‌ن، هه‌قی وایه‌ ئه‌وانه‌ی كه‌ ئیش بۆ ئه‌وان ده‌كه‌ن، ته‌كبیر بۆ مه‌سئوله‌كانی خۆیان بكه‌ن، ته‌كبیر بۆ ئێمه‌ نه‌كه‌ن، ئێمه‌ موعاره‌زه‌ین‌و خۆمان ده‌زانین چی ده‌كه‌ین.

**– بۆچوونتان، یاخود چاوه‌ڕوانیتان له‌ فراكسیۆنه‌كه‌ی به‌غداتان چۆنه‌؟**

* ئومێدم وایه‌ كه‌ كاری زۆر باش بكه‌ن.

**– له‌وێ، له‌ به‌غدا ده‌توانن چی بكه‌ن؟**

* ده‌توانن زۆر شت بكه‌ن، ده‌توانن دیفاع له‌مافه‌كانی نه‌ته‌وه‌یی كورد بكه‌ن، ئه‌وانه‌ی له‌ده‌ستووری عێراقدا سه‌لمێنراون، ده‌توانن ئه‌گه‌ر له‌كوردستان، هه‌ندێك كێشه‌ هه‌یه‌ چاره‌سه‌ریان نه‌كرێت، بیبه‌نه‌ به‌غدا، ده‌توانن زۆر شت بكه‌ن.

**– تا چه‌ند به‌جدیی به‌شداریتان كردووه‌ له‌ ئیئتیلافی لیسته‌ كوردستانییه‌كان؟**

* به‌ڵێ، ئێمه‌ به‌شدارییه‌كی جدیمان كردووه‌، ئه‌وه‌ دوو لایه‌نی هه‌یه‌، لایه‌نێكی پابه‌ندییه‌ به‌ پرسه‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌كانی گه‌له‌كه‌مانه‌وه‌، كه‌ بێگومان ئه‌گه‌ر ئێمه‌ زیاترو زۆرتر سوور نه‌بین له‌هه‌موو لایه‌نه‌كانی تر، به‌تایبه‌ت كه‌ ئێمه‌ به‌ته‌مای هیچ پۆستێكی گه‌وره‌نین، له‌وان كه‌متر پابه‌ندی ئه‌و پرسه‌ نه‌ته‌وه‌ییانه‌ نابین، بێگومان ئێمه‌ پابه‌ند ده‌بین به‌ پرسه‌ نه‌ته‌وایه‌تییه‌كانه‌وه‌و له‌وه‌دا هاوبه‌شین له‌گه‌ڵیاندا، له‌مه‌سه‌له‌كانی دیكه‌دا سه‌ربه‌خۆیی سیاسیی فراكسیۆنه‌كه‌ی خۆمان ده‌پارێزین بۆ ده‌ربڕینی بیروبۆچوونه‌ تایبه‌تییه‌كانی خۆمان.

**– بۆچوونتان سه‌باره‌ت به‌ هه‌ڵبژاردنی ئه‌نجومه‌نی پارێزگاكان، به‌ ڕای ئێوه‌، له‌ واده‌ی خۆیدا ئه‌نجامده‌درێت؟**

* ده‌بێت ئه‌و پرسیاره‌ له‌ ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانی هه‌رێمی كوردستان بكه‌ین.

**– خیتابی سیاسیتان به‌رامبه‌ری چۆنه‌، داوا ده‌كه‌ن له‌ واده‌ی خۆیدا بكرێت، یاخود دواخستنی به‌لاتانه‌وه‌ ئاساییه‌؟**

* ئێمه‌ پێمانوایه‌، هه‌رچی زووتر بكرێت، باشتره‌.

**– ده‌وترێت، له‌ئێستاوه‌ له‌ خۆئاماده‌كردندان؟**

* ئه‌گه‌ر ئه‌مڕۆ هه‌ڵبژاردن ببێت، خۆمان بۆ ئاماده‌ كردووه‌، سبه‌ینێش بێت هه‌ر ئاماده‌ین، دوو سبه‌یش بێت هه‌ر ئاماده‌ین.

**– شتێكی دیكه‌ش ده‌وترێت، ده‌وترێت بۆ پۆستی پارێزگاری سلێمانی، نه‌وشیروان مسته‌فا خۆی كاندید ده‌كات؟**

* هه‌ندێك ڕۆژنامه‌ هه‌یه‌، به‌ هه‌ڵبه‌ستی هه‌واڵی درۆ ده‌ژی، ئه‌وه‌ یه‌كێكه‌ له‌و هه‌واڵانه‌.

**– له‌كۆتاییدا، دوو پرسیاری تایبه‌ت له‌ ژیانی شه‌خسیی خۆت لێبكه‌م. له‌ماوه‌ی ڕابردووداو پێش دروستكردنی بزووتنه‌وه‌ی گۆڕان، یه‌كێك بووی له‌وانه‌ی له‌بواری نووسیندا، به‌تایبه‌تی له‌ بواری ڕۆژنامه‌وانییه‌وه‌، له‌ بواری ئه‌و مێژووه‌ی كه‌ خۆت تیایدا ژیاویت، دۆكیۆمێنتت كردووه‌و نووسیوته‌، ئێستا به‌ته‌واوه‌تی لێی دوور كه‌وتوویته‌ته‌وه‌؟**

* ئێستا زۆری وه‌خته‌كه‌م ته‌رخانكردووه‌ بۆ ئه‌و كاره‌ سیاسییه‌ی كه‌ په‌یوه‌ندیی به‌ بزووتنه‌وه‌ی گۆڕانه‌وه‌ هه‌یه‌، به‌ڵام هێشتا دانه‌بڕاوم له‌و بواره‌ ڕۆشنبیرییه‌ی كه‌ كاتی خۆی كارم تیا كردووه‌.

**– واته‌ له‌ئاینده‌دا ئه‌زموونه‌كانی شێوه‌ی قه‌ڵه‌مه‌كان، په‌نجه‌كان یه‌كتر ده‌شكێنن، هه‌موو ئه‌و كتێبانه‌ی تری كه‌ بڵاوتكردوونه‌ته‌وه‌ سه‌باره‌ت به‌ مێژووی سیاسیی ناوخۆی هه‌رێمی كوردستان، به‌رهه‌می دیكه‌ ده‌بینین؟**

* ئه‌گه‌ر پێویستی كرد.

**– دوا پرسیارم ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ئێستا ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌كه‌ی ده‌كه‌ین كاتی مۆندیاڵه‌، نه‌وشیروان مسته‌فا هانده‌ری چ وڵاتێكه‌؟**

* بۆ من، هه‌موو ئه‌و تیپانه‌ وه‌كو یه‌ك وان، به‌ڵام ته‌مه‌ننای ئه‌وه‌ ده‌كه‌م، ڕۆژێك له‌ ڕۆژان، تیپی كوردستان به‌ ئاڵای كوردستانه‌وه‌ له‌ناو مۆندیالدا به‌شداری بكه‌ن.

**كاربه‌ده‌سته‌كانی هه‌رێم زۆرجار ئینتیقائی سه‌یری قانون و ده‌ستووری عێراقی ده‌كه‌ن، ئه‌و قانونانه‌ی كه‌ به‌ قازانجی تایبه‌تی خۆیان بێت، جێبه‌جێی ده‌كه‌ن، ئه‌وه‌شی به‌ قازانجی تایبه‌تی خۆیان نه‌بێت جێبه‌جێی ناكه‌ن**

**● پشتیوانیی له‌ میدیای ئازاد ده‌كه‌ین، چونكه‌ یه‌كێك له‌وبه‌رنامانه‌ی ئێمه‌ ئیشی بۆ ده‌كه‌ین، دابینكردنی ئازادیی ڕاده‌ربڕینه‌ له‌ كوردستاندا**

**● ته‌مه‌ننای ئه‌وه‌ ده‌كه‌م، ڕۆژێك له‌ ڕۆژان، تیپی كوردستان به‌ ئاڵای كوردستانه‌وه‌ له‌ناو مۆندیالدا به‌شداری بكه‌ن**

## نەوشیروان مستەفا:

# کەرەستەیەکی گەورەی خۆڕێکخستنم

سازدانی: هۆشیار عەبدوڵڵا

**نەوشیروان مستەفا لەم چاوپێکەوتنەدا کە بەرنامەی رووبەڕووی کەناڵی (KNN) لەگەڵی سازیداوە سەبارەت بە پرسی خۆڕێکخستنەوەی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵێک باس و خواسی هەنووکەیی سەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و عێراق بیروبۆچوونی بزووتنەوەی گۆڕان دەخاتە روو.**

**– با لەسەرەتاوە لەمۆڵەتەکەتانەوە دەستپێبکەین، ئێوە لەدوای (٧/٢٥) باستان لەوە دەکرد وەکو قەوارەیەکی سیاسیی بەشێوەیەکی یاسایی لە هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن، بەڵام لەچوارچێوەی قانونی پۆڵ بریمەردا، بەڵام دواتر پەناتان بۆ ئەوە برد کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا مۆڵەت وەربگرن، بۆچی؟**

* ئێمە لە دوو هەڵبژاردندا دووجار داوامان لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کردووە، لەهەردوو جارەکەدا وەکو دوو لیست چووینەتە هەڵبژاردنەوە، جاری یەکەم (٧٠٠) کەس پشتیوانی لە داواکەمان کردووە، ئەوە شتێکی ئاساییە لە عێراقدا هەموو ئەو رێکخراوانەی کە بەشدارییان لە هەڵبژاردندا کردووە هیچ ئیجازەیەکیان لە حکومەت وەرنەگرتووە، تەنیا لەو رێگەیەوە هاتوونەتە ناو ژیانی سیاسییەوە، ئێمەش پێمانوابوو: لە کوردستانیش بەهەمان رێگە دەتوانین بەشداریی بکەین، بەڵام کاربەدەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆرجار ئینتیقائی سەیری قانونەکانی عێراق‌و سەیری دەستووری عێراقی دەکەن، ئەو قانونانەی کە بە قازانجی تایبەتی خۆیان بێت، ئەو مادانەی کە بە قازانجی تایبەتی خۆیان بێت جێبەجێی دەکەن، ئەوەی بە قازانجی تایبەتی خۆیان نەبێت، بۆ نموونە کاتی خۆی مووچەی وەزیرەکانیان زیادکرد، یەکسەر لێرە مووچەکانیان زیادکردن، پێمانوتن: بۆ زیادتان کردووە؟، وتیان: وەڵڵا لە بەغدا زیادیکردووە، قانون دەرچووە، ئەگەر قانونێکی پێچەوانەی ئەوە دەربچێت مووچە کەم بکەنەوە، ئەوان دەڵێن: وەڵڵا ئێمە عایدی بەغدا نین، قانونی خۆمانمان هەیە، بە قانونی خۆمان، یەعنی بەشێوەیەکی ئینتیقائی موعامەلە دەکەن، لەبەرئەوە بە ئێمەیان وت: ئەمە ناخوات لە کوردستان، ئێمە قانونی ئەحزاب‌و رێکخراوەکانمان هەیە، دەبێت بەگوێرەی ئەوە داوای مۆڵەت بکەن، ئێمە داوای مۆڵەتمان کردو مۆڵەتمان وەرگرتووە.

**– ئەو مۆڵەتە بۆچی زەروور بوو؟**

* ئەو مۆڵەتە زەروورە بۆ ئەوەی ئێمە حزورێکی سیاسیی، حزورێکی قانونی، حزورێکی رێکخراوەییمان لەهەموو چالاکییەکانی ناو کۆمەڵگەی خۆماندا هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانین مقەڕاتمان هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانین کۆڕو کۆمەڵ ببەستین، بۆ ئەوەی بتوانین کۆنگرە بەرەسمیی ببەستین، بۆ ئەوەی بتوانین کۆنفرانسی محەلی ببەستین، بۆ ئەوەیە.

**– بۆچوونێک هەیە، کە پێیوایە: ئەو مۆڵەتەتان تەنیا بۆ ئەوە داواکردووە، بۆ ئەوەی بتوانن بودجە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرن؟**

* وابزانم مەسەلەی بودجە بەشێکە لەو قانونەی کە لە پەرلەمانی کوردستاندا دایانناوە بۆ دیاریکردنی کۆمەککردنی دارایی هەموو رێکخراوە سیاسییەکان‌و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق، لەو چوارچێوەیەدا، بەڵێ، ئێمە داوای بودجە دەکەین‌و داواشمان کردووە، بەڵام ئێمە مۆڵەتەکەمان تەنیا بۆ بودجە نییە، بودجە بۆ جێبەجێکردن‌و راپەڕاندنی ئیشوکارەکانمانە، ئەگینا ئێمە راپەڕاندنی ئیشوکارو چالاکییەکانمان نەبێت، ئەسڵەن ئێمە پێویستیمان بە بودجە نییە بۆ ژیانی تایبەتی خۆمان، مۆڵەتمان وەرگرتووە بۆ ئەوە بتوانین لەهەموو قەزاکاندا مقەڕ بکەینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین کۆڕو کۆمەڵ ببەستین، بۆ ئەوەی کە کەی ویستمان خۆپیشاندان بکەین بەرەسمیی، بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە لەمەولا لەهەموو بوارەکانی ژیانی سیاسیی کوردستانی عێراقدا هەبوونێکی رەسمیمان هەبێت.

**– باسی بودجەمان کرد، باری دارایيتان چۆنە؟**

* لەسایەی خواوە بارودۆخی داراییمان باشە.

**– مەسەلەی خۆڕێکخستنەوەتان بەچی گەیشت؟**

* ئێمە هێشتا لە قۆناغی سەرەتایی خۆڕێکخستنەوەین، دوای ئەوەی کە مۆڵەتی یاساییمان وەرگرتووە، پێش ئەوەی کە مۆڵەتی یاسایی وەربگرین، ئێمە لە هەندێ شوێندا، هەندێک ئەنجوومەن‌و لیژنەمان دروستکردووە، کە پەیوەندیی بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان‌و هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقییەوە هەبوو، دوای ئەوە ئێمە نەچووین وەکو حیزبەکانی دیکە کۆمیتەو لیژنەو لق‌و شتی دیکەی لەو بابەتانە دروست بکەین، ئێستا دەستمانکردووە بە خۆڕێکخستن بەجۆرێک لەخوارەوە دەستمانپێکردووە بۆ سەرەوە، ئێمە وەکو هێزێک دەتوانین شانازیی بەوەوە بکەین، کە کەرەستەیەکی گەورەی خۆڕێکخستنمان هەیە، ئێمە هێزێک نین بڵێین، لەپێشدا دەستەی دامەزرێنەرمان دروستکردووە، دەستەی دامەزرێنەر بڵاودەکەینەوە بە کوردستاندا بۆ ئەوەی بچێت پڕوپاگەندە بکات بۆ ئەم رێکخراوە سیاسییە، بۆ خۆشبەختی ئێمە بەرەو ژووری (٤٠٠) هەزار کەس دەنگیان پێداوین، لەناو ئەوانەدا خەریکی خۆڕێکخستنین، لەخوارەوە دەستمانپێکردووە، لە بنکەکانی خوارەوە دەستمانپێکردووە، نەک لەسەرەوە.

**– گرنگترین تایبەتمەندیی لەو خۆڕێکخستنەوەیەدا کە چەند جارێکی دیکەش بەیەکەوە گفتوگۆمان لەگەڵ کردووە، ئێستا رەنگە یەکیانت وتبێت کە ئەوەیە، کە لەخوارەوە بۆ سەرەوە خۆتان رێکخستووە، بەڵام لەسەر تایبەتمەندییەکانی خۆڕێکخستنەوەی ئێوە دەتەوێت بڵێیت چی؟**

* رەنگە دوو تایبەتمەندیمان هەبێت جیاوازمان بکات لە حیزبە تەقلیدییەکان، یەکێکیان ئەوەیە: ئێمە هەوڵمانداوە ئەوەندەی مومکین بێت دەسەڵاتەکان دابەش بکەین بەسەر شارەکاندا، واتا هەموو شارێک کەسایەتیی تایبەتی خۆی هەبێت، دەسەڵاتی تایبەتی خۆی هەبێت، تەنانەت بازنەکانیش جۆرێک لە کەسایەتی‌و دەسەڵاتی تایبەتی خۆیان هەبێت، واتا دابەشکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاسۆیی بەسەر ئۆرگانەکانی ئەم رێکخراوە، ئەوە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئێمە، لەمەش گرنگتر ئێمە هەوڵمانداوە لەم رێکخستنە تازەیەدا جۆرێک لە سیستمی کارکردنی رێکخراوەیی بێنینە کایەوە، کە هەمیشەو لەهەموو کۆنگرەیەکدا قابیلی تازەبوونەوە بێت، واتا ئێمە نایکەین بەحیزبی کۆمەڵێک کادیری پیشەیی، کە هیچ ئیشوکارێکیان نەبێت غەیری حیزبایەتی، ئەو سیستمی کارەی کە ئیشی پێدەکەین، ئێمە ئومێدمان وایە کە سیستمێک بێت هەمیشە تازەبوونەوەی تیابێت.

**– خۆشت باستکرد، کە قاعیدەیەکی جەماوەریی بەرفراوانتان هەیە، لانیکەم ئەوانەی کە دەنگیان پێداون، هەڵبژاردنی ئەوانەی کە دیاری دەکرێن کە لەگەڵتان ئیش بکەن بۆ بزووتنەوەی گۆڕان، پرۆسەیەکی ئاڵۆز نییە؟**

* بەڵێ، پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، چونکە ئێمە دیاریمان نەکردووە کێ ئەندامی ئێمەیە تائێستا، کێ ئەندامامان نییە، لەپاش فەترەیەکی دیکە پاش ئەوەی پرۆسەی خۆڕێکخستن گەیشتە قۆناغی ئامادەکردن‌و ئەنجامدانی ئەنجوومەنی شارەکان، ئەوساکە رەنگە فۆرمێک بڵاوبکەینەوە، کێ دەیەوێت ببێت بە ئەندام، کێ دەیەوێت وەکو پشتیوان‌و لایەنگر بمێنێتەوە، بەڵام هەڵسووڕاوەکانی ئێمە تا ئەندازەیەکی زۆر دیارن، ئێمە دوو هەڵبژاردنمان بەڕێکردووە، لە هەردوو هەڵبژاردنەکەدا لە هەموو شارەکاندا ئێمە ئەنجوومەنمان هەبووە، کۆمیتەمان هەبووە، لە هەندێک جێگە گروپمان هەبووە، گروپی پشتیوانیمان هەبووە، لەناو ئەمانەدا دیاربوون، ئەوانەی کە هەڵسووڕاو بوون‌و کاریان کردووەو ماڵ بەماڵ گەڕاون، لەسەر سندووقەکان بریکار بوون، یان چاودێر بوون، لەشارەکاندا سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردنیان کردووە، ئێمە هەڵسووڕاوەکانمان لەناو ئەوانەدان.

**– دەوترێت زۆرترین ئیعتیمادتان لەسەر ئەوانەیە، کە کۆن، یان پێشتر لە یەکێتی لەگەڵتاندا بوون؟**

* ئەوە زۆرجار ئەو قسەیە باسدەکرێت، ئێمە هەموو ئەوانەی کە لە یەکێتی نیشتمانیی هاتووینەتە دەرەوە، بە کادیرە سەرکردەییەکان‌و ئەوانەی خوارەوە ژمارەمان ناگاتە (٣) هەزار کەس، ناگاتە (٢) هەزار کەس، ئەوانەی کە دەنگیان بەئێمە داوە بەرەو ژووری (٤٠٠) هەزار کەسە، ئەوانەی کە لە حیزبەکانی دیکەوە هاتوون، ئێمە تەجروبەیەکی رابردوومان هەیە هی زەمانی پێشمەرگایەتی، لە زەمانی پێشمەرگایەتیدا ئەوکەسانەی کە عەسکەرییان دەکرد لەڕیزی جەیشی عێراقدا کە دەهاتنە دەرەوە، سازدان‌و رێکخستنیان لەناو ریزی پێشمەرگەدا زۆر ئاسانتر بوو لەوانەی کە هەرگیز سەربازییان نەکردبوو، ئەوانەی کە سەربازییان کردبوو، کۆمەڵێک شتی سەربازیی فێرببوون، کە لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دووبارە دەبووەوە، زۆر بۆ ئێمە ئاسان بوو بۆئەوەی کە کەسێک کە دەهاتە دەرەوە، بەئاسانی بکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە، بکرێت بە فەرماندەی کەرت، بکرێت بەجێگری تیپ، بکرێت بە فەرماندەی تیپ، ئەوانە کە تازە بوون هیچ تەجروبەیەکی ژیانی سەربازییان نەبوو، چەند مانگێک دەبوایە لەگەڵیان خەریک بیت، بۆ ئەوەی فێریان بکەیت کە قۆناغی تازە چییە. بەهەمان شێوە ئەوانەی لە رێکخراوە سیاسییەکانەوە هاتوونەتە ناو ئێمەوە، نەک بەتەنیا لەناو یەکێتییەوە، تەنانەت ئەوانەی لەناو حیزبەکانی دیکەشەوە کە هاتوونەتە ناو ئێمە، گەنجینەیەکی گەورەی تەجروبەی ژیانی رێکخراوەیی‌و ژیانی سیاسیی‌و ژیانی گشتییان هەیە، ئێمە کەڵک لە هەموویان وەردەگرین‌و سوودیان لێوەردەگرین‌و بۆ ئێمە ئەوە سەروەتێک‌و سامانێکی گەورەیە.

**– دەوترێت کە بزووتنەوەکەتان دابەشبووە بۆ دوو ئاست، یاخود دوو نەوە، یان ئەوەی نازانم پێی دەڵێن، حیزبی‌و ناحیزبی، ئەوانەی کە پێشتر لە حیزبەکەتان لە یەکێتی نیشتمانیدا لەگەڵتان بوون‌و ئەوانەش کە پێشتر حیزبایەتیان نەکردووە، زۆرجاریش پەلدەهاوێت بۆ ئەوەی، کە بڵێن: لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا تەکەتول دروستبووە؟**

* پێموایە ئەوە شتێکی ئاساییە، ململانێی نەوەکان لەهەموو جیهاندا هەبووە، لە کوردستانیشدا هەیە، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە ئێمە یارمەتیمان داون بۆ ئەوەی ئەو ململانێیە ئێستا بەشێوەیەکی ئاشکرا بێتە کایەوە، جیلی تازە هەوڵ بدات جێگەی جیلی کۆن بگرێتەوە، ئەوە قانونێکی تەبیعییە (نوێ کۆن دەبێت، کۆن جێگە چۆڵ دەکات بۆ نوێ) ئەوەی کە تۆ باسی دەکەیت ململانێی من پێموایە، ئەوە شتێکی زۆر ئاساییە بەو ئەندازەیە نییە، وەکو نەیارەکانی ئێمە زۆر باسی دەکەن، ئێمە هەوڵدەدەین تەجروبەی کۆن، تەجروبەی پیر لەگەڵ هیممەتی گەنجدا تێکەڵاو بکەین، لادێی‌و شاریی تێکەڵاو بکەین، کۆن‌و تازە تێکەڵاو بکەین، حیزبی‌و غەیرە حیزبی تێکەڵاو بکەین، من هەر بۆ نموونە بۆ ئەوەی بزانیت کە ئەوە تا چ ئەندازەیەک ئەو قسەیە کە تۆ کردت‌و خەڵک ئەوە دووبارە دەکەنەوە، تا چ ئەندازەیەک ورد نییە، ئێمە لە شارێکی وەکو شاری سلێمانیدا بەتایبەتی لەناو شارەکەدا لەسەر سندووقەکان پێویستیمان بە (١٠٩٦) کەس بووە بۆ بریکاری، بۆ سەرپەرشتی بنکەکان پێویستیمان (١٨٠) کەس بووە، بۆ سەرپەرشتی بازنەکان پێویستیمان بە زیاتر لە (٤٠) کەس بووە، هەموو ئەوانەی کە لە یەکێتی هاتوونەتە دەرەوە لە شاری سلێمانیدا کۆنەکانی کە جەنابت باسی دەکەیت ژمارەیان ناگاتە (٢٠٠) کەس، یان (٣٠٠) کەس، باقیەکەی دیکەمان لەکوێوە هێناوە؟

**– زۆرجار باس لەوە دەکەن کە لە دیدارو رووبەڕووبوونەوەکانی دیکەشدا، بەوەی کە ئێوە شێوازێکی نوێ لە کاری سیاسیی لە کوردستان بەرهەم دەهێنن، یان لانیکەم شێوازێکی نوێ لە کاری سیاسیی کە لە ئەزموونی حیزبە تەقلیدییەکانی دیکەی کوردستان ناچێت. سیماکانی ئەم تازەییە، دوای تێپەڕبوونی دوو هەڵبژاردن بەسەر ئەزموونی بزووتنەوەکەتاندا چییە؟**

* یەکێک لەگرنگترین ئەو ئەزموونانەی کە ئێمە ئێستا تاقیدەکەینەوەو دامان هێناوە، ئەزمونی دانانی چەک‌و هەڵگرتنی دروشمی سیاسییە، ئێمە جوڵانەوەکەمان لە باتی ئەوەی بە تفەنگ شەڕ بکات‌و لە باتی ئەوەی لەکاتی ناکۆکیدا پەنا بۆ چەک بەرێت‌و ئیحتیکام بۆ چەک بەرێت، پەنای بۆ دەنگدان‌و بۆ قسەکردن بردووە، بۆ یەکەمینجارە لەمێژووی تازەی میللەتەکەماندا، ئێمە موعارەزەیەکی مەدەنیمان لەچوارچێوەی قانونەکانی هەرێمی کوردستاندا هێناوەتە کایەوە کە دەوری خۆیان بەشێوەیەکی زۆر باش دەبینن لە ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە پێویستە میللەتەکەمان بیزانن، من پێموایە، بەتەنیا ئەو سەروەرییە باس بکەین، ئەو داهێنانە باس بکەین، پێموایە، ئەوە شتێکی تازەیە لەجوڵانەوەی کورددا، ئێوە خۆتان دەزانن کە کورد بەدەست شەڕی ناوخۆوە چەند تووشی دەردو نەهامەتی بووە، بۆ یەکەمینجارە کە وامانکردووە، جوڵانەوەیەکی سیاسیی بێتە پێشەوە، بەبێ بەکارهێنانی چەک، بەبێ بەکارهێنانی زەبروزەنگ، بەبێ ئەوەی کە پەنا بەرێت بۆ توندوتیژیی، جۆرێک لە کاری سیاسیی هێمنانە، کاری سیاسیی قانونی، کاری سیاسیی مەدەنی بێنێتە کایەوە، ئومێدمان وایە، ئەمە سەرەتای قۆناغێکی تازە بێت لە ژیانی میللەتەکەماندا.

**– یەکێک لەو سیماتە ناشیرینانە کە پێشتریش ئێوە لە خیتابی ئیعلامی خۆتاندا نەقڵتان کردووە، کردنەوەی بارەگای حیزبی بووە لە گەڕەک‌و کۆڵان‌و شارو شارۆچکەکاندا، سیاسەتی ئێوە بۆ کردنەوەی بارەگا چۆنە لە کوردستاندا؟**

* ئێمە هەوڵدەدەین کە کەمترین ژمارەی بارەگامان هەبێت، هەوڵدەدەین، لەهەر قەزایەکدا لە بارەگایەک زیاترمان نەبێت، پێشنیازمان کردووە بۆ فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستاندا، کە پرۆژەیەک پێشکەش بکەن، لەو پرۆژەیەدا وەکو بەشێک لە تەعدیلکردنی قانونی ئەحزاب، یاخود وەکو پرۆژەیەکی سەربەخۆ، بۆ دیاریکردنی ژمارەی بارەگای حیزبەکان لەناو شارەکاندا، پێمانوایە، هەبوونی ژمارەیەکی زۆری بارەگای حیزبی لەناو شارەکاندا، لەناو کوچەو کۆڵانەکاندا، لەناو شەقامەکاندا، بێجگە لەوەی کە دەبێت بەبار بەسەر میزانییەی گشتییەوە، دەبێت بەبار بەسەر دراوسێکانیشەوە، دراوسێکانیش هەراسان دەکات، ئازادیی خەڵکیش تێکدەدات، بۆیە پێمان باشە، نەک هەر ئێمە، بەڵکو حیزبەکانی دیکەش ژمارەی بارەگاکانی خۆیان لەناو شارەکاندا کەم بکەنەوە.

**– دەوترێت کە بزووتنەوەی گۆڕان، کۆنگرە نابەستێت، ئێوە پێشتر پێتانوابووە، هەموو رێکخستنێک پێویستی بە کۆنگرە هەیە بۆ ئەوەی نوێ بێت‌و لەنوێبوونەوە نەوەستێت؟**

* بەڵێ، ئێمە نەک هەر کۆنگرە دەبەستین، پاش ئەوەی پرۆسەی خۆڕێکخستنەوە تەواو بوو، فۆرمی داواکاری ئەندامێتیی بڵاودەکەینەوە، پاش ئەوەی پرۆسەی ئەندامگیریمان تەواو کرد، ئێمە نەک هەر کۆنگرەی گشتیی دەبەستین، یان کۆنگرەی نیشتمانی دەبەستین، بەڵکو کۆنفرانسی محەلی شارەکانیش دەبەستین، واتا لەهەموو شارەکاندا کۆنفرانسی محەلی دەبەستین، کۆنفرانسە محەلییەکان تەنیا بۆ ئەوە نابێت کە چەند کەسێک هەڵبژێرن بۆ مەسئولیەت‌و ئەوانە، بەڵکو زۆرتر کۆنفرانسە محەلییەکان بۆ ئەوە بێت کە پێویستییەکانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ئابووریی، رۆشنبیریی بزانین بۆ ئەوەی بتوانین هەمیشە ئێمە بەرنامەی تازە پێشکەش بکەین‌و بهێنینە کایەوە.

**ئێمە هەموو ئەوانەی کە لە یەکێتی نیشتمانیی هاتووینەتە دەرەوە، بە کادیرە سەرکردەییەکان‌و ئەوانەی خوارەوە ژمارەمان ناگاتە (٢-٣) هەزار کەس**

**ئومێدمان وایە پەیوەندیمان لەگەڵ یەکێتی و پارتی باش بێت**

**لەسایەی خواوە بارودۆخی دارایی بزووتنەوەکەمان باشە**

# پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر زیادکردنی مووچەی پۆلیس‌و پێشمەرگە دەکات

## حکومەتی هەرێم (٢١٠) هەزار دیناری دەرماڵەی خواردن‌و مەترسی‌و دەرماڵەکانی دیکەی پۆلیس‌و ئاسایش نادات

**راپۆرتی: سەنگەر جەمال**

لەڕێی پرۆژە بڕیارێکەوە، فراکسیۆنی گۆڕان هەوڵی چاککردنی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگەو پۆلیس‌و ئاسایش دەدات، بەشێوەیەک هەموو مووچەو دەرماڵەیەکیان هاوتابێت بەرامبەر هێزەکانی بەغدا.

پرۆژە بڕیاری چاککردنی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگەو پۆلیس‌و ئاسایش لە یەک مادەی سێ بڕگەیی پێکهاتووە، دوای پێشکەشکردنی لەلایەن فراکسیۆنی گۆڕانەوە لە دوادانیشتنی پەرلەماندا خوێندنەوەی بۆ کراو ئاراستەی لیژنەی یاسایی‌و ئاسایش‌و ناوخۆ کرا.

نەریمان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش‌و ئەنجومەنە خۆجێییەکانی پەرلەمان، روونیدەکاتەوە لە پرۆژە بڕیارەکەدا هاتووە: «هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش‌و پۆلیس لە هەرێمی کوردستان وەک هاوتاکانیان لێبێت لە بەغدا، ئەو جیاوازیی‌و ناهەقیانە نەمێنێت کە لێیانکراوە، وەک دەرماڵەی پلەوپایەو بڕوانامە، ئەوەش بۆئەوەی بکرێتە پرۆژە بڕیارێک بۆئەوەی چیتر ئەو غوبنە لەسەر ئەو هێزانە نەمێنێت‌و رێخۆشکەری نەبێت بۆ هیچ کەس‌و لایەنێک بە ویست‌و ئارەزووی خۆیان لێکدانەوە بۆ ئەو مووچانەیان بکات».

خراپیی گوزەرانی کارمەندانی زۆرێک لەو هێزانە بەشێوەیەکە، کە پەرلەمانتاران ناچار بکەن دەنگی بۆ بدەن، ئەوە جگە لەوەی ئەو هێزانە لە بارودۆخێکی سەختدا بەردەوام لە هەوڵی پاراستنی گیان‌و خاکی خەڵکی کوردستاندان‌و خۆشیان گیانیان لە مەترسیدایە.

### مستەفا چاوڕەش:

### پشتیوانی لە هەوڵی زیادکردنی مووچەی پێشمەرگەو پۆلیس دەکەین

نەریمان کە هاوکات پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕانە هاوتانەکردنی مووچەی ئەو هێزانە بە بەغداو یەکساننەکردنی دەرماڵەکانیان لە رابـردوودا بە غەدر دەزانێت‌و ئەوەش دەخاتە ئەستۆی حکومەتی هەرێم، وتـی: «لە پـرۆژە بڕیارەکەشدا هاتووە لە دەرماڵەی بڕوانامە، خۆراک، هاوسەریی‌و منداڵدا پشت بە بڕیارەکانی بەغدا ببەسترێت‌و لەگەڵ زیادکرنیدا ئەوانەی ئێرەش بگرێتەوەو زیادبکرێت، هەروەها لە داهاتوودا هەر زیادکردنێک لە ناوەندەوە ئەگەر بکرێت، راستەوخۆ لە هەرێمی کوردستانیش جێبەجێبکرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەت‌و پەرلەمان‌و وەزارەتی ناوخۆ»، چونکە وەک ئەو دەڵێت: «تائێستا ئیجتیهاداتی شەخسی کاریگەریی زۆری هەبووەو کاریگەریی کردووەتەسەر مووچەو دەرماڵەی ئەو هێزانە، لەکاتێکدا ئەوانە بڕبڕەی پشتی هەموو حکومەتێکن بۆ جێبەجێکردن‌و سەروەربوونی یاساو پاراستنی وڵات‌و گیانی هاوڵاتییان».

هـــەروەک وتیشی: «گرنگییەکانی ئـەو پـــرۆژە بـڕیـارە لـــەوەدایـــە، کـــە بە یەکسانکردنەوەی مووچەی کارمەندانی هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایش لەگەڵ هاوپیشەکانیان لە حکومەتی عێراقی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەچەسپێنێت، جگە لەوە متمانەی ئەو هێزانە بە حکومەتەکەیان زیاد دەکـات‌و بۆیان روونـدەبێتەوە، کە حکومەتەکەیان مافەکەیان دەداتێ‌و مافیان ناخوات، ئەوانیش لە ئەنجامدا ئەو مافە دەپارێزن‌و بە دڵسۆزیی کاردەکەن».

پێنەدانی (٢١٠) هەزار دیناری دەرماڵەی خـــواردن‌و دەرماڵەکانی دیکەی وەک پلەوپایەکان‌و دەرماڵەی مەترسیی‌و خێزان‌و چاکنەکردنی، ئەگەری ئەوە زیاد دەکات کە زۆرێک لە کادیرو پلەداری ئەو هێزانە بکشێنەوەو راژەی خۆیان بۆ خزمەتی مەدەنیی بگوازنەوە.

نەریمان لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئەو دەرماڵانەی لە کوردستان نادرێتە ئەو هێزانە، غـــەدرە لە ئیستیحقاقی خۆیان، ئەوەش حکومەتی هەرێم لێی بەرپرس‌و کەمتەرخەمە، لەوەی دیراسەیەکی باشی بۆ ژیانیان نەکردووەو کەم گرنگیی پێداون».

ئەوەی جێی نیگەرانییە، پێنەدانی دەنگی لیستی زۆرینەبوو بە هاوتاکردنی ئەو دەرماڵەو مووچانە لەکاتی پەسەندکردنی بودجەی هەرێمدا، بـەڵام ئایا ئێستا بۆ خزمەتکردن بەو هێزانە پەرلەمانتارانی دەســـەڵات کە زۆریـــنـــەن دەنـــگ دەدەنـــە ئەو پـرۆژە بڕیارە بۆ سوودگەیاندن بە کادیرانی ئەو هێزانەو بەرزکردنەوەی بژێوییان؟

لەوبارەیەوە نەریمان عەبدوڵڵا، وتی: «تەمەننا دەکەین پرۆژەکە لە خزمەتی ئەو چینانەدا بڕیاری لەسەر بدرێت‌و لەسەر قوتی خێزان‌و منداڵ‌و ماندووبوونی کادیرانی ئەو هێزانە نەکەوینە جەدەلێکی نامەنتیقی سیاسییەوە، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی مرۆڤایەتییەو پەیوەندیی بە سیاسەتەوە نییە».

لای خـۆشـیـــەوە شـێـــرزاد حـافـز، پەرلەمانتاری گۆڕان، بڕوای وایە: مووچەی هێزە چەکدارەکان لە زۆربەی فەرمانبەران کەمترەو بەشی بژێوییان ناکات، لەکاتی پەسەندکردنی بودجەدا ئەو تێبینییەمان خستەڕوو، بـەڵام لیستی کوردستانیی رەتیکردەوە، دواتر مووچەکەشیان وەک پێویست زیادی نەکرد، ئێستاش چاوەڕێین دوای پشوو لیستەکانی دیکەش دەنگ بۆ باشکردنی گوزەرانی ئەو چینە غەدرلێکراوە بدەن».

ئەو پێیوایە: پێدانی ئەو ئیمتیازاتانە شتێکی زیادە نییە، بەوپێیەی دەرماڵەی خواردن‌و ترسناکیی پێویستییە، چونکە ئەو هێزانە لە هەرکاتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە رووبەڕووی ترس ببنەوە، جگە لەوە لەکاتی بەجێهێنانی فەرماندا پێویستیان بە خواردنەو وتیشی: «ئێمەش شێلگیرانە داکۆکیی لەو داخوازییە دەکەین، وەک چۆن لەکاتی پەسەندکردنی بودجە، بۆ بودجەی ئاسایش کردمان».

رۆژنامە پەیوەندیی بە چەند بەرپرسێک لە وەزارەتـــی پێشمەرگەو ناوخۆ کرد، بەو پاساوەی ئاگاداری ئەو پرۆژەیە نین لێدوانیان نەدا، بەڵام مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی‌و بەرپرسی مەڵبەندی رێکخستنی پێشمەرگە، هەرچەندە بێئاگایی خۆی لەو وردەکارییانەی ئەو پرۆژە بڕیارە دەربڕی، بەڵام وتی: «لە هەموو حاڵەتێکدا هەر شتێک کە لە بەرژەوەندیی پێشمەرگەو زیادبوونی مووچەی خەڵکی هەژار بێت، بێ هیچ دوودڵییەک پشتیوانیی لێدەکەین‌و بە هەنگاوێکی باشی دەزانم».



# پەرلەمان توانای چاودێریکردنی بودجەی (٢٠١٠)ی نییە

## پەرلەمانتارێک: حکومەت بودجەی وەبەرهێنانی نەخستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە

**چاوان عەلی**

پەرلەمانتاران رەخنە لەوە دەگـرن، کە تائێستا بودجە وەک پێویست نەچووەتە بــواری جێبەجێکردنەوەو نەیانتوانیوە چاودێریی چۆنێتی خەرجکردنەکەی بکەن، شارەزایەکی ئابووریش پێیوایە، کە هەرێم گرفتی ئیدارەدانی ئابووری هەیە.

پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٠/٤/١٣ بودجەی (٢٠١٠)ی پەسەندکردو سەرۆکی هەرێمیش لە (٤/٢١)دا ئیمزای لەسەر بودجەکە کردو ئەو بودجەیەش لە ٢٠١٠/١/١ دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بــەڵام، عەبدوڵڵای مەلانوری ئەندامی پەرلەمان ئاشکرای کرد، کە تا ئێستا بودجەی پرۆژەکان‌و وەبەرهێنان نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە کە زیاتر لە نیوەی ساڵ کۆتایی هاتووە.

شارەزایانی بــواری ئابووریش، ئەم هەنگاوەی حکومەت بە کەمتەرخەمی وەسف دەکەن و وەک ئەیوب سماقەیی شارەزای ئابووریی‌و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین دەڵێت: «گرفت لە بودجەکە نییە، گرفت لە دانانی بودجەکە و شێوازی جێبەجێکردنەکەی هەیە، کە کەسی نەشیاو لە ئیدارەدانی لایەنی دارایی‌و ئابووریی هەرێم دانـراوە، ئەمەش وای کردووە بگەینە ئەو راستییەی کە هەرێم گرفتی ئیدارەدانی ئابووریی هەیە نەک رێژەی بودجەکە، هەربۆیە چاودێریشی پێناکرێت».

لە دوای پەسەندکردنی بودجە، دەبوو پەرلەمان رۆڵی خۆی وەک چاودێر ببینیایە لەسەر چۆنیتی خەرجکردنی بودجە و خستنە بواری جێبەجێکردنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە دڵشاد شەهاب، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان پێیوایە: لەبەر ئەوەی بودجە دواکـەوت لە گەیشتنی بۆ پەرلەمان‌و پەسەندکردنی‌و لەسەرەتای مانگی ئایارەوە بودجەکە چووەتە بــواری جێبەجێکردنەوەو رێنماییەکانی بۆ دەرچـــووە، هەربۆیە هێشتا زووە بۆ هەڵسانگاندنی بودجەکە رەنگە لەدوای مانگی ئەیلولەوە هەڵسانگاندن بۆ خەرجییەکان‌و پرۆژەکان بکرێت.

لە بەرامبەردا، عەبدوڵڵای مەلا نوری، پێیوابوو: کە لیژنەکانی پەرلەمان ناتوانن چاودێربن بەسەر چۆنێتی خەرجکردنی بودجەکەو پرۆژەکان‌و دەستەبەرکردنی دادپـەروەریـی لە شێوازی دابەشکردنی پرۆژەکان بەسەر ناوچە جیاجیاکاندا، کە لە بنەڕەتدا نادادپەروەریی لە دابەشکردنی پرۆژەکاندا هەبووە، چونکە بە وتەی ئەو: «هەر لە بنەڕەتدا شێوازی پەسەندکردنی بودجەکە بە جۆرێک بوو، کە دەرفەتی چاودێریکردن بۆ ئێمە وەک پەرلەمان ئاسان نەبێت».

لەکاتی پەسەندکردنی بودجەدا چەند گۆڕانکارییەک لەلایەن پەرلەمانتارانەوە داواکـرا کە لە پرۆژەکەدا بکرێت‌و دەبوو حکومەت دوای ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا پرۆژەکەی بە گۆڕانکاریی‌و راستکردنەوەکانەوە رەوانەی پەرلەمان بکردایەتەوە.

د.ســەروەر عەبدولڕەحمان، ئەندامی پەرلەمان لەوبڕوایەدا بوو، کە مەرج نییە حکومەت پرۆژەکە بە گۆڕانکارییەکانەوە لە ئێستادا رەوانەی پەرلەمان بکاتەوەو وتی: «ناکرێت لەهەموو شتێکی حکومەت گومانمان هەبێت کە بۆیە نەیناردووەتەوە، لەبەرئەوەی نیازی نییە ئەو گۆڕانکارییانە بکات».

ئەم بۆچوونە لەلایەن پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆنەوە رەتـدەکـرێـتـەوە، وەک عـەبـدوڵـلای مـەلا نـوری، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان جەختی لەسەر کردەوە: کە پەرلەمان کەوتووەتە ژێـر هەیمەنەی حکومەتەوەو زۆرێـک لە دەسەڵاتەکانی پەرلەمان دراوەتەوە بە حکومەت‌و سەرپشک کراوە لەوەی کە دادپەروەریی لە دابەشکردنی پرۆژەکان پەیڕەو بکات.

بودجەی ساڵی (٢٠١٠) وا دادەنرێت، کە (٦) مانگی تێپەڕاندبێت، چونکە دەبێت لە (١/١)ەوە کار بەو بودجەیە کرابێت‌و بەهۆی دواکەوتنەکەیەوە پێویست بوو حکومەت هەر زوو بیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام عەبدوڵلای مەلا نوری، باس لەوەدەکات: کە پەرلەمانتاران گومانیان لەوە هەیە کە تائێستا بودجەکە چووبێتە بواری جێبەجێکردنەوەو هاوکات، بیلال سلێمان، سەرۆکی لیژنەی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی‌و گواستنەوەو گەیاندن‌و گەشتوگوزار جەختی لەوەکردەوە: کـە ســـەدان پـــرۆژە بـەتـایـبـەت پـــرۆژە پێشنیازکراوەکان، تائێستا تەندەریشیان بۆ نەکراوەو هیچ هەنگاوێک بۆ جێبەجێکردنیان نەنراوە، کە (٦) مانگی ساڵ کۆتایی هاتووەو تەنیا (٦) مانگ ماوە.

لەمبارەیەوە، ئەیوب سماقەیی بۆ رۆژنامە جەختی لــەوەکــردەوە، کە هــەر رۆژێـک دواکەوتن لە جێبەجێکردنی پرۆژەکان زیان بە ئابووریی هەرێم دەگەیەنێت، چونکە بەتایبەت پــرۆژە بـەردەوامـەکـان کە چەند ساڵێکە دەستیان پێکراوەو پێویستیان بە تەواوکردنە، نەک دوابکەون‌و ساڵێکی دیکەش بودجەیان بۆ تەرخانبکرێتەوە، پرۆژە نوێیەکانیش کەی دەستپێدەکەن‌و کەی تەواودەکرێن؟

لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانیش، کە لە لیژنەکانی دیکە زیاتر ئەرکی چاودێریکردنی لەئەستۆیە، بە وتەی د. سەروەر بڕیاردەری لیژنەی نەزاهە، لیژنەکەیان کە لیژنەیەکی چاودێریکردنە تائێستا کارەکانی وەک پێویست نەبوون، چونکە دیوانی چاودێریی دارایـی یەکیان نەگرتووەتەوەو دەستەی نەزاهە پێکنەهاتووە.

نەبوونی توانای چاودێریکردن لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ بودجەی ٢٠١٠، کە وەک پەرلەمانتارەکەی گـۆڕان جەختدەکاتەوە، هۆکارەکەی «زاڵبوونی دەسەڵاتی حکومەتە بەسەر پەرلەماندا کە دەبوو بەپێچەوانەوە بێت».

شارەزاکەی بواری ئابووریش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو کەسانەی لە بواری کارگێڕی‌و ئابووریی حکومەت دانـراون، ئەوەندەی ئینتمایان بۆ حیزب هەیە، هێندە بە تەنگ ئابووریی وڵات‌و حکومەتەوە نین، هەربۆیە داوا لە پەرلەمانتاران دەکات ئەو گفتوگۆیەی لەسەر بودجە کردیان بۆ چاودێریکردن‌و جێبەجێکردنی بودجەکە دوو ئەوەندە کاربکەن.



# پەرلەمان پێویستی بە گۆڕینی پەیڕەوە هەژدە ساڵییەکەیەتی



راپۆرتی: سەنگەر جەمال

پەرلەمانی کوردستان کار بەو پەیڕەوە ناوخۆییە دەکات، کە (١٨) ساڵە دانراوە، بە رای پەرلەمانتاران جگە لەوەی هۆکارێکە بۆ سستیی کارەکانیان، دەسەڵاتێکی زۆریشی داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان.

پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لەساڵی (١٩٩٣) دانراوە، هەرچەندە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا زیاتر لە (٧) جار هەموارکراوەتەوە، بەڵام هێشتا بەو شێوەیە نییە کە لە ئاستی پێویست‌و بارودۆخی تازەدابێت‌و رۆڵی پێویست بداتە پەرلەمانتاران‌و لیژنەکان بۆئەوەی کارەکانی پەرلەمان بەخێرایی بەڕێوەبچێت.

## پەیڕەوێک بۆ گۆڕین

بەشێکی زۆر لە پەرلەمانتارانی کوردستان کۆکن لەسەر دانانی پەیڕەوێکی ناوخۆی تازە، کە لەگەڵ سەردەم بگونجێت‌و کاریگەریی هەبێت لەسەر کاراکردنی پەرلەمان، ئێستاش دوو را هەیە لەو رووەوە، کە یان پەیڕەوێکی نوێ دابنرێت، یان ئەو پەیڕەوەی هەیە جارێکی دیکە هەمواربکرێتەوە.

شیروان حەیدەری، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانیی‌و سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بە پێویستیی گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەکات‌و روونیدەکاتەوە، کە پرۆژەیەکیان بۆ پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەکردووەو ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردووە، «ئەوەش بۆئەوەی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پەیڕەوەکەدا بکرێت، چونکە (١٨) ساڵی بەسەرداچووەو



**ئارام قادر: دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان زۆر زۆرە**



**پەیمان عیزەدین: ئەم پەیڕەوە وادارێژراوە ڕێگریی لە هەموو ئازادییەک بگرێت لەناو پەرلەمان**

چەندینجار هەموارکراوەو ئێستاش کەموکوڕیی تێدایە».

لەلایەکی دیکەوە ئارام قادر، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان، باس لە پێویستیی گۆڕانکاریی لە پەیڕەوی ناوخۆ دەکات‌و روونیدەکاتەوە، کە لەگەڵ لیستی یەکگرتوو پرۆژەیاسایەکیان بۆ هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆ پێشکەشی سەرۆکایەتی کردووەو لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە وتی: «ئەوەی ئێمە یان ئەوەی لیژنەی یاسایی هەر کامیان بێت باشە، چونکە ئەو پەیڕەوەی هەیە لە ئاستی خواستەکانی ئەمرۆی پەرلەمانی کوردستاندا نییە».

حەیدەری، کە سێ خولە پەرلەمانتارە پێیوایە: دەبێت لە بنەڕەتەوە بە پەیڕەوەکەدا بچنەوەو پەیڕەوێکی تازە دابنێن، بەشێوەیەک سوود لە وڵاتانی دیکەی پێشکەوتوو وەربگرن‌و لە ئەنجامدا هەموو گرفتەکان چارەسەربکرێت‌و ببێتە پەیڕەوێکی ناوخۆی سەردەمیانە، بۆ رۆژنامە وتی: «هەموو لایەک کۆکن لەسەر ئەوەی پەیڕەوەکە پێویستی بە گۆڕین هەیە، ئێمەش لە ساڵانی رابردوودا هەستمان بە کەلێنەکان‌و ئەو گرفتانە کردووە، کە پێویستی بە چاکسازیی هەیەو لەسەر ئەوە کارمان کردووەو زۆربەی گرفتەکانی چارەسەرکراون، بەڵام هێشتا خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەکە نەکراوەو چاوەڕوانین سەرۆکایەتی بیخاتە بەرنامەی کارەوە».

لەلایەکی دیکەشەوە د. رەفیق سابیر، پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی، رایدەگەیەنێت: پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بە عەقڵییەتێکی نادیموکراتییانەو عەسکەرییانە دارێژراوە، ئەوەش بە ئاستەنگ دەزانێت لەبەردەم بەشێکی کارەکانیانداو پێیوایە «لایەقی پەرلەمانێک نییە کە نوێنەرایەتی خەڵک بکات».

## کەمکردنەوەی دەسەڵات‌و پشووەکان

بەشێکی بەرچاوی پەرلەمانتاران‌و چاودێران جەخت لە پێویستیی کەمکردنەوەی پشووی پەرلەمان‌و دەسەڵاتەکانی سەرۆک‌و سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن.

حەیدەری پێیوایە: نا تێگەیشتنێک لەسەر پشوو هەیە، بەوپێیەی لەکاتی پشوودا تەنیا گفتوگۆو کۆبوونەوەی ناو هۆڵی پەرلەمان نییە، «دەنا دەبێت لیژنەکان دەوام بکەن‌و راپۆرت‌و کۆبوونەوەی بەردەوامیان هەبێت‌و وەزیر بۆ کۆبوونەوە بانگ بکەن.

باس لەوەش دەکات، کە زۆربەی هەرە زۆری دەسەڵاتی سەرۆکایەتی لە چۆنێتی ئیدارەی کۆبوونەوەکان دەستپێدەکات‌و ئیدارییەو «ئەوەندە زۆرنییە».

بەڵام د.رەفیق لەهەمان فراکسیۆن لەوبڕوایەدایە کە «زۆربەی دەسەڵاتەکان لە دەستی سەرۆکی پەرلەماندا کۆکراونەتەوە، بەرێزی ئەگەر بیەوێت دەتوانێت وەک دیکتاتۆرێک رەفتار بکات‌و مافی ئەندامانی پەرلەمان پێشێل بکات‌و تەنانەت بەبێ هۆکار کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دوابخات، لەکاتێکدا لە سیستمی دیموکراتیدا ئەندام پەرلەمان سەنتەرەو سەرۆکی پەرلەمانیش ئەندامێکە».

هەروەک ئارام قادر دەڵێت: «پشووەکان زۆرن‌و دەبێت کەمبکرێنەوە، هەروەها دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان زۆرە، جگە لەوەش پێویستە سەڵاحیەتەکان دابەشبکرێت بۆ ئەوەی بڕیارەکان بە کۆمەڵ بدرێت، چونکە سەڵاحیەتی سەرۆکی پەرلەمان زۆرەو جێگریش ئەو سەڵاحیەتەی نییە، ئەوەش کاریگەریی هەیەو وایکردووە هەندێکجار کاروباری پەرلەمان بەوهۆیەوە پەکبکەوێت».

لەلایەکی دیکەوە پەیمان عیزەدین، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، پێیوایە: زۆرێک لە مادەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێویستی بە گۆڕانکاریی‌و



**بورهان رەشید گوڵە: پێویستە پەیڕەوە نوێیەکە جێی ئازادیی بۆ هۆیەکانی راگەیاندنی تێدا بکرێتەوە**



**د. رەفیق سابیر: پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بە عەقڵیەتێکی نادیموکراتییانەو عەسکەرییانە دارێژراوە**

هەموارکردنەوە هەیە، بەوپێیەی بەشێکی زۆری لاستیکین‌و چەند پێویست بکات توانای کشانی دەبێت، «وا دارێژراوە رێگریی لە هەموو ئازادییەک بگرێت لەناو پەرلەمان».

ئەوەش دەخاتەڕوو: «هەموو ئەو مادانەی پەیوەندن بە مافی ئەندامانی پەرلەمان لەناو پەرلەمان‌و کۆبوونەوەدا پێویستیان بە هەموارکردنەوە هەیە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە تەنیا هەموارکردنەوە چارەسەر نییە، چونکە ئێستا هەندێک مادەی تێدایە سەرۆکایەتی پەرلەمان جێبەجێی ناکات، بۆیە کێشەی پەرلەمان لە بڕیارو بیرکردنەوە سیاسییەکان سەرچاوە دەگرێت، چونکە پەیڕەو ماف بەوە دەدات ئەندامان بەبێ لێپرسینەوەو رێگرتن قسە بکەن، بەڵام کاتێک قسە لەسەر بابەتێکی سیاسی بێت، سەرۆکی پەرلەمان ئەو مافە لە ئەندامی پەرلەمان دەسێنێتەوە، بۆیە زۆریی کێشەکە لە جێبەجێکردنی پەیڕەوەکەو بێلایەنیی سەرۆکایەتی پەرلەماندایە».

پەیمان رەخنەش لەوە دەگرێت، کە سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و لیستی دەسەڵات هەندێکجار پەیڕەوی ناوخۆ پێشێل دەکەن‌و دەڵێت: «بۆیە ئومێدم بەو هەموارکردنەوەیەش نییە، چونکە دوای ئەوەش رەنگە جێبەجێنەکرێت، بۆ چارەسەریش دەبێت دوای قبووڵکردنی ئۆپۆزسیۆن، سەرۆکایەتی پەرلەمان لەوە بگەن کاریان ئیداریی‌و رێکخستنی کاری هۆڵی پەرلەمانە، چونکە ئەوان سەرۆکایەتی نین بۆ بڕیاردان، ئەندامانی پەرلەمانیش دەبێت لەوە بگەن کە بەهاو مافی پەرلەمانتاریی خۆیان لەکوێدایەو سەرۆکایەتی ناچار بکەن، کە رۆڵی سەرۆکایەتی بێت وەک ئەوەی لە دنیادا هەیە».

جگە لە سەڵاحیەت‌و زۆریی پشووەکان، دیارینەکردنی کات بۆ گەڕاندنەوەی ئەو پرۆژەیاسایانەی لە پەرلەمانەوە ئاراستەی حکومەت دەکرێت بە گرفت دەزانرێت، بەوپێیەی حکومەت مولزەم نییەو دوای ماوەیەکی زۆر پرۆژەکان دەگەڕێنێتەوە، هەروەک پێویستی بۆ دیاریکردنی کات بە گەڕاندنەوەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژەیاساکان کە ئاراستەیان دەکرێت‌و «ئەوەش سستیی دروستکردووە».

لای خۆیەوە بورهان رەشید، پەرلەمانتاری گۆڕان لە لیژنەی یاسایی، ئاماژە بە پێویستیی پەیڕەوێکی نوێ دەکات، کە بەشێوەیەک بێت گوزارشت لەم بارودۆخە تازەیە بکات‌و بە پێویستیشی دەزانێت جێی ئازادیی بۆ هۆیەکانی راگەیاندنی تێدا بکرێتەوە لە گواستنەوەی راستییەکانی ناو پەرلەمان بە یەکسانیی بە پشتبەستن بە یاسای رۆژنامەگەریی، هەروەک «ئازادیی پەرلەمانتاران لە لێدوان‌و بەشداریکردن لە گفتوگۆکانی ناو هۆڵی پەرلەمان، بەشێوەیەک ئەو مونافەسەیەی ئێستا هەیە هۆکارێک نەبێت بۆ بچووککردنەوەی ئەو دەنگانەی سەر بە لیستی دەسەڵات نین».



**شێروان حەیدەری: دەبێت لەبنەڕەتەوە بە پەیڕەوەکەدا بچنەوە**

## کەی پەیڕەوی نوێ دەخرێتە بەرنامەوە؟

لەکاتێکدا کە پەرلەمانتاران ئاماژە بە پێویستیی پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێ دەکەن، بەڵام تائێستا سەرۆکایەتی گفتوگۆ لەسەر پەیڕەوی نەخستووەتە بەرنامەی کارەوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە لیژنەی یاسایی‌و دوو فراکسیۆنی پەرلەمان پرۆژەیان بۆ ئەو مەبەستە پێشکەشکردووە.

شیروان حەیدەری وتی: «پرۆژەکەمان پێشکەشکردووەو لە دەسەڵاتی ئێمە دەرچووەو لای سەرۆکایەتی پەرلەمانە»، بۆیە ئارام قادر، رەخنە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەگرێت‌و دەڵێت: «ئەو پرۆژەیەش کە تائێستا نەخراوەتە بەرنامەوە بۆ کەمتەرخەمیی سەرۆکایەتی پەرلەمانی دەگەڕێنمەوە».

## د.محەمەد کیانی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق:

# ئەو هاوڵاتییانەی لەهەولێر کێشەکانیان چارەسەرنەکرێت، دەیبەینە بەغدا

سازدانی: هەنگاو هاشم

**د.محەمەد کیانی، هەڵبژێردراوی پارێزگای هەولێر بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی گۆڕان، دەڵێت: ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کاریگەریی لەسەر گوتاری گۆڕان نابێت‌و «هەوڵدەدەین گۆڕان ببەینە بەغداو بەسرەش».**

**ڕۆژنامە: ئێوە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان، چوونە ناو هاوبەندییەکەوە، کە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانە، ئایا ئەمە بە ویستی خۆتان بوو یان ملدان بوو بەو واقیعە سیاسییەی هەیە؟**

* لەبەرئەوەی ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان قەوارەیەکی سیاسیی کوردین، بۆیە پابەندین بە بنەماکانی مافی گەلی کورد، بەتایبەت گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان‌و جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، بۆیە بە پێویستمان زانی یەکدەنگ بین لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی کوردستان، بەڵام لەم یەکدەنگییەمان مەرجی خۆمان هەبووە، لەئێستاشدا پێگەی بەهێزمان هەیە لەناو ئەم ئیئتیلافەی کە پێکهێنراوە لە کوردستان، دەنگی دلێریشمان هەیە لە ئاراستەکردنی هەڵسوکەوتەکانیان، هەروەها لە دانانی پەیڕەو و پرۆگرامەکان‌و گفتوگۆکان، بەجۆرێک هەر گفتوگۆیەک هەبێت لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی عێراق، لە ڕێگەی ئەم ئیئتیلافەوە دەبێت، نەک لە ڕێگەی یەکێک لە حیزبەکان، هەر شێوە هاوپەیمانێتییەکیش لە پشتی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ڕەتدەکرێتەوە، بۆیە ئێمە کە چووینەتە ناو ئیئتیلافەکە بە ویستی خۆمان بووە، لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد.

**ڕۆژنامە: کارکردنی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئێستاداو لە گفتوگۆکاندا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

* بەشبەحاڵی خۆم لە ئەدای کارکردنی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ڕازی نیم لەو شێوەیەی کە وەفدی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کاری پێدەکەن، چونکە وەفدە کوردییەکە دەبوایە بەشێک بوایە، یان کوتلەیەکی دروستکردبایە لە کوتلە گەورەکان، کە ئامادەن دان بە ویستەکانی گەلی کورددا بنێن، چونکە لەوکاتەدا دەیتوانی بەشێک بێت لە دامەزراندنی ئەو سەرۆک وەزیرانەی کە لە داهاتوودا دەستبەکاردەبێت، لەو کاتەدا کورد کاریگەرییەکی بەهێزتری دەبوو، بەڵام ئێستا چاوەڕوان بکەیت سەرۆکی نوێی حکومەت ڕاسپێردرێت، دواتر دانوستانی لەگەڵ بکەیت، بە بڕوای من ئەو کاریگەرییەی نابێت، وەکو ئەوەی خۆت بەشێک بیت لە دروستکردنی حکومەت، لەلایەکی دیکەوە وەفدی کوردی دەبێت باس لە پۆستەکانی عێراق بکات، بەشێوەیەک بێت دابەشکردنی پۆستەکان کاریگەریی هەبێت لەسەر ئەو پرسە هەڵواسراوانەی کە لەنێوان حکومەتی ناوەندی‌و هەرێمی کوردستان هەیە.

**ڕۆژنامە: یەکخستنی گوتاری سیاسیتان لەگەڵ یەکێتی‌و پارتی، لەو گوتارەی کاڵنەکردوە کە پێشتر ئێوە گوزارشتتان لێدەکرد؟**

* نەخێر، چونکە لە پەیڕەوی ناوخۆی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردییەکانیشدا هاتووە، کە ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان پابەندین بە پرسە نەتەوایەتییەکانمانەوە، هەروەها لەپێشەنگی پێداگرتنین لەسەر چەسپاندنی مافەکانی گەلی کورد، بۆیە لە گوتاری ئێمە کەمنەبووەتەوە، چونکە گۆڕان گوتارێکی تایبەتی هەیە، کە گوتاری سیاسییەو گوتاری بەرەنگاریی گەندەڵییە، هەروەها بوارەکانی کۆمەڵایەتی فەرامۆش نەکردووە، بۆیە ئەمجۆرە گوتارانە لە گوتاری یەکێتی‌و پارتی جیادەکاتەوەو یەکناگرێتەوە لەگەڵیان، چونکە دەبێت گوتاری کۆمەڵایەتیشمان بەهێزبێت، لەبەرئەوەی عێراق بە کێشەکانی کارەباو خراپیی سیستمی تەندروستی‌و گەندەڵیی‌و کێشەی نیشتەجێبوون‌و هاوسەرگیریی‌و بیمەی کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنێت، ئێمە دەمانەوێت گۆڕان نەک تەنیا لە کوردستان بمێنێتەوە، بەڵکو دەبێت بیبەینە بەغداو بەسرەش.

**ڕۆژنامە: فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق بە (٨) کورسی دەتوانێت چی بکات، لەکاتێکدا بەرزکردنەوەی پرۆژەیاسا پێویستی بە پشتگیریی (٢٥) پەرلەمانتار هەیە؟**

* ئەگەر سەیری پێکهاتەی پەرلەمانی عێراق بکەین، نابێت تووشی ئەمجۆرە لێکدانەوەیە بین، چونکە بێگومان کەسانێک هەن لەگەڵ بیروڕاکانی ئێمە بگونجێن، هەروەها کەسانێکمان بینی لە دانیشتنی یەکەمی پەرلەمانی عێراق کە بیروڕاکانیان لە زۆر لایەنەوە لەگەڵ ئێمە دەگونجێت، لەبەرئەوەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەوە نابێت تەنیا کورد ڕازی بکەیت، بەڵکو پێویستی بە ڕازیکردنی لایەنەکانی دیکەی عێراقە، هەروەک پرسی کورد، پرسی سەرکردەو حیزبێک نییە، بەڵکو پرسی نەتەوەیەکە، بۆیە دەبێت عێراقێک دروستبێت کە بۆ هەمووان بێت، لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوونی یەکسان، ئەوکات هەموو لایەنەکانیش هەموو عێراق بەهی خۆیان دەزانن.

**ڕۆژنامە: ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان چەند هەڵوێستێکیان نواند بۆ خزمەتی خەڵک، ئێوە لە پەرلەمانی عێراق چ جیاوازییەکتان لەگەڵ لایەنە کوردییەکان‌و عێراقییەکانی دیکە دەبێت؟**



* تاوەکو نەچین بۆ پەرلەمانی عێراق‌و دەستبەکار نەبین‌و یاساکان نەیەتە پێشمان ناتوانین پێشبینی هیچ بکەین، بەڵام بێگومان ئێمەش وەکو فراکسیۆنی گۆڕان بە هەمان بیرو باوەڕەوە دەچینە پەرلەمانی عێراق‌و بەهەمانشێوە بەرگریی لە مافی خەڵک دەکەین، کە ئەمەش بابەتێکی ڕاگەیاندن نییە، بەڵکو بابەتێکی جدییە پێی هەڵدەستین، کە ئەو گۆڕانکارییانەی پەرلەمانتارەکانمان داوای دەکەن، بەهەمانشێوە ئێمەش هەوڵی بۆ دەدەین لە پەرلەمانی عێراق، کە ئەم بیرو باوەڕەش خۆی لە گۆڕاندا دەبینێتەوەو قەوارەیەکی سنووردار نییەو هەوڵی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن‌و یاسادانان‌و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی‌و باشکردنی باری ئابووریی بەشێوەیەکی شەفاف، بەشێوەیەک کە بازار ئازاد بێت، نەک نرخ، بەشێوەیەکی گشتیی دانانی بنەمایەکی تەندروست بۆ کۆمەڵگەیەکی تەندروست، بۆیە ئێمەش لە پەرلەمانی عێراق کاردەکەین لەگەڵ هەر لایەنێک کە گۆشکرابێت بە خزمەتی نەتەوایەتی، بەجۆرێک بۆ خزمەتی هەموو گەلانی عێراق بێت، بۆئەوەی هەوڵی چەسپاندنی سەروەریی یاساو یەکسانیی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو کەس بڕەخسێت، بێ گوێدانە بیروڕای جیاواز، بۆیە هەوڵی گەیاندنی هەمان پەیامی پەرلەمانتارەکانی کوردستانمان دەدەین.

**ڕۆژنامە: وەکو هەڵبژێردراوێکی پارێزگای هەولێر، دەتوانیت چ خزمەتێک بە پارێزگای هەولێرو دانیشتووانەکەی بکەیت؟**

* ئێمە لە شاری هەولێر بنکەیەکمان هەیە، بەناوی بنکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هاوڵاتییان دەتوانن سەردانی ئەوێ بکەن لەسەر هەر بیرو باوەڕێک بن، من ئامادەم بیانبینم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، کە پێویست بکات بە ئەندام پەرلەمانێک‌و یاسایی بێت، بەتایبەت لە شاری هەولێر چەندین کێشە هەن، بەتایبەت لە بابەتی زەوی، بەشێوەیەک دەسەڵات دەیەوێت دەستی بەسەردا بگرێت، ئەم کێشانە ئەگەر لە پەرلەمانی کوردستانیش چارەسەرنەکرێن، پێویستە ببرێنە دادگای فیدراڵیی، هەروەها لە گەڕەکەکان جێگە دانراوە بۆ قوتابخانە یان بۆ باخچە، بەڵام کەسێکی نزیک لە دەسەڵات دەچێت لەسەر خۆی تاپۆی دەکات، جگە لەمەش لە کوردستان تائێستا بابەتی سزادان بەهۆی بیروڕای جیاواز بوونی هەیە، بۆ نموونە لە لیژنەی ئۆلۆمپی لە هەولێر، چەندین گەنج هەن بەشدارییان پێناکرێت لە لیژنەی ئۆلۆمپی، لەبەرئەوەی لایەنگری لیستی گۆڕانن، لەگەڵ ئەوەی کەسانێکی بەهرەدارو بە توانان لە بواری وەرزش، ئەگەر سەیر بکەین لە شاری هەولێرو کوردستان بەگشتیی، لەگەڵ ساڵی پار جیاوازیی هەیەو کرانەوەیەک هەیە، ئەمەش بەهۆی دروستبوونی گۆڕانەوە، تەنانەت گۆڕان وایکردووە فشار لەسەر دەسەڵات دروست ببێت، بۆیە ئەگەر دەسەڵات بیەوێت دیموکراسی فەراهەم بکات، پێویستە ئەم دیاردانە نەهێڵێت.

# هێزی کورد لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت لاوازبووە

ڕاپۆرتی: بەرهەم خالید

دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی مانگی ئازار، کوردی لە لیستی دووەمەوە کردە لیستی چوارەم، بەو ئەنجامەش ڕۆڵ‌و پێگەی کورد لە هاوکێشەی سیاسیی عێراق کەمبووەتەوە،

بەهۆی ئەم دەرئەنجامەشەوە چاوەڕواندەکرێت زۆرێک لەو پۆستە گرنگانەی کە پێشتر لە بەغدا بە کورد درابوون، لە دەستی بدات.

بەهۆی یاسای هەڵبژاردنەکان‌و دابەشکردنی کورسییەکان بەسەر پارێزگاکاندا، پشکی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێی عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکردووە، بەجۆرێک کە پێشتر لە کۆی (٢٧٥) کورسی، کورد (٥٨) کورسی هەبوو، بەڵام لە پەرلەمانی نوێدا لە کۆی (٣٢٥) کورسی، کورد تەنیا (٥٩) کورسی هەیە، ئەوەش مەترسیی لەسەر پێگەی کورد لەو ئەنجومەنەو هاوکێشە سیاسییەکانی دیکەی عێراق دروستدەکات.

لەماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا کورد یاریزانێکی بەهێزی گۆڕەپانی سیاسیی عێراق بوو، جگە لە پۆستی سەرۆک کۆمارو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، پێنج وەزارەتی دیکەی بەدەستەوەبوو، کە وەزارەتی دەرەوەشی تێدا بوو، بەڵام چاودێرانی سیاسیی وای بۆ دەچن لە پێکهێنانی حکومەتی نوێدا کورد هەندێک لەو پۆستانە لە دەستدەدات‌و قورسایی لە بەغدا لاواز دەبێت.



د.محەمەد ئەحمەد، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق، دەڵێت: «نوێنەرانی کورد ئەو یاسایەیان بەسەردا تێپەڕی‌و بە زیانی کورد شکایەوەو ئەو هەلەیان لەدەستدا، ئەگەر تەنیا یەک سەعاتی دیکە نوێنەرانی کورد خۆیان بگرتایە ئەو یاسایەیان بەسەردا تێنەدەپەڕی‌و بە قازانجی کورد گۆڕانکارییان تێدا دەکرد».

هەروەها د.ساڵح عومەر عیسا، پسپۆڕی سیاسی‌و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: کورد لە لیستی دووەمەوە بووەتە چوارەم لیست، ئەوەش شتێکی سروشتییە کە پێگەی کەمدەبێتەوە، لەبەرامبەردا لیستەکانی دیکە بەتایبەت سوننەکان بە قورساییەوە هاتوونەتە مەیدانی سیاسییەوەو ئێستاش گفتوگۆکان زیاتر لەنێوان (شیعە_شیعە، شیعە_ سوننە) دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کە پێشتر کورد بە حوکمی پێگەی بەهێزی ڕۆڵی هەبوو لە دانەنانەوەی ئیبراهیم جەعفەری‌و دانانی نوری مالیکی.

ئەو پسپۆڕە سیاسییە مەترسیی هەیە لەسەر ڕۆڵی کورد لە حکومەتی داهاتووی عێراق، بەوپێیەی ژمارەی کورسییەکانی کەمبووەتەوەو دەڵێت: «هەر یاسایەک بچێتە پەرلەمانی عێراق، دەتوانرێت بە بێدەنگیی کوردەکان بە ئاسانی تێبپەڕێنرێت، هەروەها دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار نامێنێت‌و سەرۆک کۆماریش ئەگەر بدرێتەوە بە کوردیش مافی ڤیتۆی نامێنێت، کە پێشتر هەندێک یاسای لە بەرژەوەندیی کورد ڕەتدەکردەوە».

سەرەڕای ئەو دۆخە نوێیە، د.محەمەد ئەحمەد گەشبینە بەوەی کورد بتوانێت ڕۆڵ‌و کاریگەریی باشی هەبێت، ئەگەر بتوانێت وریایانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکات، هەروەک دەڵێت: «بەهۆی ناکۆکیی لایەنە عێراقییەکانەوە، کورد دەتوانێت قەرەبووی ئەو زیانە بکاتەوە کە لە هەڵبژاردنەکاندا لێیکەوتووە، چونکە ئێستا هەموو لایەنەکان پێویستیان بە کوردە بۆ پێکهێنانی حکومەت، بۆیە ئەگەر بتوانێت ئەو یارییە بە باشی بەڕێوەبەرێت، ئەوا بە قازانجی خۆی‌و عێراقیش دەشکێتەوە».

لەلای خۆیەوە حاکم شێخ لەتیف، پەرلەمانتاری عێراق لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پێگەی کورد لە حکومەتی داهاتووی عێراق دەکەوێتە سەر ڕێککەوتنی نێوان لیستەکانی عێراقییەو دەوڵەتی یاسا، ئەگەر ئەوان ڕێکبکەون، ئەوا کورد بواری موناوەرەی نابێت‌و بێ منەت دەبن لە کورد، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو لیستانە پێویستیان بە کورد دەبێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق.

مامۆستاکەی زانکۆی سەلاحەدین چوونی کورد بۆ بەغدا بە یەکگرتوویی بە خاڵێکی ئیجابیی دەزانێت، هەرچەندە ناتوانێت پێگەی کورد وەک جاری پێشوو بەهێز بکات، دەڵێت: «لە ئێستادا کورد ناتوانن هیچ مەرجێک دابنێن بۆ دانانی سەرۆک وەزیرانی داهاتوو، کە پێشتر ئەو کارتەی بە دەستەوەبوو».

هەروەها د.محەمەد ئەحمەد، کە ئەندامی وەفدی دانوستکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: پێویستە کورد هێڵی سووری لەسەر هەڵوێست هەبێت، نەک کەسایەتییەکی دیاریکراو، هەر کەس‌و لایەنێک پابەند نەبێت بە دەستوورو مافەکانی کوردو دیموکراسییەت‌و فیدراڵییەتی عێراقەوە، ئەوە هێڵی سوورە نەک کەسایەتییەکان، وتیشی: «کورد دەتوانێت ڕۆڵی کارا ببینێت بە پێشکەشکردنی پڕۆژەو فشاردروستکردن لەسەر بڕیارەکان، نەک وەک تەماشاکەر دابنیشێت، هەروەها بەشداریی کارا لە پرۆسەی سیاسیدا بکات.

وێڕای کەمبوونەوەی ڕۆڵ‌و پێگەی کورد، بەڵام بە بڕوای هەندێک لە پەرلەمانتارانی نوێ ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن: هێشتا کورد خاڵی بەهێزی بەدەستەوە ماوە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی.

حاکم شێخ لەتیف، پەرلەمانتاری عێراق لەو بارەیەوە دەڵێت: کورد هێشتا کارتی فشاری زۆر بەهێزی بە دەستەوەیە، بەوپێیەی هەرێمی کوردستان هەرێمێکی دانپێدانراوی ڕەسمییە لە دەستووردا‌و سنووری دیاریکراوە، بۆیە لە حاڵەتێکدا ئەگەر کورد زانیی حکومەتی عێراق دژ بە مافە دەستوورییەکانی ئەم کار دەکات، دەتوانێت لە پرۆسەی سیاسیی بکشێتەوە، ئەوکاتە هەموو جیهان حکومەتی عێراق بە حکومەتێکی ناتەواو لە قەڵەمدەدەن، چونکە حکومەتەکە نوێنەرایەتی ئەو بەشەی خاکی عێراق ناکات‌و وتیشی: «ئەو هەنگاوەش دەکەوێتە سەر ئیرادەی سیاسیی کورد، کە ئایا دەتوانن ئەو بڕیارە بدەن، ئەوەش بە سەرجەم کوتلەکان دەکرێت کە لەپێناو مەسەلە نەتەوایەتییەکانداو لەکاتی پێویستدا ئەو کارتە بەهێزە بەکاربهێنن».

## مەترسیی پشت دروستبوونی کۆمیسیۆنەکە

# «نیەتی کۆنترۆڵکردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمە»

راپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

فراکسیۆنی پارتیو یەکێتی هەوڵی دروستکردنی دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم دەدەنو لە بەرامبەریشدا ئۆپۆزسیۆن نییەتی پشت دروستبوونی کۆمسیۆنەکە بە مەترسیدار لەسەر ئەنجامو رێڕەوی هەڵبژاردنەکانی هەرێم دەزانن.

پرۆژەیاسای دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن (١٠) ئەندامی پارتیو (٣) ئەندامی یەکێتی لە فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان ئامادەکراوەو رۆژی ٢٠١٠/٦/٢٧ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.

هــەروەک چــۆن کۆمسیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق لە بەرمەبنای یاسای ژمارەی (١١)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی پەرلەمانی عێراق دامــەزراوەو سەر بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە، بەپێی ئەم پرۆژەیاسایەش، کە لە (١٦) مـادە پێکهاتووە کۆمسیۆنی هەرێمیش سەر بە پەرلەمانی کوردستان دەبێتو لە دەستەی سەرۆکایەتیو ئەنجومەنی هەڵبژاردن پێکدێت. دەستەی سەرۆکایەتیش لە (٧) کەس پێکدێت، کە لانیکەم (٢) کەسیان یاساییبنو لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دەپاڵێورێنو دواتر بەزۆرینەی رەها لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە دەنگیان پێدەدرێت.

هەر بەپێی ئەو پرۆژەیاسایە دەستەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێم سەرپەرشتی کۆی هەڵبژاردنو راپرسییەکانی هەرێم دەکاتو ئەو پەیوەندییە ئیدارییەی پێشتر دەستەی هەڵبژاردنی هەرێم لەگەڵ کۆمسیۆنی عـێراق هەیبوو دەگـۆڕێـتو دەسەڵاتی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق خاڵی دەکاتەوە بەرامبەر هەڵبژاردنەکانی هەرێم.

ئەگەرچی لایەنەکانی دەرەوەی پارتیو یەکێتی بیرۆکەی هەبوونی کۆمسیۆنێکی لەو شێوە بۆ هەرێم رەتناکەنەوە، بەڵام پرسیار لە نییەتی پشت دروستبوونی ئەو کۆمسیۆنە دەکـەنو سەربەخۆیی ئـەو دامــەزراوەو هەیمەنەی پەرلەمان لەسەری، کە ئەویش تائێستا نەیتوانیوە سەربەخۆیی خۆی لە بەرامبەر حیزبەکان بپارێزێت، وەک ترسێک بەرامبەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی هەرێم دەخەنە بەرباس.

زانـا رۆستایی، بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامیی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «دەزگایەکی تایبەت بە هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەپێویستی دەزانین، بەڵام قسەمان لەسەر ناوەرۆکی یاساکەو چۆنیەتی دابەشکردنی بەرپرسیارێتییەکانو دامـەزراندنـی دەستەی بـاڵای دەزگاکەو بێلایەنیی دەزگاکە دەبێت».

رۆستایی دەڵێت: «پێشتر ئۆفیسەکانی کۆمسیۆنی هـەڵـبـژاردنـەکـانـی هـەرێـم بەتەواوی لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە کۆنترۆڵکرابوون، ئێستاش مەترسییەکە لە ئیدارەدانی ئەو کۆمسیۆنەیە، دەکرێت بپرسین: دروستبوونیشی بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڵبژاردنەکان نییە؟

لای خۆشیەوە بەڕێوەبەری دامەزراوەی هەڵبژاردنی گـۆڕان، گومان لە پەلەپەلی فراکسیۆنی کوردستانیو دروستبوونو سەربەخۆبوونی ئەو کۆمسیۆنە دەکات.

ئـــارام شـێـخ مـحـەمـەد، ئـامـاژەی بەوەکرد: پەرلەمانێک نەیتوانیبێ بەپێی پێویست سەربەخۆیی خۆی بپارێزێتو بەرژەوەندییەکانی خەڵک بخاتە سەروو بەرژەوەندییە حیزبییەکان، گومان دەکرێت لەو حاڵەتەدا کۆمسیۆنەکەش سەربەخۆبێت، وتیشی: «پشتگیریی فراکسیۆنی کوردستانیو هەڵبژاردنی کاتی پێشکەشکردنی پرۆژەکە لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان ئەو گومانە تۆختر دەکاتەوە، کە نییەتی کۆنترۆڵکردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی لەپشتەو ناتوانرێت لەم کاتەدا کۆمسیۆنێکی سەربەخۆ لەدایک ببێت».

لـەگـەڵ ئـەوەی پێشتر کۆمسیۆنێک لـەسـەر ئاستی عـێـراق سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کـردووە، بەڵام ئەزموونەکان ئـەوە دەخـەنـەڕوو لەژێر دەسەڵاتی ئەم هەرێمەدا نەتوانراوە پرۆسەی هەڵبژاردنێکی پاکو بێگەرد بەڕێوەبچێت، لەو ناوەندەشدا پووچەڵکردنەوەی چەند سندووقی دەنگدانو تۆمارکردنی چەندین پێشێلکارییو ساختەکاریی لێکەوتووەتەوە، بۆیە پرسیار لەوە دەکرێت، دروستبوونی ئەو کۆمسیۆنە لۆکاڵییە، کە هەژموونی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی بەسەردا زیاتر دەبێت، ئەنجامو رێڕەوی هەڵبژاردنەکان بەکام ئاقاردا دەڕوات؟

بەیان نوری، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامیی، تەنیا لەیەک حاڵەتەدا هەبوونی ئەو کۆمسیۆنە بەباش دەزانێت، کە ئەگەر سەربەخۆییەکەی پارێزراوبێت، لەو بارەیەوە دەڵێت:

«وەکـو بیرۆکە پێمانباشە، بەمەرجێک کەسانی سەربەخۆو شـارەزا لەبواری هەڵبژاردن ئیدارەی بکەین، نەک ئەوانەی وەلائیان بۆ دەسەڵات هەیە، بەڵام گومان هەیە ئەو عەدالەتە لە کوردستان بێتەدی، چونکە لە عێراقیش نییە، وەک ئەوەی دەستەی باڵای کۆمسیۆن سەر بەلایەنەکانن».

بە بڕوای چاودێرێکی هەڵبژاردنیش، ئەوەی گرنگە بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێم، کاراکردنی دەستەی هەڵبژاردنو ئۆفیسەکانی کۆمسیۆنە لە هەرێم، نەک هەبوونی کۆمسیۆنێکی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.

ئارام جەمال، بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن کە چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دەکـەن بۆ رۆژنامە وتی: «پێموانییە بۆشاییەک هەبێت بۆ بوونی ئەو کۆمسیۆنە، چونکە پێشتر دەستەی هەڵبژاردنو ئۆفیسی پارێزگاکان ئیشەکانی خـۆیـان راپـەڕانـدووەو لــە سـاڵـی (٢٠٠٥)ەوە ئەزموونی زۆریان پەیداکردووە، بۆیە پێویستە ئەو لایەنانە کاراتر بکرێت، نەک ئەوەی کۆمسیۆنێکی لۆکاڵی دروستبکەین سەرلەنوێ دەستبەکاربکاتەوەو لەو ماوە کورتەدا رووبەڕووی هەڵبژاردنی پارێزگاکان بێتەوە».

بـەڕێـوەبـەری پەیمانگەی کـوردی بۆ هەڵبژاردن ئاماژەی بە جیاوازیی شەرعیەتی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق لەگەڵ کۆمسیۆنێکی لۆکاڵیی دەکـاتو دەڵێت: «شەرعیەتی هەڵبژاردنێک لەلایەن کۆمسیۆنێک لەسەر ئاستی عێراقدا ئیشوکار بکات جیاوازە وەک ئەوەی لە هەرێمێک، لەو چوارچێوەیەدا پێویستە دەسەڵاتی هەرێم رێگەبدات لەپێناو رۆشنیی پرۆسەی هەڵبژاردنو ئەنجامەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، لە بەغداوە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان بکات».

## ئەحمەد حاجی رەشید، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

# کێشەی ئەنجومەنو پارێزگار زیانی زۆری بە سلێمانی گەیاندووە

سازدانی: بەرهەم خالید

**ئەحمەد حاجی رەشید، ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، تیشک دەخاتە سەر کێشەکانی نێوان ئەنجومەنی پارێزگاو پارێزگاری سلێمانیو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە کەمتەرخەم دەزانێت لە ئاست چارەسەرنەکردنی ئەو کێشەیەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: بەهۆی چارەسەرنەکردنی ئەو کێشەیەوە زیانێکی زۆر بەر پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی سلێمانی گەیشتووە.**

**لە دیدارێکی رۆژنامەدا ئەو ئەندامەی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاری سلێمانی باس لەوەش دەکات: ئەگەر رێگە یاساییەکان بگیرێتە بەر، ئەوا کێشەکە لە پارێزگار دەبەنەوەو بێدەنگیی دەسەڵاتیش لە ئاست کێشەکە بە پاشەکشەکردن لە سیستمی لامەرکەزیو گەڕانەوە بۆ سیستمی مەرکەزی دەداتە قەڵەم.**



**رۆژنامە: هۆکاری ئەو قەیرانە کارگێرییەی نێوان ئێوەو پارێزگار چییەو کێشەکە بەکوێ گەیشتووە؟**

* ئەو قەیرانە سەرچاوەکەی کێشەیەکی سیاسییەو دواتر چووە چوارچێوەیەکی یاساییەوە، پاش ئەوەی ئێمە لە سەرەتای کێشەکەدا یاداشتی خۆمان دایە پەرلەمان، لە چەند رۆژی رابردووشدا وەک لیژنەی یاسایی ئەنجومەن سەردانی پەرلەمانمان کرد بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنەی یاسایی پەرلەمانو بەدواداچوون بۆ ئەو نامانەی کە پێشتر ئاراستەی هەرسێ سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتو پەرلەمانمان کردبوو، بۆمان دەرکەوت کە ئەو نامەیە تائێستا لای سەرۆکایەتی پەرلەمانەو نەگەیشتووەتە لیژنەی یاسایی، لەکاتێکدا ئێمە لــە ٢٠١٠/٥/٥ دا نامەکەمان ئاراستە کـردووە، بەڵام لە (٦/٢٤) واتە دوای (٤٩) رۆژ نەگەیشتووەتە لیژنەی یاسایی، ئەوە لە کاتێکدایە کە لیژنەی یاسایی یەکێکە لەو لیژنانەی کە زۆرترین ئامادەبوونی هەیە لەناو پەرلەمانو کۆنتاکتی بەردەوامیان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان هەیە، بەڵام بەهەند وەرنەگرتنی نامەکەی ئەنجومەنی پارێزگا لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئەوەی بۆ ئێمە دەرخست کە سەرکردایەتی کوردی کەمتەرخەمە بەرامبەر سیستمی لامەرکەزییو بۆ ئەو گرفتەی لەنێوان ئەنجومەنو پارێزگاری سلێمانیدا دروستبووە بەتایبەت بەهەند وەرنەگرتنی قسەی نوێنەرانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، کە نوێنەرایەتی ملیۆنێکو حەوت سەد هــەزار کەسی دانیشتووی سلێمانی دەکەن.

**رۆژنامە: لەسەروبەندی کێشەکەی ئێوەو پارێزگاردا، بە بڕیارێکی سەرۆکی حکومەتی هەرێم (بەهرۆز حەمە ساڵح قەشانی)، وەک پارێزگاری سلێمانی دانرا، بە بۆچوونی ئێوە ئەو بڕیارە تا چەند یاساییە؟**

* لــە ســەرەتــاوە ئــەم سیستمەی ئەنجومەنەکانی لەسەر پێکهات بەپێی فەرمانی (٧١)ی پۆل بریمەر، فەلسەفەی ئیدارەی لە مەرکەزییەوە بۆ لامەرکەزیی گۆڕی، کە پێشتر بە یاسای (١٥٩)ی ساڵی (١٩٦٩) کاری پێدەکرا، بەڵام پاش رووخانی حکومەتی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)و بەپێی قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق لە مادەی (٥٦)دا زۆر بە راشکاوانە باس لەوە دەکات، کە فەلسەفەی ئیدارە لە عێراقی نوێدا لەسەر بنەمای لامەرکەزیی بەڕێوەدەچێت ئەوەش پێویستی بە یاسایەک هەبوو، ئەوەبوو بە یاسای ژمارە (٧١)ی بریمەر ئەو بابەتە روونکرایەوەو لە (٢٠٠٥/١/٣١)دا سەرجەم پارێزگاکان نوێنەری خۆیان بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵبژاردو دواتر لە رێگەی ئەو نوێنەرانەوە پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنو جێگرەکانیان هەڵبژێرن، ئێمەش بەو سیستمە ئیشمانکرد هەتا هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥ی پەرلەمانی کوردستان، ئەوەبوو گرفتێک بۆ پارێزگاری سلێمانی دروستبوو، کە بریتیبوو لە نەخوێندنەوەی بڕیارەکانی پارێزگارو مامەڵەکردنی جێگری ئەوکاتی سەرۆکی حکومەت لەگەڵ قایمقامو بەڕێوەبەری ناحیەکانو دواتر ئاڵوگۆڕکردن بە بەڕێوەبەری ناحیەو قایمقامەکان، کە دەبوو لە رێگەی پارێزگار (دانا ئەحمەد مەجید)ەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، ئەوەبوو پارێزگار داوای خانەنشینی کرد، بۆ دانانی پارێزگاری نوێش دەبوو لە رێگەی هەڵبژاردنەوە پارێزگار دابنرێت، بــەڵام ســەرۆکـی حکومەت پارێزگاری بەوەکالەت داناو دواتریش دوو جێگری بۆ دانا، کە پرسیمان ئەوەچییە، پێیانوتین: ئــەوان کـــار بـــە یـاسای (١٥٩)ی ساڵی (١٩٦٩) دەکەن، کە ئەوە لە هیچ شوێنێک پەیڕەوناکرێت، چونکە یاساکەی بریمەر دەڵـێـت: هەر پارێزگایەک هەڵبژاردنی دووبارەی نەکرد، دەبێت بە هەمان فەرمان بەردەوام بێت لەسەر کارەکانی، هەروەها لە یاسای ژمارە (٤)ی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم لە مـادەی (٣١) لە بڕگەی (٣)دا، دەڵێت: «ئەگەر هەڵبژاردن ئەنجامنەدرا، ئەنجومەنی پارێزگاکان بـەردەوام دەبن لە کارەکانی خۆیان هەتا ئەنجومەنی نوێ هەڵدەبژێردرێت»، بۆیە تەنیا لێکدانەوەی ئێمە بۆ ئەو بڕیارە ئەوەبوو، کە کێشەکە سیاسییەو سەرۆکی حکومەت دەیەوێت لە رێگەی دانانی پارێزگارو جێگرەکانیەوە بتوانێت سیستمی لامەرکەزیی بگۆڕێتەوە بە سیستمی مەرکەزییو کاری ئەنجومەن پەکبخەن.

**رۆژنـامـە: پێشتر باسی هەڵوێستی سەرۆکایەتی پەرلەمانتان کرد، کە خەمسارد بوو لە گەیاندنی نامەکانی ئێوە بۆ لیژنەی یاسایی، بۆچی پەرلەمان تەفسیرێکی یاسایی بۆ کێشەی ئەنجومەنو پارێزگار ناکات؟**

* ئەگەر سەیری پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان بکەین، دەبینین کە زۆرینەی لە هەردوو حیزبی پارتیو یەکێتی دەسەڵاتدار پێکدێتو تائێستا هەر یاسایەک کە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە پێشنیازکرابێت، پەرلەمان بە گرنگییەوە سەیری نەکردووەو زۆرینەی رەتکردووەتەوە، لەبەرئەوەی پەرلەمانی کوردستان تائێستا لەژێر هەیمەنەی ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارەدایە، بۆیە نایەوێت ئەنجومەنی پارێزگا بە ئاقارێکدا بڕوات، کە خۆی نایەوێت.

**رۆژنامە: بیرتان لەوە نەکردووەتەوە کە کێشەکە لە رێگەی کەناڵی دیکەوە چارەسەر بکەن؟**

* لەم رۆژانــەدا شیروان حەیدەری، سەرۆکی لیژنەی یاسایی، لە رۆژنامەی هەولێردا باسی لـەوەکـردووە، کە ئەگەر ئەو کێشەیە چارەسەری بۆ نەکرا، ئەوا دەیگەیەننە دادگای فیدراڵیی، بە بڕوای ئێمە دادگای فیدراڵیی هەنگاوێکی دوورە ئێمە هەتا رێگەی دیبلۆماسی ناوخۆمان مابێت، هەتا ئەو هەوڵانەی هەیە بمێنێت، ئەوا حەز ناکەین بچێتە دەرەوە، بەڵام ئەگەر هەروا بەو شێوەیە مایەوە چارەسەر نەکرا، ئەوا ئێمەش خۆمان بە بەشێک لە عێراقی فیدراڵ دەزانینو پێویستە ئەو رێگەیە بگرینەبەر، هەروەها ئێمە ئەنجومەنی شورای هەرێممان هەیەو دەتوانێت ئەو کێشەیەمان بۆ چارەسەر بکات، ئەگەر ئەوەش نەکرا، ئەوا رێگەی تر هەیە، کە یەکێک لەو رێگەیانە دادگای فیدراڵیی عێراقە.

**رۆژنامە: دوا هەڵوێستی ئێوە بەرامبەر ئەو کێشەیە چییە؟**

* ئێمە لە رێگەی مەدەنیانەوە هەڵویستی خۆمان دەربڕیوەو بەردەوام دەبین لەسەر ئەو هەڵوێستەمانو ناهێڵین ئەو کێشەیە بە ئاراستەیەکدا بڕوات، کە خەڵکی سلێمانی نیگەران بکات، بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێت سەرجەم حیزبە سیاسییەکانو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو هاوڵاتییان بەدەم ئەو کێشەیەوە بێت، کە کێشەیەکی یاساییەو هەوڵدەدرێت لە کوردستان لادان لە یاسا بکرێتو ئارەزووی حیزبە دەسەڵاتدارەکان بسەپێنرێتو ئیرادەی سیاسیی بەشێوەیەک لێبکرێت کـە بـە پـێـچـەوانـەی یاساوە کاربکرێت، بۆیە چاوەڕێی وەڵامی دەزگا پەیوەندیدارەکانین، بە تایبەت پەرلەمانو ئەو حیزبەی پارێزگاری داناوەو دواتر هەڵوێستی دیکەمان دەبێت.

**رۆژنامە: بە بۆچوونی تۆ درێژەکێشانی ئەم کێشەیەو چارەسەرنەکردنی چ زیانێکی بە سلێمانیو دانیشتووانەکەی گەیاندووە؟**

* بە دڵنیاییەوە کێشەو زیانی زۆری بۆ ئەم ناوچەیە دروستکردووە، بە تایبەت ئەو گرفتەی کە بۆ پرۆژەکانی ئەنجومەن دروستبووە لە پارێزگای سلێمانیو قەزاو ناحیەکان گەورەترین زیانی بە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی پارێزگای سلێمانی گەیاندووە، هەروەها زیانێکی مەعنەویی، کە بریتییە لە پاشەکشەکردن لە سیستمی لامەرکەزییو کپکردنەوەی دەنگە ئازادو دیموکراسییەکان کە لەم شـارەدا هەیەو هەمیشە پێشەنگ بووە لە پێشکەشکردنی بیرو بۆچوونی جوانو پێشکەوتنخوازانە، هــەروەک ئێمە لە ماوەی کارکردنماندا لە ئەنجومەن هــەر چــوار لایەنی سیاسیی (یەکێتی، پارتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ) باشترین نموونەمان پێشکەشکردووە لە وەلانانی مۆرکی حیزبایەتیو پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاریی بە شارەکەمان.

**رۆژنامە: بە بۆچوونی ئێوە ئەم کێشەیە لە کۆتاییدا بە سەرکەوتنی ئێوە کۆتایی دێتە یان پارێزگا؟**

* ئـەگـەر یـاسـا ســەروەر بـێـتو جێبەجێبکرێت، هـەروەهـا بنەماکانی دیموکراسییەت پیادەبکرێت، ئەوا ئەنجومەنی پارێزگا سەردەکەوێتو دەچێتەوە سەر رێگە سروشتییەکەی خـۆی، بـەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر ئیرادەی سیاسییەکانو حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەردەوامبێت لە پێشێلکردنی یاساو بنەماکانی دیموکراسییەت لەم کێشەیەدا، ئەوا دەسەڵات سەردەکەوێت.

## پێکهێنانی حکومەت، بەڵێنی زۆرو گرەنتی کەم

# لیستە عێراقییەکان زۆرترین بەڵێن بە (١٤٠) دەدەن

هەستیار قادر، کاروان عومەر

بەر لە پێکهێنانی حکومەت سەرجەم لیستە سیاسییەکان پابەندیی خۆیان بە دەستوورەوە دەردەبڕن، وەک وەڵامێک بۆ جێبەجێکرنی مادەی(١٤٠)و پەرلەمانتارێکی پێشووش پێیوایە: بەڵێن لە سیاسەتدا نییەو دەبێت میکانیزمێک هەبێت بۆ ناچارکردنی حکومەت لە جێبەجێکردنی ئەو مادەیە.

هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی گفتوگۆی لیستە سیاسییە براوەکانی هەڵبژاردنی (٣/٧) بۆ پێکهێنانی حکومەت، پرسی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بووەتە یەکێک لە خاڵە گرنگەکان بەتایبەت کە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە کارنامەی گفتوگۆی (٢٤) خاڵییەکەیدا ئاماژەی پێداوە، کە دەبێت مادەی (١٤٠) جێبەجێبکرێتو هەموو لایەنەکان بە بەڵێنی پابەندبوون بە دەستـــوورەوە خـۆیـان لـە بەڵێنی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) دەدزنەوە.

لیستی دەوڵـەتـی یاسا، کە نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی چوار ساڵی رابردوو سەرۆکایەتی دەکات، سەرەڕای جێبەجێنەکردنی ئەو مادەیە لە سەردەمی حکومەتەکەیدا، ئاماژە بەوە دەکات: ئەگەر داواکارییەکانی کورد دەستووریی بن پابەند دەبن پێوەی‌و جێبەجێی دەکەن.

عەلی ئەدیب، گـەورە سەرکردەی لیستی دەوڵەتی یاسا، ئاماژەی بەوەکرد: لیستەکەی پابەندە بە جێبەجێکردنی سەرجەم داواکارییەکانی کورد، بەمەرجێک داواکارییەکانیان دەستووریی بێتو پێچەوانەی دەستوور نەبێتو تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «تاکە گرەنتییەک کە پێشکەشی کوردی دەکەین ئەوەیە، کە ئەوان سوێندیان لەسەر جێبەجێکردنی دەستوور خواردووە، ئەوەش گەورەترەو بەهێزترە لە هەر گرەنتییەکی نووسراو».

لیستی عێراقیەش، کە بەسەر دوو تێڕوانینی دژ بە (١٤٠)و پشتیگریکەری دابەشبوون، حسێن شەعلان، ئەندامی لیژنەی دانوستانەکانی لیستی عێراقییە،



**عەلی ئەدیب: تاکە گرەنتییەک کە پێشکەشی کوردی دەکەین ئەوەیە، کە ئەوان سوێندیان لەسەر جێبەجێکردنی دەستوور خواردووە، ئەوەش گەورەترەو بەهێزترە لە هەر گرەنتییەکی نووسراو**

روونیکردەوە، کە پەیوەندییەکانی نێوان کـوردو لیستی عێراقییە مێژووییەو گفتوگۆکانی نێوانیشیان بەرەوپێشچوونێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە.

حسێن شەعلان، تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەگەر داواکارییەکانی کورد دەستووریی بن، ئێمە ئامادەین جێبەجێی بکەین، دەستوور خاڵی یەکلاکەرەوەیە بۆ سەرجەم پرسەکان.

هاوکات ئەرکان زێباری، پەرلەمانتاری قەوارەی عێراقیین، کە ئوسامە نوجەیفی، لەناو لیستی عێراقییەدا سەرکردایەتی دەکات روونیکردەوە: پرسی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) پەیوەندیی بە داواکاریی لایەنە کوردییەکانەوە نییە، چونکە ئەو مادەیە دەستوورییەو ئەگەر لایەنی کوردیش داوای نەکات، ئەوا دەبێت جێبەجێبکرێت، بەوپێیەی لە دەستووردا ئاماژەی پێکراوە».

سەدرییەکانیش، کە زۆرینەی شیعە هاوردەکانی کەرکوک پێکدەهێنن، پێشتر دژ بە گەڕانەوەی کەرکوک‌و ناوچەدابڕاوەکانی تر بوون بۆ سەر هەرێمی کوردستان‌و لێدوانی توندیان دەدا، بەڵام لە گەرمەی گفتوگۆی لیستەکاندا خۆیان لەو جۆرە لێدوانانە دەپارێزن.

ئیمان جەلال، پەرلەمانتاری لیستی سەدر، تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «پابەندین بە هەر پرسێک کە لە دەستووردا ئاماژەی پێکرابێت، بۆیە پابەندین بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ەوە، چونکە مادەیەکی دەستوورییە».

گومانی کوردیش لەو جۆرە بەڵێنانە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پێشتریش لە کارنامەی حکومەتی پێشووی عێراقدا بەڵێنی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) درابوو، بەڵام جێبەجێ نەکرا.

تانیا تەڵعەت گلی، ئەندام پەرلەمانی پێشووی عـێـراق لـەسـەر پارێزگای کەرکوک، لەگەڵ ئەوەی وتی: «بەڵێن لە سیاسەتدا نییە» بە گرنگی زانی کورد بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە بەڵێنانەدا بکات، کە سەبارەت بە مادەی (١٤٠) دەدرێـــن، وتـــی: «دەبێت وەفدی دانوستکاری کوردی شێوازێکی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی بۆچوونەکانی لایەنی کوردی لەکاتی گفتوگۆ لەگەڵ لیستەکانی تردا، چونکە هەموو لایەک دەڵێن پابەندین بە جێبەجێکردنی دەسـتـــوورەوە، بەڵام (١٤٠) جێبەجێ ناکەن».

تانیا تەڵعەت گلی، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە: پێویستە میکانیزمێک دابنرێت کە ئەگەر حکومەتی داهاتوو نیازی نەبوو مادەی (١٤٠) جێبەجێ بکات، ئەو حکومەتە شەرعیەتی نەمێنێتو وتیشی: «پێشتر



**تانیا تەڵعەت گلی: پێویستە میکانیزمێک دابنرێت کە ئەگەر حکومەتی داهاتوو نیازی نەبوو مادەی (١٤٠) جێبەجێ بکات، ئەو حکومەتە شەرعیەتی نەمێنێت**

میکانیزمێک نەبوو بۆ بەدواداچوونی کارنامەی حکومەتی پێشوو، کە تیایدا باسی مادەی (١٤٠) کرابوو، کە بۆ جێبەجێ نەکرا؟».

ئـەو پـەرلـەمـانـتـارەی پێشووی عێراق ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاوبێت کە ئایا ئەو توندڕەوییەی هەندێکجار لایەنەکانی تر، یان کوردیش بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) هەیبووە، کاریگەریی هەبووە لەسەر بەرەوپێشچوونی ئەو پرسە؟

# گرنگترین (١٠٠) یاسای بەردەم پەرلەمانی نوێ

رۆژنامە

پەرلەمانی نوێی عێراق، زیاتر لە (١٠٠)یاسای لە پەرلەمانی پێشووەوە بۆ ماوەتەوە، کە هەندێکیان کێشەی سیاسییان لەسەرەو پەرلەمانتارێکی پێشووش ئاماژە بەوە دەکات: سەنگی کورد لە پەرلەمانی نوێدا لاواز بووە، بەوپێیەش ئەرکی یاسایی کورد قورس دەبێت.

### یاسا بۆماوەییەکان

ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشووی عێراق، زیاتر لە (١٠٠)پرۆژەیاسای بۆ پەرلەمانی نوێ جێهێشتووە، کە بڕیارە لە چوار ساڵی داهاتوودا گفتوگۆیان لە سەر بکاتو بەجێهێشتنی ئەو رێـژە زۆرەی پرۆژەیاساکان بۆ پەرلەمانی نوێ، گومانی بەرنامەیەکی سیاسیی لێدەکرێت بۆ ئەوەی هێزی کورد لە پەرلەمانی نوێدا کەمبێتەوە لە دەرکردنی یاساکاندا، ئەگەرچی کوردیش پێی رازی نەبێت، ئەستەم نەیەتە رێیان.

ئەبلەحەد ئەفرایم ساوا، بڕیاردەری ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشوو، ئاماژەی بە هۆکارەکانی مانەوەی ئەو یاسایانە کردو هەندێکیانی بەستەوە بە کەمتەرخەمیی پەرلەمانەوەو بۆ رۆژنامە وتی: «هەندێک لەو یاسایانە، کێشەی سیاسییان لەسەر بووەو هەندێکی تریشیان خوێندنەوەی یـەکـەمو دووەمـیـان بۆ کـراوەو تەنیا پەسەندکردنیان ماوە، کە پەرلەمانی پێشوو فریای پەسەندکردنیان نەکەوتووە، جگە لەوەی پەرمانتارانیش سەرقاڵی کاروباری تر بوون، نەک کاری پەرلەمانیی».

گـۆڕانـی هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقیش بـە هـۆی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنی (٣/٧)وە، گومانی لەسەر ئەدای کورددروستکردووەولەرێگرتن‌لەتێپەڕاندنی ئەو یاسایانەی دژ بە بەرژەوەندییەکانی هەرێمن، یان بەپێچەوانەوە نەتوانن بۆ دەرچواندنی یاسایەک لە بەرژەوەندیی هەرێم.

ئەبلەحەد ئەفرایم ســاوا، کە پێشتر ئەندامی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بوو، ئاماژی بـەوەدا: ئەگەر زۆرە چەند گۆڕانکارییەک لە یاسا کێشە لەسەرەکانی وەک، نەوتو گاز بکرێت، بەوپێیەی دوای هـەڵـبـژاردن گۆڕانکاریی لە نەخشەی سیاسیی عێراقدا دروستبووەو وتیشی: «پێشتر لیستی هاوپەیمانیی باڵانسی بەدەست بووە، بەڵام لەم خولەدا نابێتە باڵانس، چونکە سێ کوتلەی بەهێزتر هەن‌و ئەوەش دەمێنێتەوە سەر رێککەوتنی کورد لەگەڵ لیستە بەهێزەکان لە پەرلەماندا».

### یاسا کێشەلەسەرەکان

زۆرێـک لەو پرۆژەیاسایانەی کە لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراقدا پەسەند نەکراون، یان تەنانەت دەستیان لێ نـەدراوە، کێشەی سیاسییان لەسەر بووەو فراکسیۆنەکانی ئەوکاتەی پەرلەمان نەیانتوانیوە لەسەر دەرکردنیان رێکبکەون، لـەوانـە: پـرۆژەیـاسـای هەموارکردنی دەستوور، کە لەنێوان کوردو لایەنەکانی تردا کێشەی لەسەر بووە، بەتایبەت ئەو هەموارانەی پەیوەندییان بە مادەی (١٤٠)و دەسەڵاتەکانی هەرێمەوە هەبووە، یەکێکی تر لەو پرۆژانە، یاسای نەوتو گازە کە کێشەکانی هەرێم‌و بەغدای بردووەتە لوتکە، ئەمە جگە لە پرۆژەیاسای کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی، کە بەشێکی تری گرنگە لە گرێکوێرەی‌کێشەنەوتییەکانی‌نێوان‌هەولێرو بەغدا، هاوکات پرۆژەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش، یەکێکی ترە لەو پرۆژەیاسایانەی کە بووەتە کێشەی نێوان کـوردو لایەنەکانی تر، بەتایبەت تورکمان‌و عەرەبە سوننەکان، کە تائێستا لــە شـکـسـتـی لیژنەی مـادەی (٢٤)دا نەتونراوە پەسەندبکرێتو هەڵبژاردنی کەرکوکیش ئەنجامبدرێت، کە زیاد لە ساڵێکە دواکەوتووە. لەگەڵ ئەو پرۆژەیاسایانەدا کە کێشەی نێوان هەولێرو بەغدا باڵی بەسەرداکێشاون، چەند پرۆژەیاسایەکی تر هــەن کە لەنێوان ســەرجــەم لایەنە سیاسییەکاندا کێشەیان لەسەرە، لەوانە، پرۆژەیاسای پارتە سیاسییەکانی عێراق، کە کێشەی لەنێوان خودی لایەنە شیعەکاندا دروستکردووە.

### یاسا ئابوورییەکان

بەشێکی تر لەو یاسایانەی کە بۆ خولی پێشووی پەرلەمان جێماون، ئـەوانـەن کـە پەیوەندییان بـە کەرتی ئابوورییەوە هەیەو بەشێوەی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسە باری ئابووریی هەرێم دەبێت، بەوپێیەی هەرێم (١٧٪) سـودمـەنـدی دەرەنجامەکانی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە دەبن، لەوانە: پرۆژەیاساکانی پشکنەرانی گشتیو هاوکاریی ژنی بێسەرچاوەی دارایـیو پارەدارکردنی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو پرۆژەیاسای بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووریی‌و کەرتە خزمەتگوزارییەکان‌و پێشینەی خوێندکاری پەیمانگاو زانکۆکان‌و قەرەبووکردنەوەی توشبووانی نەخۆشی ئایدز بەهۆی سیاسەتی رژێمی پێشوو، پرۆژەیاسای بەدەستهێنانەوەی پارەکانی عـێـراق‌و پـرۆژەیـاسـای ئەنجومەنی نیشتمانی ئاوەدانکردنەوەو نۆژەنکردنەوەو پـرۆژەیـاسـای دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتییان‌و پرۆژەیاسای دابینکردنی خـەرجـیی چـارەسـەری توشبووانی نەخۆشیی شێرپەنجەو پرۆژەیاسای کردنی شـاری بەسرە بە پایتەختی ئابووریی عێراق.

### یاسا گشتییەکان

هەندێکی تر لە پرۆژەیاساکان ئەوانەن کە گشتین‌و سوودیان بۆ بونیادنانی دەوڵەتی عێراق هەیەو لەوانە: پرۆژەیاسای پاراستنی رۆژنامەنووسان، دەستەی دادپەروەریی، هاوسەنگی دابەشبوونی دانیشتوان، پرۆژەیاسای چەک، پشووە رەسمییەکان، ئازادیی رادەربڕین، پرۆژەیاسای مادە هۆشبەرەکان، راگەیاندن‌و پەیوەندییەکان، پرۆژەیاسای زمانی رەسمیی، رێکخستنی پەیوەندیی نـێـوان پـەرلـەمـانـتـاران‌و حکومەت، پرۆژیاسای بەکرێگرتنی زەویی کشتوکاڵی‌و پرۆژەیاسای رەتکردنەوەی دادگای باڵای تاوانەکان. هاوکات، بڕیارە لە پەرلەمانی نوێدا، ژمارەیەک لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی شۆڕشی پێشووی رژێم رەتبکرێنەوە، یان هەموار بکرێن‌و چەند پرۆژەیاسایەکی تریش سـەبـارەت بە پەیماننامەو پرۆتۆکۆڵە نێودەوڵەتییەکان‌و رێککەوتنە دوو قۆڵییەکانی عێراق‌و وڵاتانی تر پەسەندبکرێن.

## عێراق‌و پینەی سیاسی

لەتیف فاتیح فەرەج



بەلامەوە سەیربوو، کـاتـێـک رسـتـەیـەکـی «سامۆئیل هانتینگتۆن»ی خاوەن بیرۆکەی پێکدادانی شارستـانـیـیـەتـەکـانـم خـوێـنـدەوە کە دەڵـێـت، عێراق لەبارترین وڵاتی رۆژهـەڵاتـی ناوینە بۆ بوونە دیموکراسی، ئاخر بەپێچەوانەی ئەم قسەیەوە، دیموکراسیی عێراقی هەمیشە لـەبـەردەم هەڕەشەدایەو رەنگە ئەو بەهۆی دووریەکییەوە هێندەی ئازارزەدەکانی عێراق ئەوە نەزانێت کە ئەم فۆرمی عێراقیبوونە چۆن هاوڵاتیبوون وەک هاوڵاتی دەهاڕێت، سەرەتاییترین هەنگاو بۆ دیموکراتیزەبوونی هەر وڵاتێک، پەیوەستە بەوەوە کە ئاخۆ دەسەڵات وەکو یەک سەیری هـەمـووان دەکـات، واتـا هیچ جیاوازییەک لەنێوان کوردو شیعەو سوننەو ئەوانی دیکەدا نابێت، پایەی گرنگی دیموکراسییەت لە دنیای پۆستمۆدێرنەدا رێزگرتن‌و وەکیەکییە، نەک هەڵبژاردن‌و دەنگدان، من دەزانم کە ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیی عێراقی بەرزترە لە ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیی وڵاتێکی دیکەی رۆژهەڵاتی نـاویـن، ئەمە پەیوەندیی بـەو مـێـژووەوە هەیە کە عێراق هەیەتی، رەنگە هانتیگتۆن فریوخواردووی دەست ئەم تێگەیشتنە بێتو گرفتەکە ئەوەیە کە ئاستی هۆشیاریی لە پرسی شیعەگەرایی‌و سوننەگەرایی‌و کێشەی نەتەوەییدا شۆڕدەبێتەوە تا نزیکەی رادەی سفر. دیموکراسییەت لەوڵاتی وادا ئەستەمە بێتە دی، هەر ئەوەش کە لەدوای هەڵبژاردنەکانەوە لیستە عێراقییەکان ناگەنە هیچ ئامانجێک‌و سەرگەرمی بێنەوبەرەی زیاترن، ئەو راستییە نیشاندەدات کە دیموکراسییەت لە هەرکوێی دنیادا پێویستی بەهۆشیاری کۆمەڵایەتی، نوخبەی رۆشنبیر، سیاسیی بوێر، حیزبی دیموکراتخوازە، داخوا ئەمانە لەعێراقدا وەکو پێویست پەرەیانسەندووە، تازە بەتازە حیزبی عێراقی لە مامەڵەکردنیدا لە ناوخۆیدا بەرەو دیکتاتۆرییەت دەڕوات کە ئەمە هەڕەشەی گەورەی سەر دیموکراسییەتی عێراقییە، لە دنیای دیموکراتیدا هێزێک هەیە بۆ کۆکردنەوەی جیاوازییەکان لـەدەوری یەکتر، هێزێک هەیە دەتوانێت لە رێگەی خاڵی هاوبەشی نێوان جیاوازییەکاندا پێکەوەییەک دروست بکات.

ئـەوەی ئێستا لە عێراق بەدی دەکرێت، بەشێکی زۆر لە حیزبە عێراقییەکان کار لەسەر کوشتنی جیاوازییەکان دەکەن، دیکتاتۆرییەتی حیزبی لێرەوە سەری هەڵدەدات، بەعس لە ساڵی(١٩٧٩) لەناو خودی خۆیدا کەوتە کوشتنی جیاوازییەکان‌و دەرکـردن‌و لەنێوی بردن، هەندێک لە حیزبە عێراقییەکان کە زۆر شانازی بە دیموکراتیبوونی خۆشیانەوە دەکەن، سەرگەرمی ئەوەن کە چۆن جیاوازییەکان زیندەچاڵ بکەن، رێکنەکەوتن لەسەر هیچ خاڵێک، هەوڵدان بۆ ئەوەی گەمەی سیاسی بکەینە گەمەی فتبۆڵی یەکلاکەرەوەو سووربوون لەسەر دەرکردنی ئەوی تر لە گۆڕەپانەکە، هەڕەشەی گەورەی سـەر دیموکراتییەتی عێراقییە، عێراق بۆ ئەوەی دیموکراسی بێت، دەبێت لە پینەکردنی سیاسی دووربکەوێتەوە، پینەکردنی سیاسی فەلسەفەکەی کوشتنی دیموکراسییەتە، ئەوەش کە پێی دەوترێت دیموکراسییەتی تەوافوقی، درێـژەدانـە بە ململانێی نـاڕەوا لە کاڵایەکی رەواداو پێویستە دیموکراسییەتی عێراقی لەسەر بنەمای پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەو ئاشتییانە بنیاتبنرێت، دابەشکردنی عێراق بۆ چەند هەرێمێکی فیدراڵو دواتر پێکەوەبوونی ئارەزوومەندانەیان، ئێمە لەدیموکراسییەت نزیکتر دەکاتەوە، نەک ئەوەی بەپینەو پەڕۆی سیاسی گـرەو لەسەر پۆستەکان بکەین، ئەگەر هەموو پۆستەکان بەدەست عەرەبی سوننەوە بن‌و عێراق دیکتاتۆریی بێت وەک ئەوەی لەسەردەمی بەعسدا وابـوو، کەواتە هیچ نـەکـراوە، ئەگەر هەموو پۆستەکان بەدەست عەرەبی شیعەوەبن‌و عێراق لە کاڵای دیموکراتییەکی سەپێنراودا بێت، دیسان هیچ نەکراوە، هەمیشە دیکتاتۆرییەتی ئاشکرا لە دیکتاتۆرییەتی شـاراوە باشترو ئەهوەنترە، دیکتاتۆرییەتی شاراوە لە کاڵای دیموکراتیدا دەست بەسەر شتەکاندا دەگرێت، دەکرێت مرۆڤ خۆی لە دیکتاتۆری ئاشکرا بپارێزێت، بەڵام دیکتاتۆرییەتی شاراوە زۆر ئەستەمە ئەوەی لەگەڵ بکرێت. عێراق بەدۆخێکی خراپدا تێدەپەڕێت، ئێستا کە حکومەت بە ئاسانی دروستنابێت، تەقینەوە ترسناکەکەیە، نەک کاتێکی دیکە.



## تلانەوە

مەلا فەرمان دەنووسێت

لەپڕێکدا، کونێک کەوتە هەردوو گوپە چرچو لۆچەکەی، زمان لە قسەکردنو چێژکردن کەوت، کەشیدە سپییەکەی سوورهەڵگەڕا، لە لاشەی ئالاو لە زەوی راکشا، لاشە کەوتە لاقەفرکێ، بەجێیانهێشت، هێندەی نەبرد، لاقەفرکێ بوو بە تلانەوەو پاش کەمێکی تر هەڵسایەوە، زمان هەموو ئەرکەکانی لەدەستدا، سۆندە جێی هەموو شتێکی گرتەوە: بۆری خواردنو خواردنەوە. حاجی خدری زەردک، چەندساڵێک هەر دەتلایەوە، لەگەڵ هەموو تلێکدا وێنەی ئەو دیزداشە عەگال بەسەرە دەست بە تفەنگەی دەهاتە بەرچاو، تا ئەو رۆژەی دواتلانەوەو دوا لاقەفرکێو دواهەناسەی دا، ئەو دیمەنەی لە چاو ون نەبوو.

ماوەیەکە خەڵکی شار هەست دەکەن، بیرە نەوتەکەی بابا وەک جاران بە گوڕ هەناسە نادات‌و بڵێسەی روو لە کزییەو وەک جاری جاران ئاسمانی رەحیمئاواو شۆڕاو روناک ناکاتەوە. جاران، جگە لە دڵدارانی شەو، هەموو خەڵکی شار، شەوانە چاویان دەبڕییە رووناکی چرای بابا. لەو کاتەوەی خۆمان حوکمی شار دەکەین، رێگای بۆری هەناسەی بابا تەنگ دەکرێتەوە، پارچە پارچە دەکرێن‌و هەرکەس بۆخۆی لێی: دەفرۆشێت، دەکرێت‌و دەبات، حەوشەو حەسارو گەراجی گەورە بۆرییەکان دادەپۆشن. حاکمەکانیش، هەندێک گێل، هەندێک نوستوو، هەندێک ترسنۆک‌و بێدەسەڵات، هەندێک هاوکار حوکمی هەموومان دەکەن. ئێمەش مەرئاسا بە دەسکێک پوشی پایز بڕوا دەکەین‌و زرەی زەنگوڵی ملمان دێت.

لەم رۆژانەدا، هەواڵی کونکردنی بۆری هەناسەی بابا بە شاردا بڵاوبووەوە، دەم بەدەم، دەست بەدەست هەموو کوچەو کۆڵانی شار، دوکان، چایخانە... تا سفرەی ماڵانی گرتەوەو تاک بەتاکی شار سەیری یەک دەکەن، سەیرکردنێک هیچ جۆرە سەرسامییەک لەخۆ ناگرێت. نیگاکان لەوە دەچن لەگەڵ ئەم جۆرە هەواڵانەدا، ساڵانێکە چاوەکان راهێنرابن.

ئەو چەند خانوو و گەراجەی لە ژووری نەشتەرگەریی نەخۆش دەچوون، پشکێنران، رووخێنران، جگە لە حاجییەکی زمان بەستە، کەس دیار نەبوو. ئاغاکانی حاجی، بوون بە فریشتەو خدری زندەو لە پڕێکدا بەرەو ئاسمان هەڵکشان. حاجی، لە جیاتی ئەوان کرا بە خاوەن پلان، پسپۆڕی بۆری کونکردن‌و خاوەن پالاوگەکان‌و خاوەن گیرفان‌و لە جیاتی هەموانیش حاجی برایە دادگاو راپێچکرا بەرەو زیندان.

بەر لە (٤٥)ساڵ، کاتێک گوپی حاجی کونکرا، خاوەن ماڵ کۆڵیدا بەکۆڵدا، رێچکە بەسترا، گوندەکانی ساڵەیی تەعریب کران، رەشماڵی رەش بە پانتایی ناوچەکەدا هەڵدرا. دەست درایە چەکو وترا «نا». مەلا عەلی (مەلا عەلی، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، لە شەڕی گوندی بیبانی لەگەڵ عەرەبەکان شەهید بوو، گۆڕەکەی لە گوندی عەمدونە لە ناوچەی شێخ بزێنی). رەشماڵی بەسەریاندا رووخاند، ئەوەی دەربازی بوو، بارو بەندەری پێچایەوەو بەرەو خوار گەڕایەوە، بەڵام ئێستا بەدەستی خۆمان‌و بە بەرچاوی خاوەن رەشماڵەکانی دوێنێوە، کونێکی زۆر گەورەتر لە کونی گوپی خدر، زۆر بێڕەحمانەتر لە بۆری هەناسەی بابا دەکرێت. بابا، حاجی ئاسا کەوتووەتە تلانەوە، کزو مات‌و زەردهەڵگەڕاوە، کەچی گەورەکانی شار، گشت بێدەنگن، کەڕن، لاڵن... هەر یەک بەجۆرێک مەستن‌و نەوەکانی حاجیش نایانەوێت، بابا بەدەردی حاجی بەرن‌و عەلی ئاسا دەیانەوێت، پێیان بڵێن «نا....!».

# لە کەرکوک ... شار خرۆشاوە

## چارەنووسی هەزاران خانوو و دوکانی تەجاوز نادیارەو خۆپیشاندەران پەنا بۆ بەرپرسێکی سلێمانی دەبەن



خۆپیشاندانی ٢٠١٠/٦/٣٠ دەروازەی کەرکوک- سلێمانی

فۆتۆ: رۆژنامە

**کەرکوک — ئارام جەمال**

لەژێر رۆشنایی بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عێراقدا، ئیدارەی پارێزگای کەرکوک، یەکەم هەڵمەتی رووخاندنی زیادەڕۆیی لەشاری کەرکوک دەستپێکردو لەکاردانەوەشدا،خۆپیشاندان‌و نارەزایەتیی گەورە لە دژی ئەو هەڵمەتە ئەنجامدراو رێکخراوی باڵای ئاوارەکانیش، پشتگیریی لە هەڵمەتەکە دەکات.

### بڕیاری رووخاندنی زیادەڕۆیی

رۆژی(٢٠١٠/٦/٢٣) لە بینای پارێزگای کەرکوک، ژووری عەمەلیاتی پارێزگا کە پارێزگاری کەرکوک سەرۆکایەتی دەکات‌و بە بەشداریی لێپرسراوانی ئەمنیی لە هێزەکانی پۆلیس کۆبوونەوە، لەبارەی ئەو کۆبوونەوەیەوە، عەمید سەرحەد قادر، ئەندامی لیژنەی ئەمنیی پارێزگای کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەژێر رۆشنایی بڕیارێکی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عێراقدا، بڕیاردراوە کە هەڵمەتی رووخاندنی زیادەڕۆیی لە شاری کەرکوک دەستپێبکات».

### یەکەم هەڵمەتی رووخاندنی زیادەڕۆیی

رۆژی(٢٠١٠/٦/٢٧) بە سەرپەرشتی راستەوخۆی پارێزگاری شارەکەو سەرۆکی شارەوانی‌و هێزێکی زۆری پۆلیس، هەڵمەتی رووخاندنی زیادەڕۆیی لە سەرشەقامی گشتیی دەروازەی کەرکوک–سلێمانی، کەرکوک–هەولێر دەستپێکردو ژمارەیەکی زۆر دووکان‌و بازاڕو گەراج‌و کۆگا رووخێنران‌و لەبارەی هەڵمەتەکەوە عەبدولڕەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکوک، بە رۆژنامەی وت: «ئەم هەڵمەت هەموو ئەو دووکان‌و بازاڕو شوێنە بازرگانییانە دەگرێتەوە کە لەم ماوەیەی دوایدا لەسەر زەویی دەوڵەت بە زیادەڕۆیی دروستکراون‌و چیتر رێگە نادەین زەویی دەوڵەت بۆ مەبەستی شەخسی زیادەڕۆیی لەسەر بکرێت، بۆ ئەمەش بنکەکانی پۆلیس لە ناوچەکانی خۆیان بەرپرسیارن‌و پێشتریش چەندینجار خەڵکمان دەستگیرکردووە لەسەر زیادەڕۆیی، بەڵام بێسوود بووەو پەباند نەبوون بە بڕیاری پارێزگاوە».

### پەنابردن بۆ بەرپرسێکی حیزبیی بۆ راگرتنی بڕیارەکە

رۆژی (٢٠١٠/٦/٢٨) دوای هەڵمەتی رووخاندنی زیادەڕۆیی، ژمارەیەک لە هاوڵاتییانی دانیشتووی گەڕەکی دەروازەو خاوەنی هەندێک لە دووکان‌و بازاڕەکان، بۆ راگرتنی بڕیارەکەو فشارخستنەسەر ئیدارەی کەرکوک، لە شاری سلێمانی سەردانی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیان کردو یەکێک لەو هاوڵاتییانەی لەو سەردانەدا ئامادەبوو، بە رۆژنامەی وت: «کێشەکەمان بۆ باسکردووەو پێمانڕاگەیاندووە کە کاربکات بۆ راگرتنی بڕیارەکە، ئەویش بەڵێنی پێداوین کە بەدواداچوون بۆ کێشەکە بکات».

### نارەزایی‌و خۆپیشاندانی گەورە دژی بڕیارەکە

سێ رۆژ لەدوای هەڵمەتی رووخاندنی زیادەڕۆیی بازرگانی لە (٢٠١٠/٦/٣٠)دا، دانیشتووانی گەڕەکی دەروازەی کەرکوک–سلێمانی، ئەوانەی خاوەنی دووکان‌و بازاڕەکانن، خۆپیشاندانێکی نارەزایی گەورەیان ئەنجامداو بۆ ماوەی حەوت سەعات رێگەی سەرەکیی کەرکوک–سلێمانییان داخست، بەڵام هیچ بەرپرسێکی شارەکە ئامادەنەبوو بەپیر داواکەیانەوە بچێت. هاوڵاتی خۆپیشاندەر، محەمەد شەریف بە رۆژنامەی وت: «هەموو ئەو زەوییانەمان لەلایەن پارتی‌و یەکێتییەوە پێدراوەو لەساڵی(٢٠٠٣)وە گەڕاوینەتەوە شاری کەرکوک، سەرەڕای خراپیی گوزەرانمان‌و نەبوونی خزمەتگوزاریی، لێناگەڕێن بۆخۆمان بژین‌و خانوو و دوکانەکانمان دەڕووخێنن»، ئەو هاوڵاتییە وتیشی: «لەلایەن ئیدارەی پارێزگاوە ئاگادارکراوینەتەوە کە بۆماوەی هەفتەیەک دوکان‌و ماڵەکانی سەرشەقامە گشتییەکە چۆڵ بکەین‌و بیڕووخێنین، بەڵام ئێمە ئامادەنین ئەو کارە بکەین، ئەگەر بیڕووخێنن بەسەریشماندا»، هاوڵاتییەکی دیکە بە ناوی رێبوار عەلی، بە رۆژنامەی وت: «لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، کاندیدەکانی یەکێتی‌و پارتی سەردانیان دەکردین‌و پێیاندەوتین، خانوو و دوکانەکانتان بۆ تاپۆ دەکەین، ئەگەر دەنگمان پێبدەن، بەڵام لەبری تاپۆکردن، دەیڕووخێنن‌و ئامادە نین سەردانیشمان بکەن»، ئەو هاوڵاتییە ئەوەشی وت: «هەڵمەتی رووخاندنەکە، تەنیا دوکان‌و ماڵی هاوڵاتییانی ئاوارەو هەژاری گرتووەتەوەو ئەو دوکان‌و گەراجانەی کە بەرپرسان بە زیادەڕۆیی دروستیانکردوون، نەڕووخێنراون، ئەمەش ناعەدالەتییەکی گەورەیە کە بەرامبەرمان دەکرێت».

### رێکخراوی ئاوارەکان، پشتگیریی بڕیارەکە دەکات

زانا تاهیر، سەرپەرشتیاری گشتیی رێکخراوی لیژنەی باڵای ئاوارە گەڕاوەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە وەک لیژنەی باڵای ئاوارە گەڕاوەکان، پشتگیریی لەو بڕیارە دەکەین بەمەرجێک خانووی خێزانە ئاوارەکان نەگرێتەوە، چونکە پێمانوایە، ئەوانەی دووکان‌و بازاڕ لەسەر ئەو زەوییانە دروستدەکەن، بازرگانی بەناوی ئاوارەکانەوە دەکەن‌و رووی کوردیش ناشیرین دەکەن»، وتیشی: «بە رێکخراوی ئاوارەکانی سەر بە یەکێتی‌و پارتی، (٧٥) هەزار پارچە زەویمان دابەشکردووە بەسەر ئاوارە گەڕاوەکاندا، بەڵام هیچکام لەو زەوییانە زەویی بازرگانی نین، بەڵام کەسانێکی دەوڵەمەند بەناوی ئاوارەکانەوە بازرگانی دەکەن‌و ئێمە بەتەواوی پشتگیریی لە هەڵمەتی رووخاندنی ئەو شوێنە بازرگانییانە دەکەین».

### چارەنووسی هەزاران خانووی تەجاوز بەرەو کوێ؟

بە درێژایی حەوت ساڵی دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، بە زیادەڕۆیی هەزاران خانوو دروستکراون‌و چەندین گەڕەکی نوێی لێکەوتووەتەوە، لەبارەی چارەنووسیانەوە، پارێزگاری کەرکوک دەڵێت: «مانەوە، یان رووخاندنی ئەو هەزاران خانووە، پەیوەندیی بە حکومەتی عێراقەوە هەیەو بەتەنیا لەشاری کەرکوک زیادەڕۆیی نەکراوە، لەکاتێکدا دۆخی کەرکوک دۆخێکی تایبەتەو لەسەردەمی بەعسدا بە هەزاران خێزان دەرکراون‌و دوای پرۆسەی ئازادیی ئەو خێزانانە گەڕاونەتەوە، حکومەت کێشەی نیشتەجێبوونی بۆ چارەسەر نەکردوون، ناچار پەنایان بردووەتە بەر زیادەڕۆیی»، وتیشی: «هەڵمەتی رووخاندن، تەنیا ئەو شوێنە بازرگانی‌و تەنانەت خانووانەش دەگرێتەوە کە شوێنی خزمەتگوزارین، یاخود سەر بۆری نەوتن»، پارێزگاری کەرکوک، ئەوەشی وت: «زیادەڕۆیی سیمای شاری بەتەواوی شێواندووەو گەورەترین کۆسپی بەردەم ئیدارەی شارەکەیە، کە بەهۆی زیادەڕۆییەوە زەوی دەستناکەوێت بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاریی».

# حکومەتی عێراق (٥٢١٨) چەکداری سەحوە لە کەرکوک دادەمەزرێنێت

**هاوڕێ عەبدوڵڵا**

حکومەتی عێراق بڕیاریدا بە دامەزراندنی (٥٢١٨) چەکداری خانەنشینکراوی هێزەکانی سەحوە لە فەرمانگەکانی پارێزگای کەرکوکدا، هاوکات ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بڕیارەکە رەتدەکاتەوە.

بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لیژنەی پێداچوونەوەو جێبەجێکردنی ئاشتەوایی نیشتمانی کە راستەوخۆ سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، بە نووسراوێک بڕیاری دامەزراندنی (٥٢١٨) چەکداری خانەنیشنکراوی سەحوەی لە فەرمانگەکانی کەرکوکدا داوە، رۆژی یەکشەممە (٧/٤) لیژنەی دامەزراندنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک کۆبووەوەو بڕیارەکەی رەتکردەوەو وا بڕیاریشە بۆ ئەو مەبەستە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک نووسراوێک ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران بکات.

ساهیرە سەیفەدین، ئەندامی لیژنەی دامەزراندن لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە لە لیژنەی دامەزراندنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بڕیارەکەمان رەتکردەوەو بۆ ئەو مەبەستە نووسراوێکمان بۆ ئەنجومەن بەرزکردەوە، چونکە ئەو رێژەیە هەمووی عەرەبەو ئەوەش دژی رێکەوتنی نێوان نەتەوەکانە لە دامەزراندنداو خزمەتی گشتیی ناکات.

بەپێی بڕیارەکە رێژەی دامەزراندنی چەکدارەکانی سەحوە بەمشێوەیە بەسەر فەرمانگەکانی پارێزگای کەرکوکدا دابەشدەکرێت: (ئاسار ٢٢٠ کەس، شارەوانییەکان ٨٥٨، ژینگە ١٦٩، پەروەردە١٢٤٠، کشتوکاڵ ٤٣١، تەندروستی ٤٧٦، سەرچاوە ئاوییەکان ٥٣٧، کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ٢٠٥، دارایی ٢٥٠، کۆچو کۆچبەران ١٣٤، مافی مرۆڤ ٣٥٠، پارێزگا ٢٦٠).

هاوکات جوان حەسەن، ئەندامی لیژنەی دامەزراندن لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک وتی: «بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لیژنەی پێداچوونەوەو جێبەجێکردنی ئاشتەوایی نیشتمانی کە راستەوخۆ سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، بڕیاری دامەزراندنی (٥٢١٨) خانەنیشنی سەحوەی لە فەرمانگەکانی کەرکوکدا داوە.

وتیشی: «لەسەر داواکاری لیژنەی دامەزراندن‌و بە مەبەستی رەتکردنەوەی بڕیارەکە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک نووسراو رەوانەی ئەنجومەنی وەزیران دەکات».

بەپێی رێکەوتنی نێوان پێکهاتەکانی کەرکوک، دامەزراندن لە فەرمانگەکانی پارێزگاکە بە رێژەی (٣٢٪) بۆ هەریەک لە کوردو عەرەب‌و تورکمان دەبێت.

hewal.rozhnama@gmail.com

# ئۆپۆزسیۆنبوون

...خنەکان لە کوێوە ئاراستە دەکران؟ کێ دەسپێشخەربووە لە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆندا، ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان (لە ٢٠٠٩/٧/٢٥)وە لەماوەی ساڵێکدا چی کردووە؟، ...دەسەڵاتەوە هەمیشە وا باسی ئۆپۆزسیۆن دەکرێت، کە دان بە هیچی خێردا نانێن؟ تاچەند دەسەڵات لە قەبارەی کارەکانی ئۆپۆزسیۆنی کەمکردووەتەوە؟ ئایا دەبێت ئۆپۆزسیۆن...

ئامادەکردنی دۆسیە: هیوا جەمال

## ئۆپۆزسیۆن هەزار باوکی بۆ پەیدادەبێت

### کێ جاڕی ئۆپۆزسیۆنبوونی دا؟

٣

ئێستا کە ئۆپۆزسیۆن بەشێوەیەکی رەسمیی لە کوردستاندا ژانی لەدایکبوونی تێپەڕاندووەو «لە هەنگاوی سەرەتادایە»، هەر کەسێک لای خۆیەوە بە مێژووی «رەخنەو هەڵوێستەکانیدا» دەچێتەوەو دەیەوێت جاڕدانی ئۆپۆزسیۆنبوون لە هەرێمی کوردستاندا لەخۆیەوە دەستپێبکات.

ئەوەی کە ئێستا لە کوردستاندا وەک ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا چالاکیی ئەنجامدەدەن، هەریەک لە «فراکسیۆنی گۆڕان خاوەنی (٢٥) کورسی، یەکگرتووی ئیسلامیی خاوەنی (٦) کورسی، کۆمەڵی ئیسلامیی خاوەنی (٤) کورسی».

بەپێی بۆچوونی چاودێرانی سیاسیی، خۆپیشاندان‌و ناڕەزاییەکانی خەڵک لە ناوەڕاستی (٢٠٠٥)دا لە شارەکانی سلێمانی، کەلار، دەربەندیخان، ئاکرێ دواتریش هەڵەبجەی شەهید... سەرەتایەک بوون بۆ جارێکی تر بیرکردنەوە لە سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن.

هەرچەندە خۆپیشاندانەکان لەنێوان شارەکاندا رێکخراونەبوون‌و باکگراوندی سیاسیی نەبوو، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتەوە بە توندوتیژیی وەڵامدرانەوە، بەم هەنگاوەش رێڕەوی ئاشتییانە گۆڕا بۆ بەرپەرچدانەوەی توندوتیژانە.

لەدوای ئەم خۆپیشاندان‌و ناڕەزاییانەوە جارناجار لێرەولەوێ خۆپیشاندان‌و ناڕەزایی دیکە دەردەبڕدرا، بەڵام هێزی ئەوەیان نەبووە ببنە ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی، ئەگەرچی چاودێرانی سیاسیی هۆکارەکەی بۆ «بەرپەرچدانەوەی توندی» دەسەڵات دەگەڕێننەوە.

هەر لە درێژەی ناڕەزایەتییەکاندا، بزووتنەوەی هەتاکەی، لە مایسی (٢٠٠٧)دا خۆی ئاشکراکرد، کە ناویان لە خۆیان نەنا ئۆپۆزسیۆن، بەڵام کارەکانیان دەچووە چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆنێک، کە لە دەرەوەی پەرلەمان کاربکەن.

هەوڵەکان بۆ چاکسازیی لە حکومەتی هەرێمدا بەردەوامییان هەبووە، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٨)دا چەپەکان ویستیان بەرەی ئۆپۆزسیۆن دابمەزرێنن، بەو هیوایەی هەموو چەپەکان‌و رۆشنبیران لەناو ئەو بەرەیەدا کۆببنەوە، لەو بڕوایەشدا بوون دەبێت چەپەکان ئۆپۆزسیۆن بن، وەک بەڵێن عەبدوڵڵا، (ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە ٢٠٠٨/٦/١٦-دا) لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا وتوویەتی: «رێ لە ئیسلامی سیاسیی دەگرێت، کە وەک ئۆپۆزسیۆنی کارا لەجیاتی چەپەکان دەرکەوتوون».

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٨)دا دوو گرووپ هەریەکەیان بەیاننامەیەکیان دەرکردو بانگەشەی ئۆپۆزسیۆنبوونیان کرد، گرووپێکیان بەناوی «رێکخراوی گەشە»، کە خۆی وەک حیزبێکی سۆسیالیستی دیموکراتیی ناساند، گرووپی دووەمیان ئەگەرچی هیچ ناوێکیان لەخۆیان نەنابوو، بەڵام لە بەیاننامەیەکی توندو پڕ رەخنە لە دەسەڵاتی کوردی نووسیبوویان: «پێمانوایە دیموکراسیی دەبێت لەسەر دوو پێ بوەستێت، دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆن، نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کاراو کاریگەر وایکردووە دەسەڵات بە ئارەزووی خۆی باشووری کوردستان بەڕێوەببات‌و گوێ لە جەماوەر نەگرێت».

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە زاری عومەر عەبدولعەزیز، بەرپرسی پێشووی شورای یەکگرتووەوە لە چاوپێکەوتنێکی (دەنگی یەکگرتوو رادیۆی هەولێر) لە ٢٠١٠/٢/٦-دا دەڵێت: «پێش راپەڕینیش رۆڵمان هەبووە، بەڵام لەژێر هیچ ناوێکدا نەبووین»، بانگەشەی ئەوەش دەکات، کە لە هەڵبژاردنی (١٩٩٢)دا وەک بێلایەنی ئیسلامیی لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامیدا بەشدارییان کردووە.

یەکگرتوو، کە بە پرۆژەی خزمەتگوزاریی‌و پێدانی مووچە بە هەژاران‌و هەتیوان دەستیپێکردووە، باسی ئەوە دەکەن، کە سەرەتای چوونە ناوەوەی پرۆسەی سیاسییان لە لیژنەی ئاشتەوایی نێوان حیزبەکان، بەتایبەت یەکێتی‌و بزووتنەوەی ئیسلامیی بووە.

### هەڵبژاردنی پەرلەمان ئۆپۆزسیۆنی بە یاسایی کرد

دوای راگەیاندنی حیزبەکەیان لە ١٩٩٤/٢/٦ یەکەم بەشداریی یەکگرتوو لە حکومەتی پارتیدا بوو، بە وەرگرتنی وەزارەتێک کە وەزیری داد بوو.

عومەرعەبدولعەزیزدەڵێت:«دەستپێشخەر لە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی فیعلیی مەیدانی واقیعی لە حاڵەتی سیاسیی کوردستاندا، یەکگرتوو بووە، یەکگرتوو هەر لە بەشداریی وەزارەتەکەوە ئیعتیرازی گرتووە، بەشداریکردنیشمان بۆئەوە بووە کە بە مەرجی موعارەزەبوونەوە بێت».

یەکگرتوو خۆی بە خاوەنی پرۆژەی چوار حیزبەکە دەزانێت، کە لە مانگی کانوونی دووەمی (٢٠٠٩)دا بڵاویانکردەوەو وەک عومەر عەبدولعەزیز دەڵێت: یەکگرتوو هەر موعارەزە بووە، ئەو سێ حیزبەش کە بەشدارییان لەگەڵدا کردین، نەغمەیان وا دەڕۆیشت کە موعارەزە بن، ئەوەش وایکرد کە یەکبگرینەوە، یەکگرتوو بە تەنیا چەندینجار یاداشتی داوەتە حکومەت‌و سەرۆکایەتی هەرێم.

هەریەک لە یەکگرتووی ئیسلامیی،کۆمەڵی ئیسلامیی، حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە ٢٠٠٩/١/١٠ راپۆرتێکیان لەبارەی رەوشی سیاسیی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستانەوە بڵاوکردەوەو تیایدا رەخنەو پێشنیازی خۆیان لەوبارەیەوە خستبووەڕوو.

لە پێشەکی راپۆرتەکەدا نووسیویانە: «بۆچی و بەچی هۆیەک کەموکورتی‌و ناتەواوییەکان لە گشت بوارو لایەنەکانی ژیانی خەڵکدا بەردەوامن‌و کێشەو گرفتەکانی ژیانی رۆژانەیان بێ چارەسەر دەمێننەوەو درێژەیان هەیە؟، یان بۆچی هۆکارە راستەقینەکانی ئەم دۆخەی کە بەردەوامبوونی بەرەو ئاقاری خراپمان دەبات، راشکاوانەو بە روونی ناخرێتە بەردەم خەڵکی کوردستان‌و رای گشتیی کوردستان، تا چیتر بێزاریی‌و ناڕەزایەتی خەڵک نەگاتە رادەی بێئومێدبوون لە دەسەڵات».

هەروەها نووسیویانە: «ئێمە وەک ئەو چوار حیزبەی کە بەشدارین لە پرۆسەی سیاسیی کوردستان، بڕوامان وایە کە چاکسازیی سیاسیی‌و ئابووریی‌و ئیداریی هەرێم گەورەترین فاکتەرو پشتیوانی ئەزموون‌و کێشەکەمانەو نابێت بە پاساوی جۆراوجۆر پرۆسەی چاکسازیی‌و دیموکراسیی هەرێم فەرامۆش بکەین».

لەکۆتاییدا نووسیویانە: «ئەم راپۆرتە کورتەی تێگەیشتن‌و تێڕوانین‌و پێشنیازی ئەم چوار حیزبەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، کە دەیخەینە بەردەم رای گشتیی لە هەرێمی کوردستاندا، بەمەبەستی یەکخستنی هەموو توانا دڵسۆزەکان بە ئاراستەی هەنگاوی عەمەلیی بۆ چاکسازیی‌و پیادەکردنی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا».

لە (٢١)ی ئازاری (٢٠٠٧)دا، کۆمپانیای وشە بۆ راگەیاندن لەگەڵ کردنەوەی سایتی سبەی رەشنووسی پەیامێکی بڵاوکردەوەو وا بانگەشەی کرد، کە کارنامەی کۆمپانیاکەیە، بۆیە داوای لە خەڵک کرد کە لە رێگەی بۆچوونەکانیانەوە بەشداریی بکەن‌و دواتر پەیامەکەی داڕشتەوەو دووبارە بڵاویکردەوە.

کۆمپانیای وشە لە پەیامەکەیدا جەختی لەسەر بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی دیموکراسی، هەڵبژاردنی ئازاد، کاراکردنی پەرلەمان، ململانێی هێورانە، دەستاودەستکردنی هێورانەی دەسەڵاتی سیاسیی‌و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە حکومەت‌و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی تەشریعی‌و تەنفیزی‌و قەزایی لە یەکتری‌و دابینکردنی سەربەخۆیی دادگا دەکردەوە.

چاودێرانی سیاسیی لەو بڕوایەدا بوون ئەم پەیامەی کۆمپانیای وشە، کە لەژێر ناوی (پەیامی دامەزراوەی سبەی) بڵاوکرایەوە تەنیا کارنامەیەکی راگەیاندن نییە، بەڵکو وەک کارنامەیەکی تۆکمەی دامەزراندنی حیزب‌و رێکخستنێک وایە.

لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥-دا، لیستی گۆڕان وەک لیستێکی سەربەخۆی نوێ بەشداریی کردو پەیامی خۆی بۆ خەڵک بڵاوکردەوەو لە پەیامەکەیدا هاتووە: «لیستی گۆڕان قەوارەیەکی سیاسییە،لەگردبوونەوەی کەسانێک پێکدێت کە بەرنامەیەکی سیاسیی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە، کۆشش دەکات لەڕێی هەڵبژاردنی دیموکراتیانەی ئازادو کێبڕکێی ئاشتیانەوە لەسەر دەسەڵات، لەپێناو بەدەستهێنانی متمانەی هاوڵاتییان‌و نوێنەرایەتیکردنیان لە پەرلەمانی کوردستان‌و ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتیکردن لەسەر ئاستی عێراق‌و هەرێم، لەپێناو جێبەجێکردنی ئامانجەکانی لە دامودەزگاکانی فەرمانڕەواییدا».

کۆمەڵی ئیسلامیش نایشارێتەوە، کە ئەوانیش لەپێش هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥-وە وەک ئۆپۆزسیۆن کاریان کردووە، وەک ئارام قادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵ، لە دیدارێکی رۆژنامەی دەستووردا لە مایسی (٢٠١٠)دا دەڵێت: «لە ساڵانی رابردوودا ئەگەر سەیری پرۆتۆکۆڵەکانی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بکەین، دەبینین لیستی کۆمەڵ دەنگی نەداوەتە بودجەو هەڵوێستی هەبووە لە ناشەفافیەتبوون لە بودجەدا، هەروەها لەکاتێکدا ئەنجومەنی حیزبە سیاسییەکان پێکهات، کۆمەڵ بەشێوەیەکی راستەوخۆ تێبینی‌و رەخنەی خۆی هەبووە بەرامبەر بە ئەدای حکومەت‌و راپۆرتی چوار حیزبە کوردستانییەکە، کە درا بە رای گشتیی، ئۆپۆزیسیۆنێکی واقیعی‌و کرداریی دەرخست، کۆمەڵ یەکێک بوو لە هێزە بنەڕەتییەکانی ئەو چوار حیزبە، واتە هەرچەندە لە حکومەتیشدا بووین، بەڵام بێدەنگ نەبووین لە گەندەڵیی‌و کەموکورتیی حکومەت، ئۆپۆزسیۆنبوون یەک شێوەو شێوازی نییەو چەندین ئالییەت‌و میکانیزم هەیە بۆ دەربڕینی رەخنەو بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییەکان».

بەپێی وتەی چاودێرانی سیاسیی، ئۆپۆزسیۆنبوون تەنیا بەلایەنێک یان گرووپێک دروست نابێت‌و لە هەرێمی کوردستانیشدا لەپڕ لەدایک نەبووە، بەڵکو ناڕەزایەتی خەڵک لەبەرامبەر ناعەدالەتیی‌و کەمیی خزمەتگوزاریی‌و نایەکسانیی، هۆکاری دروست بوون‌و سەرهەڵدانی گرووپی نارازیی بوون‌و هەڵبژاردنی پەرلەمانیش ئۆپۆزسیۆنی بەیاسایی کرد.



**لە پەیامەکەی کۆمپانیای وشەدا هاتووە:**

هەوڵدەدەین بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی دیموکراسی، هەڵبژاردنی ئازاد، کاراکردنی پەرلەمان، ململانێی هێورانە، دەستاودەستکردنی هێورانەی دەسەڵاتی سیاسیی، قبووڵکردنی یەکتری، رێزگرتنی مافی کەمایەتی، بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی یەکسانیی قانوونی لە دەنگدانی هەڵبژاردنەکاندا، لە خۆپاڵاوتندا بۆ پۆستی جیاواز، لە وەرگرتنی وەزیفەکانی حکومەتدا، لە وەرگرتنی زەوی‌و ئۆتۆمبێل‌و یارمەتی‌و دارایی‌و سەفەردا، بێ گوێدانە جیاوازیی ئینتیمای حیزبیی، دینی، مەزهەبی‌و رەچەڵەکی نەتەوەیی‌و عەشیرەتی. بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی یەکسانی قانوونی، کۆمەڵایەتی، سیاسیی، ئابووریی، نێرو مێ‌و خۆشکردنی زەمینەی بەشداریی ئافرەت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، بەتایبەتی لە دەزگاکانی بڕیاردانی سیاسیدا، بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە حکومەت‌و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی تەشریعی‌و تەنفیزیی‌و قەزایی لە یەکتری‌و دابینکردنی سەربەخۆیی دادگا، بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی سەروەریی یاساو چەسپاندنی دەوڵەتی قانوون‌و لێپرسینەوەی قانوونیی، بێ جیاوازیی پلەوپایەی حکومەتی‌و حیزبیی‌و کۆمەڵایەتی لە هەر کەسێک کە لادان‌و سەرپێچی‌و پێشێلی لێی رووبدات. بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی دادی کۆمەڵایەتی لە دابینکردنی کار، شوێنی ژیان، خوێندن‌و تەندروستی‌و بێکاریی‌و پەککەوتن‌و پیریدا، بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی لێبووردن‌و پێکەوەژیانی پێکهاتە نەتەوەیی‌و دینی‌و مەزهەبی‌و خێڵەکییەکانی دانیشتووانی کوردستان‌و سەلماندنی مافە سیاسیی‌و رۆشنبیریی‌و ئابووریی‌و کارگێڕییەکانی تورکمان، عەرەب، مەسیحی، ئێزدی، شەبەک‌و هاوبەشییان لە دامودەزگاکانی دەسەڵاتی سیاسیدا. بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی هۆشیاریی نەتەوەیی، چەسپاندنی دڵسۆزیی بۆ نەتەوەو نیشتمان لە جێگەی دڵسۆزیی بۆ سەرکردەو ناوچەو خێڵ‌و حیزب. بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی هاوڵاتیبوون‌و ماف‌و ئەرکەکانی، کە راگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤ‌و دەستووری عێراق‌و قانوونەکانی کوردستان سەلماندوویانەو داکۆکیلێکردنی لە بەرامبەر هەر دەستدرێژیی‌و پێشێلکردنێکیدا. بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی پاراستن‌و پاکوخاوێنڕاگرتنی ژینگە.

بەپێی پێناسەکان، ئۆپۆزسیۆنی تەندروست لە سیستمێکی دیموکراتی تەندروستدا سەرهەڵدەدات، بۆیە دەکرێت بپرسین، ئایا ئۆپۆزسیۆنی کوردیی هەیە؟ پێش ئۆپۆزسیۆن رە
ئینجازەکانی چین؟، حکومەتی سێبەر لەکوێی ئۆپۆزسیۆندایە، ئایا ئۆپۆزسیۆن تەنیا موزایەدەی سیاسیی و راگەیاندنی کردووە یان ئەرکەکانی لە پەرلەمان بەجێهێناوە، بۆ لەلایەن دە
چاوەڕێی فەرمووی دەسەڵات بکات؟... ئەمانەو چەندین پرسیاری تر کە جێگەی مشتومڕی خەڵکە لەم تەوەرەدا شرۆڤە دەکرێن.

## رۆژنامەنووسو رۆشنبیر، بەهمەن تاهیر نەریمان:

# ئۆپۆزسیۆن لەدایکبووە، بەڵام هەڕەشەی جدیی نییە بۆ دەسەڵات

**بەهمەن تاهیر نەریمان، لەوبڕوایەدایە، باوکی حەقیقی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی، بریتییە لە گۆڕان، نەک یەکگرتووی ئیسلامیی و کۆمەڵی ئیسلامیی، هەروەها دەڵێت: کۆمەڵ و یەکگرتوو باوکی ئۆپۆزسیۆنی ئایدیۆلۆژیش نین، بەڵکو چەپەکان باوکی ئۆپۆزسیۆنی ئایدیۆلۆژین. لەم چاوپێکەوتنەی رۆژنامەدا بەهمەن وەک رۆژنامەنووسو رۆشنبیر رەخنە لە گۆڕان وەک ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی دەگرێت و دەڵێت: دەتوانیت لەناو ئۆپۆزسیۆندا چی رەخنەت هەیە لەسەر یەکێتی بە پلەی یەکو پارتی بە پلەی دوو بیلێیت، بەڵام ناتوانیت لەسەر ئۆپۆزسیۆن خۆی قسە بکەیت و باسی دەردەکان بکەیت.**


بەهمەن تاهیر نەریمان

**رۆژنامە: بە بۆچوونی ئێوە ئۆپۆزسیۆنبوون لە هەرێمی کوردستاندا لە کوێوە دەستیپێکردووە؟**

* دەمەوێت سەرەتا ئەوە بڵێم: کە ئۆپۆزسیۆن جیاوازە لە گرووپی فشار، ئەوەش بەوەی کە دەبێتە هێزی سیاسیی و بۆئەوە هەوڵدەدات کە دەسەڵات بگرێتە دەست.

دوای پارتی و یەکێتی، ئەو هێزانەی لەسەرەتادا ئامادەبوون ململانێ بکەن لەگەڵ دوو حیزبەکەدا بۆئەوەی بچنە دەسەڵاتەوە بە پلەی ئیمتیاز ئیسلامییەکان بوون.

راستە پێشتر چەپەکانیش هەبوون، بەڵام ئەوان هێزێک بوون کۆمەڵێک کێشەیان لەبەردەمدا بوو، یەکێک لە ئیشەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە بتوانێت نارەزاییەکان رێکبخات و بیکات بە پرۆژە، هەروەها خەڵک بۆ ئەم داواکارییانە کۆدەکاتەوەو رێکیان دەخات، بەڵام چەپەکان لەدوای راپەڕینەوە نەیانتوانیوە ئەمانە بکەن.

خاڵێکی جەوهەریی، کە ئیسلامیی و چەپەکان کۆدەکاتەوە ئەوەیە، کە هەردوولا ئۆپۆزسیۆنێکی ئایدیۆلۆژی بوون، واتە ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی نەبوون، وەک ئۆپۆزسیۆنی ئایدیۆلۆژی نەتەوەگەرییمان هەیە، یان ئۆپۆزسیۆنی ئایدیۆلۆژی ئیشتراکییمان هەیە، کە دەیەوێت پاکتاوی بۆرجوازییەت بکات، یان وەک چۆن ئۆپۆزسیۆنی دینیمان هەیە، دەیەوێت، ئەوەی لەرێ دەرچووە (لە دین دەرچووە) پاکتاویان بکات، ئەم جۆرە لەناو سیستمی دیموکراسیدا لەدایک نابێت، بەڵکو لە سیستمێکی ستەمگەریدا لەدایک دەبێت.

سیستمی ستەمگەریی بڕوای وایە، سیستمەکەی تەنێکی سەرتەو ناکرێت پارچەپارچە بکرێت، هەرکاتێک ئەم تەنە درزی تێکەوت، ئەوا هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر دەسەڵات، بۆیە کاتێک هێزێک دەیەوێت لەسەر ئەم دەسەڵاتە قسە بکات، یان دەبێت بیکوژێت، یان دەبێت تۆبەی پێ بکات، یان دابڕان رووبدات.

لای ئێمە حیزبی ئیسلامیی لەبەرئەوەی هێزی ئایدیۆلۆژی بوون، خەڵکیان لەسەر ئەو بنچینەیە کۆکردووەتەوە، نەیانتوانیوە ببن بە ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی، بەو مانایەی نەیانتوانیوە بێن لەناو کایەی گشتیی و جەماوەرییدا ئیش بکەن و لەوێوە زۆرینەی خەڵک لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە، ئیسلامییەکان هەمیشە گیرۆدەی ئەوە بوون نەیانتوانیوە لە فەزای ئایدیۆلۆژییەوە بێنە ناو فەزای سیاسەتەوە.

**رۆژنامە: بەڵام بەشداریکردنی ئیسلامییەکان لە دەسەڵاتدا بەو مانایە نییە، کە ئەمان لە حیزبێکی ئایدیۆلیۆژییەوە بوونەتە حیزبێکی سیاسیی؟**

* خۆ حیزبی ئایدۆلۆژی بەو مانایە نییە، کە نایەوێت بەشداریی دەسەڵات بکات، سیاسەت لێرەدا ئەوەیە کە کار لە فەزای گشتییدا بکەیت.

**رۆژنامە: مەبەستم ئەوەیە کە ئەوان یەکەم بەشداریی سیاسییان لە وەرگرتنی وەزارەتێک لە حکومەتی پارتی لە نەوەدەکاندا دەبیننەوە؟**

* ئیسلامییەکان بە درێژایی بەشدارییان لە حکومەتدا ئەوە کێشەیان بووە، کە بەشداریی دەسەڵاتیان کردووەو ویستووشیانە ئۆپۆزسیۆن بن، کێکێک هەبووە، ویستوویانە بیخۆن، کەچی لەهەمانکاتیشدا رەخنەیان لێگرتووە، زۆربەی کات رەخنەیان ئەوە بووە، کە ئەمان زۆرینەیان لە کێکی دەسەڵات نەخواردووە، شەڕی ئەوەیان نەکردووە، ئەم کێکە هی جەماوەرەو دەبێت بدرێتەوە بەخەڵک.

بەفیعلی ئیسلامییەکان ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی نەبوون، ناکرێت باسی سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن بکەیت و باسی ئیسلامییەکان بکەیت، چونکە ئەوان لەیەک کاتدا بەشداریی دەسەڵاتیان کردووەو رەخنەشیان هەبووە.

ناتوانم لە مێژووی پانزە ساڵی رابردوودا بڵێم: ئیسلامییەکان ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی بوون.

باشترین چانس بۆ ئیسلامییەکان ئەوە بووە، کە لەم پانزە ساڵەی رابردوودا چەند شتێک بکەن، لەوانەش:

## ناتوانم لە مێژووی پانزە ساڵی رابردوودا بڵێم: ئیسلامییەکان ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی بوون

یەک: رووی ئایدیۆلۆژیابوون لە خۆیاندا کز بکەن.

دوو: قودرەی دەرچوونیان هەبێت لە ماکەکانی ئیستبدادییەت، لەوانەش: تێکەڵکردنی سوڵتەکان.

سێ: دەستاودەستکردنی سوڵتە، حیزبە ئیسلامییەکان لە ناوخۆشیاندا نەیانتوانیوە لەمانە دەرچن، وەک یەکێتی و پارتی ئەوانیش تاکە سەرکردەیان هەبووە.

**رۆژنامە: کەواتە ئەوەی ئەوان کردوویانە تەنیا گرووپێکی رەخنەگربوون و ئۆپۆزسیۆن نەبوون؟**

* من وای لێدەکەم، ئەم هێزە ئیسلامییانە لەماوەی رابردوودا نەیانتوانیوە ببنە ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی لەبەرئەوەی:

نەیانتوانیوە داواکارییە جەماوەرییەکان لە داواکارییە دینییەکان جیابکەنەوە، شەڕی ئەوان لەماوەی رابردوودا لەسەر چەسپاندنی شەریعەت بووە، وەک سەرچاوەی یاسادانان، یان پاراستنی عورف و ئایین، کە هێڵی سوور بن، شەڕیان لەسەر ئەوە نەبوو، کە حیزب و حکومەت لەیەک جیابکرێنەوە.

ئیسلامییەکان هەمیشە شەڕیان لەسەر ئەوە بووە، کە ئەم گەندەڵییەی لەم وڵاتەدا هەیە پشکی شێریان بەرناکەوێت، بۆیە هەردەم هێزێکی شەرمن بوون.

**رۆژنامە: ئەی دەتوانین لەئێستادا بڵێین بوونەتە ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی؟**

* نەخێر، لەم هەڵبژاردنەی دواییدا بەتایبەت لە (٣/٧) ئیسلامییەکان جارێکی دیکە چوونەوە باوەشی ئایدیۆلۆژیا، ئەوان شەڕەکەیان لەناو خۆیاندا بوو، نەک لەگەڵ دەسەڵاتدا.

**رۆژنامە: ئەگەر باسی هەڵبژاردنی پەرلەمان بکەین، لەو بڕوایەدایت (٧/٢٥) سەرەتای سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسییە، لە هەرێمی کوردستاندا؟**

* بەڵێ، چونکە لە (٧/٢٥)دا هێزێک دروستبوو، کە ئایدیۆلۆژییەکی روونی لەپشتەوە نییە، ئەم هێزە توانای ئەوەی هەیە کە رێژەیەکی باشی جەماوەر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، ئەم هێزە راستەوخۆ پەنجە دەخاتە سەر برینە قووڵەکان، بۆیە دەتوانیت بڵێیت: ئەم هێزە (گۆڕان) ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسییە. لەهەمانکاتدا ئەم هێزە ئامادە نییە لە حکومەتدا بەشداریی بکات، بەڵکو لە پەرلەماندا وەک ئۆپۆزسیۆن دەمێنێتەوە، ئەم هێزە (گۆڕان) مۆدێلێکی نوێیەو باوکی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسییە.

باوکی حەقیقی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی، بریتییە لەم هێزە کە گۆڕانە، بریتیی نییە لە یەکگرتووی ئیسلامیی و کۆمەڵی ئیسلامیی، ئەسڵەن کۆمەڵ و یەکگرتوو باوکی ئۆپۆزسیۆنی ئایدیۆلۆژیش نین، بەڵکو چەپەکان باوکی ئۆپۆزسیۆنی ئایدیۆلۆژین.

**رۆژنامە: باسی ئەوە دەکرێت، کە ئەم هێزە سواری کۆمەڵێک نارەزایی خەڵک بووەو ئایدیۆلۆژیایەکی روونی لەپشتەوە نییەو تەنیا کۆمەڵێک رەخنەگرو نارازین، ئایا ئەمانە دەتوانن ببنە ئۆپۆزسیۆن؟**

* نابێت ئەم هێزە ئایدیۆلۆژیای لە پشتەوە نەبێت، بەڵام ئەم هێزە بەدەر نییە لە فەوزایەک کە تیایدایە، پڕە لە فەوزای خۆی، ئەوانیش بریتین لە: تائێستا کە باسی گەندەڵیی و ناشەفافییەتی ئابووریی دەکات، نازانرێت سەرچاوەی ئابووریی چییە، تائێستا نازانم لەکوێوە ئەو هەموو کەناڵەی راگەیاندنە ئیدارەی مالیی بۆ فەراهەم دەکات.

دوو: تائێستا نازانێت داواکارییەکانی بە جەماوەریی بکات، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ئەم هێزە دەنگێکی باشی هێنا، بەڵام دوای چەند مانگێک لە هەڵبژاردنێکی تردا دەنگەکان دابەزین، هۆکاری ئەمە چییە؟ یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانیش ئەوەیە، کە ئەم هێزە روون نییە دەیەوێت چیمان پێ بڵێت، پڕۆژەکانی روون نین، هەروەها ململانێکانی جاری وایە لە هێزێکی لەتبوو (مونشەق) دەچێت، هەمیشە شەڕ لەگەڵ ئەو پارچەیەدا دەکات کە لێی جیابووەتەوە، شەڕ لەگەڵ ئەوەدا ناکات کە لە فەزای گشتییدایە، شەڕی لەگەڵ پارتی نەبوو، جگە لەوەی ئەم دواییە کە بۆ سەردەشت عوسمان، کردی.

بۆیە لە هەردوو هەڵبژاردنەکەی پێشوودا بە شووناسێکی ناوچەییەوە مامەڵەی کردووەو لەو ناوچەیەدا قەتیس بووە، ناتوانێت ئەم شووناسە جێبێڵێت، بۆیە دەبێت شووناسێکی نیشتمانیی هەبێت و کار لەسەر کێشە نیشتمانییەکان بکات، لێرەوەیە ئەم هێزە هێزێکی شەرمن بووە، لەهەمان کاتدا ترسنۆکیش بووە، چونکە ئەو دەسەڵاتەی تائێستا لە ناوچەکانیدا سیاسەتکردن قورسە، جیاوازییەکان بە قورسی وەردەگیرێت، (کە پارتییە)، ئەم هێزە (گۆڕان) نەیتوانیوە بەجدیی لەسەر ئەو کێشانەی لەژێر ئەو دەسەڵاتەدا هەیە کار بکات، جگە لەوەی سەردەشت.

ئەم هێزە (گۆڕان) ئەگەر بیەوێت ببێتە ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی بەرفراوان و پڕۆژەکانی جێبەجێ بکات و بگاتە دەسەڵات، ئەوا پێویستی بەوە هەیە خۆی لە مێژووی ئینشیقاق رزگار بکات.

**رۆژنامە: گۆڕان وەک ئۆپۆزسیۆن باسی بێبەرنامەیی لە دەسەڵاتدا دەکات، دەکرێت خۆی هێزێکی بێ بەرنامە بێت؟**

* دەکرێت گرووپی فشار بێ بەرنامە بێت، بەڵام ناکرێت باسی ئۆپۆزسیۆن بکەیت، بێئەوەی بەرنامەی دروستی هەبێت بۆئەو رەخنانەی لە دەسەڵاتی دەگرێت، چونکە کاری ئەم ئەوەیە، کە:

یەک: کادیری تەکنۆکرات ئامادە بکات بۆ ئەو شوێنانەی کە دەسەڵات نییەتی.

دوو: ئامادەکرنی پڕۆژە بۆ ئەو کێشانەی

## خاڵێکی جەوهەریی، کە ئیسلامیی و چەپەکان کۆدەکاتەوە ئەوەیە، کە هەردوولا ئۆپۆزسیۆنێکی ئایدیۆلۆژی بوون

کە رەخنەی لێی هەیە. سێ: کاری ئەوەیە کە بە وردیی رەخنە بگرێت و بەدیلیشی هەبێت.

**رۆژنامە: بەڵام ئەم هێزە پڕۆژەی هەیە لە پەرلەماندا و بڵاویشی کردووەتەوە؟**

* پڕۆژەی تەواومان بۆ هەموو بوارەکان دەوێت، خۆ یەکگرتووش پڕۆژەی سیاسیی هەبووە، بەڵام چۆن قەناعەت بە جەماوەر دەکەیت کە ئەمانە لە خزمەتی جەماوەردایە، ئۆپۆزسین دەیان پڕۆژەی هەبێت کە پاڵپشتی جەماوەری نەبێت، ئەوا کاریگەریی نابێت، ئۆپۆزسیۆن لای ئێمە لەدایکبووە، بەڵام تائێستا هەڕەشەی جدیی نییە بۆ سەر دەسەڵات.

تائێستا ئۆپۆزسیۆن لەبەردەم ئەگەری ئەوەدایە، کە دەسەڵات لە پەلوپۆی بخات، یان بچووکی بکاتەوە، تائێستا یەکێتی و پارتی ناتوانن قبووڵی دەستاودەستی دەسەڵات بکەن، بەوشێوەی ئاشتییانە، ئەمەش بە کۆکردنەوەی جەماوەرو پشتگریی ئەوان دەبێت، کە گۆڕان لە دەسەڵاتیاندا قبووڵ بکەن.

تائێستا هێزی ئۆپۆزسیۆن نیگەرانیی جەماوەری لەسەرەو نەیتوانیوە ئەو نیگەرانییانەی لە یەکێتی و پارتی هەیە لەمان نەبێت.

دەتوانیت لەناو ئۆپۆزسیۆندا چی رەخنەت هەیە لەسەر یەکێتی بە پلەی یەکو پارتی بە پلەی دوو بیلێیت، بەڵام ناتوانیت لەسەر ئۆپۆزسیۆن خۆی قسە بکەیت و باسی دەردەکان بکەیت.

تائێستا ئۆپۆزسیۆن لەناو ئێمەدا نەیتوانیوە وەک هێزێکی دیموکرات جیاوازییەکان قبووڵ بکات، بۆیە هەموو جیاوازییەکان دەکوژێت و فڕێی دەداتە دەرەوەو بە مەترسیی لەسەر خۆی دەزانێت.

## باوکی حەقیقی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی، بریتییە لە گۆڕان

بەهمەن تاهیر نەریمان.
ساڵی (١٩٧٣) لەدیکبووە.
بەکالۆریۆسی لە زمانی کوردیدا هەیە.
لەسەر فیکری ئایین و ئیسلامیی سیاسیی و سیستمی حیزبی لێکۆڵینەوەو وتاری هەیە.
ئێستا ستافی کارای رۆژنامەی چاودێرە.

## (٦٢) رۆژه‌ خوێنی سه‌رده‌شت رژاوه‌!

# لیژنه‌ی لێكۆڵینه‌وه‌كه‌ شكستی هێنا

راپۆرتی: شارا عه‌بدولڕه‌حمان



ده‌سه‌ڵات خۆی به‌ڵێنیدا بكوژان بدۆزێته‌وه‌

(٦٢) رۆژ به‌سه‌ر تیرۆركردنی رۆژنامه‌نووس سه‌رده‌شت عوسماندا تێده‌په‌ڕێت‌و تائێستا لیژنه‌ی تایبه‌تمه‌ند هیچ زانیارییه‌كی سه‌باره‌ت به‌ ئه‌نجامده‌رانی كاره‌كه‌ ئاشكرا نه‌كردووه‌، كه‌مپه‌ینی هه‌فته‌ی بێده‌نگ نابینیش، ئاماژه‌ به‌وه‌ ده‌كات: كه‌ لیژنه‌كه‌ په‌یوه‌ندیی به‌ پارتییه‌وه‌ هه‌یه‌.

دوای تیرۆركردنی سه‌رده‌شتی رۆژنامه‌نووس، سه‌رۆكی هه‌رێم‌و سه‌رۆكی حكومه‌ت به‌ڵێنیاندا كه‌ به‌دواداچوونی ورد بۆ رووداني حاڵه‌ته‌كه‌ بكه‌ن‌و لیژنه‌یه‌كی تایبه‌تمه‌ندیان بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ پێكهێنا، به‌ڵام لیژنه‌كه‌ نه‌ وته‌بێژێكی هه‌یه‌ تا كه‌ناڵه‌كانی راگه‌یاندن زانیاریی لێوه‌ربگرن، هاوكات خۆشیان هیچ زانیارییه‌ك ئاشكرا ناكه‌ن.

شۆڕش ئه‌مین، ئه‌ندامی كه‌مپه‌ینی هه‌فته‌ی بێده‌نگ نابین ئه‌وه‌ی بۆ رۆژنامه‌ روونكردەوه‌: كه‌ ئه‌و لیژنه‌یه‌ سه‌ر به‌ دوو ده‌زگایه‌، كه‌ راسته‌وخۆ په‌یوه‌ندییان به‌ پارتییه‌وه‌ هه‌یه‌ (وه‌زاره‌تی ناوخۆ، سه‌رۆكایه‌تی هه‌رێم)، وتیشی: «ئێمه‌ پێمان باش بوو یۆنامی‌و كه‌سوكاری سه‌رده‌شت‌و خه‌ڵكانی بێ لایه‌ن ئه‌ندامی لیژنه‌كه‌ بن، به‌ڵام پێشنیاره‌كه‌مان قبووڵ نه‌كرا».

ته‌ئكیدی له‌وه‌شكرده‌وه‌، كه‌ لیژنه‌ی لێكۆڵینه‌وه‌كه‌ شكستی هێناوه‌و نه‌یتوانیوه‌ ئه‌نجامی راسته‌قینه‌ بداته‌ خه‌ڵك، وتیشی: «به‌هه‌ند وه‌رنه‌گرتنی ئه‌و هه‌موو قسه‌یه‌ی كه‌ له‌ راگه‌یاندنه‌كانه‌وه‌ له‌سه‌ر كاره‌كانیان ده‌كرێت بێ به‌هاكردن‌و بچووككردنه‌وه‌ی ئه‌و تاوانه‌یه‌، كه‌ به‌رامبه‌ر ده‌نگی ئازاد له‌ كوردستاندا كراوه‌، هه‌ربۆیه‌ له‌ئێستادا رای گشتیی له‌و بڕوایه‌دایه‌، كه‌ ئه‌و ده‌زگایانه‌ له‌ خزمه‌تی خه‌ڵكدا نین‌و له‌ خزمه‌تی حیزبدان».

كه‌مپه‌ینی هه‌فته‌ی بێده‌نگ نابین بڕیاریانداوه‌ تاكو ئاشكراكردنی بكوژانی سه‌رده‌شت له‌ چالاكییه‌كانیان به‌رده‌وام بن‌و فشاری مه‌ده‌نیانه‌ بۆ سه‌ر ده‌سه‌ڵات له‌و باره‌یه‌وه‌ زیاتر بكه‌ن، ئه‌ندامی كه‌مپه‌ینه‌كه‌ش دووباره‌ی ده‌كاته‌وه‌، كه‌ به‌هیچ جۆرێك بێده‌نگ نابن.

په‌رله‌مانی كوردستانیش كه‌ ده‌سه‌ڵاتی چاودێریكردنه‌ به‌سه‌ر كاروباره‌كانی حكومه‌ته‌وه‌ له‌ئێستادا چاودێریی كاره‌كانی ئه‌و لیژنه‌یه‌ ده‌كات، كه‌ بۆ لێكۆڵینه‌وه‌ له‌ تیرۆركردنی سه‌رده‌شت عوسمان پێكهێنراوه‌، به‌ڵام ئه‌وانیش هیچ سه‌ره‌داوێكیان بۆ ئاشكرا نه‌بووه‌.

قادر حه‌سه‌ن، ئه‌ندامی لیژنه‌ی ناوخۆ له‌ په‌رله‌مانی كوردستان به‌ رۆژنامه‌ی راگه‌یاند: ئێمه‌ چاودێریی كاره‌كانی لیژنه‌كه‌ ده‌كه‌ین‌و له‌گه‌ڵ لایه‌نی په‌یوه‌ندیدار كۆبووینه‌ته‌وه‌، ئه‌وه‌نده‌ی ئاگاداربین ئیشی خۆیان كردووه‌، هه‌موومان به‌په‌رۆشین بۆ ئاشكراكردنی بكوژانی سه‌ده‌شت‌و ریسواكردنیان، ئاشكرابوونی قه‌زییه‌كه‌ش په‌یوه‌ندیی هه‌یه‌ به‌كاته‌وه‌».

به‌ڵام بنه‌ماڵه‌ی سه‌رده‌شت له‌ نووسراوێكیاندا ئاماژه‌یان به‌وه‌داوه‌، كه‌ چیتر ته‌حه‌مولی چاوه‌ڕوانیكردن ناكه‌ن، هه‌ربۆیه‌ داوای هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌و گۆڕینی ئه‌و لیژنه‌یه‌ ده‌كه‌ن كه‌ پێكهێنراوه‌.

له‌ نووسراوه‌كه‌یاندا كه‌ به‌كر عوسمان، له‌جیاتی بنه‌ماڵه‌ی سه‌رده‌شت نووسیویه‌تی هاتووه‌: «ده‌ركه‌وت كه‌ لیژنه‌كه‌ له‌ كاره‌كانیدا سه‌ركه‌وتوو نه‌بووه‌و خه‌ریكه‌ به‌ئاراسته‌یه‌كی تردا كارده‌كات، كه‌ ئه‌ویش ته‌حقیق كردنه‌ له‌ خه‌ڵكانێك كه‌ رۆژنامه‌نووس، یان دانیشتووی شاره‌كانی ترن‌و له‌ بناغه‌وه‌ بێ ئاگان له‌كاره‌كه‌».

بنه‌ماڵه‌ی سه‌رده‌شت، ئه‌وه‌ به‌بیردێننه‌وه‌ كه‌ ده‌سه‌ڵات خۆی به‌ڵێنی پێداون كه‌ به‌جدیی‌و لێبڕاویی كار بۆ دۆزینه‌وه‌و دادگاییكردنی بكوژانی سه‌رده‌شت بكات، به‌ڵام ئه‌وه‌ نه‌بینراوه‌، هه‌ربۆیه‌ داوا له‌ سه‌رۆكی هه‌رێم ده‌كه‌ن، كه‌ ته‌ده‌خول له‌ كێشه‌كه‌دا بكات‌و لیژنه‌كه‌ هه‌ڵبووه‌شێنێته‌وه‌و له‌جێگه‌ی ئه‌و لیژنه‌یه‌كی نوێ له‌ رۆژنامه‌نووسان‌و رێكخراوه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نی‌و لایه‌نه‌ سیاسییه‌كانی كوردستان‌و رێكخراوه‌ نێونه‌ته‌وه‌ییه‌كان‌و نوێنه‌ری بنه‌ماڵه‌ی سه‌رده‌شت پێكبهێنێت.

نووسراوه‌كه‌ی بنه‌ماڵه‌ی سه‌رده‌شت له‌كاتێكدایه‌، سه‌رۆكی هه‌رێم خۆی به‌به‌رپرسی ئه‌منیه‌تی ژیانی هه‌موو تاكێكی هه‌رێم ده‌زانێت، به‌ڵام كه‌مته‌رخه‌میی له‌ لێكۆڵینه‌وه‌ سه‌باره‌ت به‌و كه‌یسه‌ هه‌یه‌، هه‌ربۆیه‌ بنه‌ماڵه‌ی سه‌رده‌شت ده‌ڵێن: «هه‌ست به‌هیچ ئه‌منیه‌تێك ناكه‌ین».

لیژنه‌ی لێكۆڵینه‌وه‌ له‌ كه‌یسی تیرۆركردنی سه‌رده‌شت عوسمان، هیچ وته‌بێژێكی نییه‌، هه‌ربۆیه‌ رۆژنامه‌ په‌یوه‌ندیی كرد به‌ وته‌بێژی حكومه‌ته‌وه‌، به‌ڵام له‌گه‌ڵ سه‌رۆكی هه‌رێمدا له‌ده‌ره‌وه‌ی وڵات بوون، هاوكات رۆژنامه‌ چه‌ند جارێك په‌یوه‌ندیی كرد به‌ بریكاری وه‌زاره‌تی ناوخۆوه‌، به‌ڵام ته‌له‌فۆنه‌كه‌ی به‌رده‌ست نه‌بوو، ئه‌مانه‌و جگه‌ له‌ چه‌ند هه‌وڵێكی تر، هه‌ربۆیه‌ رۆژنامه‌ نه‌یتوانی هیچ سه‌ره‌داوێك له‌ كاره‌كانی لیژنه‌كه‌ په‌یدا بكات.

---

# داواده‌كرێت به‌ یاسا خزمه‌تی كه‌سوكاری شه‌هیدان بكرێت

## یاسا كۆنه‌كه‌ كه‌موكووڕیی تێدایه‌و وه‌ك پێویست ماف‌و ئیمتیازی نه‌داوه‌ته‌ كه‌سوكاری شه‌هیدان

راپۆرتی: لانه‌ كه‌ریم



كه‌سوكاری شه‌هیدان مه‌غدورترین چینی كۆمه‌ڵگه‌ن

فراكسیۆنی گۆڕان، پڕۆژه‌یاسای پێشنیازی هه‌مواركردنی یاسای ماف‌و ئیمتیازاتی كه‌سوكاری شه‌هیدان‌و ئه‌نفالكراوانی پێشكه‌ش به‌ په‌رله‌مانی كوردستان كردووه‌و وته‌بێژی وه‌زاره‌تی شه‌هیدانیش ئاماژه‌ به‌وه‌ ده‌كات: له‌گه‌ڵ هه‌موو چاكسازییه‌كدان كه‌ له‌ خزمه‌تی كه‌سوكاری شه‌هیداندا بێت.

له‌چه‌ند رۆژی رابردوودا، په‌رله‌مانی كوردستان خوێندنه‌وه‌ی یه‌كه‌می بۆ پڕۆژه‌یاسای پێشنیازی هه‌مواری دووه‌می بۆ یاسای ماف‌و ئیمتیازی كه‌سوكاری شه‌هیدان‌و ئه‌نفالكراوان كرد كه‌ له‌لایه‌ن فراكسیۆنی گۆڕانه‌وه‌ پێشكه‌ش به‌ په‌رله‌مان كرابوو، ئه‌ندامانی ئه‌و فراكسیۆنه‌ش پێیانوایه‌، پێویسته‌ خزمه‌تی زیاتر به‌ كه‌سوكاری شه‌هیدان‌و ئه‌نفالكراوان بكرێت‌و جیاوازی له‌نێوانیادا نه‌كرێت.

ڤیان عه‌بدولڕه‌حیمی په‌رله‌مانتاری فراكسیۆنی گۆڕان‌و ئه‌ندامی لیژنه‌ی شه‌هیدان‌و كاروباری قوربانییان، به‌ رۆژنامه‌ی راگه‌یاند: «پێمانوایه‌ ئه‌و یاسایه‌ كه‌موكووڕیی تێدایه‌و وه‌ك پێویست ماف‌و ئیمتیازی نه‌داوه‌ته‌ كه‌سوكاری شه‌هیدان، هه‌ربۆیه‌ داوای هه‌مواركردنه‌وه‌یمان كردووه‌و به‌پێویستی ده‌زانین كه‌ به‌ یاسا خزمه‌تی زیاتری كه‌سوكاری سه‌ربه‌رزی شه‌هیدان بكرێت».

پڕۆژه‌یاسای پێشنیازی هه‌مواری دووه‌می یاسای ماف‌و ئیمتیازی كه‌سوكاری شه‌هیدان‌و ئه‌نفالكراوان، له‌چه‌ند خاڵێكدا چڕكراوه‌ته‌وه‌ كه‌ گرنگترینیان بریتییه‌ له‌ [زیادكردنی مووچه‌ی شه‌هیدان به‌شێوه‌یه‌ك كه‌ له‌گه‌ڵ ژیان‌و گوزه‌رانی ئێستای كوردستاندا بگونجێت، نه‌هێشتنی جیاوازی له‌نێوان مووچه‌ی پله‌كانی شه‌هیدا، واته‌ پله‌ی شه‌هیدی سه‌ركرده‌، یان سه‌نگه‌ر، یان خه‌باتگێڕ، خه‌رجكردنی ده‌رماڵه‌ بۆ منداڵی شه‌هیدان له‌ زانكۆو قوتابخانه‌كان، پێدانی مووچه‌ی چه‌ند شه‌هیدێك به‌ وارسی پله‌ یه‌ك، له‌بری پێدانی مووچه‌ی ته‌نیا یه‌ك شه‌هید، جگه‌ له‌پێدانی سولفه‌ی هاوسه‌رگیریی‌و سولفه‌ی خانووبه‌ره‌و پێدانی سولفه‌ی تایبه‌ت كه‌ له‌سه‌ر بودجه‌ی وه‌زاره‌تی شه‌هیدان بێت، دامه‌زراندن له‌ دامود‌ه‌زگاكانی حكومه‌تدا به‌ رێژه‌ی (٥٠٪) بێت بۆ كه‌سوكاری شه‌هیدان‌و ئه‌نفالكراوان به‌پێی پسپۆڕیی‌و لێهاتوویی، كه‌سوكاری شه‌هیدان ببه‌خشرێن له‌ باجی موڵك‌و خانووبه‌ره‌ به‌ رێژه‌ی(٥٠٪)].

پڕۆژه‌یاساكه‌ی فراكسیۆنی گۆڕان، له‌(٢٠٠٩/١١/١٨)ه‌وه‌ پێشكه‌ش به‌ په‌رله‌مان كراوه‌و نزیكه‌ی هه‌شت مانگ به‌سه‌ر پێشكه‌شكردنیدا تێپه‌ڕیوه‌و سه‌باره‌ت به‌دواخستنی پڕۆژه‌كه‌ش، ڤیان وتی: «ده‌بوو زووتر بخرایه‌ته‌ به‌رنامه‌ی كاره‌وه‌، چونكه‌ ئه‌و پڕۆژه‌یه‌ په‌یوه‌ندیی هه‌یه‌ به‌ ژیان‌و گوزه‌رانی كه‌سوكاری سه‌ربه‌رزی شه‌هیدان‌و ئه‌نفالكراوانه‌وه‌، كه‌ مه‌به‌ست لێی باشتركردنی ره‌وشی گوزه‌ران‌و ئاوڕدانه‌وه‌یه‌ لێیان».

له‌ئێستادا مووچه‌ی وارسی شه‌هیدانی هه‌رێمی كوردستان، به‌چه‌ند پله‌یه‌ك دابه‌شكراوه‌، به‌م شێوه‌یه‌ (شه‌هیدانی سه‌ركرده‌ی مه‌یدانی (٢)ملیۆن‌و (٥٠٠) هه‌زار، شه‌هیدی سه‌ركرده‌ (١)ملیۆن‌و (٢٠٠)هه‌زار، كارگێڕی فه‌رمانده‌یی (٩٥٠) هه‌زار، كادیری سه‌ربازی له‌ (٤٠٠ –٩٥٠) هه‌زار، شه‌هیدی سه‌نگه‌ر (٤٠٠)هه‌زار) كه‌ ئه‌م مووچانه‌ له‌بودجه‌ی (٢٠١٠)دا ده‌ستكاری كراون به‌جۆرێك كه‌ ئه‌و مووچانه‌ی له‌ نێوان (٤٠٠)هه‌زار تا (٦٩٩)هه‌زار دیناردان به‌ رێژه‌ی (٢٥٪) زیادكراون، ئه‌و مووچانه‌ش كه‌ له‌نێوان (٧٠٠)هه‌زار تا (٩٥٠)هه‌زار دیناردان به‌ رێژه‌ی (١٥٪) زیادیان كردووه‌، شه‌هیدانی هاوڵاتیش مووچه‌كه‌یان بووه‌ به‌(١٨٠) هه‌زار دینارو هاوكات كه‌سوكاری ئه‌نفالكراوانیش مووچه‌كه‌یان له‌ (٣٠٠) هه‌زاره‌وه‌ بووه‌ به‌ (٤٥٠)هه‌زارو ئه‌و وارسانه‌ی له‌ئه‌نفالكراوێك زیاتریان هه‌یه‌، مووچه‌كه‌یان له‌(٦٠٠)هه‌زاره‌وه‌ بووه‌ به‌ (٩٠٠)هه‌زار.

فوئاد عوسمان، وته‌بێژی وه‌زاره‌تی كاروبای شه‌هیدان‌و ئه‌نفالكراوانی حكومه‌تی هه‌رێم، به‌ رۆژنامه‌ی راگه‌یاند: «پێمان باشه‌، ده‌ستكاریكردنی مووچه‌و ده‌رماڵه‌ی شه‌هیدان له‌سه‌ر بنه‌مای ژماره‌ی ئه‌ندامانی خێزان بێت‌و هاوكات له‌گه‌ڵ هه‌موو چاكسازییه‌كداین كه‌ له‌ به‌رژه‌وه‌ندیی كه‌سوكاری شه‌هیداندا بێت‌و پشتگیریی لێده‌كه‌ین».

# کابینەی شەشەمیش، نەخۆشخانەی (٤٠٠) قەرەوێڵەیی سلێمانی پێ تەواو ناکرێت

راپۆرتی: چاوان عەلی

نەخۆشخانەی(٤٠٠)قەرەوێڵەیی لە سلێمانی ئێستا تەنیا (٥٥٪)ی تەواوکراوە، بەپێی گرێبەستەکە دەبوو لە (٢٠٠٨)دا، تەواوبکرایەو کەمەتەرخەمییەکەشی بۆئەنجومەنی وەزیران دەگەڕێنرێتەوە.

بەپێی ئەو گرێبەستەی کە لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٤) لەگەڵ کۆمپانیای (UI)ی کۆری لەلایەن دەزگای پرۆژە تایبەتەکانەوە بەستراوە دەبوو لە (٢٠٠٨)دا نەخۆشخانەکە تەواوبکرێت.

هێمن خالید، ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکە ئاماژەی بەوەکرد: پرۆژەکە لە کۆمپانیا کۆرییەکە سەندراوەتەوەو بەم نزیکانە کارەکە لە ڕێگەی تەندەرەوە دەدرێتە کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی.

لە پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی (٢٠١٠) پرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەی (٤٠٠) قەرەوێڵەیی لە سلێمانی بڕی (٧٥) ملیارو (٣٥) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، کە تا ساڵی (٢٠٠٩) بڕی (٥٤) ملیاری خەرجکراوەو تەنیا (٢١) ملیارو (٣٥) ملیۆنی ماوەتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە، کە بە وتەی ئەندامێکی بۆردی پرۆژەکە تائێستا تەنیا (٥٥٪)ی پرۆژەکە تەواو بووەو بەو بودجەیەشی کە ماوەتەوە پرۆژەکە تەواو ناکرێت.

تەواو نەبوونی پرۆژەکە بە وتەی سەرچاوەیەک لە ئەنجومەنی وەزیران، دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت، چونکە هەر لە سەرەتاوە بەبێ ئاگاداری وەزارەتی تەندروستی، دەزگای پرۆژەتایبەتەکانی ئەنجومەنی وەزیران گرێبەستەکەی لەگەڵ کۆمپانیای (UI)ی کۆری ئیمزاکرد، دواتر کە کارەکەی پێنەکراوە دراوەتە وەزارەتی تەندروستی لە (٢٠٠٨) یشەوە وەک هێمن خالید، دەڵێت: «کارەکانی پرۆژەکە، بۆردەکە ئەنجامی دەداو کۆمپانیاکە تەنیا لەلایەنی دارایییەکە ئاگادار دەکرایەوە».

بە وتەی سەرچاوەیەکی باڵای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، دوای گۆڕینی جێگری سەرۆکی حکومەت لە نیوەی ساڵی (٢٠٠٩) دا دەستپێکردنەوەی کارەکانی پرۆژەکە بەوشێوەیەی کە بۆردەکە بەڕێوەی بەرێت، (٣) مانگ لە ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن لیژنەی یاساییەوە تاوتوێکراو دواتر ڕێگریی بۆ دروستبوو تا دوای گۆڕینی کابینەی حکومەتو دەستبەکاربوونی کابینەی شەشەمی حکومەتیش کارەکان دەستی پێ

**لەگەڵ هەموو ئەم دواکەوتنانەدا، کۆمپاینا کۆرییەکە غەرامە نەکراوە**

نەکردووەتەوە، بەڵام لە ئێستادا حکومەت پرۆژەکەی لە وەزارەتی تەندروستی سەندووەتەوەو داویەتی بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە.

لەگەڵ هەموو ئەم دواکەوتنانەدا، کۆمپاینا کۆریەکە غەرامە نەکراوە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە چەند جارێک کارەکانی پرۆژەکە بەهۆی کەمتەرخەمیی کۆمپانیاکەوە راگیراوە، کە بەپێی هەموو گرێبەستێکی کارکردن لە بەرامبەر هەردواکەوتنێک کۆمپانیاکە پێویستە غەرامە بکرێت، بەڵام کاتێک غەرامە کرا، لەلایەن حکومەتەوە پارەی غەرامەکە بۆ کۆمپانیا کۆرییەکە گەڕێنرایەوە کە نەزانرا هۆکارەکەی چی بوو.

هەرچەندە ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکە، ئاماژە بە کەمیی ئەو بودجەیە دەکات کە بۆ پرۆژەکە تەرخانکراوەو پێیوایە،کە نەخۆشخانەیەکی لەمجۆرە لە ناوەڕاستو باشوور دوو ئەوەندە بودجەیان بۆ دادەنرێت، بەڵام بەپێی زانیارییەکان دواکەوتنی کارەکانی پرۆژەکە زیانی لە بودجەکەدا داوە.

لە ساڵی (٢٠٠٨)وە کە وادەی تەواوکردنی پرۆژەکە کۆتایی هاتووەو نەتوانرا تەواوبکرێت، نزیکەی (٥٠٠) کرێکاری کۆمپانیاکە بێکار مابوونەوەو کۆمپانیاکەش خۆی لێ بێبەری کردن، هەربۆیە وەزارەتی تەندروستی لەسەر بودجەی پرۆژەکە کرێکارەکانی رەوانەی وڵاتانی خۆیان کردووەتەوە.

هەروەک (١٠) کارمەندی وەزارەتی تەندروستی کە لە ئەندازیارو فەرمانبەری رووپێویو کارگێری پێکهاتوونو ماوەی (٥) ساڵە مووچە وەردەگرنو یەکلایی بوونەتەوە بۆ کاری نەخۆشخانەکە، کە تائێستا نیوەی کارەکانی تەواوبووە.

سەرچاوەکەی ئەنجومەنی وەزیران جەختی لەوەکردەوە: ئەو پارەیەی بۆ ئەو فەرمانبەرو کارمەندانە تەرخانکراوە لە بودجەی گشتیی دەڕوات بەپێویستی دەزانێت لایەنی کەمتەرخەم سزابدرێت.

پرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەی (٤٠٠قەرەوێڵەی لە سلێمانی، کە وەک ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکە ئاماژەی پێدا رەنگە بە ساڵو نیوێکی دیکە تەواو بکرێت، بەڵام سەرچاوەیەکی نزیک لە کارەکانی پرۆژەکە ئەوەی رەتکردەوەو بۆ رۆژنامە وتی: «لەبەر ئەوەی بودجەکەی کەمە، ماوەتەوەو پێویستی بە بودجەی دیکە دەبێتو لایەنێکیش نییە لەلایەنی کەمتەرخەم بکۆڵێتەوە، هەربۆیە پێدەچێت پرۆژەکە تا کابینەی داهاتووی حکومەت بە تەواونەکراویی بمێنێتەوە».

# نەوت، بازرگانییە پڕکێشەکە

راپۆرتی: شاڵاو فەتاح

بەپێچەوانەی هەر بازرگانییەکی دیکەوە، کێشەکانی نەوت لە دەرەوەی هەرێمەوە دەوروروژێنرێنو دەخرێنە بەرچاوی میدیا نەک لە ناوەوە، ئەمەش کێشەی زۆری بۆ ئەم کەرتە دروستکردووە، چونکە کارکردنی دەزگاکانی دیکە زۆربەی کات لەڕێگەی میدیای ناوخۆییەوە دەپشکنرێت، ئەمەش وایکردووە بتوانن زۆرێک لە گەندەڵییەکان بشارنەوە، بەڵام کەرتی نەوت زۆربەی کات لەڕێگەی میدیای بیانییەوە دەپشکنرێت، کە دەستیان بە زانیاری زیاتر رادەگات.

تائێستا هەرچی کێشەی جدیی نەوت هەیە لەلایەن دەزگا بیانییەکانەوە وروروژێنراوە، بۆ نموونە لە دیارترین ئەو کێشانەی کە رۆژنامەی (داگین نارینگسلیڤ)ی نەرویجی وروروژاندی، کێشەی میانگیریی ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم بوو لە کڕینی پشکەکانی کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتو بوونی بە میانگیر لەنێوان دوو کۆمپانیای دیکەداو یارمەتیدانی دوو کۆمپانیای کەرتی تایبەت لەسەر بودجەی حکومەت، کاتێک رۆژنامەکە ئەم کێشەیەی وروروژاند، هیچ شتێکی ئەوتۆ لەسەر کارەکانی وەزارەتەکەی ئاشتی هەورامیو کارەکانی بڵاونەکرابووەوە، بەڵام لەگەڵ وروروژاندنی ئەم کێشەیەدا، میدیای ناوخۆش فشارێکی ئەوتۆی دروستکرد، کە ئاشتی هەورامی ناچاربوو بچێتە بەردەم پەرلەمان بۆ روونکردنەوە.

یەکێکی دیکە لەو کێشانەی کە میدیای دەرەوە، بەتایبەت رۆژنامەی بەناوبانگی ئەمریکی، (نیویۆرک تایمز)، وروروژاندی کێشەی وەرگرتنی پشکی کۆمپانیا نەوتییەکان بوو لەلایەن بەرپرسانی ئەمریکاوە، ئەم کێشەیە بەسەر پیتەر گاڵبریسی گەورە دبلۆماتی ئەمریکیدا شکایەوەو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژیش دەنگدانەوەی دروستکرد، کێشەکەش ئەوەبوو کە پیتەر گاڵبریس وەک دبلۆماتێکی بەناوبانگ دەستی هەبوو لە داڕشتنی دەستوورو دیاریکردنی چۆنێتی دابەشکردنی سامانی نەوت، لەکاتێکدا بەنهێنیی راوێژکاری کۆمپانیایەکی نەوتی نەرویجی بوو، هەربۆیە رەخنەی ئەوەی لێدەگیرا، کە بەرژەوەندییەکانی ئەو کۆمپانیایەی لەکاتی داڕشتنەوەی یاساکاندا لەبەرچاو گرتووە، ئەم کێشەیە تائێستاش شیاوی توێژینەوەیەو بە ئەنجامێکی یەکلایی کەرەوە نەگەیشت.

یەکێکی دیکە لە کێشەکان کە لە میدیای دەرەوە وروروژێنرا، کارکردنی بەرپرسانی ئەمریکی، ئیدارەی بۆش بوو لە کۆمپانیا نەوتییەکاندا، هەریەکە لە ژەنەراڵ جەی گارنەر، پیتەر گاڵبریس، زاڵمای خەلیلزاد لە بواری نەوتداو لە عێراق، بەتایبەت لە باکووری کوردستان کەوتنە کار، یاخود بوونە راوێژکار لە کۆمپانیایەکی نەوتیدا، دوایین هەواڵ بوونی زاڵمای خەلیلزادی گەورە دبلۆماتی ئەمریکییە بە راوێژکاری کۆمپانیای (دی.ئێن.ئۆ)ی نەرویژی، ئەم بابەتە لەلایەن چەند رۆژنامەنووسێکی بیانییەوە وروروژێنرا، ئەوەی لەم بابەتەدا جێی سەرنج بوو ئەو پرسیارە بوو، کە ئایا کارکردنی ئەو بەرپرسانە لەبواری نەوتدا مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەمریکا عێراقی تەنیا بۆ نەوتەکەی داگیرکردووە؟

ئەم پرسیارەش بەشێوەیەکی ئاشکرا دەوروروژێنرا، بەتایبەت لەبەرئەوەی ئەو بەرپرسانەی لە بواری نەوتدا کاریان دەکرد زۆرینەی لەنێو کۆنزەرڤاتیڤەکانو ئەوانەبوون، کە جۆرج دەبلیو بۆشی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا متمانەی پێبەخشیبوون.

بەشێوەیەکی گشتییو لە چەند کێشەیەکی دیکەدا رۆژنامەنووسانی بیانی گرنگییەکی زۆریان بە کێشەکانی نەوتی کوردستانو عێراق داوە، هەر بۆ نموونە جوشوا هەممەری نووسەری پێشووی (نیوزویک) لە وێبسایتی (فاست کۆمپانی)و لە رۆژی (١)ی نیسانی ئەمساڵدا راپۆرتێکی چڕوپڕی لەسەر نەوتی کوردستان بڵاوکردەوەو تیایدا زۆرینەی کێشەکانی ئەو بوارەی وروروژاند، ئەمە لەکاتێکدا بواری نەوت تەنیا لەلایەن سیاسییەکانەوە بووەتە جێی سەرنج، نەک رۆژنامەنووسەکان.



# جارێکی تریش ٢٨٩ ملیۆن دینار بۆ بینای خانەی دادی سلێمانی خەرجدەکرێت

## هێشتا کەسی تێدا دادگایی نەکراوە

بەرهەم خالید

نزیکەی (١٢) مانگە خانەی دادی سلێمانی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستی کوردستانیی لەلایەن بەرپرسانی لیستەکەوە کراوەتەوە، بەڵام تائێستا یەک رۆژ دەوامی دادگای تێدا نەکراوە.

سەرەڕای دواکەوتنی لە وادەی خۆیدا، بەڵام لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، وا نیشاندرا کە بینای نوێی خانەی دادی سلێمانی تەواو بووە، لە کاتێکدا تەنیا رووکاری دەرەوەی بیناکە تەواوکرابوو، کەچی ئێستاو دوای ساڵێک لە «کردنەوەی بیناکە، پارێزگاری سلێمانی داوا لە ئەنجومەنی وەزیران دەکات، نزیکەی (٣٠٠) ملیۆن دینار بۆ بینای ناوبراو تەرخان بکات.

رۆژی (٢٠٠٩ /٧/١٢)، وەک بەشێک لە بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستی کوردستانیو بە ئامادەبوونی د. بەرهەم ساڵحی سەرۆکی لیستەکەو کۆسرەت رەسوڵ عەلی، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتیو چەند بەرپرسێکی دیکەی حیزبیی، بیناکە بە رێورەسمێک کرایەوە، بەبێ ئەوەی دەزگاکانی راگەیاندن ناوەوەی بیناکە نیشان بدەن.

بینای خانەی داد لە سلێمانی لە (٢٠٠٥/٣/١)ەوە کاری تێدا دەکرێت، سەرەتا ماوەی پرۆژەکە (٤٢٦)رۆژ بووە، بەڵام دواتر ماوەکەی بۆ درێژکراوەتەوەو دەبوو پێش (٢) ساڵ لەو بەروارە تەواو بکرایە.

بەپێی نووسراوی ژمارە(٦٨٣٢/١/٢٣) کە لە رۆژی(٢٠١٠/٦/٢١)دا بە ئیمزای پارێزگاری سلێمانی، بەهرۆز محەمەد ساڵح دەرچووەو ئاراستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران- نووسینگەی تایبەت کراوە، داوای دابینکردنی بودجە دەکات بە بڕی (٢٨٩) ملیۆنو (٤٣٠)هەزارو (٦٧٥)دینار بە مەبەستی گەیاندنی کارەباو راکێشانی بۆری ئاوو تەواوکارییو هەندێک کاری جۆراوجۆر کە نازانرێت مەبەستی چییە؟

سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرێتیی ئەشغالو ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی،لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: بینای خانەی داد لە سلێمانی، ئەو کاتە تەواو نەکرابوو کە لە راگەیاندنەکانەوە ئاماژەی بۆکرا.

رۆژنامەش لە راپۆرتێکدا کە رۆژی (٢٠٠٩/٧/١٣) بڵاویکردەوە، ئاماژەی بۆ ئەوەکردبوو کە سیستمی ئاوو کارەباو سیستمی ساردییو گەرمیو تەلەفۆنو ئاگرکوژاندنەوەو سیستمو کامێرای چاودێریی تەواونەبووەو بەوهۆیەشەوە ئەوکاتە رێورەسمی کردنەوەکەی لە دەرەوەی بیناکە بەڕێوەچووەو دەزگاکانی راگەیاندنی سەر بە یەکێتیو پارتیش ناو بیناکەیان نیشان نەدا.

سەرچاوەکەی رۆژنامە، وتیشی: «ئێستا، ئەو پارەیەی داواکراوە بە مەبەستی تەواوکردنی ئەو کەموکورتییانەیە کە لە بیناکەدا هەبوونو بە تەواونەکراویی رووکاری دەرەوەی بیناکە پیشانی خەڵک دراوە، ئەوەش پێچەوانەی یاسایە کە پرۆژەیەک ئەوەندە کات بەسەر وادەی تەواوکردنیدا تێپەڕێتو پارەی دیکەی بۆ سەرف بکرێت».

لە مانگی ئازاری (٢٠٠٥)دا، گرێبەستی دروستکردنی پرۆژەی بینای خانەی دادی سلێمانی ئیمزاکراوەو تا ئێستا نزیکەی (٢٨) بلیۆنو (٣٢٠)ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە کە دەکاتە (٢٤)ملیۆن دۆلارو لە پرۆژە بەردەوامەکانی بودجەی ئەمساڵیش (٢٠١٠) دا هاتووە کە (٢٩)ملیارو (١٠٧)ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە کە لە (٢٠٠٩)دا (٢٦)ملیارو (٢١)ملیۆنی بۆ تەرخانکراوەو بۆ (٢٠١٠) ش (٣)ملیارو (٨٦)ملیۆن دیناری دیکەی بۆ تەرخانکراوە.



## وەزیری پەروەردە:

# ناکرێت پرۆسەی پەروەردە لەخزمەتی لایەنێکدا بێت

سازدانی: پشتیوان سەعدوڵڵا

**سەفین دزەیی، وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان، کە ماوەی هەشت مانگە لە پۆستەکەی دەستبەکاربووە، لەگەڵ ئەوەی پێیوایە: سیستمی نوێی پەروەردە سیستمێکی سەردەمییانەیە، بەڵام ئاماژە بەوە دەکات، سیستمە نوێیەکە هەندێک کەموکوڕیی تێدایەو پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە، ئەوەش دەخاتەڕوو، دەستکراوە بە پێداچوونەوە بە سیستمەکەداو بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەک پێکهێنراوە. سەبارەت بە دەستێوەردانی حیزبی لە کاروباری پەروەردەدا، وەزیری پەروەردە رایدەگەیەنێت: پەروەردە موڵکی هەموو خەڵکی کوردستانەو تەنیا موڵکی لایەنێک نییە، بەهیچ شێوەیەک نابێت دەستێوەردانی حیزبیی لە کاروباری رۆژانەی پەروەردەدا هەبێت.**


سەفین دزەیی

**رۆژنامە: بەڕێزت چۆن سیستمی نوێی پەروەردە هەڵدەسەنگێنیت؟**

* دەبێت بەشێوەیەکی واقیعییانە سەیری بارودۆخی کوردستان بکەین، ئەو گۆڕانکارییە لە سیستمو پرۆگرامی خوێندن هۆی خۆی هەبووە، هۆیەکە ئەوەیە کە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە سیستم نەگۆڕاوە، بۆیە بە پێویست زانرا کە سیستمێکی تازەو سەردەمییانە پەیڕەو بکرێت، تا بتوانرێت ئاستی زانست بەرزبکرێتەوەو شێوازێکی دیکە لە خوێندن بگیرێتەبەر، ئەوەبوو لە ساڵی (٢٠٠٧)دا کۆنگرەی پەروەردەیی سازکراو لەوێوە سیستمە کۆنەکە گۆڕدرا، سیستمە نوێیەکە سیستمێکی چاکەو سەردەمییانەیە، بەڵام لە بواری تیۆرییەوە جیاوازە لە بواری جێبەجێکردن، سیستمە نوێیەکە لایەنی باشی زۆرە، بەڵام هەندێک لایەنی هەیە کە جێی رەخنەیە، گرفتی هەیەو گرفتەکانیش هەمەجۆرن.

**رۆژنامە: چەند جارێک وتووتە، سیستمە نوێیەکە کەموکووڕیی تێدایە، کەموکووڕییەکان چین؟**

* ژێرخانی پەروەردەیی یەکێکە لەو گرفتانەی کە نەیتوانیوە هاوشان بێت لەگەڵ سیستمەکە، فەلسەفەی تازەی خوێندن ئەوەیە، کە خوێندکار (میحوەر) بێتو بەشێوازی گرووپ کاربکەن، بەداخەوە پۆلەکانی ئێمە (٤٠ تا ٥٠) قوتابی تێدایە، بۆیە سیستمەکە جێبەجێ ناکرێت، لە هەمانکاتدا نەشارەزابوونی مامۆستایان لە سیستمی تازە هەندێک گرفتی دروستکردووە، نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ لە بواری جیاجیادا، هەروەها کەموکووڕیی پێداویستییەکان و زۆر شتی تر.

**رۆژنامە: پێداچوونەوە بە سیستمە نوێیەکەدا گەیشتە چی؟**

* ئێمە پێداچوونەوە بۆ سیستمەکە دەکەین و هەوڵدەدەین کەموکووڕییەکان دەستنیشان بکەین و چاکسازییەک بکەین، نەک بە مانای ئەوەی کە سیستمەکە بگۆڕین، لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزارەتدا دەستمان کردووە بە پێداچوونەوە بە سیستمەکەداو لیژنەیەکمان بۆ ئەو مەبەستە پێکهێناوە، جگەلەوەش لە قەزاکان پرۆسەکە دەستی پێکردووەو پەروەردەی قەزاکان راپۆرتی خۆیان بۆ پەروەردە گشتییەکان دەنێرن و دواتر بۆ وەزارەت بەرزدەکرێتەوە، هەروەها راوێژکاران و بەڕێوەبەرە گشتییەکانمان راسپاردووە بۆئەوەی سەردانی پارێزگاکان و قەزاکان بکەن و بیروبۆچوونی پسپۆڕانی پەروەردە وەربگرن، لەلایەکی ترەوە بەمنزیکانە لە وێبسایتی وەزارەت رایدەگەیەنین کە هەموو کەسێک بۆی هەیە راو بۆچوون و تێبینی خۆی لەسەر سیستمەکە پێشکەش بە وەزارەت بکات، لیژنەیەکی تایبەتی بۆ دانراوەو هەمووی بۆچوون و پێشنیازەکان کۆدەکەنەوەو راپۆرتێکی لەسەر ئامادە دەکەن.

**رۆژنامە: باس لەوە دەکرێت، گۆڕینی سیستمی پەروەردە بێ لێکۆڵینەوە لە رەوشی پەروەردەی کوردستان و بە شپرزەیی ئەنجامدراوە، تۆ چی دەڵێیت؟**

* باوەڕناکەم دیراسە نەکرابێت، چونکە ئێمە ئەزموونی (٨٠) ساڵی سیستمە کۆنەکەمان لەبەرچاوەو بەرپرسانی پەروەردەش شارەزایی سیستمە کۆنەکە بوون، ئەو بڕیارانەی کە دراوە دەستنیشانکردنی ئەو کەموکووڕییانە بووەو بە سوودوەرگرتن لەو سیستمە کۆنە، سیستمی نوێ دانراوە، پەلەکردن لە دارشتنی هەر سیستمێک شتێکی باش نییە.

**رۆژنامە: دوای سێ ساڵ لە جێبەجێکردنی سیستمی نوێی پەروەردە، تاچەند ئەو سیستمە سەرکەوتوو بووە؟**

* ئەگەر بانگەشەی ئەوە بکەین و بڵێین: سیستمە نوێیەکە (١٠٠٪) سەرکەوتوو بووە، وانییەو لەوانەیە بە هەڵەدا بچین، ئێمە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە، کە سیستمەکە کەموکووڕیی هەیەو پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە، لەلایەکی دیکەوە پەروەردە پرۆسەیەکی بەردەوامەو ئەگەر هەموو گرفتەکانی ئێستا چارەسەر بکەین، پاش ماوەیەکی تر هەندێک گرفتی دیکە دێتە رێگە.

**رۆژنامە: جێبەجێ نەکردن و هەڵوەشاندنەوەی بەشێک لە بڕیارەکانی سیستمی نوێ، مانای سەرنەکەوتنی سیستمی نوێ دەگەیەنێت؟**

* بڕیاردان لە راگرتنی بڕیارو پێداچوونەوە لە سیستمەکە شتێکی ئاساییە، بۆ نموونە بەر لە رووداوی بەردبارانکردنی پەروەردەی سلێمانی لە لایەن چەند گەنجێکەوە، وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدابوو یەکێک لە بڕیارەکان، کە حسابکردنی (٢٥) نمرەی قۆناغەکانی (١٠، ١١)ە، رابگرێت و پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، کاتی خۆی کە ئەو بڕیارە درابوو بۆ ئەوەبوو قوتابی تموحی زیاتر بێت تا ئاستی زانستی بەرزببێتەوە، وەکو مەبدەئـ شتێکی باشە، بەڵام لەکاتی جێبەجێکرنیدا هەندێگ گرفت دروستدەبوو، گرفتەکەش لەوەدایە کە نادادپەروەریی دروستدەکات و قوتابخانەکان جیاوازن لەگەڵ یەکتر.

**رۆژنامە: لەگەڵ گۆڕینی سیستمی پەروەردەدا، پێویستە ژینگەی پەروەردەیی بگۆڕێت، بۆ ئەمە چی کراوە؟**

* راستە دەبێت ژینگەی پەروەردەیی گونجاو بێت و وا لە قوتابی بکرێت کە قوتابخانەو مامۆستاو خوێندنی خۆشبووێت، پێویستە ئەو لایەنە بایەخی زۆری پێ بدرێت، بەڵام دەبێت ئەوە لەبیر نەکەین، ئێمە لەچی بارودۆخێکەوە گەیشتینە ئەم بارودۆخە، پێش راپەڕین کوردستان وێرانبوو، لە ساڵی (١٩٩١) لە هەرێم (١٣٠٠) بینای قوتابخانە هەبوو، ئێستا (٥٥٤٠) قوتابخانەمان هەیەو (یەک ملیۆن و ٤٠٠ هەزار) قوتابی لە ئاستی باخچەی ساوایانەوە تا ئامادەیی هەیەو ژمارەکەش لەزیادبووندایە، ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەرکی وەزارەتی پەروەردە قورس بێت و میزانییەی زیاتریشی بووێت، راستە پێشووتر تەنیا ئەوە گرنگ بوو کە ژمارەی بینای زیاتر دروستبکرێت، نەک نەوعیەتی قوتابخانە، زۆربەی قوتابخانەکان (٢) دەوامو (٣) دەوامن و (٤) سەعات دەوامدەکەن، ئەمەش لەگەڵ سیستمی نوێدا نەگونجاوە، ئەمساڵ (١٥٠) ملیار دینار لە بودجەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاردراوە (١٠٠) قوتابخانەی هاوچەرخ بە هەموو پێداویستییەکانەوە لە هەرێمو (٥) بینا لە ناوچەدابڕاوەکان دروستبکرێت، ئەوەش هەنگاوی بۆ نراوەو تەندەرەکان لە پارێزگاکان راگەیەنراون و بە هیواین لەم هاوینەدا دەستبەکاربن، ئەمە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی قەرەباڵغی قوتابخانەکان.

**رۆژنامە: دەبوو لە سەرەتای ئەمساڵەوە دەست بە هەڵمەتی دروستکردنی بینای قوتابخانە بکرایە، بۆ تائێستا دواکەوتووە؟**

* راستە ئەو هەڵمەتە دواکەوتووە، بەڵام مانگی (نیسان) بودجە لە پەرلەمان پەسەندکراو لە مانگی (٦)دا دیزاینی پڕۆژەکە تەواوبوو و رەزامەندیی کۆتایی لەسەر درا، ئێستا تەندەرەکان لە قۆتاغی (کردنەوەو شیکردنەوە)دان و بەشێکیان راسپێردراون کە لەم ماوەیەدا دەستبەکاربن، جگە لەوە کۆمەڵێک پڕۆژەی دروستکردنی بینای ساڵی رابردوو لەم هاوینەدا تەواودەبن، جگەلەوەش بۆ ساڵی (٢٠١٠و ٢٠١١) کۆمەڵێک پڕۆژەی دروستکردنی بینا لە قەزاو ناحیەکان پەسەندکراوە.

**رۆژنامە: هەمیشە رەخنەی ئەوە لە بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە گیراوە، کە پرس و راوێژیان بە پسپۆڕان و شارەزیانی پەروەردەو تەنانەت سەرپەرشتیاران و مامۆستایان نەکردووە، بەڕێزتان تاچەند گرنگیی بەم لایەنە دەدەن؟**

* گرنگیدان بە راوبۆچوونی پسپۆڕان و راوێژکاران وسەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بە پلەی یەکەم لای من زۆر گرنگیی هەیە، بەتایبەتی بۆ من کە پێشووتر لە بوارێکی تردا کارمکردووەو ئێستا هاتوومەتە ناو پەروەردەوە، خودی خۆم زۆر سوودم لەوان بینیوەو راوێژدەکەم، بەڵام بڕیاری کۆتایی لای وەزیرە، ئێمە بایەخێکی زۆر بە بیروبۆچوونی خەڵکانی پەروەردە دەدەین و پێشووتر ئەوە کراوە، یان نەکراوە، من لێرە نەبووم و لە پۆستەکەمدا تازەم، ناتوانم لەوبارەیەوە هیچ رایەک دەرببڕم.

**رۆژنامە: دەوترێت بیروبۆچوون و میزاجی وەزیر بڕیاردەدات، لەبری بیروبۆچوونی گرووپ، ئەمە تاچەند دروستە؟**

* بێگومان وەزیر بۆ ئەوە دانراوە ئەو بەرپرسیارێتییەی کە لەسەر شانیەتی لە ئەستۆ بگرێت و تەحەمولی بکات، کە من دەڵێم، بڕیاری کۆتایی لای وەزیرە، لەسەر بنەمای یاساو رێنماییەکان وەزیر بڕیاردەدات و هەر لە خۆوە نییە، تائێستا بیروبۆچوون وەرگیراوەو راوێژم کردووە.

**رۆژنامە: بەڕێزت لە (٥/٢٥)دا لە پەیامێکدا باسی دەستێوەردانی حیزبیی دەکەیت، ئەمە بەڵگەیە بۆ بوونی دەستێوەردانی حیزب لە کاروباری پەروەردەدا؟**

* هەموومان ئاگاداری واقیعی کوردستانین و دەزانین کە حیزبەکان بوون ئەم بارودۆخەیان هێنایەکایەوەو قوربانییەکی زۆریان داوە، هەر حیزبەکانن کە ئەمڕۆ حکومەتیان پێکهێناوە، ئەگەر بووترێت حکومەت بەدەرە لە حیزب، نەخێر، بەڵام لە کاروباری رۆژانەدا لەڕووی ئینتیماو لەڕووی کاریگەریی سلبی لەسەر کاروبارەکان بەهیچ شێوەیەک نابێت تەداخولات هەبێت، پەیامەکەی منیش بۆئەوەیە، کە ئەو جۆرە تەداخولاتانە نەبێت، نەک لەبەرئەوەی کە تەداخولات هەبووەو هەیە، چونکە جاری وا هەیە بە ناڕاستەوخۆش تەدواخولات هەیە، من خۆم ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانم، بەڵام پەروەردە موڵکی هەموو خەڵکی کوردستانەو تەنیا موڵکی لایەنێک نییە، پێویستە دوور لە هەر جۆرە ئینتیماو لایەنگرییەک بۆ حیزبایەتی کاروباری خۆی بەڕێوەببات.

**رۆژنامە: ساڵانە بۆ قۆناغی (١، ٢، ٣)ی بنەرەتی کتێب چاپ دەکرێت، قۆناغەکانی تر کە سیستمی پەروەردە گۆڕدرا، ساڵی یەکەم (١٠٠٪) کتێب چاپکرا، ساڵی دووەم (٧٥٪)، ساڵی سێیەم (٥٠٪)، ساڵی چوارەم، دەبێتەوە (١٠٠٪) ئەمە بۆ؟**

ئەوەی تۆ باسی دەکەیت، راستە، کە کە پرۆگرامی خوێندن گۆڕدرا، پرۆگرامی کۆمپانیایەکی ئەمریکی بە ناوی (هار کۆرت) تەبەنی کرا، کۆمپانیای ( جیۆپرۆجێکتس)، کە لە بواری چاپدا نوێنەری ئەو کۆمپانیایە لە لوبنان، پێش چەند ساڵێک گرێبەستی لەگەڵ کراوە تا دوا قۆناغی پرۆگرامەکەو ساڵانە ئەو کۆمپانیایە کتێب چاپ دەکات، ئێستاش لەژێر چاپدایە، جگەلەوەش چەند کتێبێک لە کوردستان چاپ دەکرێت، باوەڕناکەم زیادەڕۆیی لە کتێب چاپکردندا هەبێت.

**رۆژنامە: خراپ دابەشکردنی مامۆستایان لە قوتابخانەکاندا، یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانتان، بۆ هەوڵی چارەسەرکردنی نادەن؟**

* ئێمە مامۆستامان زۆرە، بەڵام خراپ دابەشکراو ئەگەر بەراوردی بکەین، بۆ (١٦) قوتابی مامۆستایەکی بەردەکەوێت، ئێمە هەوڵدەدەین و پێداچوونەوەی بۆ دەکەین، بەڵام مامۆستایەتی پیشەیەکی پیرۆزەو مامۆستاش بەڕێزە، دەبێت بەشێوەیەکی هەستیار مامەڵە لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا بکرێت، تا بە قۆناغ ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت.

**رۆژنامە: لە (٥/١٥)ەوە دەسەڵاتتان پێدراوە بۆ دامەزراندن، ئێوە لەوبارەیەوە چیتان کردووە؟**

* دەرچووانی پەروەردەی بنەڕەتی و بنیات و پەیمانگەکانی مەڵبەندی مامۆستایان بەتایبەتی ئەو پەیمانگەیانەی کە داخراون، دادەمەزرێنرێن، بەڵام بە مەرجی نمرەو بەپێی ئەو ژمارانەی کە لە پەروەردە گشتییەکان پێمان دەگات و بەپێی پێویستی پەروەردەکان دادەمەزرێنرێن، داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە، کە نزیکەی (٤) هەزار دەرچوو دابمەزرێنرێن، چونکە لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی دامەزراندنمان پێدراوە، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری کۆتایی دەدات، هەندێکیان لە (٩/١)دا فەرمانی دامەزراندنیان بۆ دەردەچێت.

**گرنگیدان بە راوبۆچوونی پسپۆڕان و راوێژکاران و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بە پلەی یەکەم لای من زۆر گرنگیی هەیە**

**پێداچوونەوە بە سیستمە نوێیەکەدا دەکەین و هەوڵدەدەین کەموکوڕییەکان چارەسەر بکەین، نەک بە مانای ئەوەی کە سیستمەکە بگۆڕین**

# هاوڵاتییەک رۆبۆتێک بۆ پاراستنی ژینگە دروستدەکات

**ئاکام ئەبوبەکر**

گەنجێکی بەهرەمەند ئۆتۆمبێلێکی خزمەتگوزاریی بۆ گوندەکەیان دابیندەکاتو بێ پاڵپشتی حکومەت رۆژانە خاشاکو خۆڵی گوندەکەیان پاکدەکاتەوە.

بە دروستکردنی ئۆتۆمبێلێکی میکانیکیی بۆ رشتنی خۆڵو خاشاک، دانیشتوانی گوندی کەنەوە ئەو بۆ شاییە پردەکەنەوە، کە بەهۆی پشتگوێخستنی حکومەتەوە لەبواری خزمەتگوزاریدا لە ناوچەکەیاندا دروست بووە.

سەباح ئەحمەد محەمەد، تەمەن (٣٥) ساڵ، دانیشتووی گوندی کەندەکەوەی سنووری پارێزگای سلێمانی بەهۆی شارەزایی لە بواری میکانیکیی‌و خولیای منداڵییەوە ئۆتۆمبێلی خاشاک دروست دەکات، ئەو وتی: «ئەوە خولیامە ساڵانە تێستی تایبەتم بۆخۆم کردووە وەک دروستکردنی فڕنیی ئۆتۆماتیکی سەموون‌و دروستکردنی وێستگەی کارەباو دەزگایی مێش گرتن‌و پەمپیی ئاوو هی دیکەش».

سەباح، دەڵێت: «بیرم کردەوە کە ئۆتۆمبێلێکی خۆڵو خاشاک دروستبکەم بەهۆی ئەوەی کە هەستێکی ژینگەییم هەیە، بەباشم زانی ئەوکارە بکەم، تا وەک خزمەتێک بگەڕێتەوە بۆ سنوورەکەم، دواتر دەستمکرد بە دیزاینکردنی بەشێوەیەک کە ئاستێکی باشی هەبێت لەڕووی تەکنەلۆژییەوە».

سەباح، شانازیی بەکارەکەیەوە دەکاتو پێیوایە: ئەو داهێنانەی ئەو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێ وێنەیە، بەوپێیەی:

«ئۆتۆمبێلەکە بەرهەمی خۆماڵییەو لەڕێی تەنیا شۆفێرێکەوەو بە کۆمەڵێک (لیڤەرەوە) توانای کۆنترۆڵی هەڵگرتن‌و رشتنی خۆڵو خاشاکی هەیەو لەڕێی قۆڵێکی رۆبۆتیی کار دەکات».

ئۆتۆمبێلەکەی سەباح، لەڕێی قۆڵێکی رۆبۆتییەوە لەلایەن شۆفێرەکەوە کۆنترۆڵ دەکرێت بێ ئەوەی لەشوێنی خۆی بجوڵێتو تەنیا لەڕێی ئاوێنەی ئۆتۆمبێلەکەوە ئەو بەرمیلانە هەڵدەگرێت، کە پاشماوەی خۆڵو خاشاکی تێدا فڕێدراوە.

جگەلەوە ئەو ئۆتۆمبێلە سێ کاری گرنگی تر دەکات، لەکاتی رۆشتندا هەر شەقامێک کە پیس بێت دەتوانێت لەڕێی گسکێکەوە کە لە بەشی دواوەیەتی شەقامەکە پاکبکاتەوە، لەگەڵ هەڵمژینی هەوا لەکاتی گسکدانەکە، تا ئەو تەپوتۆزەی کە بەهۆی گسکدانەکەوە دروست دەبێت، نەهێڵێت بڵاوبێتەوە، هەروەک پارچەیەک پلێت هەیە لەژێر دەرگای دواوە بۆ هەڵگرتنی ئاژەڵی تۆپیووی قەبارە گەورە.

بەشێکی تایبەت بەو ئاژەڵانە هەیە، کە قەبارەیان بچووکە، لە قۆڵە رۆبۆتییەکەی ئۆتۆمبێلەکە دەبەسترێت، بێ ئەوەی دەستی مرۆڤی بەرکەوێت کاری هەڵگرتنەوەو فڕێدانی ئەنجامدەدات.

ئەو ئۆتۆمبێلە کە داهێنانی سەباح ئەحمەدە، ماوەی (٣) ساڵە خزمەتی هەردوو گوندی کەندەکەوەی دەواجن‌و کەندەکەوەی ئیسکان دەکات، سەرەتا لەڕێی وێنەی ڤیدیۆییەوە کە بەسەر دانیشتوانی گوندەکەدا بڵاوکراوەتەوە رێنمایی چۆنیەتی کارکردنی ئۆتۆمبێلەکە روونکراوەتەوە، مانگانە هەرماڵەو بڕی (٢٠٠٠) هەزار دیناریی عێراقی لێوەردەگیرێت بۆ مەسروفاتی ئۆتۆمبێلەکە، بەڵام سەباح ئاماژەی بەوەکرد: «هەندێک لە دانشتووانی سنوورەکەمان هەژارن‌و توانای دانی ئەو برە پارەیەیان نییە، تاکو ئێستا ئەم ئەرکە هەر لەسەر خەڵکەکەیەو مانگانە خۆم (٤٠٠) هەزار دەخەمە سەر پارەکە».

بە وتەی سەباح، کاتێک بیرۆکەکەی پێشنیار کردووە لە بەڕێوبەرێتی شاراوانییەکانی سلێمانی‌و پارێزگای سلێمانی وەکو پێویست هاوکارییان نەکردووەو دواتر لەڕێی چەند هاورێیەکییەوە وەزارەتی وەرزش‌و لاوان ئەرکی تێچوونی پرۆژەکەیان گرتە ئەستۆیان، بڕی (٢٥) هەزار دۆلاری تێچووی ئۆتۆمبێلەکە دابینکراوە.

جگە لەو کارە ساڵانە (٣/١٠) کراوەتە رۆژی ژینگەی ناوچەکە، بیرۆکەکەش لەلایەن کۆمەڵێک گەنجی گوندەکەوە گەڵاڵەبووە کاتێک لە (٢٠٠٦/٣/١٠) زیاتر لە (٤٠) تراکتۆر خۆڵو خاشاکیان کۆکردەوەو فڕێیاندا.

لە بەرامبەردا بەکر حەمەسدیق سەعید، بەڕێوەبەری شارەوانی تاسلوجە، کە ماوەیەکە وەک سەرۆکی شارەوانی تاسڵوجە دەستبەکاربووە، جەختی لەسەر کەمیی خزمەتگوزاریی لە سنوورەکە کردەوەو بە رۆژنامەی وت: «سەردانی هەردوو گوندی کەندەکەوەی ئیسکان‌و دەواجنم کردووەو بێ خزمەتگوزارین».

سەبارەت بە ئۆتۆمبێلەکەش وتی: «ئەو ئۆتۆمبێلە مەدەنییەو گرفتێکەو چەند جارێک ویستوومانە ئۆتۆمبێلی خۆمان بنێرین بۆ سنوورەکە خەڵکەکە رەتیانکردووەتەوەو دەیانەوێ کار بەسیستمی خۆیان بکەن، وەکو هاوکاریی مادیش لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە هاوکاریی مادی بکەین، ئەم کارە لە توانای بەڕێوبەرێتی شارەوانییەکانی سلێمانی دایە».

هەروەک یاسین حسێن، لێپرسراوی بەشی خزمەتگوزاریی لە شارەوانی تاسڵوجە پێیوایە: ئەو جۆرە سیستمە زۆر جوانە ئەویش لە نەبوونی کارگوزارلەگەڵ ئۆتۆمبێلەکەداو وتیشی: «مانگانە بە سوو تەمەنی هاوکارییەکی کەمی ئەو ئۆتۆمبێلە دەکرا، بەڵام ماوەی دووساڵە ئەو برە سووتەمەنییەش براوە».

دانیشتووانی گوندەکە نیگەرانن لەوەی سەرەڕای ئەوەی پڕۆژەکە خۆبەخش ئەنجامدراوە، بەڵام حکومەت هیچ هاوکارییەکی نەکردوون بۆ پاککردنەوەی ناوچەکەیان‌و ئاوڕیشی لە دابینکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانیان نەداوەتەوە.

نازم حەمە رەزا، دانیشتووی گوندی کەندەکەوە سەرسامە بەو داهێنانەو پێیوایە: رۆژانە کاری خۆی دەکات لەبری حکومەت، بەڵام لایەنە پەیوەندیدارەکان لەماوەی (٣) ساڵدا نە راستەوخۆو نە ناڕاستەوخۆ ئاوڕیان لەو ئۆتۆمبێلە نەداوەتەوە، کە دەبێت هاوکاریی‌و پاڵپشتیی ئەو پرۆژانە بکرێتو لە ناوچەکانی دیکەش سوودی لێ ببینرێت».






# خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان داوای زیادەی مووچەکەیان دەکەن

**راپۆرتی: ئاراس نەسرەدین**
**محەمەد سابیر**

رێکخراوەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانی سلێمانی، ئەنجومەنێک پێکدەهێنن بۆ خەرجکردنی ئەو مووچە زیادکراوەی کە زیاتر لە (٣)مانگە بڕیاری لێدراوە.

رۆژی(٢٠١٠/٦/٢٠) رێکخراوە خاوەن پێداوێستییە تایبەتەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی کە پێکهاتبوون لە رێکخراوەکانی (کۆمەڵەی کورتەباڵاکان‌و کۆمەڵەی رۆژو یەکێتیی نابینایان‌و نابیستان‌و تالاسیماکان) لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، کۆدەنگیی رێکخراوەکانیان راگەیاند بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان‌و دروستکردنی فشار بۆ خەرجکردنی ئەو زیادەی مووچەیەی کە لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر دراوە.

ئەندازیار شێخ نوری رەزا، سەرۆکی کۆمەڵەی رۆژ بۆ خزمەتکردنی هاندیکاپ، بە رۆژنامەی راپگەیاند: کۆدەنگییەکە بۆ رێکخستنی توانای کۆمەڵەکانە سەبارەت بە داواکاریی گشتیی کەمئەندامان کە لە حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر دراوەو تا ئێستا جێبەجێ نەکراوەو هەر رێکخراوێک لەو ئەنجومەنە سەربەخۆیی خۆی دەپارێزێت.

ساڵی (٢٠٠٣)، ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێم، بڕیارێکی دەرکرد بۆ برینەوەی مووچە بۆ خاوەن پێداوێستییە تایبەتەکان‌و لەو کاتەشدا بری مووچەکە (٣٠-٥٠) هەزار دیناربوو، بە وتەی سەرۆکی کۆمەڵەی رۆژ: «ئەو کاتە بڕی پارەکە باش بوو، بەڵام دەبوایە زیاد بکرایە، وەک هەموو چین‌وتوێژەکانی ئەم کۆمەڵگەیە کە مووچە لە حکومەت وەردەگرن، زیادکردنیشی بە فشاری ئێمەبووە، بەڵام ماوەی سێ مانگە، دەبوایە مووچەکە خەرجبکرایە، بەڵام بەداخەوە نەکراوەو ئێمە لەسەر ئەوە هەڵوێستمان هەبووە».

بەپێی یاسای بودجەی ئەمساڵ کە لە (٢٠١٠/٤/١٣) لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندکراو لە برگەی (٢)ی مادەی(١٦) ی یاساکەدا هاتووە: مووچەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، لە (٣٠) هەزار دینارە زیاد دەکرێت بۆ (١٠٠) هەزارو ئەوانەی مووچەکەیان (٥٠) هەزار دینارە بۆ (١٥٠)هەزار زیاد دەکرێتو بڕیارەکەش لە (٢٠١٠/١/١) ەوە جێبەجێدەکرێت.

دوای دەرچوونی بڕیارەکە، ئەو رێکخراوانە سەردانی وەزیری کاروباری کومەڵایەتییان کردو وەزیر پێیراگەیاندوون کە رێنمایی دەرنەچووە کە چۆن بڕیارەکە جێبەجێبکەن‌و ئەو زیادە مووچەیە خەرجبکرێت.

لەوبارەیەوە، شێخ نوری وتی: «دوای سەردانمان بۆ لای وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، خەریکی نووسینەوەی رێنماییەکان بوون، بۆئەوەی بچێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران».

ئاماژەی بەوەشکرد: ئەگەر ئەو پرۆژەیاسایە جێبەجێ نەکرێت، وەک ئەنجومەنی رێکخراوەکان، هەموو رێگایەکی مەدەنییانەو ئاشتییانە دەگرینەبەر بۆ بەدەستهێنانی سەرجەم مافەکانی کەمئەندامان.

بەپێی ئەو ئامارانەی کە لای رێکخراوەکانی تایبەت بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانە، نزیکەی (٤٩) هەزار خاوەن پێداویستیی تایبەت لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا هەن.

لەلایەکی ترەوە، عومەر جەبار ساڵحی سەرۆکی کۆمەڵەی کورتەباڵاکانی کوردستان، هۆکاری خەرج نەکردنی مووچەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانی گەڕاندەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران‌و بە رۆژنامەی وت: «ئەو برە پارەیە خەرجدەکرێت، بەڵام دوادەکەوێتو لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە گلەیی‌و گازندەمان هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران».

وتیشی: «پێنەدانی زیادەی مووچەکە، دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر کە تا ئێستا بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان نەکراوە».

سەرۆکی کۆمەڵەی کورتە باڵاکان، رەخنەی لە خۆشیان گرتو ئاماژەی بەوەکرد: زۆر کەس هەیە خۆی دەکاتە کەمئەندام، یان نابیناو بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەک پێکهێنراوە بۆ رێکخستنی ئەو حاڵەتەو لیژنەکەش پێکهاتووە لە وەزەراتی تەندروستی بە هەماهەنگیی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی.

بە پێویستیشی دەزانێت کە سەرجەم رێکخراوەکان یەکبگرن‌و پێداگریی لە مافەکانیان بکەن: «بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجومەنێکمان پێکهێناوەو تێدەکۆشن بۆ بەدەستهێنانی سەرجەم مافەکانمان».

دوای راگەیاندنی ئەنجومەنی رێکخراوەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، لەکۆبونەوەی رۆژی (٢٠١٠/٧/٤) ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستاندا رەزامەندی نیشاندراوە لەسەر یەکخستنەوەی رێنماییەکانی تایبەت بەخەرجکردنی هاوکاریی بۆ کەمئەندامان کە وەک پرۆژەیەک لەلایەن وەزارەتی کارەباری کۆمەڵایەتییەوە ئامادەکرابوو بەگوێرەی ئەو رێنماییە سەرجەم کەمئەندامان بەیەک شێوەو پێوەری دیاریکراو مامەڵەیان لەگەڵدەکرێتو مووچەو هاوکارییان بۆ سەرف دەکرێت.

# بەڕێز/ داواکاری گشتیی سلێمانی

## بابەت/ بەهەدەردانی سامانی گشتیی، لە پڕۆژەی باخی نێوان شەستییەکەی ناو سلێمانیو پڕۆژەی باخی نێوان ڕێگەی سلێمانی – تاسلۆجە

**بەڕێز/ داواکاری گشتیی سلێمانی**

هەروەک لەلای هەمووان روونو ئاشکرایە، کە شادەماری بەڕێوەبردنی هەموو وڵاتێک بەندە بەبوونی ئابوورییەوە، کە بەشێوەیەکی زانستیانەو بە بەرنامەیەکی نەخشە بۆداڕێژراو سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی تر لەلایەن پسپۆڕانو شارەزایانەوە بەرنامە بۆ هەموو بوارێک دادەنرێتو هەر لەلایەن ئەوانیشەوە پەسەند دەکرێت.

ئەگەر بێتو هەرکارێک بەرنامەو پلانی بۆ دانەنرێتو بەخواستو ئارەزوو و میزاجی ئەمو ئەو، کە هیچ شارەزاییو ئەزموونێکیان نەبێت لەو بوارەدا، سەرنجام ئەوکارە بە ئیفلیجیی لە دایک دەبێت.

زۆربـەی ئەو کاربەدەستانەی کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدان، فەرمان بە سەرفکردنی بودجەیەک دەدەن ئەو شارەزاییو پەیوەندییو پسپۆڕییەیان نییە لەو بارەیەوە، بۆ نموونە: (باخی نێوان دوو سایدی شەستییەکە سلێمانیو پڕۆژەی باخی نێوان ڕێگەی سلێمانی- تاسلۆجە) کە ئەمە چەندەمین جارە پارەی بۆ تەرخاندەکرێت، شەستییەکەی سلێمانی دووەم جارە کە ساڵێک نابێت بە نیوە ناچڵی تەواوبوو، ئەوەتا ئێستا چیان کردووە هەڵیدەوەشێننەوە، مەگەر خۆیان بزانن چەندیان تێدا خەرجکردووە لە جاری یەکەمدا. ئێستاش زۆر بەپەلە بودجەیەکی تری زەبەلاحیان ئامادەکردووە بەحساب بۆ هەمان شوێنی پێشوو، جا نازانین ئەمیش بەنیوە ناچڵی تەواودەبێت، یان لە نیوەیدا بەجێی دێڵن، ئەگەر ئەو برە پارە زەبەلاحەی بۆ چەندەمین جار سەرفدەکرێت لەم پڕۆژانەو چەندینی تر هیچ نەبێت بۆ ئەوە سەرفبکرێت تاکو حکومەت لە کرێچییەتی دەرچێت، هۆی سەرفکردنی لە شارەکاندا لەبەر چاوی هاوڵاتییانە، بۆ مەبەستی خۆیانو دۆزینەوەی ڕێگەیەکی یاساییە بۆ بەهەدەردانی سامانی گشتیی، کاتێک بەلای ئەودوو پڕۆژەیەدا دەڕۆم وادەزانم ساڵی (١٩٧٨)ەو گوندەکانی کوردستان دەڕووخێنن.

ئەو پارەیە خەرجدەکرێ پاروویەکە لە گـەرووی منداڵە شەهیدو کەمدەرامەتو هەژارو کرێنشینەکان دەردێت، باجەکەشی زۆرقورس دەبێت، چونکە خوای گەورە هەقی بزنی کوڵ بەسەر بزنی شاخدارەوە ناهێڵێت.

تکامان لە بەڕێزتانە بەپێی یاسا لێپێچینەوە لەو کەسو لایەنانە بکرێت، کە بۆچی ساڵێک نابێت پارەی بۆ سەرفکراو دووبارە بودجەی تری بۆتەرخانکراوەتەوە.

هیوادارین یاسا بە کردەوە سەروەربێت، نەک بە وتنو نووسین.

**بۆ بەڕێز/ رۆژنامەی رۆژنامە**

هەزاران خەڵکی دڵسۆزو رۆشنبیرو بـەویـژدان لەکاتێکدا تێدەپەڕن بە شەستییەکەی سلێمانیو ڕێگەی سلێمانی تاسلۆجەدا ویژدانیان دەهەژێنێتو شەرم دەیانگرێ، کە لە وڵاتێکی بێ بەرنامەدا دەژینو محاسەبەی خۆیان دەکەن، کە بۆچی ئێمە قبووڵدەکەین ئەم ناهەقیو بەهەدەردانەی سامانی گشتییە تێپەڕێت، کە ئەمە ساڵێک نابێت بودجەیەکی زەبەلاحیان بۆ تەرخانکرد، بۆچی هەروا زوو ئەوەی کردبوویان هەڵیانوەشاندەوە؟!

منیش وەک یەکێک لەو هـەزاران خەڵکە بەشێک لەوەی کە لە ناخمدا بوو هەڵمڕشتە سەر پەڕەگرافی هاوپێچو گرتم بەدەستمەوەو خـۆم کـرد بە ژووری داواکاری گشتییدا لە سلێمانی، لەو ژوورەدا سێ دادوەر دانیشتبوون، خوشکێک لەپشت مێزەکە بوو، ئەو لێی وەرگرتمو بە نیوە ناچڵی خوێندیەوەو باسی بۆ دوو برا دادوەرەکـان کرد، دەستکرا بە وتووێژ لەسەر ناوەڕۆکی نـووسـراوەکـە، سـەرەتـا بەقسە پشتگیرییان لێکردم، ئەوەبوو لەبەر هەر هۆیەک بێت چەند پاکانەیەکیان بۆ دەسەڵات هێنایەوە، کە گوایە ئەم بودجە تـازەیـە لە دامـەزراوەیـەکـی فەرمییەوە دەرچووەو هیچ بەڵگەیەک نییە لەسەر بـەهـەدەردانـی سامانی گشتییو چەند بڕوبیانوویەکی تر، وتیان: ئێمەش دڵمان دەسووتێ بەوەی چەند ساڵە دروستدەکرێتو پارەی بۆ خەرجدەکرێت، بـەڵام بەڕۆژێک تێکدەدرێت، حکومەت بەپێی یاسا ئەو پارەیە لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠) دەردێنێت، لەبەرئەوە ئێمە ناتوانین بەدواداچوونی بۆ بکەین.

بەڵام ئەگەر تۆش وەک قوتابیانی بەشی ناوخۆیی خانەقین بەڵگەت هەیە لەسەر ژمێریاری پـەروەردەی ئەوشارە، کە دوو هەزار دیناری چاپی نوێی لە قوتابیان وەرگرتووە بەبێ ڕێنماییو بوخۆی بردووە، قوتابیانیش سکاڵایان تۆمارکردووە لەسەر ژمێریار، بەوهۆیەوە ئێمەش ژمێریارمان داوەتە دادگا لەسەر ئەو دوو هەزار دینارە چاپە، بەوشێوە ئەگەر تۆش بەڵگەت هەیە دەتوانین بەدواداچوون بۆ تۆش بکەین.

منیش وتم: جارێکیان لەبەرنامەی بەرنامەدا کاک عومەری کەریم ئاغا، لە دووکانێک قتوویەک شیری (٤٥٠) گرامی دزیو رایکرد، برادەران دوایکەوتنو گرتیانو باش لێیاندا،ئەویش وتی: لێم مەدەن من کابرایەکی هەژارمو نەمبووە، بۆیە ئەو شیرەم دزیوە بۆ منداڵەکەم، باشە ئێوە بۆچی بۆ من ئەوەندە ئازان؟ ئەی بۆ ناچن دزە گەورەکان بگرنو بچووکەکان لەبەردەستایە کورد وتەنی: (پـادارەکـان بگرن، بـێ پاکان ماڵی خۆمانە).

بەڵێ، دزی هەر دزییە، بەڵام بۆچی فەرمانبەرێکی ئاسایی دەدرێتە دادگاو بـەدواداچـوونـی بۆ دەکـرێـت، بەڵام بەدواداچوون بۆ بەهەدەردانی ملیارەها دۆلار، یان دینار ناکرێت؟!

**عومەر عەبدولقادر خورماڵی**
**سلێمانی- بەختیاری تازە**
**٢٠١٠/٦/٢٩**

# بۆ/ جەنابی بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم



بـەنـاوی خـوای گـەورەو میهرەبانەوە
بابەت / سکاڵا
سلاوێکی گەرم ...

من کە هاوڵاتییەکی دانیشتووی شاری کەرکوکم، لە (١٩٩٦/٣/١٣) خانوویەکم کڕی، کە ژمارەکەی (١٤٦/ ٣١٨) بەپێی عەقدو شاهید، بـەڵام لـەوکاتـەدا تاپۆ نەدەکرا بەناوی کوردەوە، لەپاش ماوەیەک خاوەنی خانووەکە منی بەندکرد لـە (ئیستخباراتی عەسکەری) شوعبەی (٥) لە کازمییەی بەغدا لە (١٩٩٧/١/٥-١٩٩٨/٦/٢٤) لەکاتی بەندبوونەکەمدا هەمان کەس ئەو خانووەی فرۆشتەوە بە ئافرەتێک بەناوی (ئیمان جەناب حەمەد)، کە عزوقیادەی شوعبە بوو لە حیزبی بەعسی هەڵوەشاوەو بەرپرسی ڕاگەیاندن بوو لە پاڵاوگەی بێجی، پیاوەکەی کابرایەکی کوردە ناوی (محەمەد ئەحمەد محەمەد)ە، کە ئێستا لە پـاڵاوگـە نەوتییەکانی هەولێر مووچەخۆرە، پاش پرۆسە گەڕامەوە ناو خانووەکەم، بەڵام ئەو ئافرەتە ناوراوە دەستیکرد بە هەڕەشەکردن تاکو گەیشتە ئەوەی کە لە ٢٠٠٦/٩/٢٧دا ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراوی لەبەر دەرگاکەمان تـەقـانـدەوە، خـۆم چـاوێـکـم لەدەستداوەو دوو کوڕم بە سەختی بریندازبوون، پاش تۆمارکردنی سکاڵا لە جناياتی کەرکوکو دادگا (القاء قبض) دەرکرا بۆی بە مادەی (٤) ارهاب لە ٢٠٠٧/٤/١٦وە لەگەڵ حجزکردنی أمـوال منقولەو غير منقولە، ئێمەی کورد وتمان لەدەستی زوڵمو زۆرداریی ڕزگارمان بووە، بەڵام بەداخەوە چەند کەسێک هەن وەک بەرپرسو کاربەدەستان زوڵم لە زوڵملێکراو دەکەن.

زۆر بـەزەقـی پشتگیریی دەکـەن لەم ئافرەتە تیرۆریستە، لەپشتی پـەردەوە لـەوکـاتـەوە هـەوڵـدەدەن ئەم ئافرەتە ڕزگار بکەن، فرسەتیان وەرگـرت زۆر بـەڕێـزەوە بە ئۆتۆمبیلی جام ڕەش دەیبەنە جینایاتی کەرکوکو دادگـا لەماوەی (٢) کاتژمێر ئەم تیرۆریستە ئـازاد دەکـەن بەبێ ئەوەی من ئاگاداربکرێمەوە، ئەم کارە ناڕەوایە عەرەبێکی شۆڤینی بیکردایە قەد دڵگیر نەدەبووم، چونکە دەمزانی دوژمنی کوردن، ئەی باشە بەم کەسانە بڵێم چی، کە کوردنو کاروباری شارەکەیان گرتووەتە ئەستۆ؟! ئایا ناهەقمە خۆمو منداڵەکانم رووبکەینە بیابانی عەرعەرو خۆمان بەدەستی خۆمان خۆمان ئەنفال بکەین، کوانێ دەڵێن کـوردی کـەرکـوک لـەژێـر زوڵـم رزگاریان بووە؟

بـەڕێـز سـەرۆک بـارزانـی، نامەوێت هیچ حیزبو لایەنێک بەهەڵە لە من تێبگات، چونکە هەر کەسێک خزمەتی میللەتەکەمان بکات دڵمان بۆی دەکەینەوە، بەڵام ئامادەنیم ڕێـز لە یەکێک بگرم بیەوێت حیزبەکانمان لەکەدار بکات، چونکە حیزبە مەزنەکانمان جێگەی شانازین بۆ گەلی کورد هەر ئەو حیزبانەش گەلی کوردیان بەجیهان ناساند.

بەڕێز سەرۆک بارزانی ئێستا نامەوێ ناوی ئەو کەسانە ئاشکرا بکەم، بەڵام لەکاتی دیاریکراودا هەموو شتێک بە بەڵگەوە ئاشکرا دەکـەم، هەرچەندە ئەو کەسانە کە گوێیان لەم سکاڵایە دەبێت دەکەونە جموجوڵ بۆئەوەی خۆیان لەو کێشەیە دەرباز بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت خۆم بپارێزم لەم کەسانە، چونکە خاوەنی پلەوپایەو چەکدارن تا دەگەنە سزای خۆیان.

داواکارم لە بەڕێزتان لێکۆڵینەوە لەگەڵ مێردی ئەو ئافرەتە ناوبراوە بکرێت، هەموو شتێکتان بۆ ئاشکرا دەبـێـت، ئەوکاتە دەزانـن چەند کەس دەستی لەم کارە هەیەو ئەو مەلەفەش کە لە جینایاتی کەرکوکە بپارێزرێت نەوەک لەناوی بەرنو دەستکاریی بکرێت، ئەو کارەش کـراوە بۆ لابردنی کێشەی ئەو تیرۆریستە قبووڵ نەکرێت.

لە یـەزدانـی مـەزن داواکـارم تەمەن درێـژو سەرکەوتووبن بۆ گەلەکەمان

لەگەڵ ڕێزو حورمەتم دا

**هاوڵاتی**

# بۆردومانی سنوورەکان

**ماوەی چەند ساڵێکە هەریەکە لە حکومەتی ئێران و تورکیا ناوەناوە بەبیانووی بوونی گەریلاکانی پژاک و پەکەکە، ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆردومان دەکەن، هەر بەو بیانووەوە هەندێکجار سنووری هەرێم دەبەزێننو لەشکرکێشی دەکەن.**

**لەئێستاشدا زیاتر لە ماوەی مانگێکە تۆپخانەکانی ئێران رۆژانە ناوچە سنوورییەکان بۆردومان دەکات، هەر بەوهۆیەشەوە دانیشتووانی چەندین گوند ئاوارەبوون، هاوکات زیانێکی مادیی زۆریش بە دانیشتووانی ئەو ناوچە سنوورییانە گەیشتووە، هەر لە سووتانی رەزو باخ و لەوەڕگاوە.. تا رووخانی خانوو و ماڵەکانیان.**

**بۆردومانەکانی تورکیاو ئێران جگە لە زیانە مادییەکان زیانی گیانیش بە دانیشتووانی ئەو ناوچانە گەیاندووە، کە تائێستا بەوهۆیەوە چەندین کەس برینداڕو شەهیدبوون، دواترین قوربانیش بەسۆزی تەمەن ١٤ ساڵ بوو.**

**بەڕای تۆ:**

**١- هۆکاری تۆپباران و لەشکرکێشی تورکیاو ئێران بۆ ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان چییە؟**

**٢- هەڵوێستەکانی بەرپرسانی هەرێم بەرامبەر پێشێلکردنی سەروەریی هەرێم چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

**٣- ئەرکی کێیە سەروەریی هەرێم بپارێزێت؟**

**٤- پێتوایە بەدەنگەوەچوونی حکومەت بۆ ئاوارەکان لە ئاستی پێویستدایە؟**

**٥- هەر بۆچوونێکی تر لەوبارەیەوە..**

**ئاوات، لەندەن** شەرمە خۆپیشاندان بکەیت لەپێناو قەڵەمی ئازادو سەلامەتی سەروماڵیان میدیاکانی دەسەڵاتو بە هێڵی سوور بۆ خەڵکی لەقەڵەم بدەنو بە تێکدەر تاوانبارمان بکەن، بەڵام سەد جار مەخابن لە تۆپبارانکردنی وڵاتەکەماندا لەلایەن ناحەزانمانەوە میدیا حیزبیەکان زۆر بەشێوەیەکی شەرمنانەو بەشێوەیەکی پاڕانەوە لەو دوو وڵاتە باسی لێوە دەکەن.

**سەباح یاسین** هەر مرۆڤێک لە جیاوازی زمان و خاکی کورد بە ئاگا بێت. ئەوا دەزانێت دەسەڵاتدارانی ئێران و عێراق و سوریا و تورکیا، پشکی سەگیان بەرکەوتووەو کوردیش شەڕە سەگەکەی بۆ ماوەتەوە. ئەو ستراتیجی کۆمپانیە پتروکیمکاڵەکانی خۆرئاواوە لەسەر ئەو شەڕە سەگە دانراوەو زۆربەی دەسەڵاتدارانی کوردی و ناوچەکەش لەو راستیە تاڵە بەئاگان و مشەخۆران ژیان لەسەر دەکەن. لەمرۆشدا دەزانرێت کە کورد لە تورکیاو ئێران بزوتنەوەی چەکداری هەیەو دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەش نەک حساب بۆ ئەوان ناکەن، بەڵکو حساب بۆ دەسەڵاتی هەرێمیش ناکەن. پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی دەسەڵاتدارانی کورد شەرمنانەو ترسنۆکانە هەموو تەنازولێک لە دەسەڵاتدارانی تورکی و ئێرانی قبووڵ دەکەنو وەک برا بچوک بازاڕیان بۆ کردوونەتەوە.

**تۆفان کاوانی سوید** بە رای من تۆپبارانی سنوورەکان لەلایەن ئێران و تورکیا باشترین پاساون بۆ هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار کە چەندین ساڵە لە هەموو بۆنەو مناسەباتێکدا پێمان دەڵێن کوردستان هێشتا ترسی دەوروبەری لەسەرەو ئاسایش زامن نەبوە بەڵام لە ئەساسا ئەگەر بمانەوێ لۆژیکیانە بیر بکەینەوە بە روونی بۆمان دەردەکەوێ کە تۆپبارانی سنوورەکان بێگومان دەستی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری لەگەڵدایە بۆیە تائێستاش ئەو دووانە هەوڵی جدییان پێوە دیار نییە بۆ فشار خستنەسەر ئەو دوو وڵاتە بۆ راگرتنی ئەو تۆپبارانە.

**کوردیکی سەر سنووری حە مرین** ١- هۆی تۆپبارانەکە مەسجێکە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانو فشارێکە کە نزیکی لیستی عێراقیە نەکەوێت ٢- هەڵوێستی بەرپرسانی هەرێم زۆر شەرمنانەو ترسنۆکانەیە. ٣- نەخێر لە ئاستی پێویستدا نییە، ئەوەی تەرخانکراوە بایی یەک ژەم خواردنی بەرپرسی ........

**کاوە شێخ سەلام** هۆکاری سەرەکی لەشکرکێشیو تۆپباران فشارهێنانە بۆ حکومەتی هەرێم تا ناچاربێت چالاکی سیاسی و سەربازیی بژاک و پەکەکە لە هەرێم کەمبکاتەوە ئەو دوو هێزەش نامەسئولن لە بەرامبەر بارودۆخی هەرێم و نابێت لەپێناو چالاکییەکی بچووکدا ئیحراجیو ماڵوێرانی بۆ هەرێم بهێننە کایەوە دەبێت زۆر ژیرانە رەچاوی بارودۆخی ناوچەکە بکەن، ئەوان باشتر دەزانن کە نەک حکومەتی هەرێم بەڵکو عێراقیش ناتوانێ بەرپەرچی ئێران و تورکیا بداتەوە، بۆیە چالاکییەکانیان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە ئایا لەبەرژەوەندی کورد رەفتار دەکەن یان لەلایەن خودی تورکیاو ئێرانەوە رێنمایی دەکرێن بەمەبەستی شکاندنی هەیبەتی دەسەڵات لەکوردستان .

## بۆ ژمارەی داهاتوو:

**پارتیو یەکێتی لەڕێگەی پڕۆژەیەکی (لیستی کوردستانی)یەوە دەیانەوێت سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لەبەغدا بسەننەوەو ئەو ئەرکە بسپێرنە دەستەیەکی باڵای هەڵبژاردن لە هەرێم، هاوکات سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لەگەڵ رەتکردنەوەی دروستکردنی دەستەکەیە لەلایەن فراکسیۆنەکەیانەوەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، جگەلەوەی بودجەیەکی زەبەلاحی دەوێت و لە قوتی خەڵک دەدرێت، هاوکات رێگە لەئەنجامدانی ریفراندۆم و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان دەگرێت.**

**بەڕای تۆ:**

**١- چ نییەتێک لە پشت دروستکردنی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمەوە دەبینیت؟، ٢- ئایا دەتوانرێت دەستەیەکی بێلایەن بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێم دروستبکرێت؟، ٣- دروستکردنی ئەو دەستەیە کێشەی تەزویرات چارەسەر دەکات لە هەڵبژاردنەکانی هەرێم، یان پرۆسەی تەزویرکردن فراوانتر دەکات؟**

**٤- هەر رایەکی تر لەوبارەیەوە..**

**ڕاوبۆچوونەکانتان لەم ڕێگایانەوە بە رۆژنامە دەگات:**
**١. دوانگەی سبەی** (www.sbeiy.com)
**٢. ئیمەیلی:** nawxo.rozhnama@yahoo.com

# حکومەت نایەوێت دەربەندیخان بکاتە ناوچەیەکی گەشتیاریی

## بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری دەربەندیخان: بەنیازین لە بەرنامەی ئەمساڵ ماستەرپلانێک بۆ دەربەندیخان بکەین

**راپۆرتی: شەمزین عەباس**
**دەربەندیخان**

سەرەڕای هەڵکەوتە گرنگەکەی، تائێستا حکومەتی هەرێم بایەخی بە شارۆچکەی دەربەندیخان نەداوە تا بکرێتە ناوچەیەکی گەشتیارییو هەوڵەکانیش لەوبارەیەوە جێی ئومێد نین.

شارۆچکەی دەربەندیخان بە دووریی (٦٧)کم دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی شاری سلێمانییەوەو هەڵکەوتەیەکی گرنگی جوگرافیاو سروشتیی هەیە بەهۆی بوونی دەریاچەیەکو رووبارێکو ئەشکەوتێکی کۆنی جیۆلۆجییو مەرقەدی ئیمامێکی بەناوبانگی شیعە، بەڵام بەهۆی نەبوونی پلانێکی زانستیانەی حکومەتی هەرێم نەتوانراوە سوود لەم ناوچانە وەربگیرێتو بکرێتە ناوچەیەکی گەشتیاریی.

ئەنوەر عەلی، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری دەربەندیخان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەنیازین لە بەرنامەی ئەمساڵ ماستەرپلانێک بۆ دەربەندیخان بکەین، بەتایبەت ناوچە گەشتیارییەکانو ئەمەش گرنگی خۆی هەیە بۆ دیاریکردنی ناوچە گەشتیارییەکانو دوو پرۆژەی دیکەی گەشتیاریمان بەدەستەوەیە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە جێبەجێدەکرێت».

بەڕێوەبەری گەشتوگوزار ئەوەشی راگەیاند: «ماستەرپلانەکە بڕی (٥٠٠) هەزار دۆلاری تێدەچێت، بەڵام ماستەرپلانەکە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە».

شارەزایەکی ئابووریش پێیوایە: هەڵکەوتەی شاری دەربەندیخان لەبارە بۆ دامەزراندنی پرۆژەی گەشتوگوزارو جگە لە نەبوونی شوێنی گەشتوگوزار هیچ پرۆژەیەکەی ئەوتۆی پیشەسازییو کشتوکاڵی لێ نییە».


بەنداوی دەربەندیخان

عەلی ئەحمەد، شارەزا لە بواری ئابووریی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەڵکەوتەی شاری دەربەندیخان چ لە رووی جوگرافیو سروشتییەوە پێگەیەکی ستراتیژی گرنگە بۆ دامەزراندنی پرۆژەی گەشتیاریی، بوونی دەریاچەیەکو رووبارێکو ئەشکەوتێکی کۆن ئەگەر بێتو کارەباو ئاوو رێگاوبانی بۆ بکرێت، ئەوا سوودێکی زۆری دەبێت بۆ شارەکە، هەروەها بوونی مەزارگەیەک کە سەر بە یەکێک لە بنەماڵە دیارەکانی مەزهەبی شیعەیە، ئەگەر بێتو ریکلامی بۆ بکرێتو بناسێنرێت لە جیهانی شیعەدا، ئەوا گەشتیارێکی زۆری ناوخۆو دەرەوە روو لە ناوچەکە دەکەن».

ئاماژەی بەوەشکرد: ئەگەر بێتو پەرە بە گەشتوگوزار بدرێت، ئەوا شارەکە دەبوژێنێتەوەو کێشەی بێکاریش لە شارەکە چارەسەردەکات، «لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بەڕێوەبەرێتییەکی بچووک هەیە بە ناوی گەشتوگوزار، بەڵام توانای رێکخستنی گەشتوگوزاری نییە».

# حکومەت، خۆی بۆ ئاگرکەوتنەوە ئامادە نەکردووە

## بەڕێوەبەری گشتیی دارستانو رەزگەریو پاوان: بۆ پاراستنی باخاتەکان، ئامادەکاریمان کردبوو، نەوەک بۆ دارستانەکانو ناوچە شاخاوییەکان

**راپۆرتی: هۆشەنگ هەرتەلی**

حکومەتی هەرێم، هیچ رێوشوێنێکی پێشوەختی نەگرتووەتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی حاڵەتەکانی ئاگرکەوتنەوەو بەم هۆیەشەوە سەدان دۆنم رەزو باخو دارستانی هەرێمی کوردستان لەم وەرزەدا سووتاون.

بەهۆی زۆریی بارانبارینی ئەمساڵەوە، دارستانو رەزو باخەکان بووژانەوەیەکی زۆریان بەخۆیانەوە بینیوەو بۆ پاراستنیشیان لە رووداوە سروشتییەکانو ئاگرکەوتنەوە، حکومەت هیچ رێوشوێنێکی نەگرتووەتەبەر، بەوەی رێگای ئۆتۆمبێل بگەیەنێتە ناوچە شاخاوییەکانو فرۆکەو ئامێری ئاگرکوژێنەوە دابینبکات.

ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەمساڵ بەڕێوەبەری رەزگەو پاوان لە وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم، ئەوەی راگەیاند: بۆ روودانی هەرحاڵەتێکی ئاگرکەوتنەوە، هەموو رێگایەکیان گرتووەتەبەر، لەکاتێکدا لە ئەمساڵدا لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستاندا بەهۆی ئاگرکەوتنەوەوە بەهەزاران دۆنم زەوی لە رەزو دارستانو پوشو پاوانی هاوڵاتییان لەناوچوونو بەهۆی گەرمای بەتینی ئەمساڵیشەوە ئەگەری روودانی ئاگرکەوتنەوەی زیاتری لێدەکرێت.

حسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی دارستانو رەزگەریو پاوان لە وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم، بە رۆژنامەی راگەیاند: بۆ پاراستنی باخاتەکان ئامادەکاریمان کردبوو، نەوەک بۆ دارستانەکانو ناوچە شاخاوییەکان، زۆربەی ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستان پێویستیان بەوە هەیە کە رێگای ئۆتۆمبێلیان بۆ لێبدرێتو بتوانرێت بەباشی کۆنترۆڵی هەرجۆرە رووداوێک بکرێت.

وتیشی: «ساڵی رابردوو لە پارێزگای سلێمانی (٥) فرۆکەی تایبەت بەکارەکانی کشتوکاڵ کڕدراون، بەڵام ئەمجۆرە فرۆکانە تایبەتمەند نین کە بتوانرێت بۆ ئاگرکوژاندنەوە بەکاریانبهێنین، بەڵکو تەنیا بۆ دەرمانڕژاندنی نەخۆشییەکانی رووەک بەکاردەهێنرێن».

لەبەر نەبوونی ئامێرو کەرەستەی پێویست، بۆ رووبەڕووبونەوەی هەر حاڵەتێکی ئاگرکەوتنەوە، پەنا دەبرێتە بەر هێزی کرێکارو بەکارهێنانی دەستو پۆلیسەکانی دارستان بەتایبەتی.

بەڕێوەبەری بەشی دراستانو رەزگەریو پاوان، ئەوەشی راگەیاند: ماوەی (٢)ساڵە بەنیازی کڕینی چەند فڕۆکەیەکن کە بۆ ئاگرکوژاندنەوە بەکاریانبهێنین، بەڵام تا ئێستا نەکڕدراون، ئەوەشی بە «یەکێک لە خاڵە لاوازەکان» دانا.

هەربۆیە بەڕێوبەرێتیی پۆلیسی دارستان، داوا لەلایەنی پەیوەندیدار دەکات، کە تیمێکی تایبەت بە ئاگرکوژێنەوە دابمەزرێنێتو تەواوی پێداویستییەکانو کەلوپەلیان بۆ دابینبکرێت، چونکە پۆلیسی دارستان تەنیا لە پاراستنی دارستانەکان چاودێرە کە نەهێڵێت ببڕدرێنەوەو لە ئاگرکەوتنەوەیان بپارێزێت.

عەقید حسێن محەمەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستانی سلێمانی، داوای لەلایەنە پەیوەندیدارەکان کرد، کە رێگاچارەیەک دابنرێتو تیمێکی تایبەت بە ئاگرکوژاندنەوەی دارستانو چیاکان دابمەزرێنێتو بتوانرێت کۆنترۆڵی ئەو ئاگرە گەورانە بکات، بەتایبەتی لەوەرزی هاویندا کە رووبەڕووی دارستانو لەوەڕگەو دەغڵودانی هاوڵاتییان دەبێتەوە.

وتیشی: «پۆلیسی دارستان، تەنیا ئەرکی پاراستنو پاسەوانیکردنی سروشتی کوردستانە، تا نەهێڵین دارستانەکان ببڕدرێنەوەو لەئاگرکەوتنەوەدا بیانپارێزینو لەکاتێکدا ئەرکی ئێمە کوژاندنەوەی ئاگری ناوچە شاخاوییەکان نییە».

عەقید حسێن، باسی لەوەشکرد: ئەمساڵ لەگەڵ کەوتنەوەی ئاگرەکاندا، پۆلیسەکانی دارستان لەهەموو کاتو سەعاتێکدا بەتایبەتی لەشەویشدا، ئامادەی رووداوەکان بوونو لە (٧٥٪)ی ئاگرەکانیان کۆنترۆڵکردووە.

عەقید حسێن، پێشنیازی ئەوەشی کرد: ئەگەر هیچ نەبێت، با لەسەر ئاستی پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا لیژنەیەکی تایبەت بەو کارە دروستبکرێتو بەڕێوەبەری یەکە ئیدارییەکانی ناوچەکە سەرپەرشتی لیژنەکە بکەنو تەواوی پێداویستییەکانیان بۆ دابینبکرێتو بە هاوکاریی وەزارەتی کشتوکاڵیش، کە ئەوانیش بتوانن تانکەرو ئۆتۆمبێلی تایبەت بە ناوچە شاخاوییەکان دابینبکەنو رووبەڕووی ئاگرەکان ببنەوە.

# کوێستانەکانی چۆمان لەبیردەکرێن

## بەڕێوەبەری کشتوکاڵی چۆمان: ساڵانە پەیین دابەشدەکرێت، بەڵام ئەو بڕە بەشی پێداویستی جوتیاران ناکات

**راپۆرتی: ئەحمەد باڵەکی**

جوتیارانی کوێستانەکانی چۆمان، حکومەت بە کەمتەرخەم دەزانن لە دابیننەکردنی پێداویستییەکانیانو حکومەتیش دەڵێت: «ئەوەی بۆیان دابینکراوە لە ئاستی پێویستدا نییە».

سنووری قەزای چۆمان چەندین کوێستانی لێیە لە نزیک گوندی وێزێو دەوروبەری، کە ساڵانە بە دەیان جوتیارو شوانکاری شوێنەکانی دیکە رووی تێدەکەن بەمەبەستی مەڕداریو کشتوکاڵکردن، بەڵام جوتیارانی ئەم سنوورە نیگەرانن لە حکومەت، کە تائێستا گرنگی پێنەداونو هیچ هاوکارییەکی نەکردوون.

جوتیارانیش باس لەوە دەکەن، کە ئەوان ماوەی چەند ساڵێکە خەریکی کشتوکاڵکردنن، بەڵام حکومەت هیچ هاوکاریی نەکردوون، وەک دابینکردنی کەلوپەلە کشتوکاڵییەکانو پەیینی کیماوییو چەند پێداویستییەکی دیکە.

کوێخا محەمەد، کە بەمەبستی کشتوکاڵکردن رووی لە کوێستانەکان کردووە، کێشەی سەرەکیی خۆیانی بەوە دانا: «چەند ساڵێکە حکومەت نیوەی پارەی هاتوچۆ بۆ جوتیاران خەرجدەکات، بەڵام ئێمە لێی سوودمەند نین، چونکە تا کۆتایی مانگی (٨) ئەو بڕە پارەیە خەرجدەکرێتو بەروبوومەکانی ئێمەش دوای ئەو ماوەیە پێدەگات».

لەلایەکی دیکەوە حسێن قادر، جوتیارێکی دیکەی سنووری رانیە، کە بەمەبەستی کشتوکاڵکردن رووی لە کوێستانەکانی چۆمان کردووە، پێیوایە: حکومەت جوتیارانی سنوورەکەی فەرامۆشکردووەو ئەگەر وا بڕوات ئەوا بەروبوومە کشتوکاڵییەکان لەم ناوچانە روو لە کەمبوونەوە دەکەن».

سلێمان عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی چۆمان، بە رۆژنامەی راگەیاند: لە سنووری خۆیان لەساڵی رابردوو تاڕادەیەکی زۆر کرێی هاتوچۆی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان بۆ ناو شارەکانی هەرێم خەرجکراوە بەپێی پێویست، کە بڕی (٨٠) هەزار بۆ هەرتەنێک بووە.

سەبارەت بە پەیینی کیمیاویش وتی: «ساڵانە پەیین دابەشدەکرێت، بەڵام ئەو بڕە بەشی پێداویستی جوتیاران ناکات، ئێستاش پشتگیریی (٥٠) جوتیار کراوە بۆئەوەی لەڕێی بانکی کشتوکاڵییەوە سلفە وەربگرن»، پێیوابوو: ئەوەش هاوکاریی بووژانەوەی کشتوکاڵ دەکات لە ناوچەکەدا، بەڵام بە وتەی حسێن قادری جوتیار، ساڵ بە ساڵ بەروبوومی کشتوکاڵیی لە سنوورەکە روو لە کەمبوونەوە دەکاتو نموونەی ئەوەی هێنایەوە، کە ساڵی رابردوو ناوچەکەی ئەوان هەمووی کرابووە تەماتەو خەیار، بەڵام ئەمساڵ زۆرێک لەو زەوییەکان نەچێنراون، هۆکارەکەشی بۆ دابیننەکردنی پێداویستییە کشتوکاڵییەکان گەڕاندەوەو وتیشی: «بەردەوام ئەم ناوچەیە تۆپباران دەکرێت، سەرەڕای ئەوەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان لە دەرەوە دەهێنرێت بێئەوی باج بخرێتە سەری».

کوێستانەکانی سنووری قەزای چۆمان وەکو هەوارگەی ئێنێو وێزێو کانیەڕەشو کانیەسپیو ناوچەکانی دیکە، ساڵانە بە هەزارەها تەن بەروبوومی تەماتەو خەیار بەرهەمدەهێنێتو دەنێردرێتە بازاڕەکانی هەرێمەوە، جگە لە بەروبوومە میوەییەکانی وەکو هەنجیرو قەیسیو خۆخو هی دیکە.


قەزای چۆمان

# ـــــــــز، شەرعییەتی حوکمڕانیت، درزی تێکەوتووە

سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی وڵات دادەنرێت، بۆیە زۆربەی تاوانەکان‌و پێشێلکردنەکان (مافی مرۆڤ، کوشتن، بەندکردن، ئەتککردن، گەندەڵی... هتد) لەم قۆناغەدا ئەنجامدراون، تا ئەمڕۆش یەکێتی‌و پارتی ئامادەنین وەڵامی کەسوکاری دیل‌و ونکراوەکانی شەڕی ناوخۆ بدەنەوە، هەر نارەزایی‌و خۆپیشاندانێک بکرایە، بە گوللە وەڵام دەدرایـــەوە، لەم قۆناغەدا گەندەڵیی گەیشتە لوتکەو سەرتاپا جومگەکانی ژیانی گرتەوە، سامان‌و سەروەتی گشتیی کەوتە بەر رەحمەتی گورگەکانی گەندەڵیی، یاساو بەڕێوەبردن بوون بە گاڵتەجاری، حوکمی عەشیرەتگەریی‌و مافیاگەریی بە تەواوەتی کۆنترۆڵی وڵاتیان کرد.

لە هاوشانی هەموو ئەم راستییانەدا، لە بەرئەنجامی پێشکەوتنی جیهان‌و بەرجەستەبوونی بە جیهانیبوون‌و پێشکەوتنی بیری مرۆڤایەتی‌و کرانەوەی ئابووریی سیاسیی‌و رۆشنبیریی‌و کاڵبوونەوەی سنووری وڵاتان‌و پێشکەوتنی لە ئەندازە بە دەری بوارەکانی پەیوەندیکردن‌و ئەنتەرنێت‌و کەناڵەکانی تری فەزا، گۆڕانکاریی بنەڕەتیی لە سەرجەم تێگەیشتنەکان بەتایبەتی چەمکی سەروەریی نیشتمانی‌و رزگاریی نەتەوەیی‌و مافی دەستێوەردان‌و مەفهومی شەرعییەت روویدا، بە واتا ئەمڕۆ پێویستمان بە دامەزراندنی شەرعییەتێکە لەگەڵ خواستەکانی سەردەمی نوێدا بگونجێت، ئەمڕۆ ناتوانیت گومان لەوە بکەیت کە هەردوو شێوازی شەرعییەتی کلاسیکی پاشماوەیەتی‌و شەرعییەتی کاریزمای کۆتاییان هاتووەو مەرگی موحەقەقیان راگەیاندراوە، بۆیە هەر شێوە شەرعییەتێکی لەو جۆرانە، لە هەر شوێنێکی دنیاد لە دایک بێت، گومانی تیادە نییە کە بە مردوویی دێتە دنیاوە، وەک واقیعی ئێمە کە لە قۆناغی پەڕینەوەداین‌و دەبێت ئەم هەقیقەتانە بەهەند وەربگرین، نەک قسە فڕێدان، بە واتا هەر سەردەمەو تێگەیشتن‌و تێڕوانینی خۆی هەیە بۆ سەرتاپا چەمک‌و زاراوەکان، تێڕوانینی جیاواز بۆ شوناس بۆ مەرجەعییەت بۆ بنەماکانی شەرعییەت، ئا لەم واقیعەدایە کە ئێمە دەمانەوێت بە عەقڵییەتی شاخ، شار بەڕێوەبەرین، بە جل‌و بەرگی کوردییەوە پۆلیس بین، بە شێوازی حوکمڕانی پادشایەتییەوە دەسەڵاتی کۆماری بەڕێوەبەرین، سیاسەت بە عقڵییەتی دامە بکەین، ئەمە جگە لەوەی کە لەلایەکی ترەوە هەرێمەکەی ئێمە لە ناو چوارچێوەیەکی گەورەتر لە خۆی کە دەسەڵاتی عێراقە، ئەم شێوە تایبەتە دروست دەکەین‌و خۆمان لەوە گێل دەکەین کە عێراق بەدەر لە عەقڵییەتی شۆڤێنی هەندێک لە سەرکردەکانی کار لە سەر دامەزراندنی سیستمێکی سیاسیی پێشکەوتوو دەکەن‌و هەموو کارو پەیوەندییەکانیان بە یاسا رێکدەخەن‌و وریایانە بەرەو دیموکراسی‌و حوکمی یاسا هەنگاو دەنێن‌و شەرعییەت بە دەستوورو یاسا دەدەن‌و مەرجەعییەتێکی

**بەڕێز، ئێوە بە ئەنقەست چەمکی نێواندژی‌و جیاوازی تێکەڵ دەکەن، ئەم سیاسەتەش هی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو لە دروستبوونی یەکەم جیاوازی سیاسییەوە پیادەتان کردووە**

دەستوورییان دامەزراندووە، بە واتا لەم سۆنگەیەشەوە، ئێمە جارێکی تر تووشی نێواندژی‌و ناکۆکی لەگەڵ ناوەندا دەبینەوە، لە وڵاتێکی دەستووری کۆماریدا دەسەڵاتێکی بێ ناونیشان، تێکەڵەیەک لەکۆمەڵێک نێواندژی‌و بێبنەما، لە خەیاڵ سیستمێک دادەمەزرێنین، هەموو ئەم هەقیقەتانە وایانکردووە کە ئێمە بکەوینە بازنەیەکی داخراوەوەو بە دابڕاویی بمێنینەوە، دەسەڵاتی سیاسیی ئێمە لە ئاکامی درک نەکردنیان بەم هەقیقەتە، یان خۆگێلکردن لێی‌و لە هەڵوێستی وڵاتان‌و رۆشنبیرانی دەرەوە تووشی شۆک دەبن، تا ئەمڕۆ ناتوانن لەو عەقڵییەت‌و باوەڕە رزگاریان بێت کە ئەم وڵاتە بە موڵکی تایبەتی خۆیان بزانن، دەیانەوێت هەر وەک جاران وڵات بە ماریفەتەکانی شێخ‌و مورید بەڕێوەبەرن.

### ٣-قۆناغی شەرعییەتی ئازادیی (٢٠٠٩/٧/٢٥ تا ٠٠٠)

ئەمڕۆ ئێمە هیچ رێگایەکی ترمان لە بەردەمدا نەماوە جگە لە داهێنانی شەرعییەتێکی نوێ کە لەسەر بنەمای مەرجەعییەتی دەستووریی بنیادنرابێت، ئەم شەرعییەتە پێویستی بە تێڕوانینێکی جیاوازە، شێوازێکی جیاواز لە شوناس، لە مەرجەعییەت، دامەزرێنێت، ئەمڕۆ باوترین شێوازی شەرعییەت کە لە ئاکامی جیهانگیرییەوە هەموو گەلانی جیهان لە یەک نزیک دەکاتەوە، شەرعییەتی یاسای دەستوورییە، ئەمەش لە سەر ئەرزی واقیع تەنیا لە رێگای پێشکەوتنی ئابووریی‌و سیاسیی‌و رۆشنبیرییەوەو لە سەر پەیڕەوکردنی دیموکراسییەت‌و ئازادیی بیرورِا جێگای خۆی دەکاتەوە، ئەوەی مایەی نیگەرانییە کە ئێمە ئەم شەرعییەتەمان بە رووکەش وەرگرتووە، نەک بە گەوهەر، بۆیە لە هەموو هەڵسوکەوتەکانماندا تووشی ناکۆکیی‌و نێواندژی دەبین‌و وتەو گفتارەکانمان تەواو پێچەوانەی کارو کردەوەکانمانن، کردارو وشەمان بە جووت لەگەڵ عەقڵدا ناڕۆن.

بەڕێزم، زۆرجار لە لایەن رۆشنبیرو بیرمەندانی ئێوەوە باس لەوە دەکرێت کە ئەم وڵاتەی ئێمە گرفتی زۆری هەیەو زۆری ماوە بۆ ئەوەی سیستمێکی دیموکراسی‌و رەوشی ئازادیی تیادا پیادە بکرێت، لەڕاستیدا ئەمەو چەندین تۆمەت‌و بیانووی تری بەتاڵ، مەبەست لێیان تەنیا چەواشەکارییە، چونکە بەڕاستی گرفت لە خەڵکدا نییە، بەڵکو گرفت لە ئێوەی دەسەڵاتە، خەڵک یەکەم هەنگاوی دیموکراسی خۆی ناوە لە پڕۆسەیەکی هەڵبژاردندا شیاویی خۆی بۆ شایستەی ژیانێکی دیموکراسی سەلماندو سنگیشی بە قەد پێویست فراوانە بۆ ئازادیی، بەڵام ئەوەی راستە، ئێوە گرفتتان هەیە لەگەڵ دیموکراسییەت‌و ئازادیدا.

بەڕێز سەرۆک، وەک ئەوەی بەڕێزت دەیفەرمووی، شەرعییەتی دەسەڵاتت لە پڕۆسەی دەنگداندا بەدەستهێناوە، هەفتا لە سەدی خەڵک دەنگیان بە تۆ داوە، ئەمە لەگەڵ هەموو قسەو باسێک لەسەر کۆی پڕۆسەکە راستە، بەڵام ئەوەی لای بەڕێزتان شاراوەیە، یان درکی پێ ناکرێت، ئەوەیە کە ئێوە گرفتتان لەگەڵ روحی شەرعییەتدا هەیە، چونکە شەرعییەتی هەقیقی لەوەوە دێت کە ئێوە کار لەسەر خزمەتکردنی میللەت بکەن‌و بەرژەوەندییەکانی بخەنە سەرووی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆتانەوە، نەک تەفرەدانی خەڵک بۆ بەرژەوەندیی تایبەت‌و حیزبایەتی، واتە وەرگرتنی لەشی شەرعییەت بەبێ رۆح، شەرعییەتێکی مردووتان دەداتێ، ئەمە لەکاتێکدا کە تەنیا مانەوەتان لەسەر کورسیی دەسەڵات، بەو واتایە نایەت کە ئیتر ئێوە شەرعییەتتان هەیە، چەندین سەرکردە لە دنیادە هەن کە شەرعییەتی حوکمڕانی میللەتەکەیان بە هەڵبژاردن وەرگرتووە، بەڵام بە یەک فەزیحە لە دەستیانداوە. پێموایە، بە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، درزێک کەوتووەتە شەرعییەتی دەسەڵاتی ئێوەوە، ئەمەش بەوە چارەسەر نابێت لە هەقیقەت راکەن‌و دەنگی نارەزای خەڵک بخەنە بازنەی فەوزاو ئاژەوەچێتی‌و تۆمەت‌و عەقڵییەتی موئامەرەو دوژمنانی ئەزموونی کوردییەوە، ئەمانەو هەموو شێوە وەڵامێکی تر لە دەرەوەی دانان بە هەقیقەتدا، ئەمڕۆ لای خەڵک نوکتەیە، چونکە کوشتنی سەردەشت تاوانێکی ئاسایی‌و رووداوێکی بچووک نییە، ئەمە نەک لە بەر دڕندایەتی شێوازی تاوانەکە، چونکە ئێمە رۆژانە دەیان تاوانی زۆر لەوە گەورەترو دڕندانەتر دەبینین، بە تایبەتی لە خواروو و ناوەڕاستی عێراقدا، هیچ کاردانەوەیەکی لەم شێوەیەشی لێ ناکەوێتەوە، لەڕاستیدا تێنەگەیشتن لە مەغزای ئەم کوشتنە، دەسەڵاتی ئێمەو زۆرێک لە خەڵکی کورتبین‌و هوشیارلاوازی تووشی شۆک‌و سەرسوڕمان کردووە، نایانەوێت لەوە تێبگەن کە ئەم کوشتنە بە واتای تیرۆرکردنی ئازادیی دێت. بەڕێزم، لەبەر ئەوەی شەرعییەتی ئەمڕۆی کورد، شەرعییەتی یاسای دەستوورییەو بۆ پاراستنی ئازادیی تاک‌و سەپاندنی دیموکراسییەت، هەر سیستمێکی سیاسیی، یان دەسەڵاتێک نەتوانێت پارێزگاریی لەم شەرعییەتە بکات، شەرعییەتی حوکمڕانی نامێنێت.

**بەڕێز سەرۆک، نێواندژی نێوان دوو لایەن بۆ ناو خودی هەر حیزبێک زۆر رەوایە، رەنگە نەبوونی گرفت بێت، بەڵام نێواندژی نێوان دووحیزبی سیاسیی لە یەک گۆڕەپاندا، بە واتای کوشتنی قبووڵکردنی جیاوازی دێت**



مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان

# نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆک بارزانی: بەڕێ



موعتەسەم نەجمەدین

**ئێوە، یەکێتی و پارتی چوونە پێستی یەکەوە، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ئۆپۆزسیۆن، پێویستی بە دامەزراندنی هێزێکی جیاواز دەکرد، بەڵام لەڕاستیدا ئێوە بوونی ئەم هێزەتان بە هەڕەشە دەزانی لە سەر خۆتان**

**ئێوە گرفتتان لەگەڵ ڕوحی شەرعییەتدا هەیە، چونکە شەرعییەتی هەقیقی لەوەوە دێت کە ئێوە کار لەسەر خزمەتکردنی میللەت بکەن و بەرژەوەندییەکانی بخەنە سەرووی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆتانەوە**

بەڕێز سەرۆک، پێموایە، ئەوەی نکوڵیی لە خەباتی تۆو خانەوادەکەت بکات، غەدرێکی گەورە لە مێژووی میللەتی کورد دەکات، تۆ جگە لەوەی کوڕی بارزانییت و بارزانیش ئەو سومبلە بوو کە کوردی لە قۆناغی ونبووندا بە هەموو جیهان ناساند، ئەو کاریزمایە بوو کە ناڕەزاییی و تووڕەیی خەڵکی لە سەردەمی نەهاتدا کرد بە شۆڕش و خەباتی رزگاری دەستپێکرد. بەدەر لەمەش تۆ بۆ خۆت ئەو پیاوەی کە هەر لە ساواییەوە بە دەنگی تەقەی رزگاری گۆشکرایت و لە نێوان تفەنگ و سەنگەردا گەورە بوویت تا گەیشتیتە ئەمڕۆ.

تۆ، ئەمڕۆ لە بالاترین پلەی دەسەڵاتدایت، ئەگەر هەمووشی نەبێت، ئەوە زۆربەی زۆری بڕیارەکانی ئەم وڵاتە لە دەست تۆدان، بۆیە پێش هەر کەسێکی تر، تۆ بەرپرسیاریت لە هەر تاوانێک، یان کارەساتێک، سەرچاوەکەی هەرچییەک، یان هەر لایەنێک بێت، کاتێک کە رۆڵەیەکی ئەم وڵاتە لە سەر نووسینێک، یان دەربڕینی رایەک دەکوژرێت، بە واتا لە سنووری حوکمڕانیی تۆدا، تاوانێک ئەنجام دەدرێت، بەڵام کارەسات لەوەوە دەستی پێکرد، لە بری ئەوەی تۆ ببیت بە پشت و پەنای خەڵکی، حیزبەکەی تۆ پێش هەموو لایەک، بگرە بەتەنیا کەوتە دژایەتیکردنی ئەو دەنگە ناڕەزاییانەو رەخنەوگلەییەکانی خەڵکی راستەوخۆ خستە بازنەی کاری تێکدەرانەوەو بە موئامەرەی لە دژی ئەزموونی حوکمڕانیی کوردستان لە قەڵەمدا، هاوکات کەوتە وێزەی ئۆپۆزسیۆن و بزووتنەوەی گۆڕان کە ئەمان لە پشت ئەو ناڕەزاییانەوەن، من بۆ خۆم پێموایە، ئەوەی نادروست و ناڕاستە ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆن دەستی لە جوڵاندنی جادەدا نەبێت. ڕاگەیاندنەکانی پارتی،

بۆ وەڵامدانەوەی دەنگی ناڕەزایی خەڵک و رۆژنامەنووسان کەوتنە هێرشکردنە سەر بزووتنەوەی گۆڕان بەگشتیی و خودی نەوشیروان مستەفا بە تایبەتی و هەڵدانەوەی لاپەڕەی کۆن و تاوانبارکردنی بە کوشتنی شیوعییەکان، لێرەدا پێموایە، هەموو ئەمانە وێزگەی مێژوویین و تاوان و کارەسات لێیاندا روویداوە، دەکرێت دادگایەکی تایبەتیش بە بەشداری پسپۆڕی بیانیی دابمەزرێت و لێکۆڵینەوەو لێپێچینەوەیان تیادا بکات، بەڵام لەڕاستیدا گرفتی ئەمڕۆمان ئەمە نییە، ئێستا گرفتی ئێمە، کوشتنی دەنگی ئازادییە کە لە سۆرانی مامە حەمەوە دەستی پێکردو ئەمڕۆ وا گیشتە سەردەشت و خوا دەزانێت چەندیتر دەپێکێت.

بەڕێز سەرۆک، لەڕاستیدا نە قسە لەسەر خەباتی بەڕێزتانەو نە لەسەر رابردووی کاک نەوشیروان و نە لە سەر هیچ کارەساتێکی رابردووە، بەڵکو قسە لە سەر هەقیقەتی کوشتنی دەنگی ئازادییە، بۆیە بردنی ئەم کەیسە بە هەر ئاقارێکی تردا بۆ شاردنەوەی راستییەکانە نەک ئاشکراکردنی.

بەڕێزم، لە وڵاتە کلۆڵەکاندا، تاک توانای بەئازادی قسەکردنی نییەو زمانی کۆتکراوە، بۆیە تاک لێرەدا هەست بە بوونی خۆی ناکات، بە واتا کاتێک کە ڕووبەڕووی دەسەڵات دەبێتەوە هیچی نییە لە دەستی بدات، لەپێناو دەستخستنی ئازادیدا، قوربانیدان بە جەستەی، بە کەمترین نرخ دەزانێت، ئەمە چاوگی سەرەکی دروستبوونی توندوتیژییە، بەڵام ئەو وڵاتانەی پەیوەست دەبن بە کرانەوەی رۆشنبیریی و ئابووریی و سیاسییەوە، زۆر ئازایانە دەسەڵات رووبەڕووی گرفت وکێشەکان دەبێتەوە، لەم وڵاتانەدا یاسا سەروەرەو خەڵکی متمانەیان بە یاسا هەیە، بۆیە ڕێگای توندوتیژیی ناگرنە بەر.

بەڕێز، سەرۆک نەتەوەی کوردی خێر لە تەجروبە نەدیو، ئەمڕۆ تا بینەقاقای قەیران و گرفتە، پێویستی بە دروستکردنی قەیرانی زیاتر نییە، ئێمە بۆ ئەوەی لەم گرفت و قەیرانانە رزگارمان بێت و بتوانین ئایندەیەکی رووناک و دروست دابمەزرێنین، دەبێت رابردووی خۆمان بدەینە دادگاو لێپێچینەوە لە هەموو کەموکوڕیی و هەڵەو کەمتەرخەمی و تاوانەکان بکەین، پێموایە، ئەمە سەرەتا لەوەوە دەستپێدەکات کە وێزگەکانی مێژوو لەیەک جیاکەینەوەو دەسەڵاتی ئەو قۆناغانەو شەرعییەتی بوونیان دیاریکەین، بە شێوەیەکی گشتیی دەشێت ئێمە قۆناغەکانی شەرعییەت بکەینە سیان:

### ١- قۆناغی خەباتی رزگاریی (سەرەتای دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی تا ٣١ ی ئابی ١٩٩٦)

پاڵپشتیکردنی بەرفراوانی جەماوەریی کورد لە ئێوە بۆ خەباتی رزگاریی، پێدانی شەرعییەت بوو بە ئێوە، بۆیە کەس نییە نکوڵیی لەوە بکات کە کاتێک ئێوە بڕیاری خەبات و شۆڕشی رزگاریتان دا شەرعییەتی وەرگرتنی دەسەڵاتی شۆڕشتان وەرگرت، بەڵام ئەم شەرعییەتە لەگەڵ دامەزراندنی شەڕی ناوخۆدا درزی تێکەوت، دەتوانین بڵێین، بەو درزەوە تا پێش (٣١)ی ئاب و هێنانی سوپای عێراق و تورکیا و ئێران لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵات (یەکێتی و پارتی)یەوە بە نیوە مەرگی ئیدامەی هەبوو، بەڵام لە دوای کارەساتەکانی راکێشانی دەستی دوژمنەوە بۆ کوشتنی خۆمان، مەرگی هەقیقی شەرعییەتی شاخ ڕاگەیەنرا، چونکە شەرعییەتی شۆڕش و خەباتی رزگاریی لە خواستەکانی خەڵکەوە بۆ رزگاری و سەربەخۆی دامەزراو درا لەبەرۆکی ئێوە، بەڵام کاتێک ئێوە ئەو پەیمانەتان شکاند کە دابوتان بە خەڵک بۆ رزگاریی، ئەوە بێگومان شەرعییەتی خەڵکیش بۆ ئێوە نامێنێت.

بەڕێز، سەرۆک ئەوە هەقیقەتە لە یەکەم وێزگەی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمدا لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە سیستمی سیاسیی کوردی بە کەموکوڕیی لە دایک بوو، ئەو کات لە دوای هەڵبژاردن پارتی و یەکێتی دەسەڵاتتان بە رێژەی پەنجا بە پەنجا لەنێو خۆتاندا دابەشکردو جێگای ئۆپۆزسیۆنتان بە بۆشایی هێشتەوە، چونکە چەورییەکە تەنیا لە دەسەڵاتدا بوو، لەگەڵ ئیدامەدان بەو وەزعە، ئێوە یەکێتی و پارتی چوونە پێستی یەکەوە، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ئۆپۆزسیۆن، پێویستی بە دامەزراندنی هێزێکی جیاواز دەکرد، بەڵام لەڕاستیدا ئێوە بوونی ئەم هێزەتان بە هەڕەشە دەزانی لەسەر خۆتان، بۆیە بە هەموو شێوەیەک کەوتنە دژایەتیکردنی هەموو جیاوازییەک لە خۆتان، بە واتا سیستمی سیاسیی ئێمە لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە تا ساڵی(٢٠٠٩) بە کەموکوڕیی حوکمڕانی کردووە، یان بۆ ماوەی هەڤدە ساڵ سیستمی سیاسیی ئێمە بە دروستیی حوکمڕانیمان نەکردووە، لە واقیعدا ئەمە هۆکاری سەرەکی دواکەوتنمانە لە سەرجەم بوارە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکاندا.

لە (٢٠٠٩/٧/٢٥)دا لە ئاکامی پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا، دەنگێکی جیاواز دروست بوو، ئەم دەنگە بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە کۆمەڵی کوردی بردە قۆناغێکی پێشترەوە، بەڵام لێرەدا کارەسات لەوەدایە ئێوە کە بە هەمان عەقڵییەتی کۆنەوە، ئەمە بەدەنگێکی جیاواز نابینن و بە تەواوکەری سیستمی سیاسیی نازانن و هەر لە یەکەم ساتی دروستبوونییەوە ناکۆکیی و نێواندژی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بوو بە واقیع و لە هەموو بیرکردنەوەیەکی عەقڵانی دابڕا.

بەڕێز، ئێوە بە ئەنقەست چەمکی نێواندژی و جیاوازی تێکەڵ دەکەن، ئەم سیاسەتەش هی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو لە دروستبوونی یەکەم جیاوازی سیاسییەوە پیادەتان کردووە، بە واتا تێکەڵکردنی ئەم دوو زاراوەیە لای ئێمە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، لە یەکەم ساتی دروستبوونی پارتییەوە، ناکۆکیی لەگەڵ حیزبی شیوعی کە ئەو کات تەنیا هێزی گۆڕەپانی کوردی بوو، دروستبوو، خواستی ئەو سەردەمە کە وا پێویستی دەکرد حیزبێکی نەتەوەیی دروست بێت، ئەم جیاوازییە راستەوخۆ بووە نێواندژی و تا ماوەیەکی زۆر هەردوو حیزب تا سەر ئێسقان دژایەتی یەکترتان کرد. ئەو کات دروستبوونی پارتی لە لایەن شیوعییەکانەوە بە موئامەرە لە دژی خۆیان لە قەڵەمدەدراو لە هەمانکاتدا ئێوەش کە بوونی خۆتان بە پێویستی تازەگەریی و نوێبوونەوە دەزانی، بەردەوامبوونی خۆتان و مانەوەتان لە کۆتاییهێنان بە کۆن، واتا شیوعییەکان دەزانی، لە سەردەمی نوێدا ئەو کاتای بەشێک لە مەکتەبی سیاسیی پارتی لە بارزانی جیابوونەوەو دواتر یەکێتییان دروستکرد، هەمان سیناریو بە زەقتر دووبارە بووەوە، لە یەکەم ساتی ئەم جیابوونەوەیە شەڕێکی خۆکوژیی خوێناویی کەوتە نێوان ئێوەو یەکێتییەوەو تائەمڕۆش ئاسەواری ئەو شەڕە بە ململانێکانتان و بە دووئیدارەیی دەسەڵاتی کوردییەوە دیارە.

ئەگەرچی لەڕاستیدا ئەم جیابوونەوەیە زۆر لە جێی خۆیدا بوو، چونکە بەڕاستی حیزبێک بە ئایدیایەکی نوێ کە هەڵگری بیری ماویزم بوو، دروستبوو، بەڵام ئێوەش بە هەمان عەقڵییەتی حیزبی شیوعی ئەم جیاوازییەتان قبووڵ نەکرد.

لە سەردەمی ئەمڕۆشدا، کاتێک کە بزووتنەوەی گۆڕان وەک جیاوازییەک لە یەکێتی بە پلەی یەکەم و لە دەسەڵات بەگشتیی دروستبوو، هەمان ئەو سیناریۆیانە دەستیان پێکردەوە، یەکێتی بەتایبەتی و دەسەڵات بە گشتیی ئەم بزووتنەوەیە بە دوژمنی خۆیان دەزانن، بەڵام لە واقیعدا جیاوازییەک لە تێڕوانین بۆ گۆڕان لە نێوان یەکێتی پارتیدا هەیە، یەکێتی بەوەی گۆڕان راستەوخۆ لە هەناوی ئەوەوە هاتوەتەدەرێ، لە یەکەم ساتی دروستبوونییەوە دژایەتییەکی سەرسەختی دەستپێکردو بوون و مانەوەی ئەو بەکۆتایی خۆی دەزانێت، لە هەمانکاتدا عەقڵییەتێکیش لە ناوگۆڕاندا هەیە، پێشکەوتن و گەشەکردنی گۆڕان لە توانەوەی یەکێتیدا دەبینێت، بەڵام وەک پارتی، دەشێت پەیوەندیی لەگەڵ گۆڕاندا بکرێت بە دوو قۆناغەوە، قۆناغی پێش شەهیدکردنی زەرەدەشت و قۆناغی دوای شەهیدکردنەکەی، گومان لەوەدا نییە کە سەرەتا شێوە هاوسۆزییەک لە نێوان گۆڕان و پارتیدا دروستبوو، هەندێک لە رووناکبیران و رۆژنامەنووسان ئەو قۆناغە بە قۆناغی موجامەلە ناودەبەن، من پێموایە، دوو هۆکار، نهێنیی دروستبوونی ئەو رەوشەن، یەکیان ئەوەیە کە گۆڕان راستەوخۆ لە هەناوی یەکێتییەوە دەرچوو، بە واتا هیچ زیانێکی ئەوتۆی بە پارتی نەگەیاند، پێموابێت، لە سەرەتادا ئەم رەوشەش لە لایەن هەردوولاوە کاری بۆکرا، واتا هەردوولا بەبێ ڕێکەوتنێکی پێشوەخت خۆڕسکانە هەوڵیاندا ئیستیفزازی یەکتر نەکەن، بگرە زۆرجار موجامەلەی یەکتریشیان دەکرد، هۆکاری دووەم پارتی و گۆڕان لە کۆتایی هاوکێشەکەدا

**بەڕێز، سەرۆک نەتەوەی کوردی خێر لە تەجروبە نەدیو، ئەمڕۆ تا بینەقاقای قەیران و گرفتە، پێویستی بە دروستکردنی قەیرانی زیاتر نییە**

لەسەر یەک ئاراستە یەکیانگرتەوە کە ئەویش دژایەتی یەکێتی بوو، بە واتا پارتی لە ئاکامی ئەو نێواندژی و ناکۆکییەی لەگەڵ یەکێتیدا هەیبوو، لەگەڵ دژایەتی یەکێتی بۆ گۆڕان یەکیگرتەوە، لەسەر ئەو پەندەی کە دەڵێت: دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە.

قۆناغی دووەمی پەیوەندیی نێوان گۆڕان و پارتی کە زۆرێک بە قۆناغی تومەتبارکردن ناوی دەبەن، ئەم رەوشە لە دوای شەهیدکردنی سەردەشت عوسمانەوە دەستی پێکرد، من بۆخۆم بە قۆناغی دەرکەوتنی هەقیقەتی گۆڕانی ناو دەبەم، کاتێک رۆژنامەنووس، سەردەشت عوسمان شەهیدکرا، گۆڕان وەک ئەرکی تەواوی خۆی چووە پاڵ جەماوەرو رۆژنامەنووسە ئازادەکان و رووبەڕووی پارتی بووەوەو داوای ئاشکراکردن و دادگایکردنی تاوانبارانی کرد، لەواقیعدا ئەمە بۆ پارتی وەک شۆک وابوو، چونکە باوەڕی نەدەکرد کە گۆڕان لەپێناو بەهاو باوەڕدا پێ لەسەر بەرژەوەندییە تایبەتەکانی بنێت و دژی پارتی راوەستێتەوە، ئەوەی برایانی پارتی درکیان پێ نەدەکرد، ئەو هەقیقەتەیە کە قاعیدەی گۆڕان ئەو جەماوەرەیە لە ئەساسەوە لەسەر بنەمای پشتکردن لە بەرژەوەندیی تایبەت، رووکردن لە بەهاو زیندووکردنەوەی حورمەتی تاک دروستبووە، بە ئاشکرابوونی ئەم هەقیقەتە پارتی لە چرکەساتێکدا سەدو هەشتا پلە هەڵگەڕایەوەو هێرشێکی توندی کردە سەر گۆڕان و ئەندامانی، بەڵام ئەوەی پارتی تا ئەمڕۆش درکی پێ ناکات، ئەو هەقیقەتەیە بەو هێرشانەی، نەک هەر نەیتوانی هیچ زیانێک بە گۆڕان بگەیەنێت، بەڵکو گەورەترین گورزی لە خۆی دا. بەڕێز بارزانی، بەو هەڵسوکەوتانەی بەڕێزتان و بەرپەرچدانەوەی حیزبەکەتان، جارێکی تر چووینەوە سەر هەمان سکەی رابردوو، واتا جارێکی تر هیوای یەکتر قبووڵکردنی جیاوازییەکانتان کوشت و گەڕاینەوە بۆ سەر هەمان عەقڵە کۆنەکە، بە واتا دووسەری بازنەی میحنەتتان جارێکی تر بە یەکگەیاندەوە.

بەڕێز سەرۆک، نێواندژی نێوان دوو لایەن بۆ ناو خودی هەر حیزبێک زۆر رەوایە، رەنگە نەبوونی گرفت بێت، بەڵام نێواندژی نێوان دووحیزبی سیاسی لە یەک گۆڕەپاندا، بە واتای کوشتنی قبوڵکردنی جیاوازی دێت، بۆیە دەبێت سەرکردەکانی دەسەڵات تەجاوزی ئەو عەقڵییەتە بکەن کە دەیان ساڵە تۆوی لەناخیاندا چێنراوە، دەبێت تەجاوزی ئەو باوەڕانە بکەین کە پێیانوایە، بوونم لە نەبوونی تۆوەیە، بەردەوامبوون و سەلامەتیم لە کوشتنی تۆدایە، داهاتم لە ئیفلاسکردنی تۆدایە.

### ٢- قۆناغی پەرینەوە (لە ٣١ ی ئابی ١٩٩٦وە تا ٢٥/٧/ ٢٠٠٩)

ئەم قۆناغە کە ماوەی سیازدە ساڵی خایاند، هیچ شێوازێکی شەرعییەتی دەسەڵات و حوکمی یاسا لێیدا بوونیان نەماو کوردستان بە عەمەلی لە نێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتداردا کرابوو بە دوو بەشەوەو تا ئەمڕۆش بەڕاستی یەکیاننەگرتووەتەوە، بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەی نفوزی خۆی، هەریەکەیان ئیدارەیەکی بێشەرعی بێبنەمای یاسایی دامەزراندو هێزی میلیشیای و دەسەڵاتی دەزگا ئەمنییەکانیان کۆنترۆڵی تەواوی جومگەکانی ژیانی خەڵکیان کرد، ئەم قۆناغە بە رەشترین قۆناغەکانی ژیانی

**وەزارەتی داد**
**دادنووسی سلێمانی/ دووەم**
ژمارە:ت
بەروار: ٢٠١٠/٦/٢٣

**ئاگاداریو بلاوکردنەوە**

تۆمارکردنی ئامێری /کۆمپانیای (بیزا) بۆ بەرهەمهێنانی کۆنکرێتی ئامادەکراو
بەگوێرەی داواکاری لەلایەن بەرێز (محەمەد حەمەکەریم خەلیفەو دیاری عەلی غەفور/ن.پ/٢) لەرۆژی (٢٠١٠/٥/٢٦) کەتیایدا داوای کردووە ئەم ئامێرانەی خوارەوە بەناویەوە بۆ تۆمار بکەین، جا هەر کەس پەیوەندی هەیە پێیانەوە با بێتە لامانو بەلگەنامەی رەسمی بهێنێت تاماوەی (١٥) رۆژ لە بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریەوە لە رۆژنامەدا تاوەکو کارەکە رابگرینو بەپێچەوانەوە ئێمە ناچار دەبین کە ئەو ئامێرانە تۆمار بکەین بەناویانەوە بەگوێرەی (یاسای تۆمارکردنی ئامێر) ژمارە (٢٥) سالی (١٩٥٢)و بروانامەی تۆمارکردنی دەدرێتێ.
١-محەمەد حەمەکەریم خەلیفە (٥٠٪)
٢-دیاری عەلی غەفور (٥٠٪)

**ئامێرەکان:**
١-میکسەر بەهەلوەشاوی بێ سەیارە بەتوانای -7m3ئەلمانی سالی ٢٠٠١-ژمارە-٩٠٧٠٧١-تایپ704s-.
٢-میکسەر بەتوانای -6m3ئەلمانی-٢٠٠١ لەسەر ئۆتۆمبیلی مرسیدس ژمارەی ئۆتۆمبیل-١٠٤٥٣ بەغدا-ژمارەی میکسەر-٩٠٦٥٣٠-تایپ604s-.
٣-میکسەر جۆری CIFA بەتوانای -7.5m3ئەلمانی ٢٠٠١ لەسەر ئۆتۆمبیلی مان-ژمارەی ئۆتۆمبیل-٢٠١٧ دهۆک ژمارەی میکسەر-٣٥٧٤٤-تایپ-RHS75.
٤-سایلۆ بۆ گواستنەوەی چیمەنتۆ بەتوانای (٥٠) تەن-ئەلمانی-٢٠٠٢ لەسەر ئۆتۆمبیلی مان-ژمارەی ئۆتۆمبیل-٧٤٠٢١ بەغداد، ژمارەی سایلۆ-WF250 B6C 10023503.
٥- میکسەر جۆری CIFA بەتوانای -6M3ئەلمانی ٢٠٠١ لەسەر ئۆتۆمبیلی مان-ژمارەی ئۆتۆمبیل-٧٤٠٤٢-بەغداد، ژمارەی میکسەر-٠٠٣٩٤٠-تایپ-١-٨-٥.
٦- میکسەر جۆری CIFA بەتوانای -7.5m3ئەلمانی ٢٠٠١ ژمارەی ئۆتۆمبیل-١٢١١ بەغداد، ژمارەی میکسەر-٣٥٧٤١-تایپ-RHS75.
٧- میکسەر جۆری لیبهر بەتوانای -6M3ئەلمانی ٢٠٠١ لەسەر ئۆتۆمبیلی مرسیدس-ژمارەی ئۆتۆمبیل-٩٥٩٢٧-بەغداد، ژمارەی میکسەر-٩٠٥٥٧٥-تایپ604S-.
٨-میکسەر بە هەلوەشاوی بێ ئۆتۆمبیل جۆری BARUVAL بەتوانای -7M3ئەلمانی-١٩٩٩-تایپ-١٠١-٧.
٩- میکسەر جۆری لیبهر بەتوانای -6M3ئەلمانی ٢٠٠١ لەسەر ئۆتۆمبیلی مرسیدس-ژمارەی ئۆتۆمبیل-١٧٢٦٠-بەغداد، ژمارە-٠٠٣٩٤١-تایپ-١-٨-٥.
١٠- میکسەر جۆری لیبهر بەتوانای -6M3ئەلمانی ٢٠٠١ لەسەر ئۆتۆمبیلی مرسیدس-ژمارەی ئۆتۆمبیل-٧٤٠٣٥-بەغداد، ژمارەی میکسەر-٩٠٥٤٨٢-تایپ604S-.
١١- میکسەر جۆری CIFA بەهەلوەشاو بێ ئۆتۆمبیل-ئەلمانی ١٩٩٩، ژمارە-٣٥٨٣٤-تایپ-RHS75.
١٢- میکسەر جۆری BARUVAL هەلوەشاو بێ ئۆتۆمبیل -ئەلمانی-١٩٩٩ ژمارە- ٣٥٨٣٤-تایپ-٧-١٠١.
١٣- میکسەر جۆری لیبهر بەتوانای -7.5M3ئەلمانی ٢٠٠١ لەسەر ئۆتۆمبیلی مرسیدس-ژمارەی ئۆتۆمبیل-٧٤٨٦٦-بەغداد، ژمارەی میکسەر-٠٠٣٩٤٢-تایپ-٥-٨-١.
١٤- میکسەر جۆری لیبهر بەتوانای -7M3ئەلمانی ٢٠٠١ لەسەر ئۆتۆمبیلی مرسیدس-ژمـارەی ئـۆتۆمبیل-٢١١٧٤-صـــلاح الدین، ژمارەی میکسەر-٧٣٧١٣٤٣٣-تایپ-AM7FH.
١٥-میکسەر جۆری لیبهر بەتوانای -6M3ئەلمانی ٢٠٠١ لەسەر ئۆتۆمبیلی مرسیدس-ژمارەی ئۆتۆمبیل-٩٩٨٩٩-بەغداد، ژمارەی میکسەر-٩٠٦١٤٥-تایپ604S-.
١٦- میکسەر جۆری CIFA بەتوانای -7.5m3ئەلمانی ٢٠٠١ لەسەر ئۆتۆمبیلی مان-ژمارەی ئۆتۆمبیل-٣٧٩٤ دیالی، ژمارەی میکسەر-٣٥٨٣٩-تایپ-RHS75.
١٧-مولیدەی کارەبا جۆری کمینز بەتوانای 250KVA ژمارەی بزوێنەر-٣٠١٣٨٣.
١٨- مولیدەی کارەبا جۆری پیرکنز بەتوانای 140KVA ژمارەی بزوێنەر-U841477M*YD37746*.
١٩-ئامێری هەلدانی چیمەنتۆ (پەمپ) جۆری پوتزمیتر-ئەلمانی ٢٠٠١ لەسەر ئۆتۆمبیلی مرسیدس توانای پەمپ (٢٨) مەتر، ژمارەی ئۆتۆمبیل-٢٥٠٨٤-بەغداد، ژمارەی پەمپ-٢٢٠١٠٠١٤٩-تایپ-09H-BRF28.
٢٠- ئامێری هەلدانی چیمەنتۆ (پەمپ) جۆری پوتزمیتر-ئەلمانی ٢٠٠٣ لەسەر ئۆتۆمبیلی مان، توانای پەمپ (٤٢) مەتر، ژمارەی ئۆتۆمبیل-٦٧٤-سلیمانیە/رنشائیە، ژمارەی ئۆتۆمبیل؟؟؟؟؟؟-٢١٠١٠١٢٩٥-تایپ-16H-BRF42.
٢١-پەمپ جۆری (ELBA) بەتوانای (٣٦) مەتر-ئەلمانی ٢٠٠١ لەسەر ئۆتۆمبیلی مرسیدس-ژمارەی ئۆتۆمبیل-١٤٣٦٩ بەغداد، ژمارەی پەمپ-٠٠٣٩٤٣-تایپ-٥-٨-٥.
٢٢- ئامێری (پەمپ) جۆری پوتزمیتر-ئەلمانی ٢٠٠١ لەسەر ئۆتۆمبیلی مرسیدس بەتوانای (٢٨) مەتر، ژمارەی ئۆتۆمبیل-٢٥٠٨٤-بەغداد، ژمارەی پەمپ-١٧٠٢٠٠٧٥٧-ژمارەی شاصی پەمپ-٢٢٠١٠٠١٥٠- تایپ-09H-BRF28.
٢٣-میکسەر جۆری دونیر-ئەلمانی لەسەر ئۆتۆمبیلی کامازی روسی، ژمارەی میکسەر-٨٦٦٨٨٠٦-تایپ-F4L 912.
٢٤- میکسەر جۆری دونیر-ئەلمانی لەسەر ئۆتۆمبیلی (هینۆ)ی یابانی، ژمارەی میکسەر-٨٦٢٨٤١٧-تایپ-F4L 912.
٢٥- میکسەر جۆری دونیر-ئەلمانی لەسەر ئۆتۆمبیلی رینۆی فەرەنسی، ژمارەی میکسەر-٦١٠٥٠٠٨-تایپ-F4L 912.
٢٦-میکسەر (تێکەلکار)ی کۆنکرێتی ناوەندی (خەباتە مەرکەزیە) جۆری ئیکۆما-ئیتالی لەگەل چوار هویەرو کۆنڤایەرو سایلۆی ستونی بۆ چیمەنتۆو بەرینەو تەرازوو بۆردی کۆنترۆلو کۆمپرێسەری هەوایی جۆری ئەتلەس-ژمارەی خەباتە-٢٠١٢٢ ژمارەی کۆمپرێسەر ٢٧٨٩٩٥ -تایپ-LC251.
٢٧- میکسەر جۆری لیبهر بەتوانای -6M3ئەلمانی ٢٠٠١ لەسەر ئۆتۆمبیلی مرسیدس-ژمارەی ئۆتۆمبیل-١٧٢٦٠-بەغداد، ژمارەی میکسەر (شاصی میکسەر)-٤٦٣١٠١٠٥.
٢٨- میکسەر جۆری لیبهر ئەلمانی، ژمارەی میکسەر-٥٣٣٢٠٣٣٥.
٢٩- میکسەر جۆری CIFA بەتوانای -7.5m3ئەلمانی ٢٠٠١ لەسەر ئۆتۆمبیلی مان-ژمارەی ئۆتۆمبیل-٢٨٧٢٢ بەغداد، ژمارەی میکسەر-٣٥٧٣٧-تایپ-RHS75.
٣٠- میکسەر جۆری CIFA ئەلمانی، ژمارەی میکسەر-٣٣٨٧٤٠٣-تایپ-f.61 913.
٣١-پەمپی چیمەنتۆی گەرۆک جۆری پوتزمیتر-ئەلمانی، ژمارەی پەمپ-١٧٠٢٠٠٨٤٨٠.
٣٢-سایلۆی چیمەنتۆی گەرۆک جۆری پۆتزمیتر-ئەلمانی، ژمارەی سایلۆ-١٠٢٠٧٠٠١٥٢٩٩.
٣٣-میکسەر جۆری لیبهر هەلوەشاو بێ ئۆتۆمبیل-ئەلمانی، ژمارە-٩٠٧٠٨١-تایپ704s-.

**وەزارەتی داد**
**دادنووسی سلێمانی/ دووەم**
ژمارە:ت
بەروار: ٢٠١٠/٦/٢٧

**ئاگاداریو بلاوکردنەوە**
تۆمارکردنی ئامێری /کۆمپانیای (بیزا) بۆ بەرهەمهێنانی کۆنکرێتی ئامادەکراو
بەگوێرەی داواکاری لەلایەن بەرێز (محەمەد حەمەکەریم خەلیفەو دیاری عەلی غەفور/ن.پ/٢) لەرۆژی (٢٠١٠/٥/٢٦) کەتیایدا داوای کردووە ئەم ئامێرانەی خوارەوە بەناویەوە بۆ تۆمار بکەین، جا هەر کەس پەیوەندی هەیە پێیانەوە با بێتە لامانو بەلگەنامەی رەسمی بهێنێت تاماوەی (١٥) رۆژ لە بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریەوە لە رۆژنامەدا تاوەکو کارەکە رابگرینو بەپێچەوانەوە ئێمە ناچار دەبین کە ئەو ئامێرانە تۆمار بکەین بەناویانەوە بەگوێرەی (یاسای تۆمارکردنی ئامێر) ژمارە (٢٥) سالی (١٩٥٢)و بروانامەی تۆمارکردنی دەدرێتێ.
١-محەمەد حەمەکەریم خەلیفە (٥٠٪)
٢-دیاری عەلی غەفور (٥٠٪)

**ئامێرەکان:**
١-ئامێری خەیاتەی مەرکەزی جۆری/ MESAS-تورکی، ژمارە- ٤٠٩٤-تایپ- ٤-٨-٥- لەگەل (٤) هوپەرو کۆنڤایەرێکی (٢٠) مەتریو (٣) دانە سایلۆی چیمەنتۆ. توانای بەرهەمهێنانی (١٠٥) مەتر سێجا/صمات.

## هەلی کار

تیمی ئاوەدانکـــردنەوەی هەرێمی لە هەولێر (RRT) کە سـەر بە بالیۆزخانەی ئەمریکایـە لە بەغــداد پێویسـتی بە کارمەندێکی پاسـەوانی چاودێریی هەیە کە شــارەزایی هەبێت لە بـواری سـەربازییو پۆلیسو ئاسایشدا بۆ زانیاری زیاتر تکایە سەردانی ئەم سایتە بکەن:
http://iraq.usembassy.gov/iraq/jobs.html
**تێبینی:**
شـــوێنی کار/ هەولێر عەنکاوە ئۆفیسی RRT

Wusha Corporation
کۆمپانیای وشە
بۆ راگەیاندن
Printing House
Dangi Gorran
Sbeiy.com
رۆژنامە
KNN

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئازاد چالاک**

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان رەشید** – **هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
serwan_rm@yahoo.com hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای پەیپەر ٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١ – ٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی ئیسکان – تەنیشت ساردەمەنی من و تۆ
٠٧٥٠١١٨٢٣٨٣

# ئەگەر ئیسرائیل دەوڵەتی تیرۆریستی بێت، ئەی تورکیا دەوڵەتی چییە؟



کارزان رەسوڵ/بەریتانیا

دوای ئەو هێرشە چەکدارییەی کە لەلایەن سەربازانی ئیسرائیلەوە لە رۆژی (٣١)ی ئایاردا کرایە سەر (کەشتی ئازادیی)و بووە هۆی کوژرانی (٩)کەسو بریندابوونی چەندانی تر لەو تیمە خێرخوازە خۆبەخشانەی کە یارمەتی مرۆییان دەگەیاندە خەڵکی لێقەوماوی کەرتی غەززە، کە نزیکەی (٣)ساڵە ئەو ناوچەیە لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە گەمارۆی خراوەتە سەر، لەوکاتەدا (رەجەب تەیب ئەردۆغان) سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە (سانتیاگۆ)ی پایتەختی وڵاتی چیلی بوو، لەکاتێکدا کە ئەم هەواڵەی پێگەیشت، رووداوەکە بە جۆرێک کاریگەریی کردە سەر کە وا لە ئەردۆغان بکات، رووداوەکە بە کارێکی نامرۆڤانەو ئیسرائیلیش بە دەوڵەتی (تیرۆریزم) ناوزەند بکات!

ئەمە یەکەم جار نییە کە ئەردۆغان لێدوانی لەو چەشنە بدات دەربارەی دەوڵەتی ئیسرائیل، بە تایبەتی لە دوای شەڕی غەززە لە ساڵی(٢٠٠٨)و هەروەها لە کاتی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی گردبوونەوەی ئابووریی جیهان لە ساڵی(٢٠٠٩)دا.

ئەردۆغان دەیەوێت، بەم جۆرە هەڵوێستانە وا نیشانی دەوڵەتانی ئیسلامییو تەنانەت جیهانیش بدات کە تورکیا تاکە دەوڵەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە پارێزەرو داکۆکیکاری گەلانی هەژارو چەوساوەی ناوچەکەیە، لە پەناشیاندا خەڵکی فەلەستین.

ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە ئەم هەڵویستانەی تورکیا لەکاتێکدایە لە ناوخۆیدا سەرجەم مافەکانی مرۆڤو مافی نەتەوەکانی تر، پێشێل دەکات.

دەوڵەتی تورکیا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە دەستوورەکەی لێوانلێوە لە رەگەزپەرستیو نادادپەروەرییو ژێرپێخستنی مافی هەر نەتەوەیەکی تر کە لە تورکیا دەژی جگە لە تورک، دەستوورێک کە بە ئاشکرا دەڵێت: ئەوەی لە تورکیادا دەژی تورکە! لە کاتێکدا نەتەوەیەکی گەورەی وەکو کورد بە تورک ئەژمار دەکرێت.

ئەردۆغان، چۆن دەتوانێت باس لە چەمکی مرۆڤایەتی بکاتو دەوڵەتی ئیسرائیل بە تیرۆریزم پێناسە بکات، لە کاتێکدا لە وڵاتەکەی خۆیداو لەم چرکەساتەدا هەزاران منداڵی کوردی خوار تەمەن (١٨) ساڵ لە زیندانەکاندا لە ژێر جۆرەها فشاری دەروونیو جەستەییدان!

ئەو نادادپەروەرییو زۆردارییەی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر بە کورد بە بەرچاوی جیهانەوەو چەندین ساڵە بەڕێوەدەچێتو کورد لە ژێردەستی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیا دەچەوسێنرێتەوەو رای گشتیی جیهانیش خۆی لێ بێئاگا کردووە، ئەمە لە کاتێکدا کە کورد بە ڕێژە دووەم نەتەوەی وڵاتی تورکیا پێکدەهێنێت، کە لەمڕۆدا دەگاتە زیاتر (٣٠) ملیۆن کەس.

چەوساندنەوەی رۆژ بەڕۆژی کورد لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی تورکیادا بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە پیادە دەکرێت، بە جۆرێک کە هەر کەسێک یاخود هەر لێکۆڵەرەوەیەک بچێت بۆ تورکیاو لێکۆڵینەوە لە ژیانی دانیشتووانی ناوچە جیاوازەکانی تورکیا بکات، بەتایبەتی هەڵسەنگاندنێکی تەواو بکات لەسەر (باکووری کوردستان)، ئەوەی کە دەوڵەتی تورک ناوی لێناوە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیاو بەراوردێکی بێلایەنانە بکات لەنێوان دانیشتووانی کوردو تورکدا، ئەو زۆرداریی و پێشێلکارییەی مافی مرۆڤ دەبینێت کە لە لایەن دەوڵەتی ئەردۆغانەوە بەرامبەر بە کورد بەڕێوەدەچێتو دەبینێت کە دەوڵەتی تورکیا:

* گرنگی زۆری داوە بە ناوچە تورکنشینەکان، بە جۆرێک بوونەتە ناوچەی گەشتیارییو خۆشگوزەرانی، ئەمە لەکاتێکدا کە ناوچە کوردنشینەکان، نەک هەر بەدەستی هەژارییو بێکارییو بێخزمەتگوزارییەوە دەناڵێنن، بەڵکو دەوڵەتی تورکیا لەجیاتی بنیاتنانی ناوچەی گەشتیارییو خوێندنگاو نەخۆشخانەو رەخساندنی هەلی کار بۆ کوردەکان، دەستی کردووە بە دروستکردنی زۆرترین بنکەی سەربازیی لە ناوچە کوردنشینەکان، ئەمەش بۆ سەرکوتکردنی کورد، بۆیە لە ئێستادا کە هەردوو ناوچەی کوردنشینو تورکنشین، نەک هەر لە دوو وڵاتی جیاواز دەچن، بەڵکو ژیانی رۆژانەی خەڵک وا نیشاندەدات کە لەسەر دوو هەسارەی جیاواز دەژین.

* لە ناوچە تورکنشینەکان، ئاستی خوێندەوارییو هەلی کارکردن لە بەرزترین ئاستدایە، بەڵام هە ر لە تورکیاو لە ناوچەی کوردنشینەکان زۆرترین خەڵک بێکارەو زۆرینەی گەلی کورد لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژینو کەمترینیشی خوێندەوارە.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، رۆژانە گەلی کورد لە تورکیا رووبەڕووی کاری رەگەزپەرستیو چەوساندنەوەی نەتەوەییو تەنانەت کوشتنیش دەبنەوە، بەدەستی پۆلیسو سەربازانی تورکەوە، هەر بە چەوساندنەوەو تۆقاندنو کوشتنیشەوە نەوەستاون، بەڵکو سەربازو تۆپخانەو فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا بە بەردەوامی هێرش دەکەنە سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانو ژیانی خەڵکی ئاسایی دێنشینانی سەر سنووریان کردووە بە غەززەیەک، کە زیاتر نەبێت، کەمتر نییە لە کەرتی غەززەکەی فەلەستین.

بەڕێز ئەردۆغان، ئەگەر ئێوەو تەواوی حکومەتی تورکیا، هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززەو دواین هێرشی سەر کەشتی ئازادیی بە هێرشی دژە مرۆییو ئیسرائیلیش بە دەوڵەتی تیرۆریزم ناو ببەن، ئەی دەبێت گەلی کورد، ئێوە بە چی پێناسە بکاتو چۆن بتانناسێنێت بە رووی دونیادا لە بەرامبەر ئەو کارە درندانەی بەرامبەر گەلی کورد کردووتانەو دەیکەن، چ لە ناو دەوڵەتی خۆتانداو چ لە دەرەوە، وەکو ئەو هێرشە نارەوایانەی کە بە شێوەیێکی درندانە دەیکەنە سەرسنوورەکانی هەرێمی کوردستان.

# کارەباو فەتوا



هەندرێن شێخ راغب

لەم رۆژانەدا، شتێکی تر لە عێراقدا روو دەدات، شەقامی عێراقی وێنەیەکی تری هەیە. دوای حەوت ساڵ لە نەمانی رژێمی سەدام، خەڵک جیاوازتر کۆدەبێتەوە، ئەویش دەبینین چۆن شارەکانی عێراق خۆپیشاندان بۆ نەبوونی کارەبا ئەنجام دەدەن. ئەمە خاڵێکی وەرچەرخانی زۆر گرنگە، چونکە هاوڵاتیی عێراقی راستەوخۆ لەسەر کێشەی خزمەتگوزارییو ژیانی خۆیو لەپێناو خۆی، خۆپیشاندان دەکاتو چیتر لەسەر فەتوای مەرجەعی ئاینیو تایەفی نارژێتە سەر جادەو ئەم دروشمانە بەرزبکاتەوە، کە مەرجەعو تایەفەگەری خواستیەتی. چیتر لەسەر فەتوای سیاسییەکان نایەتە سەر جادەو بە فەتوای یەکێتیی زانایانی دینیو پیاوانی دەسەڵاتدار نایەتە دەرو کۆبوونەوەی فراوان بکات، بەڵکو دەبینین لەسەر نەبوونی کارەبای ماڵەکەی شەقامی پڕ کردووەو لەبەرامبەر فەتوای مەرجەع، کارەبای داناوە. لەبری ناکۆکی سیاسیو جەنگی تایەفی، هەموویان یەک دەنگ بوونو هاوار دەکەن کارەبا. بە بۆچوونی من، ئەگەر هێزە ئاینیو سیاسیو تایەفییەکانی عێراق، لەم نارەزایەتییەی خەڵک تێ نەگەن، ئەوا لە بێئاگاییدا سیاسەت دەکەن، چونکە ئەم رێپێوانە جەماوەرییەی شارەکانی عێراقی لەسەر نەبوونی کارەبا گرتووەتەوە، ئەو راستییە دەردەخات کە ئیتر کارەباو ئاو و پڕۆژەی خزمەتگوزاریی هیچی کەمتر نییە لە مەرجەعو تایەفەو یەکێتییەکانی تر!!. ئیتر خەڵک نایەوێت گوێی لە دەنگی فەتواکانو دروشمی سیاسییەکانو هاشوهوشی نەتەوەپەرستە شۆڤێنییەکان بێت... خەڵک دەیەوێت منداڵەکانی گەرمایان نەبێتو بەم هاوینە لەم بیابانو شارەگەرمانەی عێراق هەڵنەقرچێتو نەبرژێت. لەلایەکی تریشەوە راستییەکی تر ئاشکرا بوو کە کارەباو ئاو و ژیانو بەردەوامی خزمەتگوزاریی، بەکاریگەرترو بەهێزترە لە هاشوهوشی هێزو کەسایەتیو لایەنە سیاسیو دینیو تایفییەکان، لە دروستکردنو ئاراستەکردنو هێنانە سەرجادەی رای گشتی عێراقیو هاوڵاتییان بە گشتی. دیارە ئێمە مەرگی فەتواو دەسەڵاتو لایەنە سیاسییەکان راناگەیەنین، ئەوان ئێستاش دەتوانن خەڵک لەسەر شەقامەکان کۆبکەنەوە، بەڵام مانای ئەوەش نییە کە ئیتر هاوڵاتی عێراقی هەر فەتوای ئەوان دەناسێتو دەبینێت، هەر بەفەتوای ئەوان دێتە سەر جادە.. ئەوەتا بینیمان کە بە نەبوونی کارەباش هاتە سەر جادە، ئەوەش گۆڕانێکی گرنگە.

هاوڵاتی عێراق، بەناکۆکییو جەبری هێزە تایەفیو سیاسیو دینییەکان دابەشدابەش بووەو لەهەموویان زەقتر، بۆنموونە دابەش دابەشبوونی سوننەو شیعەیە، بەڵام ئەوەتا بینیمان سوننەو شیعەکان پێکەوە هاوار دەکەن، کارەبا... دڵنیام ئەگەر ئەم هۆشیارییە مەدەنییە، شارستانییە، لای هاوڵاتی عێراقی بەردەوام بێت، ئەوا لەداهاتوو دەبینین کە دروشمە ئاینیو سیاسیو فەرهەنگییەکانیشیان دەبنە یەک، یاخود لەیەکتر نزیک دەبنەوە، یان ئەگەر هیچ نەبێت بۆشایی ئەم دابەش دابەشکارییە بچووکو تەسک دەبێتەوە. مەسەلەی نەبوونی کارەبا، بەجۆرێک عێراقی هەژاندووە کە خودی وەزیری پەیوەندیداری لە پۆستەکەی دوورخستەوەو راگەیاندنی ناوخۆو دەرەکی پێوە سەرقاڵکردووەو خودی ئەمریکییەکان لەسەر نەبوونی کارەبا لێدوانی تایبەتیان دا، تەنانەت لەسەر ئاستی سەرۆک کۆمارو وەزیرانو پەرلەمان هەرای گەورەی نایەوە. راگەیاندنی عەرەبی ناوپان لەم بابەتە ناوە «راپەڕینی کارەبا». بەڵێ، ئەمە رووداوێکی گرنگە لە عێراق روو دەدات، پێویستە درک بە گۆڕانی ئاراستەی بینینی هاوڵاتی عێراق بکەین، ئەم عێراقەی کە لای من بەهۆی خوێنڕشتنی بەردەوامو ناکۆکیی بێمانای دەسەڵات، زۆر بێمانایەو حەزم دەکرد هەرێمەکەم بەشێکی نەبوایە، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی ترەو منیش وەکو هاوڵاتی بەسرەو بابلو ناسرییەو موسڵ لەبەرامبەر نەبوونی کارەبا زۆر بێخەم نیم.. منیش ئاهـ و ناڵەی بێکارەبایی زۆری پێ کردووم، بۆیە ئەمڕۆ عێراق بە کوردو سوننەو شیعەو مەسیحیو ئێزدیو.....هتد، یەک دروشمو یەک گوتارو لافیتەی بەرزکردووەتەوە کە لێی نووسراوە «کارەبا». ئەرێ پیاوانی دەسەڵاتدارو ئاینو مەرجەعو فەتواو عەلمانیو دیموکراسیخوازو شۆڤێنییە نەتەوەپەرستەکان، هەمووتان لەوە تێدەگەن؟.

# رەهەندێکی دیکەی دژایەتیکردن...



زمناکۆ ئیسماعیل

دروستکردنی قەیرانی زانیارییەکان، لەمڕۆی سیاسەتی هەرێمی کوردستاندا، گەیشتووەتە ئاستێک، کە رەنگە بەتەنیا، لەنێوەندی دەسەڵاتە دیکتاتۆریزەکانی دونیادا، هەمان ئاستی قەیراناوی بوونی هەبێت، دروستبوونی ئەو قەیرانەش لەخۆوە نەهاتووەتە ئاراوە، بەڵکو بەشێکە لەو کارتە بەهێزەی، کە حیزبگەری دەسەڵاتداری، رۆیکردووەتە سەر مێزی سیاسیی ئەمڕۆی هەرێم، لەپای ئەوەی کە هیچ کەسێک نەتوانێت زانیارییەکان لە چنگی حیزبگەری دەربهێنێتو هیچ چاوێک نەتوانێت بەڕوونی ئەو روانگە سیاسییو کۆمەڵایەتیو ئابوورییو پەیوەندییە بەهێزە ببینێت، کە لەنێوان رەهەندەکانی ژیاندا لێکبەستن دروست دەکات، لەو سۆنگەیەوە دروستبوونی قەیرانی زانیارییەکان، درێژکراوەی هەمان هەنگاوەکانی رێگریکردنی رۆژنامەنووسانن لەمەڕ رووماڵکردنیان لە بەدواداچوونی زانیارییەکان، درێژکراوەی ئەو رێگرییانەن کە بەرێگەی، گرتنو نانبڕینو دەم کوتکردنو کوشتنو چەپاندنو دەربەدەرکردنی نووسەرە ئازادەکانی ئەم نیشتمانە دەستی پێکردووەو لە تەوقی رۆژنامەنووسە ئازادەکانو میدیایی ئەهلیو رۆژنامەگەریی ئازادو میدیای ئۆپۆزسیۆندا دەیانەوێت بیهێننە کۆتایی هاتن.. ئەو هەنگاوانەی دەسەڵاتدارانی هەرێم دەینێن لەمەڕ رێگریکردنو دەستەبەرکردنی زانیارییەکان بۆ رۆژنامەنووسان، هەنگاوگەلێکن لەڕووی کردارییەوە لێکجیاوازن، بەڵام لەڕووی میتۆدەوە بەتەنیا، یەک روانگەی سیاسیی دەپێکن، لەوسۆنگەیەوە دەتوانرێت بەتەنیا، یەک هاوکێشەی سیاسیی بۆخۆیان راڤە بکەنو شیکاری بکەن، کە ئەوەش لە گوتاری (مانەوە لە تەختی دەسەڵاتدا) دێتە نیشانەکردن، لەمەشەوە هەمان ئەو گوتارە دەکەنەوە بەرۆحی سیاسییاندا، کە لە شەڕی ناوخۆدا بەگوێی خەڵکیدا بانگیان بۆ دەداو ناویان نابوو (شەڕ لەپێناوی مانەوە)، بەڵام ئەمڕۆ بەکردارییو بەجۆرێکی دیکە هەمان گوتار ناوزەد دەکەنو ناوی دەنێن، (مانەوە لەنێوەندی دەسەڵاتدا، لەبەر رۆشنایی رێگریکردنی زانیارییەکان)، ئەمە گوتارێکی کوشندەیە دەیبەخشن بەنێوەندی ئەم نیشتمانە، هاوکێشەیەکی سیاسییە کە دەتوانێت، هەردوو لایەنی (چەپاندنی تاکو مۆنۆپۆڵی دەسەڵاتی) سیاسیی هەرێمیمان بۆ تیۆریزە بکات.. ئەو گوتارەیە کە دەتوانێت، تاک بچەپێنێت لەپای ئەوەی کە دەستیان نەگات بەوردیی زانیارییەکان، یاخود ئەگەر دەستیان پێی بگات، ئەوا بڕێکی کەم بەکاتێکی زۆر بەدەست دەهێنن، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە بڕە زۆرەکەی زانیاریی، لە بازنەیەکی داخراوی حیزبگەریدا دەمێنێتەوەو لەنێوەندی دەزگا نهێنییەکانی حیزبگەریدا بەناوی ئاسایشی نەتەوەییو مەترسی سیاسیی بۆ سەر هەرێم، لەپای مانەوەی خۆیان دەیپارێزن.. بەڵام دیوە راستەقینەکەی بۆ ئەوەیە، کە هیچ کات هاونیشتمانیان، نەتوانن زانیاریی تەواویان هەبێت لەسەر هەموو کردەیەکی بەڕێوەبردنی ژیانی خەڵکی، دروستبوونی کەلێنەکانی گەندەڵیی، خالیبوونەوەی ئەخلاقی، بنبڕکردنی تاوانی سیاسییو بەهەدەردانی سامانی نیشتمانی.. ئەمەش بەڕوونی قۆرغکردنو خەفەکردنی زانیارییەکانمان پێ نیشاندەدات لەژێر هەیمەنەی هزرێکی دیاریکراودا، جگەلەوەی کە شوێن دەستی حیزبگەریمان بۆ دەهێنێتە دیاریکردن بەسەر هەموو رەهەندێکی ژینی تاکدا لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش واتایەکی روونی مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵاتە لەلایەن ئەو هێزە سیاسییەی کە لەپشت دەسەڵاتەوە رێگریی لە هەبوونی یاسای فەراهەمکردنی زانیارییەکانو نەبوونی وتەبێژی رەسمیی دەکات.. ئەو رەهەندەی کە ئەمڕۆ بۆ دژایەتیکردنی رۆژنامەنووسان هێناویانەتە ئاراوە، بەتەنیا خۆی لەرێگریکردنی هەبوونی یاسای بەدەستهێنانی زانیارییەکاندا نابینێتەوە، بەڵکو لە بەرامبەر ئەوەشدا (نایانەوێت بەرپرسە حوکومییەکان بۆ کەناڵە ئازادەکانی هەرێمو میدیای ئۆپۆزسیۆن، لێدوانو زانیاریی بدرکێنن)، ئەمە نیشانەی خیانەتێکی گەورەیە بەرامبەر بە هاونیشتمانیان دەیبەخشن، چاوبەستکردنی هاوڵاتییانە لەمەڕ هۆشیاربوونەوەیان لەڕوانگەی هەبوونی زانیارییەکان بەرامبەر بەو ژینگەیەی کە لەنێویدا گوزەرانیان رایی دەکەن.. فەراهەمکردنی یاسای زانیارییەکانو هەبوونی وتەبێژی رەسمیی لەنێوەندی فەرمانگە حکومییو یەکە وەزارییەکاندا، جگە لەوەی رایەڵەکی بەهێزە لەنێوان هاونیشتمانیانو دەسەڵاتی سیاسیدا، لە هەمانکاتدا پشتیوانییەکی بەهێزە بۆ رۆژنامەنووسان لەمیانەی دەستگەیشتنیان بە زانیارییەکانو گواستنەوەیان بەشێوەیەکی راستینەو خێرا بۆ هاونیشتمانیان، بەڵام بە نەبوونی ئەو پێگە هۆشیارییە، ئەو شێواوییەی ئەمڕۆ دەهێنێتە ئاراوە، کە دەسەڵاتو رۆژنامەنووسان، یەکتری تاوانبار دەکەنو (دەسەڵات رۆژنامەنووسە ئازادەکان بە کەمتەرخەمو دەستی دەرەکییو گێرەشوێن تاوانبار دەکاتو رۆژنامەنووسانیش دەسەڵات بە داخراو و مۆنۆپۆڵو خەفەکراو ناوزەد دەکەن)، کە هەمووشی بەتەنیا لەیەک یاسای پەرلەمانیدا دەتوانرێت، روانگەی هەردوو لایان بگۆڕدرێت، کە ئەوەش خۆی لە فەراهەمکردنی یاسای زانیارییەکاندا دەبینێتەوە، بەهەبوونی وتەبێژی رەسمیی لەنێوەندە سیاسییو ئیدارییەکانی حکومەتی هەرێمدا.. بەڵام بە نەبوونی ئەو رایەڵەی راگەیاندن، واتای ئەوە دەگەیەنێت کە دەسەڵاتدارانی سیاسیی هەرێم دەیانەوێت، وێنایەکی داخراوی ئەم هەرێمە بە هاونیشتمانیان نیشان بدەن، ئەوان دەیانەوێت چیتر دەسەڵاتی هەرێم لەژێر چنگی حیزبی دەرنەهێنرێتو هەردەم هەیمەنەی حیزبگەری بەسەریدا خۆی بسەپێنێت، بە بۆچوونی ئەوان گەر زانیارییەکان تەشەنە بکاتو بۆ دەرەوەی بازنەی حیزبگەرییان پەخش بکرێت، ئەوا پێگەی حیزبگەرییان دەخەنە ئاستی تیابردنەوە.. بەرلە ئەمڕۆ گەر رۆژنامەنووسێک دەستی بە زانیارییەکان بگەیشتایە، ئەوکات بەگرتنو حوکومدانو نانبڕینو کوشتنو راونان باجەکەی وەردەگرت، بەڵام لەمڕۆی سیاسەتی هەرێمدا، رێگەیەکی نوێ پیادە دەکەن، رەهەندێکی دیکەی چەپاندن دەدەن بەناخی رۆژنامەنووساندا، کە رێگەی بەربەستی گەیشتنە بەزانیارییەکان لەمەڕ وەدەستهێنانی لە سۆنگەی بەرپرسە حوکومییەکانەوە، واتە: (ئەگەرچی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم، تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە یاسای دانانی وتەبێژی رەسمیی لە دامودەزگاکان دابمەزرێنێتو پیادەی بکات، لە هەمانکاتدا بانگەشەی نەدانی زانیارییەکان پیادە دەکات لە بەرامبەر رۆژنامەی ئەهلییو میدیای ئازادو ئۆپۆزسیۆنی هەرێمدا، لەڕێگەی مەڵبەندو لقو کەرتە حیزبییەکانیانەوە)، کە ئەوەش بەتەواویی مەترسیی مۆنۆپۆڵکردنی رەهەندەکانی سیاسیی نیشتمانمان پێ نیشاندەدات، جگەلەوەی کە وێنای دروستبوونی دیکتاتۆریزەیەکی نیشتمانیمان بۆ دەنەخشێنێت...



# ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان

## ٢٠١٠/١/١ - ٢٠١٠/٦/٣٠

# «تیرۆرکردنی سەردەشتی ڕۆژنامەنووس مەترسیدارترین ڕووداوە»

**ڕاپۆرتی پێنجەمی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لیژنەی داکۆکیی لە ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی‌و مافی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان (دەربارەی ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان) (٢٠١٠/١/١ - ٢٠١٠/٦/٣٠)**

- پێشەکی
- تیرۆر
- هەڕەشە
- لێدان
- پێشێلکارییەکان‌و پەلاماردان
- دەستگیرکردن‌و زیندانیی
- هەوڵی ڕفاندن
- هەولی تیرۆرکردن
- دۆسیەی دادگا
- تایبەت
- هەڕەشە لە ڕێگای مۆبایلەوە
- دۆسیەی تایبەت



### پێشەکی

یەکێک لە ئامانجە بنەڕەتی‌و ستراتیژییەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بەرفراوانکردنی پانتاییەکانی ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی‌و چەسپاندنی ئازادییە، بۆیە هەر لە دامەزراندنییەوە (چەسپاندنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی‌و دەستەبەرکردنی ماف‌و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان) بووەتە دروشمی سەرەکیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، دیارە پێکهێنانی «لیژنەی داکۆکیی لە ئازادیی رژنامەنووسی‌و مافی ڕۆژنامەنووسان» یەکێکە لە میکانیزمە سەرەکییەکانی جێبەجێکردنی ئەو دروشمە.

ئەو لیژنەیەش هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونییەوە، دڵسۆزانە بۆ بەدیهێنانی ئاوات‌و ئامانجەکانی ڕۆژنامەنووسان، هەموو جۆرە شێوازێکی خەباتی مەدەنییانەو دیموکراسییانەی گرتووەتەبەر.

ئەم ڕاپۆرتەی بەردەستان کە پێنجەمین ڕاپۆرتی لیژنەکەمانە، جێبەجێکردنی ئەرکێکی تری لیژنەی داکۆکیی لە ئازادیی ڕۆژنامەنووسانە کە لە چەندین دەرفەت‌و بۆنەی جیاجیادا پەیمان‌و بەڵێنی بە ڕۆژنامەنووسان داوە لە هەر کوێیەک‌و شوێنێکدا لەلایەن هەر کەس‌و لایەنێک دەستدرێژیی بکرێتە سەر ڕۆژنامەنووسان‌و مافەکانیان پێشێلبکرێت، سەنگەری داکۆکیکردن‌و دەنگ‌و زایەڵەی ڕەخنەو بێزاریی ئەوان دەبێت لە دژی ئەو دەستدرێژیی‌و پێشێلکارییانە، جا لە لایەن هەر حیزب‌و کەس‌و فەرمانگەو لایەنێکەوە بکرێتە سەریان.

ئێمە لە لیژنەی داکۆکیی لە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی، یاسا بە کاکڵەی هەموو ئازادییەکان دەزانین‌و پێشمانوایە چەندبواری کرداردا ئەو ئازادییە پراکتیزە بکرێت‌و بکرێتە سەرمەشقی ژیان‌و کەلتوورێکی جێگیر لەنێو بوارو ناوەندو کایە جۆربەجۆرەکانی ژیانی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئیدارییەکان، ئەوەندەش هەنگاونانە بۆ بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی ڕۆژنامەوانیی، هەروەها ئەوەندەش بە ڕووی ناوەوەو دەرەوەدا ڕوخساری ئەزموونی هەرێمی کوردستان بە درەوشاوەیی نیشاندەدات، هەربۆیەش ڕاشکاوانە ئەوە بە هەموولایەک ڕادەگەیەنین کە هەموو ئەو کەس‌و لایەن‌و نێوەندانەی بەهەر مەبەستێک بێت، مافی ڕۆژمانوسان پێشێلدەکەن لە ماناو نرخ‌و بەهاکانی نیشتمانی، ئازادیی‌و مافی مرۆڤ، تێناگەن‌و بەو هەڵوێست‌و هەنگاوەیشیان دەبنە کۆسپ‌و تەگەرەیەکی گەورە لەبەردەم کاروان‌و ڕەوڕەوەی تازەگەریی‌و پرۆسەی بەدیموکراسیکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگاو ئازادیی ڕاگەیاندن‌و میدیا لە کوردستاندا.

لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بەوەش بکەین کە جێگای داخ‌و نیگەرانییەکی زۆرمانە کە لە شەش مانگی ڕابردوودا، پێشێلکاریی‌و دەستدرێژیی بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان، نەک هەر بەردەوامبووە، بگرە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیشی کردووە، بە تایبەتی لەکاتی بانگەشەو پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراق‌و کوردستاندا، بگرە ئەوەش کە زیاتر نیگەرانی کردووین، ڕفاندن‌و تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) لە شاری هەولێر لە ڕۆژی (٢٠١٠/٥/٦)و دواتر تیرۆرکردنی کە ئەم ڕووداوە جیا لەوەی هەموو کۆمەڵگاو بەتایبەتی ڕۆژنامەنووسانی نیگەرانکرد، بە مەترسیدارترین ڕووداو دادەنرێت لە ناو ئامارو پێشێلکارییەکانی لیژنەکەمان لە ڕابردوودا، جیالەوەی کە مەترسییەکی گەورەی لەسەر ڕۆژنامەنووسان دروستکردو ئازادیی کاری ڕۆژنامەنووسیی خستە ژێر پرسیارەوە.

بڵاوکردنەوەو تۆمارکردنی ئەو پێشێلکارییانە لە دووتوێی ئەم ڕاپۆرتەدا بە بەڵگەوە، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەو هەقانیەتیش بەداخ‌و نیگەرانییەکانمان دەدات، ئەمەش لەکاتێکدایە کە یاسای ڕۆژنامەنووسیی ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) دەرچووە کە بە یەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانی ڕۆژنامەنووسان‌و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان‌و کۆی پرۆسەی دیموکراسی لەقەڵەمدەدرێت، کەچی ئەم هەڕەشەو مەترسییانە بەردەوامن.

لەپاڵ ئەو مەترسییانەی پێشێلکاری مافی ڕۆژنامەنووسان بەدوای خۆیدا دەیهێنێت، مەترسییەکی تریش لەخۆیدا بەرجەستە دەکات، کە ئەویش پێشێلکردنی یاسایەو هەمووشمان درک بەو ڕاستییە دەکەین، کارنەکردن بە یاسا چ کارەسات‌و ئاسەوارێکی ترسناک بەدوای خۆیدا دەهێنێت، دیارە لێرەدا ئێمە دەمانەوێت کە ڕاشکاوانە ئاماژە بەوەش بکەین کە پابەند نەبوون بە پرەنسیپە سەرەکییەکانی پیشەی ڕۆژنامەنووسان‌و کارکردن بە پێچەوانەی ئەو پرەنسیپانە پانتاییەکی بەرچاوی دنیای نووسین‌و ڕۆژنامەنووسیشی گرتووەتەوەو ژمارەیەک سایت‌و ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووس بەبێ ڕەچاوکردنی پێگەی مەعنەویی خۆیان‌و حسابکردن بۆ ڕۆڵ‌و ئەرک‌و هێڵە گشتییەکانی کارنامەی خۆیان، خراپ پیشەکەیان بەکاردەهێنن‌و ئەو سنوورانە دەبەزێنن کە یاسای ڕۆژنامەنووسیی بۆی دیاریکردوون، ئەمەش لەلایەک زەبرێکی قورس لە بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەرییداوەو لەلایەکیش بەڵگەو بیانووی خۆشکردووە بۆ ئەوانەی کە لە بنەڕەتدا دژی ئازادیی ڕۆژنامەنووسین بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر ئەو توێژەو لە نرخ‌و بەهاکان‌و ڕۆڵی ئەوان کەم بکاتەوە.

بۆیە لە دیدو ڕوانینی ئێمەدا، هەرجۆرە پابەند نەبوونێک بە یاسا چ لەلایەن نێوەندەکانی دەسەڵات‌و چ لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە، بە ئەندازەی یەکتری ترسناکن، بۆیە داوا لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەین کە پابەند بن بە یاساو پیشەی ڕۆژنامەوانیی، چونکە لەلایەک جێبەجێکردنی ئەرکێکی مێژوویی خۆیانەو لەلایەکیش ڕێگاگرتنە لە تەشەنەکردنی ئەو ڕەوتە ترسناکەی کە دەیەوێت پێگەی مەعنەویی‌و کاریگەریی ڕۆژنامەنووسان لەناو کایەکانی واقیعدا لاواز بکات.

لیژنەی داکۆکیی، لە ماوەی کارکردنی خۆیدا بە بەڵگەوە چەندین نووسراوی ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووەو بە بەڵگەوە پێشێلکارییەکانی بۆ ناردوون، بەڵام بەپێی پێویست وەڵامیان نەداوینەتەوە، ئەگەرچی بەڕێز وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە (٢٧٣٢) لە ڕێکەوتی (٢٠١٠/٢/٨) بەڕەسمیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئاگادارکردەوە، کە وەزارەتی ناوخۆ بۆ بەدواداچوونی ئەو پێشێلکارییانەی لە دژی ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراون‌و لە چوارەمین ڕاپۆرتی لیژنەی داکۆکیی بڵاوکراونەتەوە، لیژنەیەکی پێکهێناوەو لەم بارەیەوە بەدواداچوونی وردی کردووە، بەڵام جێگای نیگەرانیمانە کە لەسەر زەمینی واقیعدا لەم بارەیەوە شتێکی ئەوتۆ نەکراوە، تا ئێستا هیچ کەس‌و لایەنێک لەسەر ئەنجامدانی پێشێلکاریی بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان سزا نەدراوە. وەک دیاردەیەکی دڵخۆشکەرو بەپیرەوەهاتنی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکانمانەوە ڕۆژی (٢٠١٠/٦/٢٠) بەڕێز ئازاد عیزەدین مەلا فەندیی، ڕاوێژکاری یاسایی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەردانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی کردو بە ئەنجومەنی سەندیکاو لیژنەی داکۆکیی ڕاگەیاند: «سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی بە پاڵپشتی سەندیکاو ڕۆژنامەنووسان دەزانێت‌و ئامادەیە لە بەرامبەر هەرجۆرە پێشێلکارییەک کە لە دژی ڕۆژنامەنووسان دەکرێت، بەدواداچوون بکات‌و لەمبارەیەوە بڕیاری پێویست وەربگرێت‌و لەداهاتووشدا بەنیازە چەند هەنگاوێک بنێت بۆ خزمەتی ڕۆژنامەنووسان‌و بنبڕکردنی سەرپێچی‌و پێشێلکاریی‌و تەنانەت سزادانی ئەوانەش کە لەو بوارەدا پێچەوانەی یاسا ڕەفتار دەکەن».

لە کۆتایدا دەبێت ڕوونی بکەینەوە کە ئەم ڕاپۆرتە بریتییە لە ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان، بە هەموو خاڵە پۆزەتیڤ‌و نێگەتیڤەکانییەوە.

واتا چۆن پێشێلکاریی بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان کراوە، چاروبار خودی ڕۆژنامەنووسانیش مامەڵەی واقیعییان نەکردووەو یاسایان پێشێلکردووە.

لەم ڕاپۆرتەدا، (١)حاڵەتی تیرۆرکردن، (٤)حاڵەتی هەڕەشەلێکردن، (١٨)حاڵەتی لێدان، (٣٥)حاڵەتی پێشێلکاریی جۆراوجۆر، (٣)حاڵەتی دەستگیرکردن، (١)حاڵەتی هەوڵی ڕفاندن، (١)حاڵەتی هەولی تیرۆر، (٢)حاڵەت دۆسیەی دادگا، (٤)حاڵەتی تایبەت، (١٨) حاڵەتی هەڕەشەکردن لە ڕۆژنامەنووسان لە ڕێگای مۆبایلەوە، (١٧٦) کیتابی ڕەسمیی دۆسیەکانی دادگاو پۆلیس‌و ئاسایش‌و ڕۆژنامەنووسان‌و (١٣)ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی سەندیکاو لیژنەی داکۆکیی لە شەش مانگی ڕابردوودا تۆمارکراون.

دەبێت ئەوەش بڵێین کە زۆربەی ئەم ئامارانە لەسەر سکاڵای ڕۆژنامەنووسان تۆمارکراون‌و داواکاریشین بۆ ڕاپۆرتەکانی داهاتوو، ڕۆژنامەنووسان لە هەر پێشێلکارییەک دەکرێتە سەریان، سکاڵای خۆیان بدەنە لیژنەکەمان، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ کێشەکانیان بکەین لەکات‌و ساتی خۆیدا.

**لیژنەی داکۆکیی لە ئازادیی**
**ڕۆژنامەنووسیی‌و مافی ڕۆژنامەنووسان**
**٢٠١٠/٦/٣٠**

> **جێگای داخ‌و نیگەرانییەکی زۆرمانە کە لە شەش مانگی ڕابردوودا، پێشێلکاریی‌و دەستدرێژیی بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان، نەک هەر بەردەوام بووە، بگرە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیشی کردووە، بە تایبەتی لەکاتی بانگەشەو پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراق‌و کوردستاندا**

# پیلانێكی مەترسیدار!



سیروان رەشید

هەفتەی رابردوو لەلایەن (٩) پەرلەمانتاری پارتی دیموكراتی كوردستانەوەو بەهاوبەشی ئیمزای (٤) پەرلەمانتاری یەكێتی، پرۆژەیاسای دەستەی باڵای كۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە هەرێم، «پرۆژەكە هی پارتییە»، دوای ئەوەی ئامادەكراو نێردرا بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان، خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا لەناو هۆڵی پەرلەمان، كە دیارە پارتیو یەكێتی دەیانەوێت بە دروستكردنی ئەم دەستەیە سەرپەرشتیكردنی كۆی هەڵبژاردنەكانی (سەرۆكایەتی هەرێم، پەرلەمانی كوردستان، ئەنجومەنی پارێزگاكان، ئەنجامدانی راپرسییە گشتییەكان)ی هەرێم، لە كۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنی عێراق بسەننەوە.

هەوڵدان بۆ دروستكردنی ئەم دەستەیە مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆساڵی (٢٠٠٨)، بەڵام ئەوكات لەلایەن بەڕێز عەدنان موفتی، سەرۆكی پەرلەمانو سەرۆكایەتی لیستی سەوزەوە رەغبەتێكی جدیی بۆ لیستی زەرد نیشاننەدرا، كە ئەو پرۆژەیە بهێنرێتە پەرلەمان، بەڵام ئێستا لەلایەن یەكێتیشەوە رەغبەتێكی لەوشێوەیە هەیە.

رەنگە هیچ كەسێكی دڵسۆز بە وڵاتەكەمان لاریی لەوە نەبێت كە هەرێم ببێتە خاوەن دامەزراوەی هەڵبژاردنی سەربەخۆی خۆیو دەزگایەكی هەڵبژاردنی كوردستانیمان هەبێت كە بەپێی دەستوور ئەو مافەشمان هەیە، بەڵام لەحەقیقەتدا پیلانێكی مەترسیدار لەپشتی ئەم مەسەلەیەوە هەیەو پارتیو یەكێتی دەیانەوێت ئەم دەستەیە بكەنە سەرچاوەی ئیحتیكاری سوڵتەو بە ئارەزووی خۆیان چۆنیان بوێت ئەنجامەكان بەو ئاقارە بەرن. هەربۆیە نابێت ئەو مەسەلەیە لە رەهەندی كوردستانیبوونو عێراقیبوونەوە سەیربكرێت.

سەیرە! لەجیاتی ئەوەی پێمان خۆشبێت پرۆسەی هەڵبژاردنەكانمان لە ئاستی هەموو دەوڵەتی عێراقدا بێت، كە ئەمەش وادەكات چاوی بیانییو ئەمریكاو ئەوروپاییەكانمان زیاتر لەسەربێتو هەڵبژاردنەكانمان ئیعتیبارو شەرعییەتی نێودەوڵەتیی وەربگرێت، كەچی لە هەوڵی ئەوەداین پەردەپۆشی بكەینو كەس بە پرۆسەكە نەزانێت!

لە سایەی دەسەڵاتی یەكێتیو پارتییدا تائێستا لە هەرێمی كوردستان نموونەی هیچ پرۆسەیەكی هەڵبژاردنی بێ غەشو نەزیهمان نییە، باشترین بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونانە هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموزی ساڵی پار بوو، كە لێشاوێك تەزویرو ساختەكاریی و پێشێلكاریی تێدا ئەنجامدراو لەژێر كاریگەریی سكاڵاكانی لیستە ئۆپۆزسیۆنەكاندا (٤٠) بنكەی دەنگدان لەبەر تەزویركردن لەلایەن پارتیو یەكێتییەوە، دەنگەكانیان پووچەڵكرانەوەو (١٢٦) بەڕێوەبەرو كارمەندی بنكەكانیش بەدەركردن لە كۆمسیۆن سزادران.

كە داوادەكرێت دەسەڵاتی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەكانی هەرێم لە كۆمسیۆنی بەغدا بسەنرێتەوە، ئەم داوایە بە هەر پاساو و بیانوویەك بێت كارێكی نادروستە! لەكاتێكدا سەرۆكی ئەو كۆمسیۆنە كوردەو پارتییەو یەكێتیش كەسێكی لە دەستەی باڵاكەیدا هەیە.

باشە ئێمە هاوبەشین لە دەوڵەتی عێراقداو ئێستاش بەپێی مادەكانی (١٠٢، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧)ی دەستووری عێراقی لە (١٣) هەیئەتی سەربەخۆی عێراقی وەك: (كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، دەستەی نەزاهە، كۆمسیۆنی باڵای مافەكانی مرۆڤ، دەستەی راگەیاندنو پەیوەندییەكان، دیوانی چاودێریی دارایی، بانكی ناوەندی عێراق، دیوانەكانی ئەوقاف، ئەنجومەنی گشتیی خزمەتی فیدراڵیی...هتد). هاوبەشینو پشكمان هەیە، ئایا باشتر نییە گرنگی بدەین بەم دامەزراوە دەستووریی‌و فیدراڵییانە، كە بۆ كورد گرنگیی گەورەی هەیەو خۆمان لەو دامەزراوە دەوڵەتییانە بەهێز بكەینو بەكاریانبهێنین بۆ خزمەتی هەرێمو عێراقێكی دیموكراتی، یان ساحەكەیان بۆ چۆڵكەین!

بڕیاردان لەسەر دروستكردنی ئەم دەستەیە یەك دنیا گومانو پرسیار دروستدەكات!، بەتایبەتی پارتی و یەكێتی مەبەستیانە بەزووترین كات یاساكەی دەربكرێت و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكانیشی پێ ئەنجامبدرێت.

یەكێك لەو مەترسییانەی ئێمەی رۆژنامەنووس لەكاتی هەڵبژاردندا هەمانە، ئەنجامدانی ساختەكارییو تەزویرە لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە، بۆیە ترسی ئێمە لەوەدایە كە ناتوانرێت سەربەخۆیی ئەم دەستەیە بپارێزرێتو حیزبەكان بەدەستێوەردانیان لە شێوازی دانانی كەسەكان بۆ پۆستە باڵاكانی ئەو دەستەیەو دانانی كەسانی حیزبیی خۆیان لە خوارەوە، هەیمەنەی تەواو بەسەر دەستەكەدا بكەنو لە پرۆسەی هەڵبژاردنو راپرسییەكان تەزویرو ساختەكاریی بكەن، ئەوكاتەش دەرئەنجامەكانی جێگەی متمانەی (یوئێنو رێكخراوە جیهانییو ناوخۆییەكان) نابێت.







# ـــەو ژمارەی نەناسراوەوە هەڕەشەی کوشتنیان لێکراوە




**ئەگەرچی بەڕێز وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە (٢٧٣٢) لە ڕێکەوتی (٢٠١٠/٢/٨) بەرەسمیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئاگادارکردەوە کە وەزارەتی ناوخۆ بۆ بەدواداچوونی ئەو پێشێلکارییانەی لە دژی ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراون‌و لە چوارەمین ڕاپۆرتی لیژنەی داکۆکیی بڵاوکراونەتەوە، لیژنەیەکی پێکهێناوەو لەم بارەیەوە بەدواداچوونی وردی کردووە، بەڵام جێگای نیگەرانیمانە کە لەسەر زەمینی واقیعدا لەم بارەیەوە شتێکی ئەوتۆ نەکراوە، تا ئێستا هیچ کەس‌و لایەنێک لەسەر ئەنجامدانی پێشێلکاریی بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان سزا نەدراوە**

## چوارەم: پێشێلکارییەکان‌و پەلاماردان

١- ڕۆژنامەنووس (هێمن مامەند) سکاڵایەکی بۆ لیژنەی داکۆکیی ناردووە، کە لە ڕۆژی (٢٠١٠/١/١٢)، لەلایەن پاسەوانێکی کونسوڵخانەی ئێران لە هەولێر، ڕێگەی لێگیراوە وێنەی کونسوڵخانە بگرێت‌و سووکایەتیی پێکراوە، لەوکاتەدا کەمێک پێش کاتی بەستنی کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیی لە کونسوڵخانە، چووەتە ئەوێ، دواتر لەلایەن بەڕێوەبەری ڕۆشنبیریی کونسوڵخانە داوای لێبووردنی لێکراوە.

٢- ڕۆژنامەنووس (ئیحسان مەلا فوئاد) پەیامنێری ڕۆژنامەی «ئاوێنە» لە شارۆچکەی کفری، بەپێی سکاڵایەک بۆ لیژنەی داکۆکیی دوای ئەوەی هەشت جار بە تەلەفۆن پەیوەندیی بە بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای کفری کردووەو وەڵامی نەداوەتەوە، نامەیەکی بۆ ناردووە، کە بۆ وەڵام نەداتەوە، دواتر ئەو پۆلیسی ناردووە بە کەلەپچەکراویی براوەتە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کفری‌و دواتر بەڕێوەبەری کارەبا تەنازولی لە داواکەی کردووەو ئازادکراوە.

٣- ڕۆژنامەنووس (بەهمەن عومەر) پەیامنێری ڕۆژنامەی میدیا، بەپێی سکاڵایەک کە لە ڕۆژی (٢٠١٠/١/١٢) داویەتە لیژنەی داکۆکیی، لەکاتی کارێکی ڕۆژنامەنووسی لە کەسنەزان، لەلایەن نەقیبێکی وەزارەتی پێشمەرگەوە جنێوی پێدراوەو سووکایەتیی پێکراوە، لیژنەی داکۆکیی بەدواداچوونی کردووە، وەزارەتی پێشمەرگە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بۆ ئەو مەبەستە پێکهێناوە.

٤- ڕۆژنامەنووس (ئارام نەجمەدین) پەیامنێری (KNN) لە هەڵەبجە، لە سکاڵایەکدا بۆ لیژنەی داکۆکیی دەڵێت: لە ڕۆژی (٢٠١٠/١/٢٥) لەلایەن پرسگەی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەڵەبجە ڕێگەی پێنەدراوە هەواڵ بگوازێتەوە، سووکایەتییان پێکردووەو جنێویان پێداوە.

٥- ڕۆژی (٢٠١٠/٢/١٦) لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە هێرش دەکرێتەسەر ئۆتۆمبێلی جێگری نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (مستەفا ساڵح کەریم) لە سلێمانی‌و لەبەردەم ماڵی خۆی، بۆیەی ڕەش لە ئۆتۆمبێلەکەی دەدەن‌و زیان بە ئۆتۆمبێلەکەی دەگەیەنن.

٦- شەوی (٢٠١٠/٢/١٦) لە شەقامی سالم لە سلێمانی هێرش دەکرێتە سەر ڕۆژنامەنووس (سامان مەجید) لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی‌و لێسەندنی کامێراکەی‌و ناسنامەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان‌و دووڕۆژ دواتر کۆمەڵێک کەس جارێکی تر پەلاماری ئۆتۆمبێلەکەی جێگری نەقیب دەدەن، کە خۆی تێدا نەبووەو زیانی پێدەگەیەنن.

٧- شەوی (١٨-٢٠١٠/٢/١٩) هێرش دەکرێتە سەر ئۆتۆمبێلی ڕۆژنامەنووس (شوان داودی) ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکاو شکاندنی جامەکانی لە شاری سلێمانی.

٨- لە شەوی (٢٠١٠/٢/١٩) لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا لە شاری سلێمانی، ئاسایش پەلاماری تیمی کەناڵی (KNN) دەدەن‌و دەستدەگرن بەسەر کاسێتەکانیاندا، تیمەکەش پێکهاتبوون لە (بڕیار نامیق) پەیامنێرو (کوردۆ نەژاد) وێنەگر.

٩- ڕۆژی (٢٠١٠/٢/١٩) هێرش دەکرێتە سەر هەردوو ڕۆژنامەنووسان (زانیار ئەسعەد، سەیاف ئەحمەد) لە کەناڵی «سپێدە» لە شارۆچکەی کەسنەزان لە هەولێر لەلایەن چەند کەسێکەوە تەقەیان لێدەکرێت‌و سووکایەتییان پێدەکەن.

١٠- بەپێی سکاڵایەک کە درایە لیژنەی داکۆکیی، ڕۆژی (٢٠١٠/٢/١٩) لە هەولێر لەکاتی ڕووماڵکردنی کەژاوەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە کەسنەزان لەلایەن ئاسایشەوە هێرشیان کراوەتە سەرو تەقەیان لە (زانیار ئەسعەد) پەیامنێرو (سەیاف ئەحمەد) وێنەگر کردووە.

١١- شەوی (٢٠-٢٠١٠/٢/٢١) لە سلێمانی هێرش دەکرێتەسەر پەیامنێری ڕۆژنامەی هاوڵاتی (سۆران ئەحمەد) و لێسەندنی کامێراکەی‌و دواتر لەلایەن ئاسایشەوە دەبرێتە بنکەی ڕزگاریی‌و فۆرمی پێ پڕدەکرێتەوەو ئازاد دەکرێت.

١٢- ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٤) ئاسایشی کەلار بە بیانووی نەبوونی مۆڵەت‌و قسەکردن بە حکومەت دەچنە سەر (ڕادیۆی دەنگ) لە شارۆچکەی کەلارو ڕادیۆکەیان پێ دادەخەن‌و بەشێک لە کەلوپەلەکانیان دەبەن، بەڵام دواتر لەلایەن لیژنەی داکۆکیی‌و سکرتێری سەندیکاو پەیوەندیکردن بە ئاسایشی سلێمانی‌و کەلارەوە کەلوپەلەکانیان بۆ دەگەڕێتەوەو ڕادیۆکە دەستدەکاتەوە بە پەخشی خۆی. لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری ڕادیۆی ناوبراو سکاڵایەکی داوەتە لیژنەی داکۆکیی.

١٣- ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٤) لە ڕۆژانی کاتی دەنگدانی تایبەت لە وڵاتی بەریتانیا، نووسینگەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕێگە لە ڕۆژنامەنووسان‌و پەیامنێرانی کەناڵەکانی (کوردستان، کوردسات، KNN، نەورۆزو زاگرۆس) دەگرن بۆ کاری تایبەتی خۆیان‌و تەنانەت دەست بەسەر کامێرای هەندێکیاندا دەگرن، هەر لەم بارەیەوە نووسینگەی دەرەوەی پەیوەندییەکانی سەندیکا ڕاگەیاندنێکی سەبارەت بەو کارە نەشیاوەی کۆمسیۆن بڵاوکردەوە.

١٤- بەپێی ئەو ڕاپۆرت‌و سکاڵایانەی کە بە لیژنەکەمان گەیشتوون، لەکاتی دەنگدانی تایبەت‌و گشتیدا لە ڕۆژانی (٤-٢٠١٠/٣/٧) لە ناوچەی خەبات لە هەولێرو لە شاری سلێمانی، هەولێر، کەلارو خورماڵ لەچەند بنکەیەکی تر، لەلایەن هێزەکانی ئاسایش‌و پۆلیسەوە ڕێگریی لە ڕۆژنامەنووسان (وریا حسێن، نەوزاد ڕەحمان، بەختیار حسێن، عومەر نەجم تالب، ئومێد عوسمان، ئەنوەر سەباح، ڕێبوار یوسف، ڕێبوار حامید) پەیامنێرو کامێرامانی کەناڵی (پەیام) پەلامار دەدرێن‌و هێرشیان دەکرێتەسەرو ناچاردەکرێن لە شوێنی بنکەکە دووربکەونەوەو توندوتیژییان بەرامبەر کراوەو لە هەندێک شوێن ڕێگایان نەداوە کاری خۆیان بکەن‌و وێنەی دەنگدانەکە بگرن، لەلایەکی ترەوە کامێرامانی پەیام (ڕێبوار حامید) کامێراکەی لێ سەندراوەو ئازاری جەستەی دراوەو کامێراکەی شکێندراوە.

١٥- ئێوارەی (٢٠١٠/٣/٧) لەلایەن چەند کارمەندێکی ئاسایشی کۆیەوە پەلاماری پەیامنێری ڕۆژنامەی (ئاوێنە) دەدرێت‌و هێرش دەکەنە سەری‌و قسەی پێدەڵێن‌و ڕێگانادەن وێنە بگرێت.

١٦- کاتژمێر (٨)ی بەیانی لە (٢٠١٠/٣/٧) لە شاری کەرکوک ڕێگە لە پەیامنێرو کامێرامانی (KNN) (ئارام جەمال‌و شێرزاد یاسین، ئارام نەجمو هانا سدیق) گیرا، کە بچنە بنکەی دەنگدانی قوتابخانەو لەلایەن پۆلیس‌و پاسەوانی بنکەکەوە سووکایەتییان پێکراوە.

١٧- ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لە شاری کەلار کارمەندێکی ئاسایش هێرش دەکاتە سەر پەیامنێری ئاوێنە (کاوە ئەحمەد)و سووکایەتیی پێدەکات.

١٨- ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٧) تیمێکی سەتەلایتی گەلی کوردستان، کە پێکهاتبوون لە (مونیر سەلیم) پەیامنێر، (ڕەوا عومەر) وێنەگر، (ئەرشەد) شۆفێر، بۆ ڕووماڵکردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان لە زەڕایەن لەلایەن نوێنەری لیستی گۆڕان‌و دوو کەسی تر لە لایەنگرانیان پەلاماری تیمەکە دەدەن.

١٩- ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لە خانەقین تا سەعات (٩)ی بەیانی ڕێگریی لە تیمی کەناڵی گەلی کوردستان کراوەو لەلایەن کۆمسیۆن‌و پۆلیسی دیالەوە نەیانهێشت کاری ڕاگەیاندن‌و وێنەگرتنی پرۆسەکە بە ئەنجام بگەیەنن.

٢٠- ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لە قەزای سۆران لە هەریەک لە خوێندنگەکانی (سەرکەوت، سەهەند، بنکەی تەندروستی هەرێم، بنکەی سۆران) لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە ڕێگریی لە ستافی کەناڵی سەتەلایتی گەلی کوردستان کراوەو نەیانهێشتووە هیچ وێنەیەک بگرن‌و هەولیشدراوە دەستدرێژیی بکرێتە سەر (ئیسماعیل ئەبابەکر)ی وێنەگر.

٢١- ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لە ناحیەی تۆپزاوا لەلایەن مولازمێکەوە لەبەردەم خوێندنگەیەک هەڕەشە لە پەیامنێری سەتەلایتی گەلی کوردستان (قارەمان جەوهەر)و کامێرامان ( ئارام عوسمان) کراوەو ڕێگەنەدراوە وێنە بگرن‌و پێیان ڕاگەیاندوون، کە بە بڕیاری بەڕێوەبەری ناحیە نابێت لەم ناحیەیە بمێننەوە، ئەگەرنا تووشی سزا دەبن‌و کامێراکەتان دەشکێنین.

٢٢- ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لە بازگەی مەخمور لەلایەن بەڕێوەبەرو چەند ئاسایشێکەوە هەڕەشە کراوە لە کامێرامان (سەنعان هەولێری) لە سەتەلایتی گەلی کوردستان‌و قسەی ناشرینی پێ وتراوەو نەیانهێشتووە وێنە بگرێت، لە هەمان ڕۆژ لە خوێندنگەی شەفەقی هەولێر هەڕەشەی کوشتن لە پەیامنێری کەناڵەکە (هەریاد کەریم)و (سەنعان هەولێری) کراوە بەرامبەر پەخشکردنی ئەو وێنەیەی کە تیمەکە گرتوویانە، کە بەئاشکرا تەزویر کراوە.

٢٣- لە ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لە خوێندنگەی فیدراڵی شاری هەولێر هەڕەشەی کوشتن لە (عەباس عەبدولڕەحمان، سەنعان هەولێری) لە سەتەلایتی گەلی کوردستان کراوە.

٢٤- ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٧) (میران بەکر)و (نەبەز حسێن) لە سەتەلایتی گەلی کوردستان لە خوێندنگەی حەمدی سەرەتایی هەولێر، مولازمی ئەو بنکەیەو چەند کەسێکی نەناسراو بڕیاری ڕاگرتنیان دەدەن لە وێنەگرتن‌و بەهۆی چاوپێکەوتن لەگەڵ چاودێرانی یەکگرتوو و گۆڕان بانگکراون‌و لە ژوورێکدا داوای کاسێتەکە کراوە.

٢٥- لە ڕۆژی دەنگدانی گشتیی لە (٢٠١٠/٣/٧) لە بنکەی ساوێن لە گەڕەکی هەڤاڵان لە هەولێر، چەند پێشمەرگەیەکی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان پەلاماری تیمی کەناڵی (KNN) دەدەن، کە پێکهاتبوون لە (مەریوان مەلا حەسەن) پەیامنێر، (ئیبراهیم محەمەد) وێنەگرو دەستدەگرن بەسەر کاسێت‌و کەرەستەی ڕۆژنامەوانییاندا.

٢٦- ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٧) تیمێکی کەناڵی «سپێدە» لەبەردەم هۆڵی گەل لە هەولێر لەلایەن ژمارەیەک چەکدار کەوتنە بەردەم پەلاماردان.

٢٧- لە ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لە چەند شوێنێکی جیاجیای هەرێمی کوردستان ژمارەیەک پێشێلکاریی بەرامبەر پەیامنێرانی کەناڵی «سپێدە» ئەنجامدراون، لەوانە (چیمەن عەلی، هێرش حامید، سامان محەمەد، ئارام سەعدی، زەردەشت کەریم، عەبدوڵڵا ئیبراهیم، ئیحسان محەمەد، سەیاف ئەحمەد، ئەحمەد محەمەد، زانیار ئەسعەد).

٢٨- ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لە شاری هەولێر پەلاماری ڕۆژنامەنووس (هۆگر حسێن) لە کەناڵی ئازادیی حیزبی شیوعی دەدرێت‌و سووکایەتی پێدەکرێت‌و ڕێگا نادرێت وێنە بگرێت.

٢٩- ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٧) (ئاری عوسمان) پەیامنێری ڕۆژنامەی (ڕووداو) لە بنکەی دەنگدان لە هەولێر لەلایەن چەند کەسێکەوە کامێراکەی لێ سەندراوەو دواتر میمۆرییەکەیان بردووەو بۆیان نەگێڕاوەتەوە.

٣٠- ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لە شاری هەولێر ڕێگەنەدرا بە تیمی کەناڵی ئاسمانیی «سپێدە» بۆ ڕووماڵکردنی دەنگدانی ئەمینداری گشتیی‌و سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو لە قوتابخانەی شایستە.

٣١- بەپێی سکاڵایەک کە دراوەتە لیژنەی داکۆکیی، ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لە هەولێر تیمی «سپێدە» کە پێکهاتبوو لە وێنەگران (عەبدوڵڵا ئیبراهیم‌و هێرش حامیدو زەردەشت کەریم) لە قوتابخانەی قازی محەمەد لەلایەن ئاسایشەوە هێرشیان کراوەتە سەرو چەکیان لێ ڕاکێشاون‌و کەوتوونەتە دوای تیمی «سپێدە».

٣٢- بەپێی سکاڵایەک کە دراوە بە لیژنەی داکۆکیی، ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لە هەولێر، تیمی تەلەفزیۆنی «سپێدە»، کە پێکهاتبوو لە (چیمەن عەلی) پەیامنێرو (هێرش حامیدو سامان محەمەدو ئارام سەعدی) وێنەگران لە قوتابخانەی ساوێن بۆ ماوەی سەعات‌و نیوێک دەستبەسەر کراون‌و ڕێیان نەدراوە ڕووماڵی پرۆسەی دەنگدان بکەن‌و هەمان تیم لە شوێنی تر کامێراکانیان لێدەسێنرێت.



# لەماوەی شەش مانگی رابردوودا، (١٨) رۆژنامەنووس، لە رێگای کورتەنام

**یەکەم: تیرۆر**

١- رۆژی (٢٠١٠/٥/٦) رۆژنامەنووسو فێرخوازی زانکۆ (سەردەشت عوسمان) لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری موسڵ، تەرمەکەی بە فڕێدراویی دەدۆزرێتەوە کە پێشتر سەرلەبەیانی (٢٠١٠/٥/٤) لە نێوان کۆلێژی ئادابو پەیمانگای هونەرەجوانەکان لە شاری هەولێر لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە فڕێنرابوو.

لەم بارەیەوە، جیا لەوەی کە هەر زوو لیژنەکەمان پەیوەندیی کرد بە بەڕێز، وەزیری ناوخۆوە بۆ دەستگیرکردنی تاوانباران، سەرەڕای پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە، بەڵام تا ئێستاو پاش تێپەڕبوونی نزیکەی دوو مانگ، دۆسیەکەی یەکلایی نەکراوەتەوەو بکوژانی سەردەشتیش نەدۆزراونەتەوە.

**دووەم: هەڕەشە**

١- لەماوەی رۆژانی (١٢-٢٠١٠/٢/١٧) هەڕەشە لە بەڕێوەبەری نووسینی رۆژنامەی پرس (فەرەیدون بێوار) دەکرێت لە هەولێرو سوکایەتی پێدەکرێت، بە هۆی بڵاوکردنەوەی دیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەند (کەژاڵ ئادەمی) لە رۆژنامەی پرسو هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە.

٢- رۆژی (٢٠١٠/٣/٤) لەلایەن چەند چەکدارێکەوە لە شاری هەولێر، هێرشکرایە سەر رۆژنامەنووس (هێمن مامەند)ی پەیامنێری رۆژنامەی ئاوێنەو رادیۆی نەوا، تەنانەت کامێراکەی لێدەسێننو سوکایەتی پێدەکەنو بەمۆبایلیش هەڕەشەی لێدەکەن.

٣- رۆژی (٢٠١٠/٣/٥) تیمێکی کەناڵی سەتەلایتی گەلی کوردستان کە پێکهاتبوون لە (حسێن محەمەد-پەیامنێر، رێگر ئەتروشی- وێنەگر، کاروان ئیبراهیم- شۆفێر)، لە شارۆچکەی هەڵەبجەی تازە، لەلایەن لایەنگرانی لیستی گۆڕانەوە دەستدرێژییان دەکرێتەسەرو داوای کامێراکەیان لێدەکرێت، پاش ئەوەی کامێراکە تەسلیم ناکەن، بەر دەسترێژی گوللە دەدرێنو تەقەیان لێدەکرێتو ناچارکران لەو شوێنە دوورکەونەوەو بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک ئۆتۆمبێلەکە لە شوێنی رووداوەکە بەجێدەهێڵن، لەو رووداوەشدا چەند هاوڵاتییەک بریندار بوون کە یەکێکیان ناوی ( شۆڕش کانی بەردینەیی)ەو لەو بریندارانەش یەکێکیان منداڵە. لەم بارەیەوە، لێپرسراوی پەیامنێرانی سەتەلایتی گەلی کوردستان، سکاڵایەکی داوەتە لیژنەی داکۆکیی، رایگەیاند کە رووداوەکەیان بەتۆمارکراویی لایە.

٤- رۆژنامەنووس (سمکۆ عەبدولکەریم) بەرپرسی نووسینگەی رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە هەولێر، بەپێی سکاڵایەکی لە رۆژی (٢٠١٠/٥/١٢) داویەتیە لیژنەی داکۆکیی، رایگەیاندووە: لە شاری هەولێرو لە رۆژی (٢٠١٠/٥/٧) گوللەیەک نراوە بە ئۆتۆمبێلەکەیەوەو شەوی (٢٠١٠/٥/١١) بە ئیمێڵێکی نەناسراو هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە.




**سێیەم: لێدان**

١- ئێوارەی (٢٠١٠/٢/٩) لە فولکەی نالی لە شاری سلێمانی، دووکەس پەلاماری رۆژنامەنووس (نەبەز گۆران) سەرنووسەری گۆڤاری جیهان دەدەنو لێیدەدەن.

٢- رۆژی (٢٠١٠/٢/١٤) لەکاتی رووماڵکردنی هەواڵ لە دەزگای خانەنشینی پێشمەرگە، پاسەوانو هەندێک فەرمانبەری ئەو دەزگایە هێرش دەکەنە سەر دوو تیمی رۆژنامەوانیی (KNN)و پاش لێدانو پەلامارو سووکایەتیی ئازادیان دەکەن، بەڵام دەستدەگرن بەسەر کاسێتو کەرەستە رۆژنامەنووسییەکانیاندا، بەڵام دواتر بەهۆی لیژنەی داکۆکییەوە کەلوپەلەکانیان بۆ دەگەڕێتەوە، تیمەکە پێکهاتبوون لە (بڕیار نامیق، هۆشمەند فەلاح، محەمەد خەلیفە، رەنجدەر حسێنو هەردی ئەحمەد).

٣- شەوی (٢٠١٠/٢/١٦) لەلایەن چەند کەسێک لە هێزەکانی ئاسایش لە شاری سلێمانی، هێرش دەکرێتەسەر رۆژنامەنووس (توانا بابە عەلی) لە رۆژنامەی ئاسۆ، پاش لێسەندنی کامێراکەی، سووکایەتی پێدەکەنو لێیدەدەن.

٤- شەوی (١٨-٢٠١٠/٢/١٩) لەلایەن چەند کەسێکەوە بە جلی سەربازییەوە لە شەقامی سالمی شاری سلێمانی هێرش دەکرێتەسەر رۆژنامەنووس (ئارا ئیبراهیم) بەرپرسی پەیامنێران لە رۆژنامەی هاوڵاتیو لێسەندنی کامێراو کاسێتەکەیو لێدانو سووکایەتیپێکردنی.

٥- رۆژی (٢٠١٠/٢/١٨) لەلایەن چەند کەسێکەوە هێرش دەکرێتەسەر رۆژنامەنووسان (شاسوار مامە) پەیامنێرو (کاروان ئەنوەر) وێنەگر لە کەناڵی (KNN) لە رانیەو شکاندنی جامو لایتی ئۆتۆمبێلەکەیو زیانپێگەیاندنی زۆرو شکاندنی سەری شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەیان، هەروەها بەهەمانشێوە رۆژی (٢٠١٠/٣/٤) جارێکی تر لە ناحیەی چوارقوڕنە لەلایەن پۆلیسەوە پەلاماری ئەم تیمە دەدرێتو کامێراکەیان لێدەستێننو سووکایەتییان پێدەکەن.

٦- رۆژی (٢٠١٠/٢/٢٥) لە دهۆک، لەکاتێکدا تیمی کەناڵی (KNN)، کە هەریەکە لە پەیامنێر ( نیهاد حەمزۆ خالید)و وێنەگر (سەعید عەبدولڕەحمان حسێن) سەرقاڵی کاری رۆژنامەوانیی خۆیان بوون لە گوندی (خالدە) لە ناحیەی زماری سەر بە پارێزگای موسڵ، کە نزیکە لە دهۆکەوە. بەپێی سکاڵاکەیان چەند کەسێک بە بەرچاوی ئاسایشی ئەو شوێنەوە هێرشیان دەکەنە سەرو پاش هەڕەشەو لێدان سووکایەتیشیان پێدەکرێتو سەرو دەستو قاچیان دەشکێنرێتو ئۆتۆمبێلەکانیشیان دەشکێنرێت، دواتر لە نەخۆشخانەی دهۆک چارەسەری پزیشکییان بۆ دەکرێت.

٧- ئێوارەی (٢٠١٠/٣/٤) تیمێکی رۆژنامەی هاوڵاتی، کە پێکهاتبوون لە (ئارا ئیبراهیم، سورکێو محەمەد، سۆران ئەحمەد) لەلایەن پاسەوانەکانی لقی چواری (پ.د.ک) هێرش دەکرێتە سەریانو لێیاندەدەنو کامێراکانیان لێ دەستێننو ئازارێکی زۆریان دەدەن.

٨- رۆژی (٢٠١٠/٣/٤) لەبەردەم لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان، پاسەوانەکانی لقی چوار هێرش دەکەنە سەر تیمێکی کەناڵی (KNN)و لە لقدا دەست بەسەریان دەکەن، پاش سووکایەتیپێکردن ئازاد دەکرێن، تیمەکەش پێکهاتبوون لە (بڕیار نامیقو هەردی بەهادین).

٩- سەرلەبەیانی رۆژی (٢٠١٠/٣/٤) فەرماندەی لیوای هەولێری (ی.ن.ک) لە کۆیە لە پەیامنێری (KNN) (ئاری سابیر)ی داوەو سووکایەتی زۆری پێکردووە.

١٠- رۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لە خوێندنگەی شەهید بەهرام لە هەولێر هەڕەشەی کوشتن لە پەیامنێرانی سەتەلایتی گەلی کوردستان (بەشدار عەبدولڕەحمانو یوسف مستەفا) کراوەو دواتر تووشی لێدان بوونەتەوە.

١١- رۆژی دەنگدانی گشتیی لە (٢٠١٠/٣/٧) لە بنکەی پۆلیسی سەرهەڵدان لە هەولێر ملازمی یەکی پۆلیس لەو بنکەیە هێرش دەکاتەسەر پەیامنێری (KNN) (بەرزان حەسەن)و پاش لێدانو سووکایەتیپێکردنو پاشان بە دەمانچە هێرش دەکاتە سەریو هاوڵاتییان فریای تیمی کەناڵەکە دەکەون.

١٢- رۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لە بێستانە بەرپرسی ناوچەو کادیرانی ناوچەی (پ.د.ک)ی بێستانە هەڕەشەیان لە هەردوو کارمەندی سەتەلایتی گەلی کوردستان بە ناوەکانی (بۆتان رەشیدو سۆران) کردووەو لە ئەنجامدا لێیانداونو لە گەڕانەوەی هەردوو کارمەندەکەشدا لە بازگەی هەولێر-کەرکوک بۆ ماوەیەکی زۆر (ئەڤین بەهجەت)ی پەیامنێرو وێنەگرەکەیان راگرتووەو داوای کاسێتیان کردووەو بۆ ماوەی (٢) سەعات ستافەکەو کامێراکە حیجزکراون.

١٣- بەپێی سکاڵایەک کە دراوە بە لیژنەی داکۆکیی رۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لە هەولێر تیمی «سپێدە» کە پێکهاتبوو لە (ئەلوەند حەمید) پەیامنێرو وێنەگران (ئیحسان محەمەد، سەیاف ئەحمەد) لە هۆڵی گەل کەوتنە بەر لێدانو پەلامارادانو جوێن پێوتن لەلایەن پۆلیسو ئاسایشەوە.

١٤- رۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لە خورماڵ وێنەگری کەناڵی سپێدە (ئوسامە عەبدولڕەحمان) لەلایەن ئاسایشەوە لەکاتی رووماڵکردنی پرۆسەی هەڵبژاردندا پەلاماردراو لێیدراوە.

١٥- رۆژی (٢٠١٠/٣/٧) لە کۆیە (فازیل شەریف) پەیامنێر، (شالاو خدر) وێنەگر، لەکاتی رووماڵکردنی دەنگدان لەلایەن ئاسایشەوە لە هەردووکیان دراوەو کامێراکەش تا درەنگانی شەو دەستبەسەر کراوەو بە هاوکاریی چەند ناسیاوێک کامێراکە وەرگیراوەتەوە، بەڵام کاسێتەکەیان نەدراوەتەوە.

١٦- رۆژنامەنووس (نەشوان ئەحمەد سەعید) پەیامنێری سایتی چاودێرو جێگری سەرنووسەری گۆڤاری «خەلک» لە سلێمانی رۆژی (٢٠١٠/٤/٣) لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە بە چەک هێرشیان کردووەتە سەریو رێگەیان لێگرتووەو لێیانداوەو داوای زانیارییان لەسەر «سەردەشت حەمە سالح»ی سەرنووسەری گۆڤاری «خەلک» لێکردووە.

١٧- هەردوو رۆژنامەنووس (وریا حەسەنو عوسمان عەلی) پەیامنێرانی تەلەفزیۆنی «پەیام» لە سلێمانی، بەپێی سکاڵایەکیان بۆ لیژنەی داکۆکیی، لە رۆژی (٢٠١٠/٤/١٧) لەکاتی رووماڵکردنی خۆپیشاندانی خوێندکاراندا، لە ئەنجامی ئاوپرژاندنی هێزەکانی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، کامێرایەکی تەلەفزیۆنو کامێرایەکی فۆتۆیان سووتاوەو لەلایەن پۆلیسەکانەوە بە دار لێیاندراوە.

١٨- رۆژنامەنووس (دیدەن مەجید خزر) پەیامنێری تەلەفزیۆنی «سپێدە» لە سلێمانیو (سەفین ئیسماعیل) فۆتۆگرافەری رۆژنامەی «ئاسۆ» لە سکاڵایەکدا بۆ لیژنەی داکۆکیی دەڵێن، لە خۆپیشاندانی خوێندکاران لە (٢٠١٠/٤/١٧) لەبەردەم پەروەردەی سلێمانی لەلایەن پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانەوە بەدار لێیاندراوەو سووکایەتییان پێکراوەو کەلوپەلی رۆژنامەوانییان زیانی پێگەیشتووەو ئازارێکی زۆر بە جەستەی سەفین گەیشتووە.

**رۆژی (٢٠١٠/٢/١٤) لەلایەن چەند کەسانێکەوە هێرش دەکرێتەسەر تیمێکی کەناڵی (KNN) لەکەرکوک، کە پێکهاتبوون لە رۆژنامەنووسان (تاهیر تۆفیق، ساکار بابان) دواتر لەلایەن ناوچەی دووی بارودخانەی (پ.د.ک) بۆماوەی دوو سەعات دەستبەسەر دەکرێنو کامێرەکەشیان دەشکێنرێتو سووکایەتییان پێدەکرێت، بە پێی ئەو سکاڵایەی لای لیژنەکەمان تۆماریان کردووە، سەرەڕای سووکایەتیی، ئازاری زۆریان داون**

**لەم راپۆرتەدا، (١)حاڵەتی تیرۆرکردن، (٤)حاڵەتی هەڕەشەلێکردن، (١٨)حاڵەتی لێدان، (٣٥)حاڵەتی پێشێلکاریی جۆراوجۆر، (٣)حاڵەتی دەستگیرکردن، (١)حاڵەتی هەوڵی رفاندن، (١)حاڵەتی هەوڵی تیرۆر، (٢)حاڵەت دۆسیەی دادگا، (٤)حاڵەتی تایبەت، (١٨) حاڵەتی هەڕەشەکردن لە رۆژنامەنووسان لە رێگای مۆبایلەوە، (٨٧٦) کیتابی رەسمیی دۆسییەکانی دادگاو پۆلیسو ئاسایشو رۆژنامەنووسان لە شەش مانگی رابردوودا تۆمارکراون**

٣٣- رۆژنامەنووس (کارزان جەمال) پەیامنێری هەولێری سەتەلایتی گەلی کوردستان، بەپێی سکاڵایەکی بۆ لیژنەی داکۆکیی دەڵێت، کە رۆژی (٢٠١٠/٤/١) لەلایەن دەستەی کارگێڕیی یانەی بروسکو چەند ئەفسەرو ئاسایشی نێو یاریگاکەوە لەژێر هەڕەشەدا کاسێتەکەی لێسەندراوە، لەبەرئەوەی لەکاتی یاریی نێوان بروسکو یانەی هەولێردا شەڕ دروستبووەو ئەویش هەستاوە بە وێنەگرتنی رووداوەکان، بەڵام رێگریی لە کارەکانی کراوە.

٣٤- رۆژنامەنووس (هەژار ئەنوەر، مۆفەق فەیسەڵ خورشید) پەیامنێرانی (KNN) لە هەولێر بەپێی سکاڵایەکیان لە رۆژی (٢٠١٠/٤/٢) بۆ لیژنەی داکۆکیی، رایانگەیاند: لەکاتی رووماڵکردنی وەرگرتنی هاوکاریی پێشمەرگەی کەمئەندام لە بنەسڵاوە، لەلایەن ئەفسەرێکی ئاسایشی بنەسڵاوەوە رێگەیان لێگیراوەو سووکایەتییان پێکراوە.

٣٥- رۆژی (٢٠١٠/٦/٢٠) لەکاتی رووماڵکردنی ئاگرکەوتنەوە لە شوقەکانی ناز سیتی لە هەولێر، ستافی بەرنامەی (زووم ئین) لە کەناڵی کوردستان تیڤی، کە پێکهاتبوون لە رۆژنامەنووسان (رزگار کۆچەر، ئەحمەد حەمید) بە بڕیاری بەرپرسی پاسەوانەکانی شوقەکان دوای رێگرتن‌و سووکایەتیپێکردن، کامێراکەیان دەشکێنن‌و دەکەونە جوێندان‌و سووکایەتیپێکردن‌و تۆمەتبارکردنیان بە شتی جیاواز جیاواز.

## پێنجەم: دەستگیرکردن‌و زیندانیی

١- رۆژنامەنوس (عەبدولڕەحمان بامەڕنی) سەرنووسەری رۆژنامەی «چاڤدێر»و (هۆشەنگ شێخ محەمەد)ی شاعیر لە رۆژی (٢٠١٠/٢/١) بە بڕیاری دادوەر لەلایەن ئاسایشی دهۆکەوە بەپێی مادەی (٤٣٣) یاسای سزاکانی عێراق، بۆ ماوەی (٤٨) سەعات دەستبەسەرکراون، لەسەر سکاڵایەک کە لەلایەن لقی دهۆکی یەکێتیی زانایانی ئاینی ئیسلام لەسەریان تۆمارکرابوو، بە ناوزڕاندن تۆمەتباریاڵن کردبوون، بەڵام بە هەوڵی سەندیکا سکاڵاکە خرایە چوارچێوەی مادەی (٩)ی یاسای کاری رۆژنامەگەریی لە کوردستان‌و هەردوو ناوبراو ئازادکران.

٢- رۆژی (٢٠١٠/٢/١٤) لەلایەن چەند کەسانێکەوە هێرش دەکرێتەسەر تیمێکی کەناڵی (KNN) لە کەرکوک، کە پێکهاتبوون لە رۆژنامەنووسان (تاهیر تۆفیق، ساکار بابان) دواتر لەلایەن ناوچەی دووی بارودخانەی (پ.د.ک) بۆماوەی دوو سەعات دەستبەسەر دەکرێن‌و کامێرەکەشیان دەشکێنرێت‌و سووکایەتییان پێدەکرێت، بەپێی ئەو سکاڵایەی لای لیژنەکەمان تۆماریان کردووە، سەرەڕای سووکایەتیی، ئازاری زۆریان داون.

٣- لە رۆژی (٢٠١٠/٣/٤) هەریەک لە پەیامنێران (مەریوان مەلا حەسەن)و وێنەگر (موفید فەیسەڵ) لە کەناڵی (KNN) لە سەعات (٣)ی پاشنیوەڕۆ لە بنکەی پۆلیسی شادی لە شاری هەولێر دەستگیردەکرێن‌و سووکایەتییان پێدەکرێت.

## شەشەم: هەوڵی رفاندن

١- بەپێی سکاڵایەک، کە رۆژنامەنووس (سەباح عەلی قارەمان) داویەتیە لیژنەی داکۆکیی، رۆژی (٢٠١٠/١/١٩) لە شارۆچکەی کفری چەند چەکدارێک هەوڵی رفاندنی دەدەن، بەپێی سکاڵای ناوبراو دامودەزگا بەرپرسەکانی ئاگادارکردووەتەوەو لە دادگا سکاڵای تۆمارکردووە. پاش ئەوەی کە لە (٢٠١٠/١/١٧) رادیۆی یەکگرتوو رەخنەی لە کەموکورتییەکانی شاری کەلار گرتووە.

## حەوتەم: هەوڵی تیرۆر

١- بە وتەی سەردەشت حەمە ساڵح، بەڕێوەبەری سایتی چاودێرو خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری گۆڤاری خەڵک، رۆژی (٢٠١٠/٣/٩) لە شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود لە شاری سلێمانی لەلایەن چەند کەسێکەوە تەقەی لێدەکرێت‌و دەیانەوێت تیرۆری بکەن، دواتر ئاسایش دەستدەکەن بە لێکۆڵینەوە لە کێشەکە، لەوبارەیەوە سەردەشت حەمە ساڵح داوادەکات پارێزگاریی بکرێت‌و لەو مەترسییانە بپارێزرێت، چەند رۆژێک پێشتریش لەلایەن چەند حیزب‌و لایەنێکەوە هێرشکراوەتە سەر سەردەشت حەمە ساڵح‌و هەڕەشەیان لێ کردووە، بەپێی ئەو سکاڵایەی کە رۆژی (٢٠١٠/٣/١١) بۆ سەندیکای ناردووە، ناوبراو هیچ کێشەیەکی نییە جگە لە نووسین، کە تێیدا رەخنەی لە بزووتنەوەی ئیسلامیی گرتووە، هەروەها بەهۆی بڵاوکردنەوەی کتێبی ئایەتە شە یتا نییە کا نی «سەلمان روشدی» (وەرگێڕدراوی کوردی).

## هەشتەم: دۆسیەی دادگا

١- رۆژنامەنووس (ئیحسان مەلا فوئاد) بەپێی سکاڵایەک بۆ لیژنەی داکۆکیی، دەڵێت: لەسەر بڵاوکردنەوەی وتارێک لەسەر مەڵبەندی کفری (ی.ن.ک)، سکاڵای لەسەر تۆمارکراوە لەلایەن مەڵبەندی کفرییەوەو دواتر لە یەکەم دادگاییدا بە کەفالەتی یەک ملیۆن دینار ئازادکراوەو دواتریش بە دوو دانیشتن دادگا کۆتایی بە کێشەکە هێناوە.

٢- هەردوو رۆژنامەنووس (سەباح ئەتروشی) بەرپرسی نووسینگەی «Aknews» لەگەڵ پەیامنێری «Aknews»، (هەڤاڵ فەندی) لە رۆژی (٢٠١٠/٦/١) لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵێک بەپێی مادەی (٩)ی یاسای کاری رۆژنامەگەریی لە کوردستان لە دادگای شێخان دادگایی کران‌و دادگاییەکە لە بەرژەوەندیی هەردوو رۆژنامەنووس کۆتایی پێهات‌و دۆسیەکە داخرا. خەرجیی پارێزەرەیش لەسەر سەندیکا بوو.

## نۆیەم: تایبەت

١- رۆژنامەنووس (رێبین فەتاح) پەیامنێری رۆژنامەی رۆژنامە لە هەولێر، بەپێی سکاڵایەکی بۆ لیژنەی داکۆکیی، لە رۆژی (٢٠١٠/٥/٨) لەلایەن یەکێتیی قوتابیانی کوردستان‌و ئەو هێزەی پاسەوانێتی خۆپێشاندانەکەی دەکردو ئاسایشی پەرلەمانی کوردستانەوە، هەڕەشەی لێکراوەو سووکایەتیی پێکراوە، هەروەها دەڵێت بە ژمارە تەلەفۆنێکی ئاسیا هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە، ئاسایش‌و پۆلیسی هەولێر بە بەرپرسیار دەزانێت لە پاراستنی گیانی، بەپێی لێدوانی ئاسایش‌و لێکۆڵینەوەی ئاسایش، ئەو هەڕەشانە دروستکراوبوون، لەم بارەیەوە لیژنەی داکۆکیی بڕیاریدا بەدواداچوون بۆ ئەم کێشە بکات‌و پاش یەکلاییبوونەوە هەڵوێستی خۆی رادەگەیەنێت.

٢-رۆژی (٢٠١٠/٢/٥) لە شارۆچکەی رانیە هەواڵی ونبوونی سەرنووسەری رۆژنامەی (رووماڵ) رۆژنامەنووس (ئەرسەلان مەحمود) بڵاوکرایەوە، پاش ئەوەی لیژنەکەمان پەیوەندیی کرد بە دەزگاکانی ئاسایشی سلێمانی‌و رانیەوە، لقی رانیەی (پ.د.ک) دەرکەوت ناوبراو ئەندامی ئەو حیزبەیەو بۆ لێکۆڵینەوەی حیزبیی بانگکراوەو نەڕفێندراوە.

٣- شەوی (٢٠١٠/٣/٢٢) لەلایەن ئاسایشی شارەزوورەوە رۆژنامەنوس (جەمال محەمەد فەرهاد)، کە لە تەلەفزیۆنی کۆمەڵ کاردەکات دەستگیردەکرێت، دوای ئەوەی لیژنەکەمان پەیوەندیی کرد بە دەزگاکانی ئاسایشەوە، رایانگەیاند، کە ناوبراو لەسەر کاری رۆژنامەنووسیی دەستگیرنەکراوەو بانگکردنەکەی پەیوەندیی بە کاری ئەمنییەوە هەیە.

٤- دوای ئەوەی چەند سکاڵایەک لەلایەن هەردوو رۆژنامەنووس (عومەر محەمەد، عەلی مەحمود) لەسەر یەکتر تۆمارکران، سەبارەت بە گرفتەکانی رێکخراوی چاک‌و کێشەو گرفتەکانیان، رۆژی (٢٠١٠/٥/٤) لیژنەی داکۆکیی لە بارەگای لقی سلێمانی سەندیکا، دانیشتنێکیان بۆ رێکخراو کۆتایی بە کێشەی نێوانیان هێنرا.

## دەیەم: هەڕەشەکردن لە رۆژنامەنووسان لە رێگای مۆبایلەوە

١- بەپێی وتەی خۆیان‌و ئەو سکاڵایانەی داویانە بە لیژنەی داکۆکیی، لەماوەی شەش مانگی رابردوودا، (١٨) رۆژنامەنووس، لە رێگای کورتەنامەو ژمارەی نەناسراوەوە هەڕەشەی کوشتنیان لێکراوەو جوێنێکی زۆریان بۆ نێردراوە.

لە بەرامبەردا لیژنەکەمان بەراپۆرتی رەسمیی دەزگاکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی لێ ئاگادارکردووەتەوەو داوای پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسانی کردووەو داوای بەدواداچوونی بۆ ئەو کێشانە کردووە.

هەموو ئەو سکاڵاو ژمارە تەلەفۆنانەی کە هەڕەشەیان لە رۆژنامەنووسان کردووە دراوەتە دەزگاکانی ئاسایش‌و لە ئەرشیفی لیژنەکەشمان پارێزراوە.

## یانزەیەم: دۆسیەکانی دادگاو پۆلیس‌و ئاسایش‌و رۆژنامەنووسان

١- لەماوەی شەش مانگی رابردوودا بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکانی رۆژنامەنووسان بەشێوەیەکی یاسایی لەلایەن دادگاکانەوە، بەتایبەتی لەدوای دەرچوونی یاسای ژمارە (٣٥)ی رۆژنامەگەریی‌و خستنە بواری جێبەجێکردنەوە، پەیوەندییەکی باش لەنێوان لیژنەکەمان‌و رۆژنامەنووسان‌و دەزگاکانی پۆلیس‌و ئاسایش‌و دادگاکانەوە بەڕێوەچووە، لەمبارەیەوە لەماوەی شەش مانگی رابردوودا لەلایەن دادگاکانی هەرێمی کوردستانەوە (٥٦) نووسراوی رەسمیی ئاراستەی لیژنەکەمان کراوە سەبارەت بە کێشەکانی رۆژنامەنووسان، لە بەرامبەردا لیژنەکەمان بە (٥٢) نووسراوی رەسمیی وەڵامی دادگاکانی هەرێمی داوەتەوە.

لە لایەکی تریشەوە بەهەمانشێوە لەلایەن دەزگاکانی ئاسایش‌و پۆلیسەوە (٣٤) نووسراوی رەسمیی ئاراستەی لیژنەکەمان کراوەو لە بەرامبەردا لیژنەکەمان بە (٢٢) نووسراوی رەسمیی وەڵامی ئاسایش‌و پۆلیسی داوەتەوەو (١٣) نووسراویشی ئاراستەی رۆژنامەو گۆڤارەکان کردووە بۆ هەمان مەبەست.

ئەمەش ئامارو ئاماژەیەکی باشن بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان دادگاو رۆژنامەنووسان‌و سەندیکاو لیژنەی داکۆکیی، تا کێشەو گیروگرفتەکانی رۆژنامەنووسان لە رێگای دادگاو بەشێوەیەکی یاسایی بەڕێوەبچێت.



**رفاندن‌و تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) لە شاری هەولێر لە رۆژی (٦ / ٥ / ٢٠١٠)و دواتر تیرۆرکردنی، کە ئەم رووداوە جیا لەوەی هەموو کۆمەڵگاو بەتایبەتی رۆژنامەنووسانی نیگەرانکرد، بەمەترسیدارترین رووداو دادەنرێت لەناو ئامارو پێشێلکارییەکانی لیژنەکەمان لە رابردوودا، جیالەوەی کە مەترسییەکی گەورەی لەسەر رۆژنامەنووسان دروستکردو ئازادیی کاری رۆژنامەنووسیی خستە ژێر پرسیارەوە**